# دەسەڵاتی دادوەری

# لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

"توێژینەوەیەکی یاسایی بەراوردکارییانەیە"

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دەسەڵاتی دادوەری

# لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

## "توێژینەوەیەکی یاسایی بەراوردکارییانەیە"

گۆران ئازاد محەمەد

چاپی دووەم - ٢٠١٤

- ناوی کتێب: دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا
- نووسینی: گۆران ئازاد محەمەد
- دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: هەرێم عوسمان
- چاپی یەکەم: ٢٠٠٧
- چاپی دووەم: ٢٠١٤
- چاپ: چاپخانەی هاموون
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ : ٦٠٠٠ دینار
- ساڵی چاپ: ٢٠١٤ - کۆیە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٢٢) ی ساڵی ٢٠١٤ ی پێدراوە


هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە بە

- هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانمدا ووشەیەکیان فێر کردم.
- خوێنی پاکی شەهیدان.
- دایکم.
- خۆشەویستو هاوڕێی ژیانم، خەندە.
- خوشكو براكانم

هەوڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی چاپی دووەم | ١٣ |
| پێشەكی | ١٥ |
| چاوخشاندنێكی سەرانسەری بە سیستەمی فەرمانڕەوایی فیدڕاڵیو دەوڵەتی فیدراڵی | ١٩ |
| سەرەتایەكی مێژوویی‌و پێناسەی سیستەمی فیدراڵی | ١٩ |
| مێژووی سەرهەڵدانو گەشەسەندنی سیستەمی فیدراڵی | ١٩ |
| پێناسەی سیستەمی فیدراڵی | ٢٦ |
| هۆیەكانو ڕێگاكانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی | ٣٥ |
| هۆیەكانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی | ٣٥ |
| هۆكاری ترس | ٣٥ |
| هۆكاری جیاوازی ڕەگەزو زمانو ئایین | ٣٦ |
| هۆكاری فراوانی پانتایی جوگرافی | ٣٨ |
| ڕێگاكانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی | ٤٠ |
| چوونە پاڵ (انضمام) | ٤٠ |
| هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێكی ساكار | ٤١ |
| تایبەتمەندییەكانی دەوڵەتی فیدراڵی‌و بەراووردكردنی لەگەڵ جۆرەكانی تری دەوڵەتدا | ٤٢ |
| تایبەتمەندییەكانی دەوڵەتی فیدراڵی | ٤٢ |
| لەسەر ئاستی نێوخۆیی | ٤٢ |
| لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی | ٤٣ |
| بەراووردكردنی دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ جۆرەكانی تری دەوڵەتدا | ٤٨ |
| بەراوردكردنی دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتی كۆنفدراڵی | ٤٨ |
| جیاوازی نێوان دەوڵەتی فدراڵی‌و دەوڵەتی سادە (ساكار) | ٥٢ |
| دوانەیی دەستوور و دەسەڵاتەكان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | ٥٩ |
| دوانەیی دەستوور لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | ٥٩ |
| دەستووری فیدراڵی | ٥٩ |
| دەستوری هەرێمەكان | ٦٦ |


هەواڵنامەی كتێب

| | |
|---|---|
| دوانەیی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | ٦٩ |
| دوانەیی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی فیدراڵی | ٦٩ |
| دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە هەرێمەکان | ٧٥ |
| دوانەیی دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی فیدراڵی دا | ٧٧ |
| دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی | ٧٧ |
| دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمەکان | ٨٥ |
| دوانەیی دەسەڵاتی دادوەری لەدەوڵەتی فیدراڵی | ٨٨ |
| دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی | ٨٨ |
| دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان | ٨٨ |
| پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو ڕەگەزەکانی دەسەڵاتی دادوەری | ٩٠ |
| پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ٩٠ |
| مێژووی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ٩٠ |
| پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای جۆن لۆك | ٩٠ |
| پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای رۆسۆ | ٩٣ |
| پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای مۆنتسکیۆ | ٩٤ |
| مانای پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ٩٩ |
| ڕەخنە لە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ١٠١ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵات لە سیستەمە سیاسییە کاندا | ١٠٣ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسیستەمی سەرۆکایەتی | ١٠٣ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی پەرلەمانی | ١٠٧ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی کۆمەڵ (سیستەمی ئەنجوومەن) | ١٠٩ |
| دەسەڵاتی دادوەریو ڕەگەزەکانی | ١١٠ |
| پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری | ١١٠ |
| چۆنیەتی کارکردنو دانانی دادوەرەکان | ١١٤ |
| مەرجەکانی دادوەر لەدەسەڵاتی دادوەری دا | ١٢٤ |
| دابین کردنی ئەو دڵنیایانەی پەیوەندیان بە هاوڵاتیانەوە هەیە | ١٢٦ |
| پەیوەندی و کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردن | ١٣١ |
| پەیوەندی و کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن | ١٣١ |
| پەیوەندی دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی جی بەجێ کردن | ١٣١ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| کاریگەری دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لەسەر دەسەڵاتی دادوەری | ١٣٣ |
| کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن | ١٣٥ |
| پەیوەندیو کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان | ١٣٦ |
| پەیوەندی دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان | ١٣٦ |
| کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر دەسەڵاتی دادوەری | ١٣٨ |
| کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان | ١٤٢ |
| دەسەڵاتی دادوەریی لەدەوڵەتی فیدراڵیدا | ١٤٥ |
| دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی | ١٤٥ |
| پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی | ١٤٥ |
| دادگای باڵای فیدراڵی | ١٤٨ |
| تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی | ١٥٣ |
| چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان لایەنو دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی | ١٥٤ |
| ئەرکی پارێزگاری کردن لە یەك بوونی یاساکانو جێگیربوونیان لەجێ بەجێ کردن | ١٥٦ |
| ئەرکی تاوانکاری دادگای باڵای فیدراڵی | ١٥٨ |
| چاودێری دەستووری بوونی یاساکان | ١٥٩ |
| دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمەکانو پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیدا | ١٧٢ |
| دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان | ١٧٢ |
| پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | ١٧٩ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی عێراقدا | ١٨٤ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەوڵەتی عێراقدا | ١٨٤ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستورەکانی پێشووی عێراقدا | ١٨٤ |
| جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵدا | ١٨٨ |
| دوانەییو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن لە عێراقی فیدراڵدا | ١٩٢ |
| دەسەڵاتی فیدڕاڵی | ١٩٢ |
| پێکهاتەی دەسەڵاتی فیدراڵی | ١٩٢ |
| پەیوەندیو کاریگەری نێوان دەسەڵاتی یاسادادنو جی بەجێ کردن | ١٩٤ |
| دەسەڵاتی هەرێمەکان | ١٩٦ |
| پێکهاتەی دەسەڵاتی هەرێمەکان | ١٩٦ |
| پەیوەندیو کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانانو جی بەجێ کردن | ١٩٨ |

| | |
|---|---|
| دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا | ٢٠١ |
| دەسەڵاتی دادوەریی لەمێژووی دەستووری عێراق | ٢٠١ |
| دەسەڵاتی دادوەری لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە | ٢٠٣ |
| پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا | ٢٠٨ |
| دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی | ٢٠٨ |
| ئەنجوومەنی دادوەری باڵا | ٢٠٨ |
| دادگای باڵای فیدراڵی | ٢١٠ |
| دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی | ٢٢٢ |
| دادگاکانی تری دەوڵەتی فیدراڵی عێراق | ٢٢٢ |
| پەیوەندی دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن و یاسادانان لەعێراقی فیدراڵدا | ٢٢٣ |
| دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمەکان: | ٢٢٥ |
| دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان – عێراق | ٢٢٦ |
| بنەما گشتییەکانی دەسەڵاتی دادوەری | ٢٢٦ |
| ئەنجوومەنی دادوەری | ٢٢٧ |
| دادگای دەستووری | ٢٢٨ |
| کۆی دەرئەنجامەکان | ٢٣٤ |
| ڕاسپاردەکان | ٢٣٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٣٨ |


هەوالنامەی کتێب

## لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

بۆ سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان

| | |
|---|---|
| سەرچاوەی پێشوو= | س. پ. |
| هەمان سەرچاوە= | هـ. س. |
| هەمان سەرچاوەی پێشوو= | هـ. س. پ. |
| لاپەڕە= | ل. |
| بەرگ= | ب. |
| چاپ= | چ. |
| زایینی= | ز. |
| وەرگێڕ= | و. |
| ترجمە= | ت. |
| جزء= | ج. |
| طبع= | ط. |
| دوکتۆر – الدکتور= | د. |
| بێ ساڵی چاپ= | ب. س. |
| بێ شوێنی چاپ= | ب. ش. |

بۆ سەرچاوە ئینگلیزییەکان

| | |
|---|---|
| لاپەڕە= | p. |
| سەرچاوەی پێشوو= | Op.Cit., |
| هەمان سەرچاوە= | Ibid, |

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی چاپی دووەم

لە کاتی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، کۆمەڵێك راو پێشنیارمان خستە روو، بەو هیوایەی لە نووسینەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێم و داڕشتنەوەو هەموارکردنەوەی یاساکان لە پەرلەمانی کوردستاندا، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی تایبەت بوون بە دەسەلاتی دادوەری و داواکاری گشتی و سەربەخۆیی دادوەرەکان، سوودی لێوەربگیرێت. خۆشبەختانە ئەم ئاواتەم گواستەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان کاتێك لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کاندید کرام و دواتر بوومە پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی یاسایی کە بە لیژنەی دلی پەرلەمان ناسرابوو، بەلام ئەم هیوایەم هەر زوو زوو کال بوویەوە کاتێك داواکەم رووبەری دژایەتی و شکست بۆوە، چونکە تا تەواو بوونی خوولەکە چەندین جار پرۆژە یاسامان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوەو نووسینەوەی پرۆژەی دەستور، بەلام ئەم هەولە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رەتکرایەوەو دواجار سەری کێشا بۆ درێژکردنەوەی وویلایەتی سەرۆکی هەرێم لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣ و هەولدان بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەکە لە خوولی دواتری پەرلەمان. بەلام هەرچی پەیوەندی بە دەسەلاتی دادوەری و داواکاری گشتیەوە هەبوو تا خوولی پەرلەمانیش تەواو بوو حکومەت و حیزبەکان نەیان هێشت ئەم دامەزراوانە سەر بەخۆ و بەهێزبن و یاساکەیان بۆ هەموار بکەینەوە.

ئێستاش کە دووبارە سەرکەوتوومەوە بۆ پەرلەمان، بە پێویستم زانی دووبارە ئەم کتێبەم چاپ بکەمەوە، بەو هیوایەی رۆلی هەبێت لە دروست کردنی رای گشتی و بە گرنگ وەرگرتنی لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنییەوە بۆ فشار خستنە سەر سەرجەم حیزبەکان، بەتایبەت حیزبە دەسەلاتدارو فەرمانرەواکان بۆ ئەوەی بتوانین ببین بە خاوەن دەستورێکی نیشتمانی سەردەمیانە کە مافێکی سەرەتایی خەلکی کوردستانەو لە مادە ١٢٠ دەستوری عێراق جێگیر کراوە، هەروەها بتوانین دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ بکەین و خاوەن بوجەی خۆیان بن،



هەولێرنامەی کتێب

**هەروەها دادوەرەکان دامالین لەهەموو مۆرکێکی سیاسی و حیزبی بە مەبەستی خزمەت کردنی هاولاتیان، و هەول بدەین داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد جیا بکرێتەوەو کاری نوێنەرایەتی گشتیی گەل بکات و بەرژەوەندی ئەوان بپارێزێ لە بری پاراستنی بەژەوەندی حکومەت و حیزب.**

**نوسەر**

**تەموزی ٢٠١٤**

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

سیـستەمی فـەرمانڕەوایی فیـدراڵی و دەوڵـەتی فیـدڕاڵی لەسـەردەمی ئـەمڕۆدا جێگـای بایــەخ و گرنگیــەکی زۆرە، چــونکە ســەرکەوتنی نموونــەی ئــەو جــۆرە دەوڵەتانەمان لەبەر چاوە، کە پیادەی ئەم جۆرە سیستەمە دەکەن، بۆیـە هەسـتاوین بەبەراورد کردنی نموونـەی چەند دەوڵـەتێکی فیدڕاڵی، وەك: ئەمـەریکا، سویـسرا، ئەڵمانیا، میرنـشینە یـەکگرتووەکانی عـەرەبی و عێـراق، کـە هـەر یەکـەیان گرنگـی و تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە بەشـێوەیەکی گـشتی و بەتایبـەت لەلایـەنی دەسـەڵاتی دادوەری، کـە دەسـەڵاتێکی دوانـەیی و ئـاڵۆزو تایبەتمەنـدە، دوای بـەراوردکردنی نموونەی ئەو دەوڵەتانە دەتوانین ئەو کەم و کوڕییە، یاسایانەی لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ هەیە پڕ بکەینەوەو بەهێزی بکەین.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

دەوڵـەتی عێراقی فیـدراڵ، لـەڕووی یاسایی و سیاسییەوە لـە قۆنـاغی سـەرەتای جۆرە دەوڵـەتێکی تازەدایە، لەبەر ئەوە هەرچەند توێژینـەوە بکرێت لـەم بارەیـەوە دەتـوانین بڵـێین هێـشتا پێویـستی بەتوێژینـەوەی زیـاتر هەیـە، جگـە لـەوە ئاسـتی تێگەیشتن و ناسینی ئەم سیستەمە لە عێراقدا لە ئاستێکی نـزم دایـە، هـەر بۆیـە تـا ئەمڕۆش، کە باس لە فیدراڵیەت دەکرێت گفتوگۆو ڕای جیاوازی لەسەرە.

بەشـێوەیەکی گـشتی دەسـەڵاتی دادوەری لەعێراقدا بـەڕۆڵی خـۆی هەڵنەسـاوە، بەهۆی جیـا نەکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لەیـەکتری و سـەربەخۆ نـەبوونی دەسـەڵاتی دادوەری گرنگـی ئـەم دەسـەڵاتە لـە دەوڵـەتی فیـدڕاڵی دا لێرەوەیـە، کـە دڵنیاییـەك بەلایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیـدراڵی و چاودێری کردنـی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی فیدراڵی دەدات، لەبەر ئەوە گرنگە ئـەم دەسـەڵاتە بـەڕۆڵی چـالاکی خـۆی هەڵـسێت، لەلایەکی ترەوە دادگای باڵای فیدراڵی لە قۆناغی نووسینەوەو ئامادەکردنی پـڕۆژە یاســای تایبــەت بــەدادگای فیدراڵییــەو هــەرێمی کوردســتانیش لــە قۆنــاغی ئامادەکردن و گفتوگۆیە لەسەر دانانی دەستووری تایبەت بـەخۆی وەك سـەرەتایەك

بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا، توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بەم بابەتە بەناونیشانی (دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا).

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

بۆ ئاشکرا کردن و دەست نیشان کردنی ئەو کەمو کوڕی و لایەنە باشانەی هەیە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بەگشتی و لە دەسەڵاتی دادوەریدا بە تایبەت پڕکردنەوەی ئەو کەمو کوڕیانەش بەهەندێك لەو لایەنە باشانەی کە لەنموونەی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا هەیە، لەپێناو دروست کردنی بنەمایەکی بەهێزی یاسایی بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی دادوەری لەعێراقدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدراوە.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

لەئەنجامدانی ئەم توێژینەویەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ بووینەوە، کەپێویستە ئاماژەیان بۆ بکەین وەك: نەبوونی زاراوەی یاسایی بە کوردی و نەبوونی مانای زاراوە کوردییەکان لەبەرامبەر زاراوە عەرەبییەکاندا، و تازەیی بابەتەکە لەدەوڵەتی نوێی عێراق، چونکە جێگای گفتوگۆو دانوستاندنی بەردەوامی لایەنە سیاسیەکانی عێراقە.

هەروەها کەمی سەرچاوە ئەکادیمیەکان بەتایبەت لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە، لەهەمان کاتدا دامەزراوە یاساییەکان لەدەوڵەتی عێراقی فیدڕال لەسەرەتا دایەو لە کارەکانیدا نوێیە، وەك دادگای باڵای فیدراڵ، جگە لەمانەش جێگیر نەبوونی بارودۆخی سیاسی لەدەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکەمان خۆی لە ڕێبازی یاسایی بەراووردکاری دەبینێتەوە، چونکە ڕێبازێکی باشە بۆ توێژینەوەی ئەم جۆرە بابەتە، ئەویش بەدیاری کردنی لایەنی باشەو ئاشکرا کردنی و پێشاندانی لایەنە لاوازەکان، هەر بۆیەش توێژینەوەکەمان بەراوردکاریە لەنێوان چەند وڵاتێکی فیدڕاڵی وەك: ئەمەریکا، سویسرا، میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی، ئەڵمانیاو عێراق.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم ماستەرنامەیە لە چوار تەوەر پێك هاتووە، بەم شێوەیە دابەشکراوە:-

تـەوەری یەکـەم: بـاس لـە (چاوخـشانێکی سەرانـسەری بـە سیـستەمی دەوڵـەتی فیدراڵی) کراوەو تیایدا ئاماژە بـە: (سـەرەتایەکی مێـژوویی و پێناسـەی سیـستەمی فیـدراڵی، و هۆیـەکان و ڕێگاکـانی درووسـت بـوونی دەوڵـەتی فیـدراڵی و دوانـەیی دەستوور و دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدراڵیدا) دراوە.

تەوەری دووەم: باس لـە (پرەنسیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان و ڕەگـەزەکانی دەسـەڵاتی دادوەری) کـراوەو لەچوارچێوەیدا بەسـەر چـەند لقێك دابـەش دەبێـت، وەك: (پرەنـــسیپی جیاکردنـــەوەی دەســـەڵاتەکان، جیاکردنـــەوەی دەســـەڵات لـــە سیـستەمە سیاسـییەکان و پەیوەنـدی و کاریگـەری دەسـەڵاتی دادوەری لەگـەڵ دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێکردن).

تەوەری سێیەم: تەرخانکراوە بۆ (دەسەڵاتی دادوەریی لەدەوڵـەتی فیدراڵیـدا)، و بەسەر دوو لقدا دابەش کراوە: (دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیدا).

تەوەری چوارەم: تایبەتە بە (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەسەڵاتی دادوەری لـە دەوڵـەتی عێراقدا)، تیایـدا بـاس لـە: (جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لەدەوڵـەتی عێراقیـداو دەسـەڵاتەکانی دەوڵـەتی فیـدراڵی و دەسـەڵاتی دادوەری لـە عێـراق و دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمەکان) کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# ١-چاوخشاندنێکی سەرانسەری بە سیستەمی فەرمانڕەوایی فیدراڵیو دەوڵەتی فیدراڵیدا

## ١-١ سەرەتایەکی مێژوویيو پێناسەی سیستەمی فیدراڵی:-

### ١-١-١ مێژووی سەرهەڵدانو گەشەسەندنی سیستەمی فیدراڵی:

بەر لەپێناسەکردنی سیستەمی فیدراڵی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم سیستەمە لەسەدەکانی ڕابردوودا، چونکە ئاشنا بوون بەمێژووی سیستەمی فیدراڵی یارمەتیمان دەدات بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە، و پێویستە بزانین کە ئەو سیستەمە فیدڕاڵیانەی لە مێژوودا باس دەکرێن شێوەو پێکهاتەیان زۆر جیاواز بووە بەبەراورد لەگەڵ ئەو سیستەمە فیدراڵیانەی لەسەردەمی ئەمڕۆدا هەیە، سەرەتاکانی فیدراڵیەتو سیما سەرەکیەکانی فیدراڵیەت وەك ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی سیستەمە یەکگرتووەکان بەچەند قۆناغێك لە مێژوودا تێپەڕ بووە پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی سەردەمو ڕواڵەتی ئێستای.[1] واتە لەمێژووی سەدەکانی ڕابردوو بیروبۆچوونی هەندێك لەبنەماکانی ئەم سیستەمە بوونی هەبووە، بەڵام ناسینی ئەم سیستەمە بەشێوەیەکی تەواو مێژووەکەی نزیکترە، یاسا ناس (Joshi) دەنووسێت: "سیستەمی فیدراڵی بیروبۆچوونەکەی زۆر کۆنەو بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام سیستەمی فیدراڵی تا ڕادەیەکی زۆر لە دوو سەدەی ڕابردوو بڵاوبۆوە، واتا دەسەڵاتی فیدڕاڵی ئەنجامێکە لەئەنجامەکانی پێشکەوتنی مێژوویی".[2]

سەرەتا دەتوانین ئاماژە بەو بیرو بۆچوونو بیرمەندانە بکەین، کە لەڕووی تیۆرییەوە باسی سیستەمی فیدراڵیان کردووە، دواتر ئاماژەیەکی خێرا بەشێوەی

---

[1] د. محەمەد عومەر مەولوود: فیدراڵیەتو دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراقدا، و/ محەمەد عومەر مەولودو د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢١٨.

[2] وەرگیراوە لە: (محمد هماوەندی: الفيدرالية والديموقراطية للعراق، دار ئاراس، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢، ل٣٦).

ئەم سیستەمانە دەکەین کە شێوەیەکی نزیك لە فیدراڵیان هەبووە. زۆربەی نوسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ یەکەم جار لەسەدەی شانزەهەمی زاینیی ئاشنا دەبین بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی تیۆری دەربارەی زاراوەی فیدراڵیزم و ئەم هەوڵەش بۆ (هانس ئالتۆزیۆس– Johannes Althuslils) دەگەڕێتەوە ئەم بیرمەندە بۆچوونی وایە، کە دامو دەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەبێت بەشێوەی یاسایی و پشت بەستوو بەدەستوور ئاڵووگۆڕ بکات.[١] بۆیە وای دادەنێت، کە یەکێتی فیدراڵی بریتیە لە بنەمای هەموو سیاسەتێك،[٢] و ئەم بیرمەندە لەژێر کاریگەری ئەندێشەی (کالڤن– Calvin)و قوتابخانەی (هێر بۆرنەر– Her borner) کە پەرتوکە گرنگەکەی لەژێر ناوی ( Politica methodice digesta atgue exemp sacris et protauis illasora)دا، فیدالیزم وەك چوارچێوە، بنەما، شێوەو پێکهاتەی وێنا دەکات.[٣]

(مۆنتسکیۆ ١٦٨٩–١٧٥٥) وەك بیرمەندێکی تر دوای (هانس ئالتۆزیوس) لە ئەوروپا گەشەی بە زاراوەی فیدرالیزم دا. دەکرێت هەنگاوەکانی بە هەنگاوی گرنگ بناسرێت، چونکە لە پەرتوکەکەیدا ڕەخنە لە جۆری حکومەتی دیموکراسی و ئەرستۆکراتیەکان دەگرێت، ئەمەش لەدوو ڕەخنەدا کورت دەکاتەوە، بە بۆچوونی مۆنتسکیۆ ئەم دوو کەمو کوڕییە لەناخی حکومەتدا هەیە بەهیچ جۆرێك لەناو ناچێت، یەکەم ئەم سیستەمە ئەگەر وولاتەکەیان بچووك بێت هێزی دەرەکی لەناوی دەبات، دووەم ئەگەر گەورەش بێت، کەمو کوڕی ناوخۆیی لەناوی دەبات، بۆیە لەبەرامبەر ئەم دوو خاڵە لاوازە لە دەوڵەتدا و بۆ دامەزراندنی

---

[1] وەرگیراوە لە: (ئەکرەمی مهرداد: فیدرالیزم شێوەو بنەماکانی، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٣٢)، ئاداری ٢٠٠٤، ل١٣).

[2] د. عصام سليمان: الفدرالية والمجتمعات التعددية ولبنان، دار العلم الملايين، ط١، بيروت، ١٩٩١، ل٣٢.

[3] ئەسەدوڵلا ئەلەم: بنچینەکانی فیدرالیزم، و/ ڕێباز مستەفا، چاپخانەی کارۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ب. س، ل١٦– ١٧.

دەوڵـەتێكی بـەهێز پێـشنیاری دامەزرانـدنی كۆمـارە یـەكگرتووەكان یـان حكومـەتی یەكگرتوو دەكات.[١]

مۆنتـسكیۆ دەربـارەی ئـەم كۆمـارە دەنووسـێت: "ئـەو جـۆرە كۆمـارە سـەرەڕای ئەوەی لە توانای دایە دژی هێزێكی دەرەكی بەرگری لەخۆی بكات، تواناشـی هەیـە پارێزگاری لە گەورەیی و پان و بەرینی خۆی بكات".[٢]

دوای ئەوانە دەبێت ئاماژە بۆ هەوڵەكانی (كانت ١٧٢٤– ١٨٠٤) بكەین كـە بیری مۆنتسكیۆی پەرە پێدا. لەبەر ئەوەی كانت بانگەشەی ئاشتییەكی جیهـانی دەكـرد بـۆ هێنانـەدی و بەرقـەراركردنی ئاشـتی، فیـدراڵیزمی بەپێویـست دەزانـی.[٣] كانـت دەنووسێت: "بنچینەی ئاشتی مافەو هـەبوونی فیـدرالیزم بـۆ دابین كردنـی ئاشـتی پێویستە".[٤]

كانـت لەپەرتووكـە بەناوبەنگەكـەی (DeLa Paix perptuelle) كـە لەسـاڵی ١٧٩٦ دەرچـوو بانگەشـەی ئاشـتییەكی جیهـانی دەكـات، كـە هـەموو وڵاتـان لـە سیستەمێكی فیدراڵیدا ڕێك بخرێت بۆ ئـەوەی گـەل و وڵاتـەكان لـە بـواری بازرگـانی بەیەكدا نەدەن و فیدراڵی بە هۆكارێك دادەنێت بۆ پێشخستن و گەشـەكردنی یاسـا.[٥] واتە كانت بۆ هاتنەدی و گەیشتن بە ئامانجەكەی سیستەمی فیدرالیزم بەڕێگایـەكی گـرنگ دەزانێـت، دەكرێـت بووترێـت ئـەم بۆچـوونەی كانـت، لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە، كـە خـودی سیـستەمی فیـدرالیزم بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگییە لـەنێوان بەرژەوەندییـە جیاوازەكـان، بۆیـە ئەگـەر جیهـان پـڕ بێـت لەبەرژەوەنـدی جیـاوازو

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مۆنتیسكیۆ: ڕۆحی یاساكان، و/ ئیدریس شێخ شەرەف، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢١٥.

[2] هـ. س، ل٢١٥.

[3] ئەسەدوڵڵا ئەلەم: س. پ، ل١٩.

[4] وەرگیراوە لە: (حشمەت خوسرەوی: خوێندنەوەیەك بۆ مۆدیلەكانی فیدرالیزم، قەڵەم (گۆڤار)، ژمارە (٥)، گۆڤارێكی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ئەنجوومەنی قەڵەمی كوردستانی ئێران– تاراوگە دەری دەكات، جولای ٢٠٠٥، ل١٧).

[5] د. عصام سلیمان: س. پ، ل٣٣.

هەڕەشەی دەرەکی ئەو کات فیدرالیزم تاڕادەیەك دەبێتە شوێنی ڕاگرتنی بەشێك لە هاوسەنگی نێوان هەرێم‌و وولاتەکان. بۆچوونی فیدراڵی لەلای فەیلەسوف (کانت) لەسەر بنەمای یەکێتی نێوان دەوڵەتی سەربەخۆ دانراوە، ئەمەش جۆرێکە لەیەکێتی ئیرادەی (اختیاری) کە دەکرێت لەهەرکاتێك هەڵوەشێتەوە لەنێوان دەوڵەتە جیاوازەکان نەك یەکێتییەکی لەجۆری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەلەسەر بنەمای دەستوور دامەزراوەو ناتوانرێت هەڵوەشێتەوە.[١] بەبۆچوونی سولاف بانگەشەی کانت نزیکترە لە کۆنفدراڵی وەك لەفیدراڵی، کە هاوپەیمانی نێوان ولاتەکان لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتییە نەك دەستوور.[٢]

لەهەندێ پەرتووکدا ئاماژە بەڕۆڵی (دی تۆکڤیل) کراوە، ناوبراو تەکانێکی تازەی بە تیۆری فیدراڵی داوە، کاتێك لە پەرتوکەکەی ( Dela democratie in Amerique) لە ساڵی (١٨٣٥– ١٨٤٠) دا بۆ ئەوە دەچێت کە دیموکراسی پەیوەندی بەقەبارەی میللەتەوە هەیە نەك بە میللەتەکە خۆی، ئەم یاسا ناسە باسی لایەنە باش‌و خراپەکانی نیشتمانی گەورەو بچووك دەکات‌و هەریەکەیان بەجیا هەڵدەسەنگێنی‌و لە کۆتاییدا بۆ کۆکردنەوەی لایەنە باشەکانی هەردوو نیشتمانی گەورەو بچووك سیستەمی فیدڕاڵی بەگونجاو دەبینێ،[٣] بەڵام سەبارەت بەو حکومەت‌و ئیمپراتۆریانەی کە لەمێژوودا لەشێوەی فیدراڵی ئەمڕۆ نزیکن. یاساناسان ئاماژە بۆ ناوی چەندین حکومەت‌و ئیمپراتۆر دەکەن‌و دەکرێت بڵێین هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شێوەی بوونی ئەم جۆرە سیستەمە بۆ یەکەم جار بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، و بۆ بەهێزی بۆچوونەکەشیان سایما چیا (Symmachia)و سایمپولیتیا باس دەکەن، کە جیاوازی لەنێوانیاندا

[1] وەرگیراوە لە: (سولاف محمد أمين: تحديد الصلاحيات في الدولة الفدرالية، دراسة تحليلية مقارنة في طبيعة الدستور الفدرالى، رسالة ماجستير، غير منشور، كلية القانون جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦، ل٩).

[2] هـ. س، ل٩.

[3] د. عصام سليمان: س. پ، ل٣٣– ٣٤.

لــەناوەڕۆك بــوو، كــە سايماچــيا كــەمێك لەيەكێتيــەكی ســەربازی دەچــوو، بــەڵام سايمپوليتيا زۆر قوڵترو پتەوتر بوو.[١]

لەلايەكی تر هاملتن لەمێژووی يۆنان، ئاماژە بۆ دوو هاوبەندی (أئتلاف) دەكات، هەريەكــەيان بــەپێی لايەنــە پێكهێنــەرەكانی ڕۆڵيــان لەمێــژووی يۆنانــدا هــەبووە، ئــەوانيش بــريتين لــە هاوبەنــدی كۆمــاری گريكــی بەسەرپەرشــتی ئەنجوومــەنی (الامفكتيونين)و (كۆمەڵەی برايەتی).[٢]

ئەگــەر لــە تايبەتمەنــدی‌و دەســەڵاتەكانی ئــەو ئەنجوومەنــەی يەكــەم وردبينــەوە، دەبينين لە زۆر ڕووەوە لە تايبەتمەنديی دەوڵەتی فيدراڵی سەردەمی ئەمڕۆ نزيكە. ئەندامــەكانی هاوبەنــدی (الامفكتيــونيين) ســەربەخۆيی‌و ســەروەری هــەرێمی‌و دەنگييان لەئەنجومەنی يەكێتی دا هەبووە، ئەم ئەنجوومەنە بۆی هەبوو پێشنيارو بڕيــار بــۆ هــەر ڕێ‌و شــوێنێك بــدات كــە بەپێويــستی دەبينێــت بــۆ چاكەی يۆنــان بەگــشتيی، و بــۆی هــەبوو شــەڕ ڕابگەيــەنێت‌و ڕاگەياندنەكــە جــێ بــەجێ بكــات‌و لەهەموو ئەو كێشانەی لەنێوان ئەندامەكاندا دەكەونەوە ئەو وتەی كۆتايی دەگوت، سزای ئەندامی دەستدرێژيكاری دەدا بۆ سەر هاوڕێكانی‌و هەموو هێزی هاوبەندی بــەكار دەهێنــا دژی هــەر كەسێك لەڕێساى هاوبەندی دەربچێت، ئەنجوومــەن بۆی هــەبوو ڕەزامەنــدی نيشان بدات لەسەر ئەندامی نوێ لە هاوبەنــدی.[٣] هــەروەها لــە يۆنان نموونەی زۆرتر هەبوو كەلێرەدا دەكرێــت تــەنيا ئاماژە بەناوەكانيان بكــەين، وەك: يــەكێتی بيلــو بــو نيــسيان، يــەكێتی بويوتيــان، يــەكێتی ئيتوليــان، يــەكێتی ئەسينا‌و يەكێتی السايماچيا‌و السايمپوليتيا.[٤]

---

[1] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٢٣٨.

[2] هاملتن ومالسن وجاى: الدولة الاتحادية، اسسها ودستورها، ت/ جمال محمد احمد، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٥٩، ل١٧٤– ١٧٥.

[3] هـ. س، ل١٧١.

[4] وەرگيراوە لە: (محەمەد عومەر مولوود: س. پ، ل٢٣٩–٢٤٢).

لە هیندستانی کۆنیشدا بیروباوەڕی فیدڕاڵی زۆر بڵاو بووەو دەوڵەتەکەیان لە چەند وڵاتێکی تێکەڵاوی (فیودالی – فیدراڵی) یەکێتی شارو هەرێمەکان پێکهاتبوو، جگە لەوانە کاتێك ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا دامەزرا هەر لەسەرەتای درووست بوونیەوە لەچەندین میرنشینی ناوچەیی و ئاینی و هەرێمی جیاجیا پێکهاتبوو، هەر نێوچەو هەرێمێکیش جۆرێك لە جۆرەکانی فیدڕاڵی پەیڕەو کردوو، سەربەخۆیی تەواوو دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان هەبووە.[1] ئەم دوو تایبەتمەندیەش گرنگی خۆی هەیە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی، مۆنتسکیۆ دەڵێت: "بەهۆی ئەم جۆرە حکومەتە بوو (مەبەستی دەوڵەتی فیدراڵیە) ڕۆمییەکان توانیان پەلاماری هەموو جیهانی سەردەمی خۆیان بدەن".[2] ئەگەر فراوانبوونی سنووری جوگرافی دەوڵەت فاکتەرێك بێت بۆ دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، لە لایەکی دیکەوە فرە چەشنی و جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەب و زمان فاکتەرێکی ترە، ئەم دوو فاکتەرە بەڕوونی لەفراوان بوون و بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی ئیسلامی بوونی هەبووە، چونکە ئاینی ئیسلام لەگەڵ بڵاوبوونەوەو بەردەوام بوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سنووری جوگرافیاکەی فراوان دەبوو، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هاتنە ناوەوەی نەتەوەو زمانی جیا جیا بۆ ناو سنوورەکەی، بۆیە ئەم سیستەمە لەسەردەمی ئیسلامیشدا بە کردەوە بەکارهێنراوە، جگە لەوەی ناوەندێکی دەسەڵاتی ڕامیاری و سووپایی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلام هەبووە، هەر ووڵاتێ لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی بووبێ، بەفەرمانی گەورەی موسڵمانان فەرمانڕەوایەتی تایبەتیان لەناوەندەوە بۆ دیاری کردووە، و ئەم فەرمان دابەش کردنەش بەناوی جێ نشینی موسڵمانانەوە فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی کردووە،[3] بەڵام جیاوازی بیروڕا هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا سیستەمی ویلایەت

[1] حوسێن محمد عەزیز: فیدڕالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چ٣، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٢.

[2] مونتسکیۆ: س. پ، ل٢٠٥.

[3] حوسێن محەمەد عەزیز: س. پ، ل٥٢– ٥٣.

لەسەردەی ئیسلامدا دەچێتە چوارچێوەی سیستەمی فیدڕاڵی یاخود لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیەیە؟

محەمـەد عومـەر مـەوولود وای بـۆ دەچـێ کـە سیـستەمی ویلایـەت ناچـێتە نـاو چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی، بەڵکو دەڵـێ: "سیستەمی ویلایەت لە ئیسلامدا بێ گومان بە جۆرێك لەجۆرەکانی سیستەمی نا ناوەندی (لامەرکەزی) کارگێڕی (ئیداری) دادەنرێت، کە پێویستیەکانی ئەوکات دۆزیەوە."[1] ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دەربارەی دەسەڵاتی یاسادانان بەگشتی پرەنسیپی یەك یاسایی هەیە لە دەوڵەتی ئیسلامی بەبێ بوونی جیاوازی لەنێوان ناوەندی خەلافەتو ویلایەتەکان، ئەمـەش ڕێگـر بـووە، لـە دروسـت بـوونی هـەر ناکۆکیـەك، کـە لـە نێـوان یاسـای ناوەندیو یاسای ویلایەتەکان بکەوێتەوە،[2] بەڵام محەمـەد هەماوەندی پێچەوانەی محەمــەد عومــەر بۆچـوونەکانی خـۆی بـاس کـردوەو ڕەخنــەی لـە یاسـاوەکانی دەگرێت، باس لەوە دەکات، کە جگە لە دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی ئیسلام، کە (قورئانو سوونەت)ە، سەرچاوەکانی تری شەریعەی ئیسلام بە فراوانیو بەنەرمی ناسراوە، بۆیە ئەگەر ئەو دووانەی سەرەوە دوو سەرچاوەی سەرەکی شەریعەتن، ئـەوا بەتەنیـشت ئـەوەوە (أجمـاعو اجتهـاد) بـە جۆرەکانییـەوە وەك (قیـاس، الاستحـسان، اسـتطلاح، العـرف) ڕۆڵیـان هەیـە لـە دۆزینـەوەی بڕیـاری حـوکمی پێویـستو ڕوو بـەڕوو بوونــەوەی دیاردەکــان،[3] بـە بۆچـوونی ئێمــە، ناکرێــت بـەراوردێکی وورد لـەنێوان تایبەتمەندییـەکانی دەوڵەتـە فیدڕاڵیـەکانی سـەردەمی کـۆن لەگـەڵ دەوڵەتـە فیدراڵییـەکانی ئـەمڕۆدا بکـەین، چـونکە جیـاوازی لەشـێوەو پێکهاتنو ڕێکخستنی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە ناکرێت بە نموونە مێژوویـەکانی پێشوو بڵێین دەوڵەتی فیدڕاڵین بەمانای ئەمڕۆ، چونکە ئەم سیستەمە فیدڕاڵیـەی ئـەمڕۆ لـە ئـەنجامی گەشـەو پێشکەوتنی مێـژووی وڵاتـان بـەم شـێوە گەیـشتووە،

---

[1] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٣٨٥.

[2] ه، س، ل٣٨٥.

[3] د. محمد هماوەندی: الفیدرالیة والدیمقراطیة للعراق، ل٤٦– ٤٧.

بەمانایەکی تر هاتنە کایەی ئەم فیدڕاڵیە بە ڕۆژو شەوێك نەبووە، یان بە بڕیارێکی سیاسی لەپڕ درووست نەبووە، بەڵکو پرۆسەکە بەماندوبونێکی زۆرو بەچەند قۆناغێك هاتۆتە کایەوە، تا بەم شێوەیەی گەیشتوە.[1] جگە لەوە کۆی یاساناس و مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەوڵەتی فیدڕاڵی بەمانا مۆدێرن و پێشکەوتووەکەی سەردەمی ئەمڕۆ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کە دابەش بوونی دەسەلات بۆ دوو ئاستی دەسەلاتی فیدراڵی و دەسەلاتی هەرێمەکان بوونی دەستووری هەرێمەکان لەپاڵ دەستووری فیدڕاڵی و بەشداربوونی دەوڵەتە ئەندامەکان لەپیادەکردنی دەسەلاتی فیدراڵی بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٨٧ لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنگرەی فلادلڤیا دەرکەوت.[2]

### ١-١-٢ پێناسەی سیستەمی فیدراڵی:

لەڕووی زاراوە وشەی (فیدراڵی) بۆ زۆر مانای تا ڕادەیەك جیاواز بەکارهاتووە، ڕەگی ئەم زاراوەیە بۆ سەرچاوەی جیا جیا دەگەڕێتەوە.

هەندێك وشەی فیدراڵی بۆ زاراوەی (Federe)ی لاتینی دەگەڕێننەوە کە بەمانای (to trust) واتە متمانە کردن دێت.[3] و ئەسەدوڵلا ئەلەم ڕیشەی چەمکی فیدرالیزم بۆ وشەی لاتینی (Feodes) دەگەڕێتەوە کە مانای یەکێتی، پەیمان،

---

[1] سەعدی عوسمان: مەسەلەی فیدراڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە (٩)، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل٨٦" بۆ زانیاری بڕوانە: (د.احمد کمال ابو المجد: التاريخ الدستوری للولايات المتحدة الامريكية، بدون سنة ومكان طبع، ل٤٣-١٥٠).

[2] جابر بيل اية: الموند جى. بنجهام باويل الاين: السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، نظرية العالمية، ت/ هشام عبدالله، دار الاهلية للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ١٩٩٨، ل٩٥٥" Select constitutions (U.A., U.S.A., FRANCE, CANADA, SWITZER LAND, U. S. R., CHINA, JAPAN & INDIA), P.204.

[3] ڕۆجەر داڤیدسۆن: فیدڕالیزم، و/ عومەر کەریم عەزیز، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٣٢)، ئاداری ٢٠٠٤، ل٢٥.

پرۆتۆکۆل دەگەیـەنێ.[1] و(Federal) لە زۆربەی فەرهەنگەکان بەمانای (یەکێتی) دێت.[2]

وشـەی (Foedus) لـە بنەڕەتـدا هاوبەشـە بـۆ وشـەی (Fides) یـان متمانـە، و وشـــەی (Bind)ی ئینگلیـــزی، وەك ڕوونـــە بنـــەڕەتی (Foedus) جۆرێکـــە لەڕێککـەوتن، پـشت دەبەسـتێت بـە بـاوەڕی ئـاڵوگۆڕ لـەنێوان لایەنـەکان یـان پەیمانێکی باوەڕ پێکراو (تعهد موثوق – Trusting promise).

بـەپێی سیاسـەتە نێـو دەوڵەتیـەکان ڕێککـەوتووەکان بـریتین لـە حکومەتـەکان و ڕێککەوتنیش لەیەکێتی فیدراڵی دێنێتە کایـەوە،[3] بەڵام هـەردوو یاساناس ( گـرین سـتن و پـاڵس بـای– Palsby & Grenstien) ڕایـان وایـە کـە وشـەی (Federalism) بۆ وشـەی لاتینـی (Foedus) دەگەڕێتـەوەو ماناکـەی بـەگوێرەی فەرهـەنگی لویـسی لاتینـی مانـای کۆمەڵـە (Legue) یـان ڕێککـەوتنی نێـوان دوو لایەنی زیاتر (treaty) یان پـەیمان (Compact) یان هاوپەیمانیـەتی (Allianc) یـان گـرێ بەسـت (Contaract) یـان گـرێ بەسـتی ژن هێنـان ( -marriage Contract) دەگەیـەنێ.[4] ئەنـسکلۆپیدیای زانسته کۆمەڵایەتیـەکان ئامـاژەی بـەوە کردووە کە ووشەی (Federation) چوار مانای تەمو مژاوی هەیە کە بریتین لە:–

١– هاوپەیمانیەتی (Alliance).

٢– کۆمەڵە (League).

٣– کۆنفدراسیۆن (Confederation).

[1] ئەسـەدوڵڵا ئەلـەم: س. پ، ل١٢" احـسان عبـدالهادی سـلمان: الفیدرالیـة، دراسـة في الاطـار المفـاهیمي والنظـری قـراءة في النمـوزج الآلمـانی، منـشورات مکتـب الفکـر والتوعیـة في الاتحـاد الوطني الکردستانی، ٢٠٠٥، ل١٤.

[2] د. کمیل حبیب و أحمد عودی: قاموس المفردات الدبلوماسیة والعلاقات الدولیة، (انکلیزی، انکلیزی– عربی)، المؤسسة الحدیثة– للکتاب، طرابلس– لبنان، ل٢٢٧.

[3] وەرگـیراوە لـە: (محمـد هماوەنـدي: الفدرالیـة والحکـم الـذاتی واللامرکزیـة الادرایـة الاقلیمیـة، مؤسسة موکریانی للطباعة والنشر، أربیل، ٢٠٠١، ل١٨١).

[4] هـ. س، ل١٨١).



هەواڵنامەی کتێب

٤- یەکێتی- فیدراڵ (Federation).[١]

یاساناسان گەلێ پێناسەیان بۆ کردووەو هەوڵیان داوە هەموو لایەنەکانی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا دابڕێژن، ئەم کارەش تا ڕادەیەکی زۆر گرانە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین لەڕێگای خستنەڕووی چەند پێناسەیەکەوە ماناکەی ووردتر ڕوون بکەینەوەو دواتر پێناسەیەکی گشتگر بخەینەڕوو، بەر لەهەرشتێك یاساناسان زۆر زاراوە بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەتی فیدراڵی لەوانە (یەکێتی ناوەندی)،[٢] (دەوڵەتی فیدراڵی)،[٣] (دەوڵەتی یەکێتی)،[٤] بەڵام ئێمە (دەوڵەتی فیدراڵی) بەبەراورد لەگەڵ زاراوەکانی تر بەگونجاو دەبینین، چونکە (یەکێتی ناوەندی) لەگەڵ زۆر زاراوەی تر تێکەڵدەبێت، کە لە زۆر شوێنی تر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (یەکێتی کەسی)و (یەکێتی سەربەخۆیی)و (یەکێتی هاوپەیمانی)و....هتد. وەك ڕوونە لەم جۆرە یەکێتیانەدا یەك جۆرە دەوڵەت بوونی

---

[1] وەرگیراوە لە: (د. عبدالرحمن البزاز: الدولة الموحدة والدولة الاتحادية، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٥٨، ل٢٩).

[2] د. عبدالكريم علوان: النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة والتوزيع، عمان، ٢٠٠١، ل٧٢" ثروت بدوي: النظم السياسية، دار النهضة العربية، ١٩٦٤، ل٢٣٦" د. عصمت عبدالله الشيخ: النظم السياسية، ط٣، ١٩٩٨، ل٨٢" د. محمد كامل ليلة: النظم السياسية، ل٢٣٢" ابوزيد علي المتين:النظم السياسية والحريات العامة، ط٣، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٨٢، ل١٨.

[3] منذر الشاوي: القانون الدستوري (نظرية الدولة)، دار القادسية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل٢٥٠.

[4] د. اسماعيل الغزال: القانون الدستوري والنظم السياسية، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ١٩٨٢، ل٩٩" زهير شكر: الوسيط في القانون الدستوري، الجزء الاول، ط٣، القانون والمؤسسات الاساسية (النظرية العامة والدول الكبرى)، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٤، ل٦١" د. كمال الغالي: مبادىء القانون الدستوري والنظم السياسة، مطبعة دار الكتاب- دمشق، ط٨، دمشق، ١٩٩٦- ١٩٩٧، ل٩١" محمد عزيز شكري: المدخل الى قانون الدولي العام وقت السلم، ط٢، دار الفكر، سوريا، ١٩٧٣، ل٨٥. د. نوري لطيف: النظام الفدرالي، دار المسيرة للصحافة والطباعة والنشر، بدون سنة ومكان طبع، ل٣٢.

نیە، وەك ئەوەی کە لەدەوڵەتی فیدراڵیدا یەك دەوڵەت هەیە، بەڵکو چەند دەوڵـەتێك بەیەکەوە بەستراونەتەوە.[١]

بـەکارهێنانی زاراوەی (دەوڵـەتی یـەکگرتوو) بـەمانای فیـدراڵی گونجـاو نییـە، چونکە لەلایەك (دەوڵەتی یەکگرتوو) لەئەنجامی یەکگرتنی دوو دەوڵـەت یـان زیـاتر پێك دێت.[٢] لەلایەکی ترەوە ئەو یەکێتییەی، کە لێرەدا هەیە هاوشێوەی ئەو یەکێتیە نیـە کـە لەدەوڵـەتی فیدراڵیـدا هەیـە.[٣] و مونـذر شـاوی زاراوەی (یـەکێتی فیـدراڵی) بەگونجاوی نابینێ، چونکە وشەی یەکێتی کە بەکارهاتووە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ئـەوە بـچین کـە (یـەکێتی فیـدراڵی) جۆرێکـە لـەجۆرەکانی (یـەکێتی دەوڵەتـەکان).[٤] ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کە زاراوەی (دەوڵـەتی فیـدراڵی) شایستەیە،چونکە نابێتە هۆی تێکەڵاوبوونی بەجۆرە نزیکەکان لێی و ئاماژەیە بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی دەوڵـەتی یـەکێتی، کـە بریتییـە لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی، زۆر لەیاسـا ناسـانیش کـۆکن لەسـەر زاراوەی دەوڵــەتی فیــدراڵی.[٥] جگـە لـە زاراوەی (دەوڵــەتی فیــدراڵی) کـە جیـاوازی بیروبۆچـوونی لەسـەرە، هـەروەها زۆربـەی کـات یاسـاناسـان لـەناوهێنانی پێکهێنـەرەکانی دەوڵـەتی فیـدراڵی جیـاوازن، بـەڵام ئـەم جیاوازییـە دەگـەڕێتـەوە بـۆ جیـاوازی نـاوی ئـەو هەرێمانـە لـە دەوڵەتـە فیدرالییەکانـدا، بـۆ نموونـە لـە ئەمـەریکا (ویلایـەت)ە سویـسرا (کـانتۆن)ە، بـەڵام نابێـت بـۆ ئـەم هەرێمانـە وشـەی دەوڵـەت بــەکاربهێنرێت، چــونکە بەشــێك لــە نموونــەی دەوڵەتــە فیدراڵیــەکان لــەڕێگای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێکی ساکار درووست دەبن، نەك یەکگرتنی چەند دەوڵـەتێك،

---

[1] د. منذر الشاوي: القانون الدستوری – نظریة الدولة، (الهامش رقم (١)، ل٢٥٠.

[2] د. کمال الغالي: س. پ، ل٩٢.

[3] د. منذر الشاوي: نظریة الدولة، (الهامش رقم (١)، ل٢٥١.

[4] هـ. س، ل٢٥١.

[5] د. عبدالرحمن البزاز: الدولـة الموحـدة والدولـة الاتحادیـة، ط١، مطبعـة العانی، بغـداد، ١٩٥٨، ل٢٨" د. کمال الغالي: س. پ، ل٩٢" د. منذر الشاوي: نظریة الدولة، ل٢٥٠.



عبدوڵای کتێب

جگە لەوە هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ناکرێت لەڕووی پێناسەی یاسایی ڕاستەقینە بەتایبەت لەبواری نێودەوڵەتی بەدەوڵەت دابنرێن.[1]

زۆربەی پێناسەکان، کە بەفیدراڵیەت دراوە پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی لەخۆی دەگرێت وەك شێوەو چۆنیەتی پێکهاتنیو یان پێکهاتەکەی، نەك فیدراڵیەت وەك چەمك یان سیستەم بۆ فەرمانڕەوایی.[2] ئێمە بۆ پێناسەی فیدراڵی زیاتر بۆ پێکهاتەی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێینەوە زۆربەی یاساناسان دەوڵەتی فیدراڵی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: دەوڵەتی فیدراڵی لە دوو دەوڵەتی یەکگرتوو یان دوو هەرێم یان زیاتر لەگەڵ یەکتری پێکدێت، بەگوێرەی دەستوورێکی هەمیشەیی، کە دەقی تێدا هاتووە لەسەر دوو جۆرە دەسەڵات ڕێك دەکەون کە بریتیە لەدەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکان لەناوخۆدا، بەمەش دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەکەسایەتی نێو دەوڵەتی واز دەهێنن، بۆ بەرژەوەندی کەسایەتیەکی نێو دەوڵەتی نوێ ئەویش بریتیتە لەدەوڵەتی فیدراڵی.[3]

بەو مانایە هەر دەوڵەتێك پێویستە واز لە تەواوی سەروەری دەرەکیو بەشێك لەسەروەری ناوخۆیی بهێنێت، واتا دەوڵەت یان هەرێمەکان لەلایەك دەستبەرداری بەشێك لەسەروەری خۆی دەبێت بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، لەلایەکی تر لەناوخۆیدا لەهەوڵی پارێزگاری کردنی سەربەخۆییە خۆجێیەکەیتی (خۆبەڕێوەبەری)، کەواتە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دوو پایەی وازهێنانو پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆجێیی دامەزراوە، بەواتایەکی دیکە فیدراڵیزم لە واقیعدا ڕێککەوتن یان

---

[1] د. عبدالرحمن رحيم عبدالله: اللامركزية الادارية واللامركزية الفدرالية و اوجه المقارن بينهما، القانون والسياسة (مجلة)، العدد (١)، السنة الاولى، حزيران ١٩٩٤، ل١٣٨.

[2] سولاف محمد امين: س، پ، ل٧.

[3] د. قحطان احمد سليمان: الاساس في العلوم السياسة، بدون سنة والمكان الطبع، ل٢٢٥" د. عبدالكرم علوان: س. پ، ل٧٢" د. محمد كامل ليلة: النظم السياسة، ل٢٣٢– ٢٣٣" د. ابو زيد على المتين: س. پ، ل١٨" داود الباز: اللامركزية السياسية الدستورية في دولة الامارات العربية المتحدة، دار النهضة العربية– القاهرة، بدون سنة، ل١٤" زهير شكر: س. پ، ل٦١.

گونجاندنێکە لە نێوان هەندێك مانای دژ بەیەك، واتە لەنێوان سەربەخۆیەتیو ئاوێتە بوون، لەنێوان ناوەندیەتیو نا ناوەندیەتی، لەنێوان تەواوکاریو پارچە پارچە بوون.[1] (کمال الغالی) یش هەر لەچوارچێوەی ئەم مانایە نوسیویێتی: "دەوڵەتی فیدراڵی بەشێکی ملکەچە بۆ دەسەلاّتی یەکگرتوو و بەشەکەی تر پارێزگاری دەکات لەسەربەخۆییەکە".[2] بۆیە دەبێ لە دەوڵەتی فیدراڵی دەسەلاّتەکان لەنێوان دوو حکومەت یان زیاتر دابەش بکرێت، ئەم دابەش کردنەش بەشێوەیەك بێت لەلایەك پارێزگاری لەسەربەخۆیی بکات، لەلایەکی تر لە بەشێکی سەروەری وازبهێنێت بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، بۆیە بە بۆچوونی هەندێ یاساناس وەك د. محسن فیدرالیزم وەك چەمکێکی سیاسی لەڕوانگەی تیۆرییەوە بەو بیرو پرەنسیپانە دەوترێت کە بۆ دابەش کردنی دەسەلاّت لەبەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسیدا لەبەرچاو دەگیرێت.[3] بەو مانایەی ئەم جۆرە دەوڵەتە لەسەر دابەش کردنی ئەرکی سیاسی بەسەر دەسەلاّتی فیدڕاڵیو دەسەلاّتی هەرێمەکان کار دەکات.[4]

جگە لەمە سەربەخۆیی هەرێمەکان بەوە دێتەدی، کە هەریەکەیان دەستوورو دەزگا هەڵسوڕاوەکانی دەوڵەتیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەبێت، واتە بۆ هەر هەرێمێك دەستووری تایبەت بە ئەنجومەنی نوێنەرانو دادگاو حکومەتی هەبێت.[5] واتە لە ناوەوەی دەوڵەتی فیدراڵی هەرێمەکان خاوەن دامەزراوەی یاسایی وسیاسی سەربەخۆنو تاڕادەیەك بچوك کراوەی دەوڵەتە فیدراڵیەکەن. لەم

---

[1] عەلی شممەری: فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتی فیدراڵی، و/ حەسەن یاسین، بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨.

[2] د. کمال الغالی: س. پ، ل٩١.

[3] بەهادین ئەحمەد محەمەد: تیۆری دەوڵەتو سیستەمە ڕامیارییەکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/ سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٠.

[4] د. محسن خلیل: القانون الدستوری والنظم السیاسة، بدون مکان طبع، ١٩٨٧، ل٣٣٤.

[5] ثروت البدوی: س. پ، ل٢٣٦.

بارەشەوە مۆنتسکیۆ دەڵێت: "ئەو حکومەتە بەهۆی پەیمان بەستنی چەندین دەسەڵاتی سیاسی درووست دەبێت کە ئامادەن ببنە ئەندامی دەوڵەتێکی گەورەترو دەسەڵاتێکی یەکگرتوو درووست بکەن، ئەو حکومەتە بەو کۆمپانیایە دەچێت کە لەچەندین کۆمپانیای بچووک پێك هاتبن، کۆمپانیا سەرەکییەکە بەهۆی ئەندامێتی کۆمپانیا تازەکان گەورەتر دەبێ و لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانن هێزێکی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دابین بکەن و یەکێتیەکەیان بپارێزن".[1]

لەم پێناسەیەی مۆنتسکیۆ ڕوونە، کە لەلایەنی هێزەوە سەیری دەوڵەتی فیدراڵی کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا دەوڵەتە لاوازەکان بەرگەی هێرشی دەرەکییان نەگرتووە. شێرزاد نەجاڕ لە چوارلاوە پێناسەی فیدراڵیەتی کردووە:-

١-پێناسەی دامەزراوەیی -وەزیفی: فیدراڵیەت شێوازێکی ڕێکخستنی سیاسییە کەبەدیهێنانی ئەرکەکانی دەوڵەت لەچوارچێوەی پەیوەندی نێوان هەرێمە فیدراڵیەکان و حکومەتی ناوەندی (مەرکەزی) لە ئەستۆ دەگرێ، هەروەها ڕێپێدراوی (الصلاحیە) بەهەر ئاستێك لە ئاستەکانی ڕێکخستنی دەوڵەتا دەبەخشێ لەپێناو دەرکردنی بڕیارە کۆتاییەکان.

٢-پێناسەی دەستوری: سیستەمی سیاسی کاتێك دەبێت، کە فیدراڵیەت دەسەڵاتە سەرەکییەکانی دەوڵەت (یاسادان، جێ بەجێکردن، دادگایی) چ لەسەر ئاستی دەوڵەت بەگشتی یان لەسەر ئاستی هەرێمە فیدراڵیەکان بوونیان کاراو دەستووری بێت.

٣-پێناسەی فەلسەفەی کۆمەلایەتی: ئەم پێناسەیە سنووری دەوڵەت وەك ڕێکخراوەیەك دەبەزێنێ و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەفیدراڵیەت دەبەخشێ بەپێدانی (صلاحیە) ئیدارەی خۆی بە کۆمەڵە بچوکەکان لە دوایشدا تەرکیزکردنی لەسەر پرەنسیپی نا ناوەندی (لامەرکەزی).

---

[1] مونتسکیۆ: س. پ، ل٢١٥.

٤-پێناسـەی سوسـیۆلۆژی: ئـەم پێناسـەیە جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات کـە کۆمەڵگە جیاوازەکان لەڕووی ڕەگەزو ئایین و ئابووری و مێژوو سیفەتێکی فیدراڵی لەخۆ دەگرن بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوازی سیستەمی سیاسی دەوڵەت.[١]

ئەم دەستووره خاڵێکی گرنگە لەدەوڵەتی فیدراڵی و بوونی دەوڵەتی فیدراڵی جیا دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری یەکێتی، یان بە واتایەکی تر بوونی چوارچێوە یاساییەکەیە، چونکە وەك یاساناس (Durand) دەنووسێ: "سیستەمی فیدراڵی جگە لە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دیاردەیەکی سیاسی زیاتر هیچی تر نیە".[٢] لێرەدا ئەوە ڕوونە کە مەرجە دەوڵەتی فیدراڵی دەستوورێکی نوسراوو ڕوونی هەبێت کە تیایدا دەسەڵات و ئەرکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بەڕاشکاوانە باس کرابێت، چونکە فیدرالیزم سیستەمێکی یاساییە، لەسەر بنچینەی چەند ڕێسایەکی دەستووری ڕوون دامەزراوە، کەژیانی هاوبەش بۆ نەتەوەو ئایین و مەزهەب و لایەنە جیاجیاکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دابین دەکات، کە دامەزراوە دەستوورییەکان لەدەوڵەتی یاسادا بەڕێوەیان دەبات.[٣] هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تێکەڵاو بوونێك درووست نەبێت لەنێوان ئەو مانایەی، کە هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بریتین لەیەکەی دەستووری نەك یەکەی کارگێڕی (ئیداری). بۆ نموونە یاسر خالد بەهەڵە پێناسەی فیدراڵی کردووە (فیدراڵیەتی بە مانای سیستەمی نا ناوەندی (لامەرکەزی) کارێگڕیی داناوە).[٤] ئەم پێناسەیە هەڵەیە، چونکە لەسیستەمی فیدراڵیدا دەسەڵاتی

[١] د.شێرزاد ئەحمەد النجار: گوتاری فیدرالیزم، لەخەباتی سیاسی ئەمڕۆی گەلی کوردستان و عێراقی داهاتوودا، یاسا (گۆڤار)، ژمارە (٦)، چاپخانەی ڕەنج، بەهاری ٢٠٠٢، ل٧٦.

[٢] وەرگیراوە لە: (د. محمد هماوەندی: الفدرالیة والحکم الذاتی واللامرکزیة الاداریة الاقلیمیة (دراسة نظریة مقارنة)، ل١٨٢).

[٣] عەلی شمەری: س. پ، ل٦.

[٤] یاسر خالد علی برکات: الفدرالیة في العراق، الأسلوب لضمان الوحدة الوطنیة، وەرگیراوە لە سایتی ئەلکترۆنی www.mcsr.net,p.3 ، بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٥/٧.



عەوداڵەی کتێب

ناوەنـدیو دەسـەڵاتە ناوچـەییەکان دەسـەڵاتێکی یاسـایین لـەڕێی هەڵبژاردنـەوە درووسـت دەبـنو دەسـتوور ڕێکیـان دەخـات.[1] لـە (فەرهـەنگی نـوێ)دا پێناسـەی دەوڵـەتی فیـدراڵی بـەوە کـراوە کـە: "دەوڵەتێکـە تێیـدا حکومـەتێکی ناوەنـدیو کۆمەڵێك حکومەتی هەرێمی هەیە، کە هەریەکێك لەو دوو ئاستە لـە فەرمانڕەواییـدا سـەربەخۆنو هـەردەم ئەمـە بـەپێی دەسـتوورێکی نووسـراو دەبێـت کـە پارێزگـاری لێدەکات".[2]

لە ئەنجامی ئـەم پێناسانەی، کـە باسمـان کـردوون، دەتـوانین پێناسـەی فیـدراڵی بەم شێوەیە بکەین: سیستەمێکی سیاسی– دەستووریی یە، بەپێی ئـەم سیستەمە چەند دەوڵەتێك یاخود چەند هەرێمێك لەیەك دەوڵەتدا یـەك دەگرن بۆ دەوڵـەتێکی یــەکگرتووی خــاوەن یــەك ســەروەری، تیایــدا ئەندامــەکانی ئــەم دەوڵەتــە واز لەسەروەری نێودەوڵەتی خۆیان دەهێنن بۆ بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتـە تازەیـە بـەبێ ئەوەی واز لەسـەروەری نـاوخۆیی بێنن بەشێوەیەك کە پارێزگـاری لەسـەربەخۆیی خۆجێیـان بکـەنو بەشـداربن لـە درووسـتکردنی ویـستی (ئـیرادەی) گـشتی ئـەم دەوڵەتە.

هەواڵنامەی کتێب

[1] مـەریوانووریـا قـانیع: چـەند سـەرنجێك لەسـەر فیـدرالیزم، وەرگـیراوە لـە سـایتی ئـەلکترۆنی www.rahand.com,p.2، بڵاوکراوەتەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٩/١٠.

[2] Geoffre Roberts F Alistir Eduards: فەرهـەنگی نـوێ بـۆ شـیکاری ڕامیـاری– ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، و/ محمد چیا، ب. س، ب. ش، ل١٢٤.

## ١- ٢ هۆیەكان و ڕێگاكانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی

### ١-٢-١ هۆیەكانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی:

#### ١-٢-١-١ هۆكاری ترس:

لە مێژووی زۆربەی ولأتان ئەو ڕاستیە سەلماوە، كە شەڕ تاكە چەكێك بووە بۆ بەهێزكردنی پایەی دەسەلأتی دەوڵەت لەلایەك و فراوان كردنی سنووری جوگرافی دەسەلأت و ولأتەكەی لەلایەكی تر، لەم ڕووەشەوە ولأتە لاوازو بێ هێزەكان قوربانی هێرش و پەلاماری دەوڵەت و ئیمپراتۆرە بەهێزەكان بووین و ئەمەش وای كردووە بۆ یەككگرتن و بەرگری هاوبەش هەستێك دروست بكات.[١] بۆیە ڕێكخستنی هێز ئامانجێك بووە بۆ ڕاوەستان لەبەرامبەر هەڕەشەو شەڕی بێگانەدا و یەكێ بووە لە بنەماكانی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی.

بنامین فرانكلینی ئەمەریكی لە ساڵی ١٧٨٩ گوتویەتی: "ئێمە هەموومان یان دەبێ یەكبگرین و خۆ بەیەكەوە گرێ بدەین یان چاوەڕوانی ئەوەبین، كە ڕۆژێكی وا دابێ هەموومان یەك بەیەك بەدەستی بێگانە هەڵواسرێین".[٢] ئەو ترسەی لێرەدا باسی دەكەین ترسی دەرەكی یە، بۆ نموونە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی كۆنفدراسیۆنی سویسرا بۆ سەدەی چواردەهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتەی كە ١٤ كانتۆن و ناوچە بۆ خۆپاراستن لەهەڕەشە دەرەكییەكان، هاوپەیمانێتی یەكانیان لەناو خۆیاندا درووست كرد، پاش ساڵێك لە جەنگی ١٨٤٨ دەستوورێك دژی ناوچە كاتۆلیكەكان دانرا.[٣] كەواتە زۆربەی یاساناسان لەسەر ئەوە كۆكن كە هەست كردن بە بوونی مەترسی هاوبەش لە گرنگترین هۆكارەكانە كە پاڵ بە گەلانەوە دەنێت بۆ یەكێتی و یەككگرتن هەر ئەم مەترسییە دەرەكییەیە كە هۆكاری

---

[1] اوستن رنی: سياسه الحكم، ت/ د.حسين على الدنون، ج٢، المكتبة الاهلية، بغداد، ١٩٦٦، ل٢٨٦.

[2] وەرگیراوە لە: (ئەحمەد عەزیزی: فیدرالیزم و سیستەمی فیدراڵی، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (١)، ساڵی یەكەم، ئایاری ٢٠٠٤، ل٧١.

[3] زهير شكر: س. پ، ل٦٢.

سەرەکی یەك بوونە (الوحدە) لەدەوڵەتی فیدراڵی،[1] بەڵام ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین کە جیا لەترسی دەرەکی ترس لەناوخۆی وولاتیش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەدرووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەم ترسەش دەکرێت لە دوو ئاستدا بێت، یەکەم ترس لە کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەبازنەیەکی ناوەندی بچووکداو گوومانو دوو دڵی بەرامبەر مەبەستو ویستو پلانەکانی ناوەند، دووەم ترس لە خراپ بەکارهێنانی ناوەند بۆ کۆی ئەو توانایانەی لەبەردەست دایە.[2]

ئەم ترسە لەبەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەندو خراپ بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە وای کردووە ئەو گروپو لایەنانە بیر لەدەوڵەتی فیدراڵی بکەنەوە لەم دۆخەشدا بیر لەوە دەکرێتەوە تایبەتکاریو (أختصاص) دەسەڵات لەدەوڵەتێکی ناوەندی دابەش بکرێت بۆ سەر هەرێمە بچووكو جیاوازەکان، ئەزموونی بەلجیکاو ئەڵمانیا بەرجەستەکەری ئەم فۆرمە تایبەتییەی دەوڵەتی فیدراڵین.[3] بیرکردنەوەو هەوڵ دان بۆ گۆڕینی دەوڵەتی عێراق لەدەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی ئەنجامی بوونی ترسە لەبەهێزبوونو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ناوەند، ئەم ترسەش لەلای کوردو شیعە بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بەهۆی ڕابردوویەکی پڕ لەئازارو جینۆسایدو کیمیاباران کردن، بۆیە داخوازی سەرەکی کورد لە نووسینەوەی دەستوور گۆڕینی ناسنامەی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عێراقی بوو لەدەوڵەتێکی سادە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی.

**١-٢-١-٢ هۆکاری جیاوازی ڕەگەزو زمانو ئایین:**

لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی زۆربەی کات دووجۆرن، یان هەرێمەکان لە بنەڕەتدا جیاوازیەکی زۆریان نیەو وەك یەکن وەك ئەڵمانیا، یان جیاوازیان هەیەو وەك یەکترنین نمونەی بەلجیکا.[4] کە دەڵێین جیاوازی، مەبەستمان

---

1 هـ. س، ل٦٢.

2 مەریوان وریا قانیع: س. پ، ل٤.

3 هـ. س، ل٥.

4 ئەم کاتەش سێ ئەگەر هەیە: ١- دەوڵەتەکە دابەش دەبێت بۆ زۆرینەو کەمینەیەکی ئاشکرا وەك کەنەدا. ٢- هەندێك زۆرینەیە ئەوەی تر نزیکە لە زۆرینە وەك بەلجیکا، یان هیچ

لەسەرجەم جیاوازییەکانە کە تاکەکانی وڵاتێك لەیەکتری جیاوازن، بەڵام لەهـەمووی زیاتر مەبەستمان نەژادو زمانە.

دەوڵەتی فیدراڵی بەهۆی ئاڵۆزی لەپێکهاتنیدا، کە لەچەند هەرێمێك پێك دێت، وای کردووە هەندێ کات جیاوازبن لە نەژادو زمان...هتد، باشترین چارەسەر لێرەدایە بۆ دۆزینەوەی گونجاندنێك لەنێوانیاندا دەوڵەتی فیدڕاڵییە، کە چارەسەرێکە بۆ کێشەی جیاوازی نەتەوەیی، کولتور، زمان لەچوارچێوەیەکی جوگرافیدا، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە سیستەمی فیدراڵی دەتوانێ ڕێگە چارەیەك بێ بۆ لێك گرێدانی گروپ و نەتەوەی جیاوازیش لەنێو چوار چێوەیەکی جوگرافیدا.[١]

بۆ نموونە بەلجیکا لەساڵی ١٨٣٠ وەك یەك دەوڵەتی فەڕەنسی زمان و سانترالیست بنیاتنراوە، بەڵام ململانێی نێوان زمانی هۆڵەندی و فەرەنسی لە زیادبوون دابوو، لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٠)ەوە هەرچەندە ئەم دوو زمانە بەشێوەیەکی فەرمی لە بەهادا یەکسان بوون، بەڵام بەکردەوە زمانی فەڕەنسی زاڵە، جا لەبەر ئەوەی هەردوو گروپە زمانییەکە لەهەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی سانترالیستیلەی خۆیان دەدەن، بۆیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە بەلجیکا ڕێگەی فیدراڵی گرتەبەر بەجۆرێ پاش چەندین ڕیفۆرمی دەستووری ساڵانی (١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٩٣)دا، سەرەنجام ئەم وولاتە بۆ سێ ناوچەی، ڤالونی یەکان و برۆکسل دابەشکرا، هەروەها بۆسێ کۆمەڵەی زمانی فلامانی، فەڕەنسی، ئەڵمانی دابەش کرا.[٢] کەواتە چاکترین چارەسەر بۆ ئەو وولاتانەی کە دەناڵێنن بەدەست جیاوازییەکان و بۆ مانەوەی وولات بەیەك پارچەیی دەوڵەتەکە دەوڵەتی فیدڕاڵی

---

زۆرینەیەکی ئاشکرا نیەو بەڵکو چەند کەمینەیەك هەیە. بڕوانە (د.عاصم خلیل: الفدرالیة لحل للصراعات العرقیة فی الشرق الاوسط، ٢ی نیسانی ٢٠٠٤، وەرگیراوە لە سایتی ئەلکترۆنی www.amin.org, لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٧.

[1] ئەحمەد عەزیزی: س. پ، ل٧٢" د. عاصم خلیل: س. پ، ل١، ٢.

[2] Dr. Franz Fallend: فرە جۆری فیدرالیزم بەراورد کاری لەنێوان چەند سیستەمێکی فیدراڵی، و/ کەمال ڕەشید، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (١)، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٤، ل١٨٦– ١٨٧.

یە،[1] بەڵام جگە لەوەی کە هۆکاری جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و زمان و کلتور ڕۆڵیان هەیە لەدرووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی.[2]

کەواتە دەوڵەتی فیدراڵی چارەسەرێکە بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازیانە، چونکە تاکە دڵنیاییە کە ڕێ لەتەقینەوەی هێزە سەربەخۆکان دەگرێت لەناو ئەو دەوڵەتانەی، کە هاوڕەگەزو هاونەتەوە نین، کەهەندێ جار چەند نەتەوەو گەل و کلتورێکی جۆراو جۆرو جیاواز لەگەڵ یەکدا دەژین،[3] بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەتوانین بڵێین ئەم هۆکاری جیاوازیە، چەند ڕۆڵی پۆزەتیڤ دەبینێ لەمانەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بەهەمان ئەندازەش ئەگەری ئەوەی دەبێ لە لاوازکردنی دەوڵەتەکە ئەگەر ڕۆڵی نێگەتیڤ ببینێت.

بۆ نموونە ئەو جیاوازییە مەزهەبی و نەتەوەیی و زمانەی ئەمڕۆ لەعێراقدا هەیە، ڕۆڵی گرنگی بینیووە لەوەی عێراق ببێت بەدەوڵەتێکی فیدراڵی، بەڵام هەر خودی ئەم جیاوازیانەی سەرەوە مەترسین لە داهاتوودا بۆ دووبارە هەڵوەشانەوەی عێراق و جیابوونەوەی هەرێمەکان لەشێوەی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەهۆی ئەوەی هەر هەرێمەی داوای سەپاندن و پاراستنی تایبەتمەندی خۆیان بکەن، ئەمەش هاوکار دەبێت کەپێکهاتە جیاوازییەکانی عێراق هەریەکەیان لەپێناو پاراستنی تایبەتمەندیەکانیان لەعێراق جیاببنەوەو عێراق ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوە بێت.

### ١-٢-١-٣ هۆکاری فراوانی پانتایی جوگرافی:

هۆکاری فراوانی جوگرافیا ڕۆڵی خۆی هەیە لەدرووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵیدا، تەنانەت دەتوانرێ بەسەر یەك کیشوەر جێ بەجێ بکرێت و

[1] علی القطبی: بێ ناونیشان، توێژینەوەیەکە بڵاوکراوەتەوە لە سایتی ئەلکترۆنی: www.alrafdain.com, p.5. لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/٤/٨. (بەڵام دەکرێت لەدەوڵەتێکدا کە پێکهاتەی دانیشتوانی جیاوازی هەبێت، ئەم جیاوازیەش نەبووبێتە هۆی دروست کردنی کێشە).

[2] وەرگیراوە لە: (د. نوری لطیف: النظام الفدرالی، دار المسیرة، ل٤١).

[3] ئەحمەد عەزیزی: س. پ، ل٧٧.



هەولێر نامەی کێر

سەرکەوتووش بێت،[١] چونکە ئەم فراوانییە دەبێتە هۆکارێك، کە دەوڵەتی سادە نەتوانێ بەشێوەیەکی پێویست لەسەرانسەری وڵات پێویستییەکانی فەرمانڕەوایەتی ناوەندی پیادە بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر دەوڵەتی فیدراڵی، چونکە بەهۆی دابەش بوونی دەسەڵات لەنێوان فیدراڵی و هەرێمەکان قورسایی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەسەر حکومەتی ناوەند کەم دەبێتەوە وەك لەڕەخنەکەی مۆنتسکیۆ باس کرا کە حکومەتە دیموکراسی و ئەرستۆکراتییەکان ئەگەر پان و بەرین و گەورەش بن، ئەوا بەهۆی کەموکوڕی ناوخۆیی هەرەس دێنن.[٢] کەوابێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییەی دووەم، فراوانی پانتیای جوگرافی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی باشترین چارەسەرەو هەندێ نووسەر لەمە زیاتر دەڕۆن کاتێك دەنووسن: "فیدرالیەت چارەسەر نییە، بۆ وڵاتێك کە ڕووبەڕی دانیشتوانی بچووك بێت".[٣] بەڵام ئەم بۆچوونە جێگای ڕەخنەیە، چونکە ناکرێت بڵێین دەوڵەتێك ڕووبەڕی بچوك بێت نابێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، یاخود سیستەمی فیدراڵی، تیایدا سەرکەوتوو نییە، چونکە فراوانی ڕووبەڕووی جوگرافی دەوڵەت یەکێکە، لە هۆکارەکانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر دەکرێت وڵاتێك کەڕووبەری بچوك بێت، بەڵام کێشەی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و زمان و ...هتد هەبێت، ئەوکاتە دەوڵەتی فیدراڵی چاکترین ڕێگایە.

---

[1] د. محسن خلیل: س. پ، ل٣٣٦، ٣٣٧.

[2] مۆنتسکیۆ: س. پ، ل٢١٥.

[3] علی القطبی: بێ ناونیشان، توێژینەوەیەکە بڵاوکراوەتەوە لە سایتی ئەلکترۆنی: www.alrafidain.com, p.5، لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/٤/٨.

### ١-٢-٢ ڕێگاکانی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی:

#### ١-٢-٢-١ چوونە پاڵ (انضمام):

بریتییە لە یەکگرتنی چەند هەرێمێك یان چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، کە ئەم هەرێمانە دەست لەبەشێکی دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەرەکی هەڵدەگرن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەورەو بەهێز ئەویش بریتییە لە دەوڵەتی فیدراڵی.[1]

لەم شێوازەی درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵیدا دەبینین مافی دەوڵەتانی ئەندام ڕێژەیەکی گەورەیە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی دامەزرێنەری دەوڵەتە فیدراڵیەکەن، بەڕێژەیەکی دیاری کراو نەبێت بۆ دەوڵەتی فیدراڵی واز لەدەسەلاتی خۆیان ناهێنن، بەواتایەکی تر ئەوە دەگەیەنێ، کە دەوڵەتە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی هەوڵ دەدەن دەسەلاتی دەوڵەتی فیدراڵی تەسك بکەنەوە،[2] بەلام وەك لەپێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی ڕوون کرایەوە سەروەری دەرەکی هەردەم لەدەسەلاتی دەوڵەتی فیدڕالی یە وەك پەیوەندییەکانی دەرەوە، پەیماننامەبەستن، بەرگری کردن، بۆیە هەوڵدان بۆ کەم کردن و تەسك کردنەوەی دەسەلاتی فیدراڵی تاڕادەیەکی کەم ئەنجامی دەبێت.

ئەم شێوازە هەوڵدانی هەرێمەکانە بۆ بەهێزبوونیان و دەربازبوونیان لەلاوازی، بۆ نموونە (١٣) ویلایەتەکەی ئەمەریکا لەکۆنگرەی فیلادلڤیا لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٧٨٧ دا لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی ڕێککەوتن بۆ بەهێزبوونیان لەبەردەم بەریتانیا.[3] یا وەك درووست بوونی سویسرا لەساڵی ١٨٤٨دا وەك دەرەنجامی کۆبوونەوەی ٢٢ کانتۆن لەگەڵ یەکتریدا.

---

[1] د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٥٨" د. عبدالغنی بسیونی عبدالله: النظم السیاسیة والقانون الدستوری، بدون سنة ومکان الطبع، ل١٠٣" د. محمود خیری عیسی و بطرس بطرس غالی: المدخل في علم السیاسة، ط١٢، مکتبة الانجلو المصریة، القاهرة، ١٩٩١، ل٢٢٢.

[2] د. کمال الغالی: س. پ، ل٩١.

[3] د. حافظ علوان حمادی الدلیمی: النظم السیاسة في اوروبا الغربیة والولایات المتحدة الامریکیة، دار وائل للطباعة والنشر، الاردن، ٢٠٠١، ل٢٥٧.

### ١-٢-٢-٢ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێکی ساکار

مەبەست لەم جۆرە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێکی ساکاری یەکگرتووە بۆ چەند کیانێکی دەستووری سەربەخۆو پاشان هەرێمەکان بەپێی دەستوورێکی فیدراڵی نوێ یەك دەگرنەوەو دەوڵەتێکی تازە دادەمەزرێنن.[1]

هەندێ لە توێژەرەوان وەك مەریوان وریا پێیان وایە، مۆدێلی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ڕێك پێچەوانەی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵییە لە مۆدیلی یەکەمدا، لەیەکەمدا کۆمەڵێك دەوڵەتو ناوچەی بچووكو تا ڕادەیەك لاواز یەکدەگرن بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی فیدراڵیو بەهێز، لەدووەهەمدا دەوڵەتێکی ناوەندی دابەش دەبێت، یەکەمیان ترس لە لاوازی لۆ کاڵەکان، دووەهەمیان ترس لە بەهێزی ناوەند دروستی دەکات.[2] دەوڵەتەکانی بەشێوازی دووەم درووست دەبێت بەهێزترە لەبەراورد بەو دەوڵەتانەی بەشێوازی یەکەم درووست دەبێت، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەشێوازی یەکەم دەوڵەتەکان لەبنەڕەتدا سەربەخۆنو خاوەن سەروەری خۆیانن لەبەر ئەوە دەسەلاتی فیدراڵی کەم دەکەنەوە بەڕێژەیەکی زیاتر بۆ پارێزگاری کردن لە ئازادیو دەسەلاتی خۆیان،[3] بەلام لەشێوازی دووەم دەسەلاتو سەربەخۆیی زیاتر بۆ دەوڵەتی فیدراڵی یەو دەسەلاتی هەرێمەکان کەمو بەرتەسك دەکرێتەوە. بەلجیکاو فەنزویلاو مەکسیكو هیندو بەرازیلو ئوسترالیا بەم شێوازە درووست بووین.

بەشێکی گرنگی دەوڵەتە فیدرالییەکانی ئەمڕۆی ئەوروپا بەشێوازی دووەم درووست بوون، ئەمەش پەیوەندییان بەتێك شکانی دەوڵەتە ناوەندییە بەهێزەکانەوە هەیە وەك ئەڵمانیای دوای هیتلەر.

---

[1] بڕوانە: (داود الباز: س. پ، ل٢٠" د. محمود خیری عیسی و بطرس بطرس غالی: س. پ، ل٢٢٢).

[2] مەریوان وریا قانع: س. پ، ل٥.

[3] د. کمال الغالی: س. پ، ل٩٣.

ڕێچکەی درووستبوونی دەوڵەتی عێراق هەمان شێوازە، هەرچەندە ئەمڕۆ لەیەک هەرێم پێکهاتووە ئەویش هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەپێی دەستووری ئەم دەوڵەتە بوار ڕەخساوە بەشێوەیەکی یاسایی بۆ درووست بوونی چەند هەرێمێکی تر، (ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانە دادەنێت کەبەپێی حوکمەکانیەوە دادەمەزرێت).[١]

## ١-٣ تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیو بەراووردکردنی لەگەڵ جۆرەکانی تری دەوڵەتدا

### ١-٣-١ تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی:

#### ١-٣-١-١ لەسەر ئاستی نێوخۆیی:

دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەنی ناوخۆیی زۆر ئاڵۆزە وەك لەسەرەتادا باسمان کرد، چونکە دەبێ هەوڵ بدرێت هاوسەنگییەك لەنێوان دەسەڵاتی هەرێمەکانو دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی بێتەدی. بۆیە لەتایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لە ئاستی ناوخۆیی بوونی دوو ئاستی حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکانە کە لەژێر ڕکێفی یەکتر دانینو وابەستەی یەکتر نین، بەڵکو هەر یەکەیان ئۆرگانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر بە هاوڵاتیان ئەنجام دەدەن.[٢] کەواتە لەدەوڵەتی فیدڕاڵی دوو ئاستی جیا لەدەسەڵاتو فەرمانڕەوایی هەیە، لەسەرێکەوە دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی فیدراڵی لەسەرێکی ترەوە دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی هەرێمەکان، لەبەر ئەمەیە پیادەکردنی دەسەڵات لەکاروباری ناوخۆییدا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە.[٣] بۆیە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی فیدڕاڵی بەم شێوەیە دەبێت:-

---

[1] مادە ١١٧/ دووەم/ لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥.

[2] Dr. Franz Fallend: س. پ، ل١٧٧، ١٧٨.

[3] دێڤید بودنهایمەر: فیدرالیزمو دیموکراسی، و/ کامل محەمەد قەرەداغی، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٣١)، کانوونی یەکەمی، ٢٠٠٣، ل٢٧.

١- دەوڵـەتی فیـدراڵی خـاوەنی هـەر سـێ دەسـەڵاتە (دەسـەڵاتی یاسـادانو جـێ بـەجێکردنو دادوەری)، هەرێمـەکانیش بـەجیاو سـەربەخۆ لـەو سـێ دەسـەڵاتەی فیدڕاڵی خاوەنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێ بەجێ کردنو دادوەرین.

٢- شـەڕی نێـوان هەرێمـەکان بەشـەڕی نـاوخۆیی دادەنرێـت نـەوەك شـەڕی نێـو دەوڵـەتی، هـەر بۆیـە چارەسـەری ناکۆکیـەکانیش بـە گـوێرەی دەستووری دەوڵەتە فیدرالیەکان دەبێت نەك بە گوێرەی یاسای گشتی نێو دەوڵەتی.[١]

٣-هەر هەرێمێك لەپاڵ دەستووری فیدراڵیدا دەستووری تایبەت بەهەرێمەکەی خۆی دەبێت، بەمـەرجێك بڕگـەکانی لەگـەڵ نـاوەڕۆکی دەستووری فیـدڕاڵی نـاکۆك نەبێت.[٢]

**١-٣-١-٢ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:** لەئاستی نێو دەوڵـەتی دەوڵـەتی فیدراڵیـدا یەك کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵـەتی هەیە، بەڵام ئەم خاڵـە لای هەندێ لـە یاسا ناسان جێگەی هەڵوەستەو گفتوگۆیـەو بەشێوەیەکی گشتی دابـەش بوونـە بەسـەر دوو بۆچوون دا:-

**یەکەم:** بەشێکی زۆر لە یاساناسان بۆ ئەوە دەچن، کەمانای دەوڵـەتی فیـدڕاڵی ئەوەیــە هەرێمــەکان واز دەهێــنن لەبەشــێکی ســەروەری نــاوخۆیی و لەتــەواوی سـەروەری دەرەکـی، بۆیـە ئـەم هەرێمانـە لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی خـاوەن کەسـایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی نین، بەڵکوو تەنیا دەوڵەتی فیدڕاڵی دا خاوەن کەسایەتیەکی یاسایی نێو دەوڵەتییە.[٣]

---

[1] د. فيصل كلثوم: دراسات في القانون الدستوري والنظم السياسية، منشورات جامعة دمشق، كلية الحقوق، مطبعة روضة، دمشق، ٢٠٠٤- ٢٠٠٥، ل٢٦٠.

[2] د. سعد عصفور: س. پ، ل٢٦٤، ٢٦٥" د. فيصل كلثوم: س. پ، ل٢٥٩.

[3] القاضـي نبيـل عبـدالرحمن حيـاوي: اللامركزيـه والفدراليـه، المكتبـة القانونيـة، ط١، بغـداد، ٢٠٠٤، ل٢٠" د. نعمـان احمـد الخطيـب: الوسـيط في الـنظم الـسياسية والقـانون الدسـتوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، الاردن، ٢٠٠٤، ل٨٨" د. حكمت شبر: القانون الـدولى الـدولى العـام، دراسة مقارنة في الفقهين الاشتراكى والرأسمالى، ج١، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٥، ل٢٤٣" د.

**دووەم:** بەشێکی تر لەیاسا ناسان بۆ ئەوە دەچن، کە هەرێمەکان خاوەن کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتین هەروەکوو دەوڵەتی فیدڕاڵی.[1]

لە خوێندنەوەی ئەم دوو بۆچوونەدا دەردەکەوێت، کە جیاوازی لەنێوانیان لەوە دایە ئایا هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتین یان نا؟ بۆچوونی دووەم ڕوونە، کە یاسا ناسان بۆ ئەوە دەچن هەرێمەکان خاوەن کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتین. بە بۆچوونی ئێمە ئەو هۆکارەی وای لێ کردوون، ئەم بۆچوونەیان لا درووست ببێت، بریتییە لەو بەدەربوونەی (استثناء) لە دەستووری هەندێ وولاتدا هەیە کە هەندێ مافی لە ئاستی دەرەوەدا پێ داون. بۆ نموونە دەستووری ئێستای ئەڵمانیای فیدراڵی (١٩٤٩) دانی ناوە بە مافی بەستنی پەیماننامە بۆ هەرێمەکانی ئەندام لە دەوڵەتی فیدراڵی، کە لەدەستوورەکەیدا هاتووە: "دەکرێت ویلایەتەکان لە سنووری دەسەڵاتەکانیان و بەڕەزامەندی حکومەتی فیدڕاڵی (یەکێتی) پەیماننامە لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە ببەستن".[2]

لە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیدا هاتووە کە ڕێگە بەهەرێمەکان دەدرێت هەڵبستن بەبەستنی هەندێك ڕێککەوتننامەی سنوردار کە سروشتێکی کارگێڕیان هەیە، بەڵام بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی فیدراڵی و لەگەڵ یاسای فیدڕاڵی و بەمەرجێك پێشتر ئەنجوومەنی باڵا ئاگادار بکاتەوە،[3] هەرچەندە ئەم دەسەڵاتەی بە هەرێمەکان دراوە بەپێی دەستوری ناوخۆییە نەك یاسای

---

عبدالله اسماعيل البستانی: مذكرات أولية في القانون الدستوری، مطبعة الرابطة، ط٤، بغداد، ١٩٥٠– ١٩٥١، ل٣٢" د. حسين عثمان: النظم السياسة، والقانون الدستوری، ج٢، المكتبة القانونية، دار الجامعة، بيروت، ١٩٨٨، ل١٢١.

[1] وەرگیراوە لە: (داود باز: س. پ، ل٤٤).

[2] مادە (٣٢)، بڕگە (٣)، لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی ساڵی ١٩٤٩.

[3] مادە (١٢٣)، لەدەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١.

نێودەوڵـەتی.[1] لـە لایـەکی دیکـەوە ڕوونـە ئـەم مافـەی کـە بەهەرێمـەکان دراوە ڕەها نییە، چونکە زۆربەی کات تەنیا لە سنوورێکی دیاری کراو ڕێگەیان پێ دەدرێ، کە ئەو ڕێککەوتننامەیە ببەستن، واتە بەتوندی کۆت دادەنرێت لەسـەریان بەمەبەستی تونـدکردنی مانـەوەی لێپرسـراویەتی سـەرەکی فەرمانداریـەتی سیاسـەتی دەرەوە بەدەسـتی فیـدڕاڵی.[2] بـۆ نموونـە لـە دەسـتووری ئـەڵمانیا هـاتووە، کـە هەرێمـەکان دەتــوانن پەیماننامــە ببەســتن لەگــەڵ دەوڵــەتی بێگانــە لــە مەســەلەکانی نــاو چوارچـێوەی دەسـەڵاتی هەرێمەکـە یـاخود دوای ڕەزامەنـدی حکومـەتی فیـدراڵی لەسەری.[3]

لـە دەسـتووری سـاڵی ١٩٤٤ یـەکێتی سـۆڤیەتی پێشوو مـافی نوێنەرایـەتی نێـو دەوڵـەتی درابـوو بەهەنـدێك کۆمارەکـان، بـۆ نموونـە ئۆکرانیـاو کۆمـاری ڕووسـیای سپی لەدەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت بوون بەئەنـدام لەنەتـەوە یـەکگرتووەکان ،[4] بـەڵام ئەم بەدەر بوونە لەڕێسای گشتیدا، کار ناکاتە سەر ئەو ڕێسایەی کە هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی نین، چونکە یاسای نێو دەوڵــەتی دان نانێــت تــەنها بــەبوونی دەوڵــەتی فیــدراڵی نــەبێت. بۆیــە دەوڵــەتی فیدراڵی، کـە خـۆی بەتـەنیا خـاوەن کەسـایەتی یاسـایی نێـو دەوڵـەتی بێـت ئەوسـا ســەروەری دەرەکــی هــەمووی بەتــەواوی بــۆ دەوڵــەتی فیــدراڵی دەگەڕێتــەوەو هەرێمەکان خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی نین، ئەمەش مانـای ئەوەیـە، کە دەوڵەتی فیـدراڵی بەتـەنیا خـۆی لەڕووبەڕووی دونیـای دەرەوەدا دەردەکـەوێت. بەم مانایەش تەنیا دەوڵەتی فیدراڵی بەبەستنی پەیماننامـەکان (بـەبێ هەرێمـەکان)

---

[1] د.الـشافعي محمـد بـشير: نظريـة الاتحـادين الـدول وتطبيقاتهـا بـين الـدول العربيـة، ط١، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٣، ل٣٩.

[2] هيلين تورار: تدويل الدساتير الوطنية، ت/ باسيل يوسف، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤، ل١٥٧.

[3] مادە (٣٢)، بڕگە (٣)، لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی ساڵی ١٩٤٩.

[4] د. محمد رفعت عبدالوهاب: الانظمـة الـسياسية، منـشورات الحلبـي الحقوقيـة، بـيروت– لبنـان، ٢٠٠٥، ل٥٩– ٦٠. (یەکێتی سۆڤیەت بە یەکێتیەکی تایبەت دادەنرێت).

توانای هەیە لە دروستکردنی ڕێسا نێو دەوڵەتیەکان، جگە لەوە هەر خۆی بەتەنیا (مخاطبە)ی ڕێساکانی نێو دەوڵەتی دەکا.[1]

جگە لەوە ئەگەر هەر هەڵسووکەوتێ دەربچێ لە دەوڵەتی فیدراڵی لە بواری نێو دەوڵەتی دا، ئەوسا لێپرسینەوەی نێو دەوڵەتی ڕووبەڕووی دەوڵەتی فیدراڵی دەبێتەوە بەبێ جیاوازی لەوەی ئایا ئەم هەڵسووکەوتە لەهەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەرچووە، یان لە دەوڵەتی فیدراڵی، بەمەش ڕێساکانی لێپرسراویەتی نێودەوڵەتی لەسەر دەوڵەتی فیدراڵی جێبەجێدەکرێت،[2] و دەوڵەتی فیدراڵی لێپرسراوە لەڕووبەڕووبوونەوەی دونیای دەرەوەدا، کە یەك هەرێم و یەك گەلی هەیە.[3] کۆی هەموو هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە یەك هەرێم ئەویش هەرێمی دەوڵەتی فیدراڵی یەو قەوارەی نێو دەوڵەتی هەیە[4] کە دەکاتە کۆی هەرێمی ویلایەتە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.

جگە لەو پاشماوانەی پێشوو پاشماوەیەکی تر، کە لەئەنجامی بوونی یەك کەسایەتی یاسایی نێو دەوڵەتی دەکەوێتەوە بریتیە لە بوونی یەك ڕەگەزنامە بۆ سەرجەم هاوولاتیانی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەویش بریتیە لەڕەگەزنامەی دەوڵەتی فیدراڵی.[5] واتە ڕاستە هەرێمەکانی فیدراڵی لەناوەوە لەیەکەی دەستووری سەربەخۆ پێکهاتووەو هاوولاتیانی هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵیش زۆربەی کات لەیەکتری جیاوازن لەڕووی زمان و کلتورو ئایین، بەڵام ئەمانە هیچ ڕێگریەك دروست ناکات لەبەردەم بوونی یەك ڕەگەزنامە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان

---

[1] د. يحيى الجمل: الانظمة السياسية المعاصرة، دار النهضة العربية، القاهرة، بدون سنة طبع، ل٤٢.

[2] حكمت شبر: س. پ، ل٢٤٥• هيلين تورار: س. پ، ل١٥٩.

[3] بەهادین ئەحمەد: س. پ، ل٨٣• د. عبدالرحمن رحيم عبدالله: س. پ، ل١٤.

[4] بەهادین ئەحمەد: هـ. س، ل٨٥، ٨٦.

[5] د. نوري لطيف: القانون الدستوري، ل١٣٠• د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، حلب، ٢٠٠٦، ل١٢٠• د. محسن خليل: القانون الدستوري والنظم السياسية، س. ث، ل٣٢٠.

لەسەرانسەری دەوڵەتی فیدڕاڵی ئەمە لە دەستووری عێراق و[1] سویسرا ئاماژەی پێکراوە.[2] بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیەش هەندێك لەیاسا ناسان وای دەبینن، کە دەکرێت لە دەوڵەتی فیدراڵی هاوولاتیان هەڵگری دوو ڕەگەزنامەبن، کەیەکێکیان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و ئەوەی دیکەش بۆ هەرێمە پێکهێنەرەکان دەگەڕێتەوە، بەو مانایە لە دەوڵەتی فیدراڵی دوو جەمسەری (ئیزدیواجی) ڕەگەزنامە هەیە، واتە لەیەك کاتدا هاوولاتی دەوڵەتی فیدراڵی هەڵگری دوو ڕەگەز نامەیە.[3] ئەم بۆچوونەش لەڕووی زانستیەوە دوورە، چونکە لەلایەك لەگەڵ پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی ناگونجێت کە دەوڵەتی فیدراڵی لە ئاستی نێو دەوڵەتی یەك دەوڵەتە، و ڕەگەزنامەش پەیوەندیەکی یاسایی و سیاسییە لەنێوان دەوڵەت و هاوولاتیاندا کەواتە هەموو هاوولاتیان بە یەك پەیوەندی بەدەوڵەتی فیدرالییەوە بەستراونەتەوە، ئەویش بریتیە لە ڕەگەزنامەی دەوڵەتی فیدراڵی، کە ڕەگەزنامە تاکە ڕێگایە لەکۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردن لە تاك، چونکە پارێزگاری کردنی لەو بوارەدا نابێت تەنیا لەڕێگەی ئەو دەوڵەتەوە نەبێت کە ئینتیمای بۆی هەیە.[4] لە لایەکی دیکە دەوڵەت خۆی ڕەگەزنامە دادەهێنێت و دەیدات بە تاکەکان مەرجی دیاری کراوی بۆ دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی لەلایەن تاکەکان و خاوەنی داهێنانی (انشاء) ڕەگەزنامە تەنها ئەو دەوڵەتانەن، کە دان بەکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتیان نراون،[5] بەڵام دەکرێت بوترێت ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە هاوولاتی دەوڵەتی فیدراڵی مافی هەیە دوو ڕەگەزنامەی هەبێت ئەوانە تێکەڵیان کردووە

---

[1] بڕوانە: (مادە (١٨)، لە دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥)، کە ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەر عێراقییەکەو بنەمای هاوولاتی بوونیەتی.

[2] مادە (٢٧)، لە دەستووری سویسرای یەکگرتوو ساڵی ٢٠٠٠.

[3] حکمت شبر: س. پ، ل٢٤٤.

[4] د. هشام خالد: المركز القانوني لمتعدد الجنسية، ط١، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠١، ل٢٠.

[5] د. جابر ابراهيم الراوي: شرح احكام قانون الجنسية، وفقا لآخر التعديلات (دراسة المقارنة)، ط١، دار وائل للنشر، عمان– اردن، ٢٠٠٠، ل١٣.

لەنێوان زاراوەی ڕەگەزنامەو نیشتەجێ بوون (التوطن) بۆ نموونە لە ئەمەریکا لەپاڵ بوونی چەندین هەرێم، یەك ڕەگەزنامەی ئەمەریکی بۆ هەمووی هەیە،[١] بەڵام ئەو پەیوەندیەی کە تاکێك بە ویلایەتی ئەندام دەبەستێتەوە ناکرێت بوترێت ڕەگەز نامەیە.[٢]

کەواتە لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا تەنها ڕەگەزنامەی دەوڵەتی فیدراڵی هەیە بەهیچ جۆرێك بوونی دوو ڕەگەزنامە لەیەك کاتدا بۆ هاوولاتی دەوڵەتی فیدراڵی ناگونجێت و پاشکۆیەتی هاوولاتیان بۆ هەر ویلایەتێك بریتیە، لە پاشکۆی ناوخۆیی و ناچێتە ناو چوارچێوەی نێو دەوڵەتی، ڕووکاری دەرەکی دەوڵەتی فیدراڵی بەدەر لەوانەی باسمانکرد چەند ئەنجامێکی تری لەبواری نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە کە دەتوانین لێرەدا بەخاڵ باسیان بکەین.

١- مافی بڕیاردانی شەڕو ئاشتی بەتەنها بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوەو دەوڵەتی فیدڕاڵی بەتەنها خۆی دەسەڵاتی بەسەر گشت هێزە چەکدارەکان و وڵاتدا هەیە. لە دەستووری ئەمەریکی دا سەرۆك سەرکردەی باڵای سەربازییە.[٣]

٢- دەوڵەتی فیدراڵی خاوەن یەك دراوی ناوەندی دەبێت و دەوڵەتی فیدراڵی ئاڵای فیدراڵی هەڵدەکات و هەر هەرێمێکیش لەپاڵ ئاڵای دەوڵەتی فیدراڵی ئاڵای تایبەت بەهەرێمەکەی خۆی هەڵ دەکات.[٤]

**١-٣-٢ بەراووردکردنی دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ جۆرەکانی تری دەوڵەتدا:**

**١-٢-٣-١ بەراوردکردنی دەوڵەتی فیدراڵی لەگەڵ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی دا:**

سەرەتا باس لەدەوڵەتی کۆنفدراڵی دەکەین، کە بریتییە لەیەکێتی نێوان چەند دەوڵەتێك بەپێی پەیماننامەیەکی نێو دەوڵەتی دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەوەش

---

[1] د. الشافعی محمد بشیر: س. پ، ل٤٢.

[2] د.خالد سمارة الزعبي: مبادیء القانون الدستوری والنظم السیاسیة، ط١، عمان-اردن، ١٩٩٦، ل١٠٥.

[3] مادە (٢)، بڕگە (٢)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[4] عەلی شەمەری: س. پ، ل٤٦.

دەوڵەتـە ئەندامـەکان پارێزگـاری لەسـەربەخۆیی دەرەکیـان‌و مانـەوەی سیـستەمی ناوخۆیان دەکەن، بەڵام ئەم یەکێتیە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی هاوبەش لـەنێوانیان دادەمەزرێت، لە دەستەیەك پێك دێت، دەکرێت کۆنگرەیـەك بێت یـان کۆمەڵەیـەك یان ئەنجومەنێك بێت کە نوێنەری هەموو دەوڵەتەکانی تێدایە.[1] بۆ نموونـە یـەکێتی نێوان (١٣) ویلایەتەکەی ئەمەریکا لەساڵی (١٧٧٦– ١٧٨٧)و یـەکێتی کۆنفدراڵی سویسرا ساڵی ١٩٢١–١٨٤٨.[2]

جیاوازیەکانی نێوانیان بریتی یە لە:–

١– ئـەم یەکێتییـە لـەنێوان دوو دەوڵـەت یـان زیـاتر بـەگوێرەی پەیماننامەیـەکی نێودەوڵـەتی درووسـت دەبێـت،[3] بـەڵام دەوڵـەتی فیـدراڵی بـەگوێرەی ڕێککـەوتن لەسـەردانانی دەسـتوور دروسـت دەبێـت، ئەمـەش مانـای وایـە کـە کۆنفـدراڵی ڕێکخـستنێکی نێـو دەوڵەتییـە دەکەوێتـە نـاو چوارچـێوەی یاسـای گـشتی نێـو دەوڵەتی، بەڵام فیدراڵی ڕێکخستنێکی ناوخۆیە دەچێتە ناو چوارچێوەی یاسای گشتی ناوخۆیی.[4] کەواتە ئەو شەڕەی لـەنێوان دەوڵـەتەکان هەڵدەگیرسێ بەشـەڕی نێودەوڵـەتی دادەنرێـت، بـەڵام بەپێـچەوانەوە شـەڕ لـەنێوان هەرێمـەکان لەدەوڵـەتی فیدراڵیدا بەشەڕی ناوخۆ دادەنرێت.

٢– نـاوەڕۆکی ئـەو ڕێککەوتنـەی، کـە کۆنفـدراڵی لەسـەری دامـەزراوە هـەموار ناکرێت، تـەنها بەڕەزامەنـدی سـەرجەم دەوڵـەتانی ئەنـدام نـەبێت، بەپێـچەوانەوە لـە دەوڵەتی فیدراڵی دا بەپێی ڕێ‌و شوێنە یاساییەکان دەکرێت دەستووری فیدڕاڵی

---

[1] د. عبدالغنی بسیونی عبدالله: النظم السياسة والقانون الدستوری، ل٩٦• د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ل١٠١، د. فيصل كلثوم: س. پ، ل٢٥٥.

[2] د. عصام العطية: القانون الدولى العام، ط٦، وزارة التعليم العالى والبحث العلمي، بدون سنة ومكان الطبع، ل٤٠٦.

[3] هـ. س، ل٤٠٥.

[4] د. ابـراهيم عبـدالعزيز شـيحا: الـنظم الـسياسة، الـدول والحكومـات، منـشاءة المعـارف بالاسكندرية، ٢٠٠٦، ل٧٤.

هەموار بکرێت لەگەڵ بوونی ناڕەزایی هەندێ هەرێم بەبێ ئەوەی هەرێمەکان مافی جیابوونەوەیان هەبێت، بەڵام نەبوونی مافی جیابوونەوە ڕەها نییە، بەڵکو هەرێمەکان دەکرێت ئەو مافەیان هەبێت وەك دەستوری یەکێتی سۆڤیەت کە لە ماددەی (١٧) ئاماژەی بۆ کردووە.[1]

٣- ئەو کۆنگرە یان دەستەیەی کە لەنێوان دەوڵەتەکان پێك دێت لەیەکێتی کۆنفدراڵی بەدەوڵەتێکی ناوەندی دانانرێت لەسەرووی دەوڵەتە ئەندامەکان، بەڵکو تەنها کۆنگرەیەکی سیاسییە، یان ڕاوێژکارییەو ئەو کۆنگرەیە مافی نییە ئەو بڕیارانە لەسەر دەوڵەتە ئەندامەکان بەهێز بسەپێنی کە یەکێتیەکە دەری دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان پابەند بکات بەجێ بەجێکردنی بڕیارەکانی.[2] بەواتەیەکی دیکە جێ بەجێکردنی بڕیارەکان بەڕەزامەندی وڵاتەکان بەستراوەتەوە.[3]

ئەمەش پێچەوانەی دەوڵەتی فیدراڵیە کە لەیەکگرتنی دەوڵەتەکان دەوڵەتێکی باڵا دروست دەبێت لەسەرووی هەموو هەرێمەکانەو دەسەڵاتی هەیە هەرێمەکان پابەند بکات بەجێ بەجێکردنی بڕیارەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.

٤- لە کۆنفدراڵی دەوڵەتە ئەندامەکانی پارێزگاری لەتەواوی سەروەری و سەربەخۆیی و ئازادیان لەهەردوو لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی دا دەکەن،[4] بەڵام لەدەوڵەتی فیدراڵی دا هەرێمەکان واز لەسەروەری دەرەکی دەهێنن بەتەواوی بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و پارێزگاری لەبەشێکی سەروەری ناوخۆیی دەکەن.

٥- دەستەی ناوەندی (الهيئة المركزية) لەیەکێتی کۆنفدراڵی بریتییە لە کۆنگرەیەکی دیبلۆماسی کە نوێنەری دەوڵەتە ئەندامەکان پێکی دەهێنن.[5] ئەو

---

[1] د. ثروت بدوي: س. پ، ل٨٠• حكمت شبر: س. پ، ل٢٤٣.

[2] د. اسماعيل الغزال: س. پ، ل٩٠.

[3] زهير شكر: س. پ، ل٥٩.

[4] د. عبدالغني بسيوني عبدالله: النظم السياسة والقانون الدستورى، ل٩٧• د. نورى لطيف: النظام الفدرالى، ل٣٨.

[5] د. كمال الغالي: س. پ، ل١٧٨.

دەستەیە دەسەڵاتی یاسادانانی هەڵبژێردراو نییە لەلایەن گەلەکەی لەدەوڵەتی یەکێتی.[1] ئەمەش مانای ئەوەیە کەیەکێتی کۆنفدراڵی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی نییە لەسەر هاووڵاتی دەوڵەتانی ئەندام واتە بڕیارەکانی جێ بەجێ نابێت، تەنها لەڕێگای حکومەتی دەوڵەتە ئەندامەکان و ڕەزامەندیان نەبێت،[2] بەڵام لەدەوڵەتی فیدراڵی دەستەیەکی یاسادانان هەیە کە لەدوو ئەنجوومەن پێك دێت و ئەم دامەزراوەیە یاساکان دەردەکات و ئاراستەی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمەکان دەکات، دەسەڵاتەکەی ڕاستەوخۆیەو دەتوانێ هۆکارەکانی زۆرلێکردن (وسائل الاکراه) بەکاربهێنێ بۆ جێ بەجێکردنی بڕیارەکانی لەسەر هەرتاکێك و لەهەر هەرێمێك بێت.[3]

٦- لەلایەنی کات یان تەمەنی دامەزراندنەوە جیاوازن، چونکە یەکێتی کۆنفدراڵی بۆ چەند مەبەستێکی دیاری کراو کاتی دادەمەزرێت، واتە بۆ ماوەیەکە، ئەمەش وا دەکات کە یەکێتی کۆنفدراڵی جێگیر نەبێ و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبێت، بە بۆچوونی ئێمەش ئەمە وادەکات کە زیاتر خۆی لە قۆناغێکی گواستنەوە دەبینێتەوە یان دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی یان پێشەکییەکە بۆ بزووتنەوەی جودا خوازی.[4] لەکاتێکدا دەوڵەتی فیدراڵی یەکێتیەکی جێگیرەو ئەو پەیوەندییەی کە هەرێمەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە بەهێزە، بۆیە تەمەنی ئەم دەوڵەتە شێوەیەکی بەردەوام وەردەگرێت، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سویسرا، ئەڵمانیا کەماوەی چەندین ساڵە بەردەوامن.

---

[1] د. اسماعیل مرزة: القانون الدستوري، دراسة مقارنة للدستور اللیبي ودساتیر دول العربیة الاخری، منشورات الجامعة اللیبیة، لیبیا، بدون سنة، ل١٧٨.

[2] هـ. س، ل١٧٨.

[3] د. اسماعیل مرزة: س. پ، ل١٨٣.

[4] هـ. س، ل١٧٩.

١-٣-٢-٢ جیاوازی نێوان دەوڵەتی فیدراڵیو دەوڵەتی سادە (ساکار):

دەوڵەتی سادە بریتییە لەو دەوڵەتەی کە سەروەریو دەسەلاّت تێدا دابەش نەکراوە، بەواتایەکی تر دەوڵەتەکە لەڕووی سیاسی یەوە یەك پارچەیە هەر چەندە ئەگەر لەڕووی کارگێڕییەوە دابەش کرابێت.[١] و یان دەڵێن دەوڵەتی سادە یەك پارچەیە (وحدة) لە ڕووی دەستورو یاسادانانو جێ بەجێکردن.[٢] لە دەوڵەتی سادە یەك دەسەلاّتی یاسادانانو جێ بەجێکردنو دادوەری هەیە، و بە بوونی یەك دەستووری یەکگرتوو بۆ سەرجەم وولاّت جیادەکرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە بوونی یەك یاسادانان (تشریع)و یەك دەسەلاّت پێوەرێکی زانستی یە بۆ دیاری کردنی دەوڵەتی سادە،[٣] بەلاّم هەندێکی تر پێیان وایە بوونی یەك دەستوور مانای دەوڵەتی سادەیە.[٤]

دەوڵەتی سادە ئەگەر سادەو یەك پارچەبێت لەلایەن دەسەلاّتو دەستوورەوە، لەلایەن بەڕێوەبردنەوە جیاوازەو دەکرێت بووترێت بەشێوەیەکی گشتی بە دوو شێوە بەڕێوە دەچێت:-

**یەکەم: بەڕێوەبردنی ناوەندی:** لەم ڕێگایەدا هەموو بڕیارو فەرمانو یاساکان لەلایەن ناوەندەوە دادەنرێتو سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردنەکانو پارێزگاکان پاشکۆی ئەوانن، چونکە هەڵدەستن بە جی بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەوان.[٥]

**دووەم: نا ناوەندی (لامەرکەزی):** بریتیە لە دابەش کردنی دەسەلاّتی بڕیار لەنێوان حکومەتی ناوەندی لەلایەكو کارگێڕی ناوچەیی لەلایەکی ترەوە کە هەندێ

---

[1] د. نوری لطیف: النظام الفدرالي، ل٢٢.

[2] د. قحطان احمد سليمان: س. پ، ل٢١٧.

[3] مجموعة مؤلف العرب: دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقي الجديد، الدولة الموحدة والدولة الفيدرالية، ط١، المعهد الدولي القانون حقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ٢٠٠٥، ل٣٧٤.

[4] د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ل١٠٩.

[5] قاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: اللامركزية والفدرالية، ل١١• د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ل١١٣.

هەواڵنامەی کتێب

سەربەخۆیی لەدەسەڵاتی ناوەندی هەیە.[1] بە مانایەکی تر فراوان کردنی دەسـەڵاتی ناوچەیی و لەسـەر کـەم کردنـەوەی دەسـەڵاتی ناوەنـدی،[2] بـەڵام لەگـەڵ ئـەم فراونیـە لەدەسـەڵاتدا مانـای پـچڕاندنی پەیوەنـدی نیـە لـەنێوان دەسـەڵاتی ناوچـەیی و دەسەڵاتی ناوەند.[3]

جۆرەکانی ناناوەندی جۆراو جۆرەو ئێمە لێرەدا تەنها ئەو جۆرە باس دەکەین، کـە لـە بابـەتی توێژینەوەکـەمان نزیکـە، ئـەویش ئۆتۆنـۆمی، (ناناوەنـدی هـەرێمی تەواوە)[4] لەدەوڵەتی ساکاردا لەوانەیە هەندێ هەرێم یان ناوچە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، ئەگەرچـی بیروبۆچـوونەکان جیـاوازن لەسـەر سروشـتی یاسـایی ئۆتۆنـۆمی، کەهەنـدێکیان بـۆ ئـەوە دەچـن ئۆتۆنـۆمی سیـستەمێکی سـێیەمەو شـوێنێکی ناوەڕاسـت لـەنێوان ناناوەنـدی کـارگێڕی و فیـدراڵی وەردەگـێڕن، (شـارل دیـران) سـەبارت بـەڕاهاتنی لەگـەڵ سروشـتی یاسـایی و ئۆتۆنۆمیـدا دەڵێـت: "چـەند سیستەمێکی یاسایی هـەن کە بەناوەڕاستی نێوان دەوڵـەتی یـەکگرتوو دەوڵـەتی فیدراڵی دادەنرێن".[5] یاخود ئۆتۆنۆمی سیستەمێکی پێشکەوتووە لـە ناناوەندی کـارگێڕی.[6] هەنـدێکیان وەك سیستەمێکی سێیەم پێناسـەی دەکـەن، واتـە لـەنێوان سیستەمی ناناوەندیو فیدڕاڵی دا سیستەمی ئۆتۆنـۆمی هەیـە،[7] بـەڵام بۆچوونی درووسـت لەسـەر ئـەم سیستەمە، ئەوەیـە کـە ئۆتۆنۆمی شێوازێکە لەشێوازەکانی ناناوەندی کارگێڕی بەر فراوان.[8]

---

[1] زهير شكر: س. پ، ل٥٠• د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ل١١٣.

[2] د. خالد قباني: اللامركزية ومسألة تطبيقها في لبنان، ط١، منشورات بحر الوسط ومنشورات تحويدات، بيروت، ١٩٨١، ل٥٥.

[3] د. اسماعيل غزال: س. پ، ل٩٥– ٩٦.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دراسات دستورية عراقية) س. پ، ل٣٧٧• د. خالد قباني: س. پ، ل٥٨).

[5] وەرگیراوە لە: (د. خالد قبانی: س. پ، ل١٦٢).

[6] د. منذر الشاوي: القانون الدستوری– نظرية الدولة، ل٢٢٤.

[7] وەرگیراوە لە: (د. خالد قبانی: س. پ، ل٢٠٣).

[8] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل١٩٤.

لەو سیستەمەدا کە باس لەڕەگەزی سەربەخۆیی دەکرێت، مەبەستمان ئەوەیە دانیشتوانی ژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیان و ئەو نوێنەرانە دەسەڵاتی یاسادانیان هەیە لە سنووری ناوچەکەی خۆیان و لەو بابەتانەی کە تایبەتە بە ناوچەکەیان، بەمەرجێك دژی یاسای ناوەندو بەرژەوەندی ناوەند نەبێت، چونکە ڕەگەزی دووەمی ناناوەندی پەیوەندی ئەندامێتییە بەناوەندەوە، بۆیە ناوەند ڕێنمایی و چاودێری کارەکانی دەکات، چونکە لەڕێگای ئەم چاودێرییەوە یەکپارچەی وڵات دەپارێزرێ، جگە لەمە لە نموونە پراکتیکەکانی ئەو جۆرە بەڕێوەبردنە دەبینین سەربەخۆیی دارایی بۆ ئەو ناوچانە بوونی هەیە، بۆ نموونە سەربەخۆی دارایی لە ئۆتۆنۆمی کوردستان– عێراق ئاماژەی بۆ کراوە کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆی دەسەڵاتی هەیەو بە ئازادی خەرجی بکات.[1]

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی دەوڵەتی فیدراڵی و دەوڵەتی سادە بریتیە لە:

١– لە دەوڵەتی سادە یەك سیاسەتی دەرەوەو ناوەوە بەڕێوە دەچێت ئەمەش بۆ بوونی یەك دەسەڵات و سەروەری دەگەڕێتەوە، بەڵام دەوڵەتی فیدراڵی تایبەتکاری و دەسەڵات تیایدا لەنێوان دەوڵەت و هەرێمەکاندا دابەشکراوە، بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی سیاسەتێکی یەکگرتوو پەیڕەو بکەین ئەوا لە ئاستی ناوخۆیی دا هەر هەرێمەی تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەی دەبات، چونکە دەستوورێکی سەربەخۆو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێکردن و دادوەری سەربەخۆی هەیە.

٢– بوونی یەك دەسەڵات دەبێتە هۆی بوونی یەك یاسای یەکگرتوو لەسەرانسەری وڵاتدا کە ئەمەش بەیەکێك لە جیاکارییەکانی دەوڵەتی سادە دادەنرێت،[2] بەڵام بەدەربوون هەیە لەم ڕێسا گشتییە کە هەندێ بڕیارو یاسا

[1] مجموعة مؤلف العرب: س. پ، ل٣٨٩.

[2] منذر الشاوي: القانون الدستوري، نظرية الدولة، ل٢٠٢.

بـارودۆخی تایبـەتی هەرێمـەکان لەبەرچـاو دەگـرن،[1] بـەڵام هەرێمـەکان خـاوەنی ئەنجوومەنی یاساداناني تایبەت بەخۆیانن لەپاڵ بوونی ئەنجوومـەنی یاساداناني فیـدراڵی و ئـەم ئەنجوومەنـە زۆربـەی کـات لەلایـەن گەلـەوە هەڵدەبـژێردرێت و هەڵدەسـتێت بـەدەرکردنی یاسـای تایبـەت بـەو هەرێمـە، ئەمـەش وا دەکـات کـە گریمانەی چەندێتی یاساکان بکرێت لەدەوڵەتی فیدراڵی دا.

٣- یـەکێك لـەو جیاکاریانـەی دەوڵـەتی فیـدڕاڵی پێـی ناسـراوە پرەنـسیپی بەشدارییە (مبدء المشارکة) کە بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە هەرێمەکان بەشداری لە دروست کردنی ویستی دەوڵـەتی فیدڕاڵی دا دەکـەن، ئەمـەش لـەڕێگای بەشداری کردنیـان لە ئەنجومـەنی یاساداناني دەوڵـەتی فیـدراڵی دێتـەدی، کـە ئەنجوومـەنی هەرێمـەکان بـەبێ جیـاوازی ژمـارەی دانیـشتوان و جیـاوازی جوگرافیـا هـەموو هەرێمـەکان بەیەکسانی بەشـدارن تیایـدا، بـەڵام لەناناوەنـدی بەشـداری ناکـەن لـە دورووسـت کردنـی وویـستی دەوڵـەت لـەڕێگای دامـەزراوە ناوخۆییـەکان.[2] هـەر لـەو چوارچێوەیە محەمـەد عومـەر دەڵـێ: "ئەگـەر سـەربەخۆیی دەسـتە ناناوەندییـەکان (لامەرکەزیـەکان) تـەنیا وەزیفـەی کـارگێڕی بگرێتـەوە بەناناوەنـدی (لامەرکـەزی) کـارگێڕی دادەنرێـت، کەچـی ئەگـەر ئـەو سـەربەخۆییە درێـژ ببێتـەوەو هـەردوو وەزیفەی یاسادانان و دادوەریش بگرێتەوە، دەبێتە ناناوەندی سیاسی".[3]

٤- پرەنـسیپێکی تـر کـە دەوڵـەتی فیـدراڵی پێـی جیادەکرێتـەوە، بریتتیـە لەسـەربەخۆیی خـۆجێی، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی هەرێمـەکان دەسـتووری تایبـەت بـەخۆیان و هەرسـێ دەسـەڵاتی یاسـادانان و جـێ بـەجێ کـردن و دادوەری خۆیـان هەیە، بەڵام دەسەڵاتی ناوچەکان لە سیستەمی ناناوەنـدی تـەنها کـورت دەکرێتـەوە بۆ کاروباری کارگێڕی.[4]

---

[1] د. عبدالغني بسيوني عبدالله: النظم السياسية والقانون الدستوري، ل٨٨.

[2] د. خالد قباني: س. پ، ل٥٢.

[3] د. محەمەد عومەر مەولوو: س. پ، ٣٧٥.

[4] د. منير محمود الوترى: في القانون العام، المركزية واللامركزية، ط١، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٦، ل٢١• د. خالد قباني: س. پ، ل٥٢.

٥- خاڵێکی گرنگتر لە دەوڵەتی فیدراڵی دا بریتییە لە دیاریکردنی دەسەڵاتو تایبەتکارییەکان (ئیختصاصەکان)ی دەوڵەتی فیدراڵیو هەرێمەکان بەشێوەیەکی ڕوون لەدەستووری دەوڵەتی فیدراڵی دا،[1] کە ئەم دەستوورەش تایبەتمەندی خۆی هەیەو بەشێوەیەکی ئاسایی ناگۆڕدرێت، بەڵکو پێویستی بە ڕێو شوێنی تایبەت هەیە، بەڵام دیاری کردنو دابەشکردنی دەسەڵاتو تایبەتمەندییەکان لەدەوڵەتی ناناوەندیدا بەگوێرەی یاسا دیاری دەکرێت، کە دەوڵەت دەتوانێت بەگوێرەی سیاسەتی خۆی زیادو کەمی بکات.[2]

٦- لە دەوڵەتی سادەدا چاودێری دەوڵەتی ناوەند لەسەر ناوچەکان پەیوەندی نێوانیان بەڕێوە دەبات.[3] بوونی ئەم چاودێرییە فراوانە لەسەر دامەزراوەکانی ناوچەکان لەپێناو پارێزگاری کردن لەیەکپارچەیی یاساییو سیاسی دەوڵەتە لەلایەکو نەهێشتنی کەمو کوڕیو چاکتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانە لەلایەکی دیکە.[4] ئەم پەیوەندی چاودێرییە لەدەوڵەتی فیدراڵی جیاوازە، چونکە دەستوور لەدەوڵەتی فیدراڵی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی فیدراڵیو هەرێمەکان ڕێك دەخاتو بەڕێوەی دەباتو چاودێری لە دەوڵەتی فیدراڵی زۆربەی کات دادگای دەستووری باڵا هەڵدەستێ پێیو سەربەخۆیی هەرێمەکان دەپارێزێ.[5] دەسەڵاتی دادوەریش هەڵدەستێ بە چاودێری بۆ ئەوەی کە هیچ هەرێمێك لە سنووری تایبەتکاری خۆی هێرش نەکاتە سەر تایبەتکاریی دەوڵەتی فیدراڵی یان هەرێمێکی دیکە.[6]

---

1 حکمت شبر: س. پ، ل٢٣٩.

2 د. محسن خليل: س. پ، ل٣٣٦* د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٦٧٥.

3 د. خالد قباني: س. پ، ل٥٢.

4 د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ٣٧٤.

5 د. خالد قباني: س. پ، ل٥٢.

6 د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٦٩، هەندێك بۆ ئەوە دەچن کە ئەم چاودێرییە لەدەوڵەتی فیدراڵیو دەوڵەتی لامەرکەزی دا هەیە، بەڵام لەڕووی جۆری چاودێرییەکەوە لەڕووی چەندایەتی (الكم)و لەڕووی چۆنایەتیەوە (الكيف) جیاوازن، وەك ڕوونە چوارچێوەی چاودێری لەدەوڵەتی فیدراڵی دا تەسك ترو دیاری کراوە، بەڵام لەدەوڵەتی لامەرکەزی ئەم چاودێریە

٧- ناناوەنـدی سیاسـی تـەنها لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی نـەبێت بـوونی نییـە، بـەبێ دەوڵـەتی سـادە، بـەڵام ناناوەنـدی کـارگێڕی لەچوارچێوەی دەوڵـەتی سـادە هەیـە لەگەڵ چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی.[١]

لێـرەدا دەتـوانین بڵـێین لەفەرهـەنگی یاسـاییدا چـەمکی ناناوەنـدی سیاسـیو چـەمکی فیـدراڵی بـە هـاو واتـای یـەکتر دادەنـرێن. واتـە کاتێـك دەڵـێین دەوڵـەتی فیـدراڵی، واتـە ناناوەنـدی سیاسـی، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە ناناوەنـدی سیاسـی، جگـە لـەکاروباری بـەڕێوەبردن کاروبـاری فـەرمانڕەوایش دەگرێتـە خـۆی لـەڕێگای هەرسـێ دەسـەڵاتی هەرێمـەکان، واتـە جگـە لـە دەسـەڵاتی کـارگێڕی دەسـەڵاتی یاسادانانیـشی هەیـە، بۆیـە (ثـروت بـدوي) پێـی وایـە ئەوکاتـەی یەکـە کارگێڕیەکان لە دەوڵـەتی سادەدا دەسەڵاتی یاسادانان بەدەست دەهێنن ئـەوکات دەوڵەتەکە شێوەی دەوڵەتی سادە لەدەست دەدات،[٢] بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینین لـە سیستەمی ناناوەنـدی کـارگێڕی، تـەنها کاروبـاری بـەڕیوەبردن دەگرنـە خـۆ، بـەبێ ئـەوەی ئـەم کاروبـارە درێـژ ببێتـەوە بـۆ فـەرمانڕەوایی. لەدەوڵـەتی فیـدراڵی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی بەشـدار دەبـن لـە پیـادەکردنی سـەروەری نـاوخۆیی، بـەڵام لـە ناناوەنـدی یەکـە کارگێڕییـەکان لەبـەر ئـەوەی تـەنها تایبەتکاریـەکانیان کـورت کراوەتـەوە بـۆ بـەڕێوەبردنی نێوچـەیی، هـیچ سـەروەرییەکیان نییـە بەمانایـەکی وورد.[٣] لەبەر ئەوەشە کە یاساناسەکان ناناوەندی بەواتای ناناوەندی بەڕێوەبردن بەکاردەهێننو ناناوەندی سیاسی بەهاو واتای فیدراڵی بەکاردەهێنن .

---

چوارچێوەی زۆر فراوان ترە، جیاوازیەکە لەڕووی چۆنیەتییە، بە بۆچوونی ئێمە گرنگە، چونکە لەدەوڵەتی فیدراڵی دا چاودێریەکە دوو جەمسەرە، واتە هەرێمەکان چاودێری کاروباری دەوڵەتی فیدراڵی دەکەنو دەوڵەتی فیدراڵیش چاودێری کاروباری هەرێمەکان دەکەن، بەڵام لە لامەرکەزی کارگێڕی ئەم چاودێرییە یەك جەمسەرە، چونکە تەنها ناوەند چاودێری دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکات. (د.داود الباز: س. پ، ل٥٨، ٥٩).

[1] د.داود الباز: س. پ، ل٥١• د. محسن خليل: س. ث، ل٣٣٤.

[2] ثروت بدوي: س. پ، ل٨٢.

[3] د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٦٧، ٦٨.

٨- لە دروست بوونی دەوڵەتی فیدڕاڵی بەهەردوو ڕێگای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتێکی سادە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و بەیەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، لەهەردوو کاتدا شێوەی دەوڵەتەکە دەگۆڕێت، واتە دەوڵەتەکە لەدەوڵەتێکی سادەوە دەگۆڕێت بۆدەوڵەتێکی ئاوێتە یان فیدراڵی، بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێك دەوڵەتە سادەکە سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی پەیڕەو دەکات یان ئۆتۆنۆمی لەهەردوو کاتدا شێوەی بۆ شێوەی دەوڵەتێکی تر ناگۆڕدرێت.

٩- جیاوازی لەنێوان دەوڵەتی فیدراڵی و ناناوەندی کارگێڕی جیاوازییەکی قوڵ و ناوەڕۆکییە (جەوهەرییە) نەك جیاوازیەکی ڕوکەش و لەپلە دابێت. ئەو یاسا ناسانەی دەنووسن کە جیاوازییەکە لە ناوەڕۆکی نییە، بەڵکو جیاوازیەکەیان لە پلەدایە[1] پاڵپشتی بۆچوونەکەیان بەوە دەکەن کە ئەو سەربەخۆییەی هەرێمەکان لەدەوڵەتی فیدڕاڵی هەیانە لەناوەڕۆکیدا جیاوازی نییە لەو سەربەخۆیەی کە یەکە کارگێڕییەکان لە ناناوەندی هەیانە،[2] بەڵام ئەم بۆچوونە درووست نییە، چونکە لە ناناوەندی سیاسی سەروەری لەبواری ناوخۆیی لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵی دا دابەش بووە، جگە لەمە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری لەنێوانیان دابەش دەبێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی دەوڵەت کەوا دەکات بەدەوڵەتێکی ئاوێتە (مرکب) دەربکەوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە سیستەمی ناناوەندی ئەرکی یەکە کارگێڕییەکان کورت دەبێتەوە بۆ تایبەتمەندی کارگێڕی، جگە لەمە سەروەریش دابەش نەکراوە، کەواتە شێوەی دەوڵەتەکە ناگۆڕدرێت بۆیە جیاوازییەکە ناوەڕۆکییە نەك ڕووکەش.[3] لەبەر ئەوە

[1] د. منذر الشاوی: القانون الدستوری، نظریة الدولة، ل٢٥٠- ٢٥١.

[2] ثروت بدوی: س. پ، ل٢٤٩، ٢٥٠• د. خالد قبانی: س. پ، ل٥٣• د. طعیة الحرف: س. پ، ل٢٢٣.

[3] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ٣٧٥.

سیستەمی فیدڕاڵی شێوازی فەرمانڕەوایی یە، بەڵام سیستەمی کارگێڕی ناوەندی تەنها شێوازی کارگێڕیە.[١]

٤-١ دووانەیی دەستوور و دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

١-٤-١ دوانەیی دەستوور لە دەوڵەتی فیدراڵی دا

١-٤-١-١ دەستووری فیدراڵی:

پرەنسیپەکانی سیستەمێکی فیدراڵی کاتێك دەتوانن لەبواری پراکتیکیدا جێگای خۆیان بگرن کەلەسەر بنەمایەکی یاسایی دامەزرابن، کە باسیش لە بنەما یاساییەکانی دەکەین مەبەستمان لەیاسای دەستوورییە، کە دەبێتە بەڵگەو دۆکۆمێنتێکی متمانە پێ کراو، بۆیە لایەنێکی دیکەی گرنگی سیستەمی فیدرالیەت ئەوەیە کە هەموو سیستەمە فیدرالیەکان خاوەنی دەستوورێکی نوسراوەن.[٢]

دەستوور لەدەوڵەتی فیدرالیدا هەڵدەستێ بە گونجاندنی، پرەنسیپی سەربەخۆیی خۆجێیی و یەکگرتن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵات و تایبەتکاری هەرێمەکان لەدەستووردا دیاری دەکرێت و لەلایەکی تر ئەو ڕێ و شوێنانە دیاری دەکرێت کە پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی هەرێمەکان دەکەن.

لەبەر ئەو هۆیانەیە کە دەستوور بەرۆحی سیستەمی فیدرالیەت. پێناسە دەکرێت و هەندێ یاساناس لەبەرامبەر ناناوەندی سیاسی دا چەمکی (ناناوەندی سیاسی دەستووری) بەکاردەهێنن، چونکە ئەو بنەمایەی کە ناناوەندی سیاسی لەسەری دادەنرێت بریتی یە لە دەستوور، ئەم دەستوورەش کارێکی یاسایی ناوخۆیە ڕێساکانی یاسای گشتی ناوخۆیی بەڕێوەی دەبات.[٣] دەکرێت بڵێین

---

[1] د. طعيمة الجرف: س. پ، ل٢١٧.

[2] د. خالد سمارة الزعبي: س. پ، ل١٠٧.

[3] ئیسماعیل حەمە ئەمین (وەرگێڕان): فیدراڵیزم چی یە؟ پرسیارێك و هەزارها وەڵام، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (٤)، ئایاری ٢٠٠٥، ل١٦٥.

یەکـەم گرەنتـی لەدەوڵـەتی فیـدراڵی بـوونی دەسـتوورێکی نووسـراوە، چـونکە دەستوورەکە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەڕوونی دیاری کردووەو دڵنیایە کە بۆ هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی، لەبەر ئەوەیە دەستووری فیدراڵی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، بۆ نموونە پێویستە دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی نووسراوبێت.

بەگشتی لە زانستی دەستووریدا لەڕووی نووسینەوە دوو جۆرە دەستوور بوونی هەیە، یەکەم دەستووری نوسراوە،[1] دووەم دەستووری عورفیە،[2] مەرجە دەستووری فیدراڵی لەشێوەی یەکەم دابێت ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە بتوانرێت بە ئاسانی لایەنەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لەکاتی بوونی جیاوازی لەنێوانیان بگەڕێتەوە سەری، ئەم مەرجە یاساناس (whear) وای دەبینێ کە مادام دەقەکانی ئەو ڕێککەوتنە لەئاستێکی گرنگدان، بۆیە پێویستە بخرێتە بواری نووسین و ئەوەش هەرچەندە لەڕووی تیۆریدا مەرج نییە بەپێی پرەنسیپی فیدراڵی، بەڵام لەلایەنی پراکتیکیدا دەبێت قبوڵی پێویستی ئەو کارە بکەن.[3]

جگە لەمە لەدەوڵەتی فیدراڵی پێویستە ڕێساکانی تایبەت بە دابەش کردنی تایبەتکاریەکان لەنێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بنووسرێتەوە.[4] و لەگەڵ

---

[1] دەستووری نوسراو ئەو دەستوورەیە بڕیارەکانی دەردەچێت لەشێوەی دەقی تەشریعی و دەستووریش لەو کاتەدا بە نووسراو دادەنرێت، ئەگەر دەستوورەکە ئەحکامەکانی تۆمار کرا لەبەڵگەنامەیەکی نووسراو و لەلایەن ئەو لایەنەی کە شەرعیەتی دانانی دەستووری هەیە.( ابراهیم عبدالعزیز شیحا: المبادیء الدستوریة العامة، توزیع منشاة المعارف الاسکندریة، ٢٠٠٦، ل٩٢).

[2] دەستووری عورفی ئەو دەستوورەیە کە بڕیارەکانی بۆ عورف دەگەڕێتەوەو یاسا دانەر دەستی نییە لەدانانی و دەرناچێت لەبەڵگەنامەیەکی فەرمیدا، واتە ئەم دەستوورە بەهۆی دووبارە بوونەوە جێگیر بووەو هێزی یاسای بەدەستهێناوە، ئەم دابەش کردنە دابەش کردنێکی ڕێژەییە، چونکە لەپاڵ هەر دەستوورێکی نووسراو دەکرێت کۆمەڵێك عورفی دەستووری هەبێت و بەپێچەوانەوەش.( ابراهیم عبدالعزیز شیحا: المبادیء الدستوریة العامة، ل٩٢).

[3] وەرگیراوە لە (د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٢٤١).

[4] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: المبادیء الدستوریة العامة، ل١٢٩.

بۆچـوونەکەی (ماجـد راغـب حلـو) نـین کـە مـەرجی نووسـین بەمـەرجێك دانانێـت لەدەستووری فیدراڵی، بەڵکوو پێویستە ڕێساکانی نووسراو ڕوون بێت.[١]

دیـارە ئەمـەش لەبـەر گرنگـی دەسـتوورە لەدەوڵـەتی فیـدراڵی کـە هەڵدەسـتێ بەڕێکخستنی پەیوەندییـەکانی دەوڵـەتی فیـدراڵی لەگـەڵ هەرێمـەکان، لەبـەر ئەمـە دەبێ دەستوورەکە ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆیە یاسا ناس (Dicey) وای بۆ دەچێ کە دەستووری عورفی دەبێتـە هـۆی بەرهـەم هێنـانی بەدحاڵی بـوون (سـوء الفهـم)و جیاوازی لەنێوان لایەنەکان دەربارەی بڕگەو مادەی دەسـتوورەکە لەبەر ئەمە ئەڵێ دەبێ ئەو دەستوورە نوسراوەبێت.[٢]

کەواتە دەستووری نووسراو ئەم سوودانەی هەیە:-

١- یاسـای نوسـراو جێگـاو پێگـای خـۆی باشـتر دەسـەپێنێت بەبەراوورد لەگـەڵ عورف و داب و نەریت.

٢- ڕاگەیاندنی دەستوور هەروەکوو نوێ بوونەوەی (پەیمانێکی کۆمەڵایـەتی)یـە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت.

٣- نووسـینەوەی دەسـتوورو بڵاوکردنـەوەی لـەنێوان هاووڵاتیانـدا ڕێگایـەکی باشە بۆ پەروەردەی نیشتمانی.

٤- دەسـتووری نووسـراو دڵنیاییـەکی بـەهێزە بـۆ پارێزگـاری مـاف و ئـازادی تاکەکان و دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتەکان.[٣]

٥- دەستووری نوسراو دەقەکانی جێگرو ڕونەو ڕێگە نادات بە فراوان کردنـی ماناکان لەکاتی شی کردنەوەی دەقەکان.[٤]

کەواتــە ئــەم چــەندایەتی و فــرە چەشــنیەی دەســەڵات پێویــستی بــەبوونی دەستورێکی نووسراوەو ڕونە. جگە لەوە بۆ پاراستنی مافی هەرێمە پێکهێنەرەکان

---

[1] وەرگیراوە لە (سولاف محمد امین: س. پ، ل٢٥).

[2] وەرگیراوە لە: (د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٢٦٠).

[3] د. نوری لطیف: النظام الدستوری، ل١٣٢.

[4] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: المبادیء الدستوریة العامة، ل١٢٨.

پێویستە ئەم دەستوورە پایە بەرزبێت، واتە لەسەروی هەموو یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی بێت.[١]

(whera) دەربارەی پرەنسیپی پایەبەرزی دەستوور لە دەوڵەتی فیدراڵی یەوە وای بۆ دەچێ کە (زۆر چاکە ئەگەر بووترێت کە دەوڵەتەکە یەکێتی یە (فیدراڵیە) ئەگەر دەستوورەکەی باڵا بوو) ئەمەش مانای وایە، کە ئەو ڕێکەوتنەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان پێکی دەهێنێت و دەسەڵاتەکان دابەش دەکەن لەنێوان خۆیان پێویستە باڵا بێت بەسەر حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمەکان، چونکە ئەو ڕێککەوتنەی کەوا پەیوەندیەکانیان ڕێك دەکات پێویستە لەسەروی هەموو وویستەکانەوە بێت.[٢]

لە دەستوری زۆربەی وڵاتە فیدڕاڵیەکان ئامارژە بۆ پایەبەرزی دەستووری فیدڕاڵی کراوە لەسەر دەستووری هەرێمەکان. ئەمەش لەدەوڵەتی فیدراڵی وەك ڕێسایەکی گشتی لێهاتووە.

لێرەدا پرسیارێك درووست دەبێت، کە ئایا مەرجە ئەم پایە بەرزییەی دەستووری فیدراڵی لەسەر دەستووری هەرێمەکان و سەرجەم یاساکانی دەوڵەت بەڕاشکاوانە ئاماژەی پێ بکرێت لە دەستووردا؟

هەندێ لە یاساناسان وای بۆ دەچن کە دەبێ پایە بەرزی دەستوور لە دەستووری فیدراڵیدا بەڕاشکاوانە ئاماژەی پێ بکرێت.[٣] بۆنموونە لە مادەی (١٥١)ی دەستووری میرنشینی یەکگرتووەکانی عەرەبی هاتووە کە ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە سەروەری هەیە لەسەر دەستووری میرنشینە ئەندامەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی.[٤]

---

[1] داود باز: س. پ، ل٧٠، ٧١.

[2] وەرگیراوە لە: (د. نوری لطیف: النظام الفدرالی، ل١٣٠).

[3] داود باز: س. پ، ل٧١.

[4] مادە (١٥١) لەدەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

لـە دەسـتووری ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکادا هـاتووە کـە دەسـتووری فیدراڵی لەسەروی هەموو یاساکانی وڵاتەوەو پێویستە لەسـەر هـەموو ویلایەتـەکان ڕێزی بگرن،[1] بەڵام ماجد حلو بەپێچەوانەی بۆ چوونەکەی سـەرەوە وای بۆ دەچێ کە پرەنسیپی پایـە بەرزی دەستوور لـە پرەنسیپە بنەڕەتیـەکانی دەستوورە بۆیـە پێویست ناکات ئاماژەی بۆ بکرێت بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە،[2] بەڵام بە بۆچوونی ئێمـە لەبـەر ئـەوەی دەسـتووری فیـدڕاڵی لـە لوتکـەی هـەرەمی یاسـاکانی نـاوخۆیی ووڵاتەو لەهەموویان بەرزترە بۆیە ئەگەر ئاماژەی بۆ نەکرا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لـە دەسـتووردا کاریگـەری نابێـت لەسـەری، بـۆ نموونـە لـە دەسـتووری بـەلجیکا بـۆ سـاڵی ١٩٩٤ باسـی نـەکردووە. خـاڵێکی تـر سـەبارەت بـە دەسـتوور باشـترە دەسـتوورەکە وشـك (جامـد) بێـت، لەبـەر ئـەوەی دەوڵـەتی فیـدراڵی پێویـستی بـە دەستوورێکی نووسراو هەیە ئەم دەستوورە دەستنیشانی سـەروەری‌و دەسـەڵات‌و پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی ناو دەوڵـەتی فیـدراڵی دەکـات... دەسـتووری فیـدراڵی دەسـتوورێکە دوو ئاسـتی فـەرمان ڕەوایـەتی لێکـدی جیـا دەکاتـەوەو بەهەریەکێکیان ئەرك‌و بەرپرسیاریەتی تایبەت دەبەخشێت.[3]

مەبەست لـەم دوو ئاستەش ئاسـتی دەسـەڵاتی ناوەندییە کـە مـاف‌و ئەرکـەکانی دیاری کراوە لەگەڵ ئاستی هەرێمـەکان، واتـە دوو بەرژەوەنـدی هەیـە، بەرژەوەنـدی فیدراڵی‌و بەرژەوەنـدی هەرێمـەکان، جـا لەبـەر ئـەوە پێویـست دەکـات دەسـتوورەکە وشـك بێـت بـۆ ئـەوەی هـیچ لایـەکیان نـەتوانێ گـۆڕانکـاری بـە سـاکاری لـە دەسـتوورەکەدا بکـات‌و ببێتـە هـۆی زیـان گەیانـدن بەلایەنەکـەی تـر، بۆیـە ئەگـەر دەستوورەکە وشك بوو پارێزگاری دەکات لەهاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵی‌و دەسەڵاتی هەرێمەکان، چونکە دەستووری وشك بریتیە لـەو دەسـتوورەی کـە ڕێ‌و شوێن‌و چۆنیەتی هـەموارکردنی بـە ئاڵۆزی‌و دیـاری کـراوە، ئەمـەش بەپێچەوانەی

---

[1] مادە (٦)، بڕگە (٢)، لەدەستووری وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[2] ماجد راغب الحلو: القانون الدستوری، دار الجامعة الجدیدة، الاسکندریة، ٢٠٠٣، ل١٤.

[3] مەریوان ووریا قانع: س. پ، ل٦.

دەستووری نەرم کە بەهەمان ڕێ‌و شوێنی یاسای دیکە هەموار دەکرێت، واتە لەکاتی دەستووری ووشك یاسا دانەر ناتوانێ زیان بە دەستوور بگەیەنێ بەهۆی ئەو یاسایانەی دەری دەکات مانای وایە کە دەستوور هەموار ناکرێ تەنها دوای ڕێو شوێنی ڕێگای جیاواز لە ڕێو شوێنی تایبەت بە درووست کردن‌و دانانی یاسای ئاسایی.[1]

ئەم ڕێو شوێن‌و ڕێگا تایبەتیانەی بۆ هەموار کردنی دەستووری فیدڕاڵی هەیە، لە ولاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، دەتوانین دەوڵەتی فیدڕاڵی بەسەر چەند ڕێو شوێنێك دابەش بکەین.

لەهەندێ ولاتی فیدراڵی هەموار کردن بە دوو قۆناغی جیاواز لەیەك دەڕوات، کە بریتی یە لە قۆناغی پێشنیارکردن‌و قۆناغی پەسند کردن. لەمەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان وولاتەکان لەو لایەنەی کە کێ مافی پێشنیاری هەیەو کێ مافی پەسەندکردنی هەیەو ئەو ڕێژەیەی کە پێویستە بۆ پێشنیارو پەسند کردن.

لەدەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموارکردن بەدوو قۆناغی دابڕاو لەیەکتری دەڕوات، یەکەمیان قۆناغی پێشنیارکردنە بۆ هەمورا کردن، دووەمیان قۆناغی پەسەندکردنە.

لەئەمەریکا کۆنگرێس پێشنیاری هەموارکردن دەکات، ئەمەش بەدەنگی (٣/٢) ئەندامانی دوو ئەنجوومەنەکە، یان ئارەزووی کۆنگرەیەك کە کۆنگرێس داوای دەکات لەسەر ئارەزووی (٣/٢) ئەنجوومەنی یاسادانانی هەرێمەکان، بەلام پەسەند کردنەکە لە دوو کات دەبێت:

١- کاتێك ئەنجوومەنی یاسادانان لە (٣/٢)ی هەرێمە جیاوازەکان پەسەندی دەکەن.

٢- کاتێك کە هەموارکردنە کە پەسەند دەکرێت لەلایەن ئەو کۆنگرەیەی کە بەستراوە لە (٤/٣)ی هەرێمەکان.[2]

---

[1] منذر الشاوی: القانون الدستوری، نظرية الدستور، منشورات مركز البحوث القانونية (٤)، دار القادسية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل٣٤.

[2] ماده (٥)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئـەوەی جێگـای هەڵوەسـتەیە لـە دەسـتووری ئەمـەریکا دەبیـنین ویلایەتـەکان ڕۆڵێکی گرنگ و چالاك دەبینن لەهەردوو قۆناغی هەموار کردنی دەستوور.[1] ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە لە دەوڵەتی فیدراڵی بەهۆی ئەوەی هەرێمەکان بەردەوام ترس و گومانیـان هەیـە لـە دەوڵـەتی فیـدراڵی لـەوەی دەسـەڵاتەکانیان کـەم بکرێتـەوە یـان بەرژەوەندیەکانیان زیانی پێ بگەیەنرێت، بۆیە کاتێك لەهـەمواركردن دەسـەڵاتێكی فراوان دەدرێت بەهەرێمەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی دڵنیایی لەلایان (هەرێمـەکان) بەرامبـەر بـە دەوڵـەتی فیـدراڵی، بـەڵام لەهەنـدێ وڵاتـی فیـدراڵی وەك سویـسرا پێشنیارکردن بۆ هـەموارکردنی دەسـتوورو پەسـەندکردنی پێـشنیارەکەش لەلایـەن ڕاپرسـی گەلـەوە دەبێـت کـە ئـەم ڕێگایـە زۆر بـە دیموکراسـی و گونجـاو دەبیـنین، چونکە ویستی گەل بەگشتی بەشداری دەکات لەپەسەندکردن و پێشنیار کردن.[2]

لـە دەسـتووری نـوێی عێـراق بۆ هـەموارکردنی دەسـتووری فیـدڕاڵی ئامـاژەی بـۆ دوو قۆنـاغ کـردووە، ئـەویش بەهـەمان شـێوە قۆنـاغی پێـشنیارکردن و قۆنـاغی پەسەندکردن.

لـە دەسـتووردا هـاتووە، کـە سـەرۆك کۆمـارو ئەنجومـەنی وەزیـران بەیەکـەوە یـان پێـنج یـەکی (١/٥)ی ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی نوێنـەران بۆیـان هەیـە پێـشنیاری هـەموارکردنی دەسـتوور بکـەن.[3] دەسـەڵاتی پەسـەند کردنیـشی پێویـستی بـە (٢/٣)ی ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی نوێنـەران و بەڕەزامەنـدی گـەل لەڕاپرسـییەکی گشتی و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار.[4]

---

1 د. سعيد عصفور: س. پ، ل٢٦٨.

2 القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: الدولة الاتحادية الفدرالية تعديل الدستور (٤)، ط١، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤، ل٥٠.

3 مادە (١٢٦)، یەکەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥.

4 مادە (١٢٦)، دووەم و سێیەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥.

لێرەدا دەبینین لەهەردوو قۆناغ، واتە پێشنیارکردن و پەسەندکردن مافی هەرێمەکان پارێزراوە، بەڵام لەهەندێ وڵاتی فیدراڵی هەرێمەکان مافیان کەمترە بەبەراوورد لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی بۆ هەموارکردن وەك دەستووری ئەڵمانیای ١٨٧١ کە ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هەموار کردنەکە ئەوسا هەموارکردنەکە جێ بەجێ و کاریگەر دەبێ هەر چەندە ئەگەر ئەنجوومەنی پیران نا ڕازیش بێت لەسەر هەموار کردنەکە،[١] بەڵام بە بۆچوونی ئێمە دەبێ مافی هەرێمەکان لەهەردوو قۆناغی پێشنیارو پەسەندکردن پارێزراو بێ بۆ هەموار کردنی دەستوور، چونکە ڕێ و شوێنی هەموارکردنی دەستوور دادەنرێت بەیەکێك لە دڵنیاییەکان کە بڕوابوون بەهەرێمەکان دەدات.

**١-٤-١-٢ دەستوری هەرێمەکان:**

لەدەوڵەتی فیدراڵی هەموو هەرێمە پێکهێنەرەکانی خاوەنی دەستووری تایبەت بەخۆیانن، لەبەر ئەوەی یەکێك لەمەرجەکان بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆجێی لەهەرێمەکان بریتیە لە بوونی دەستوور، واتە هەرێمەکان خاوەن ڕێکخستنێکی دەستووری بن.[٢]

ئەم دەستوورە هەڵدەستێ بەڕێکخستنی دامەزراوەو دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی هەرێم، ئەمەش مانای وایە، کە هەرێمەکان دەستووری سەربەخۆی خۆیان هەبێ تا بە ئازادی کاروبارەکانیان بەڕێوەببەن و تایبەتکاریەکانیان پیادە بکەن کە تایبەتە بەهەرێمەکان و دەسەڵاتی فیدڕاڵی نەتوانێ ئاراستەیان بکات،[٣] هەرچەندە هەرێمەکان لەدانانی دەستوورەکەیان بەشێوەیەکی گشتی ئازادی تەواویان هەیەو هیچ کۆتێکیان لەسەر نییەو پێویست ناکات بۆ پەسەندکردنی دەستوورەکە بۆ دەسەڵاتی فیدڕاڵی بگەڕێنەوە،[٤] بەڵام ئەگەر کۆت هەبوو ئەوکات هەرێمەکان پابەندن بەو کۆتانەی کە دەستووری فیدڕاڵی دای دەنێ لەسەر هەرێمەکان،[٥] واتە

---

1 القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: الدولة الاتحادية الفدرالية تعديل الدستور (٤)، ل٥٠.

2 د. كمال الغالي: س. پ، ل٩٤.

3 محمد هماوەندي: الفدرالية والحكم الذاتي، واللامركزية الادارية الاقليمية، ل٢٣.

4 هـ. س، ل٢٠٠.

5 د. عبدالغني بسيوني عبدالله: النظم السياسة والقانون الدستوري، ل١١٥.

دەستوری هەرێمەکان نابێت ناکۆك بێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵی، بۆیە ئەگەر سەیری دەستووری وڵاتە فیدرالیەکان بکەین دەبینین ئەو کۆتانە بەڕاشکاوانە لەدەستووری دەوڵەتە فیدرالیەکان بەسەر هەرێمەکان سەپێنراوە، کەدەبێ پابەندبن پێوەی. بۆ نموونە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیستەمی فەرمانڕەوای کۆماری سەپاندووە بەسەر هەرێمەکان[1] و دەستووری ئەڵمانیا مەرجی ئەوەی داناوە لەسەر هەرێمەکان، کە پەرلەمانەکەیان بەدەنگ دانی نهێنی ڕاستەوخۆو بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵبژێردراوبێت.[2] دەستووری سویسرا مەرجی ئەوەی داناوە لەسەر دەستووری هەرێمەکان کەدەبێ دەستوورەکەیان بەڕەزامەندی گەل لەڕێگای راپرسی گەلەوە دەرچووبێت و بتوانێت لەلایەن گەلەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.[3]

جگە لەوە دەستووری فیدراڵی سەروەری هەیە لەسەر دەستووری هەرێمەکان. بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئەو ئازادییەی کە هەرێمەکان هەیانە لەکاتی دانانی دەستووری هەرێمەکەیان ئازادی یەکی ڕەهایان نیە، بەڵکوو ئازادیەکەیان لەو چوارچێوەیە کە دەستووری فیدراڵی بۆی دیاری کردوون.

بۆیە ئەگەر دەستووری فیدراڵی هەموار کرا ئەوکات پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار لەهەرێمەکان هەلبستن بە ڕێ و شوێنی هەموارکردنی دەستوری هەرێمەکە بۆ ئەوەی دەستووری هەرێم ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی، بۆ نموونە لەدەستوری نوێی عێراقدا هاتووە: "هەر هەرێمەی دەستوورێك بۆ خۆی دادەنێت، کەدەسەلات و ئەرکەکانی و شێوازەکانی کارپێکردنیان دیاری بکات بەجۆرێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا".[4]

---

[1] مادە (٤)، برگە (٤)، لە دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
[2] د. مصطفى ابو زيد فهمي: مبادىء الانظمة السياسية، دار الجامعة الجديدة الاسكندرية، ٢٠٠٣، ل٦٣.
[3] مادە (٥١)، لەدەستوری سویسرای یەکگرتوو.
[4] مادە (١٢٠)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥.

### ١-٥ دوانەیی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

### ١-٥-١ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی فیدراڵی :

دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە دەوڵەتی فیدراڵی دووانەیی یە، واتە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەك‌و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێمەکان لەلایەکی ترو ئەم دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە بەپێی شێوەی ڕژێم‌و پێکهاتن‌و ڕادەی پابەندبوون بە پرەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەوڵەتێکی فیدراڵی، تا دەوڵەتێکی تر جیاوازە، و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەسەرۆك‌و حکومەتی فیدڕاڵی پێك دێت، بەپێی لەبەرچاوگرتنی سیستەمی فەرمانڕەوایەکەی[1] ئەم حکومەتە نوێنەرایەتی سەرجەم دەوڵەتی فیدڕاڵی دەکات، هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی یاساکانی فیدراڵی لەسەرجەم وڵات‌و هەرێمەکان.[2] و ئەم بابەتانە دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەت کاری حکومەتی فیدراڵی جێگای گرنگی‌و بایەخی سەرجەم هەرێمە پێکهێنەرەکانە، بۆ نموونە وەك کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی فیدڕاڵی، ئاڵوگۆڕی نوێنەری دیبلۆماسی سیاسی، بەستنی پەیمان نامە، کاروباری بازرگانی‌و ڕاگەیاندنی شەڕو ئاشتی.[3] و بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی لەهەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕێگا هەیە:-

یەکەم: ڕێگای بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ:-

بەگوێرەی ئەم ڕێگایە حکومەتی فیدراڵی هەڵدەستێ بە درووست کردنی (بەڕێوەبەرایەتی) تایبەت بەخۆی لەناو هەرێمەکەو ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ملکەچی حکومەتی فیدراڵییەو سەربەخۆیە لەهەرێمەکان، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە یان دەستەیە

---

[1] لەبەشی دووەمی ئەم ماستەرنامەیە باس لەشێوەکانی دەکەین.

[2] د. عبدالغنی عبدالله: النظم السیاسة والقانون الدستوری، ل١١١" د. طعیمة الجرف: س. پ، ل٢١٠" سعید عصفور: س. پ، ل٢٦٢.

[3] د. الشافعي محمد بشیر: س. پ، ل٧٢" د. خالید قبانی: س. پ، ل١٤١.

هەڵدەسـتێ بـە جێبـەجێ کردنـی یاسـاو ڕێـساو بڕیـاری ناوەنـد بەڕاسـتەوخۆ لەهەرێمەکان وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.[1]

لایەنـە باشـەکانی ئـەم ڕێگایـە ئەوەیـە کـە دەتوانرێـت بڕیارەکـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتو دروسـت وردو خێـرا جێبـەجێ بکرێـت،[2] هەرێمـەکان نـاتوانن ڕێگـربن لەبەردەم جێبەجێ بوونی سیاسەتی حکومەتی فیدراڵی،[3] بەڵام لایەنە خراپیـەکانی بریتیە لەوەی جۆرێك لەململانێ درووست دەکات لـەنێوان هەرێمـەکانو حکومـەتی فیدڕاڵی ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەم ڕێگایە پێویستی بە تێـچوونو بودجەیـەکی زۆر هەیە.[4]

**دووەم: ڕێگای بەڕێوەبردنی نا ڕاستەوخۆ:**

لـەم ڕێگایـەدا هەرێمـەکان هەڵدەسـتن بەجێبـەجێ کردنـی چـالاکی بـەڕێوەبردن، ئەمـەش بـەهۆی بەڕێوەبەرایـەتیو دەزگـا هەرێمـەکان، بـەڵام لـەژێر چـاودێری حکومەتی فیدراڵی، لایەنە باشەکانی ئەمە بریتیە لەپێچەوانەی لایەنـە خراپیـەکانی ڕێگای یەکەم، چونکە ئەم ڕێگایە دەبێتـە هـۆی کـەم بوونـەوەی تێـچوونو لەلایـەکی تر گونجانێك دروست دەکات لەنێوان ناوەنـدو هەرێمـەکان، بەمانایـەکی تـر گـرژیو ئـاڵۆزی لـەنێوانیان دروسـت نابێـت. لایەنـە خرایەکـەی ئەوەیـە، کـە پـشت گـوێ خستنو سستیەك لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتیو فەرمانبـەرەکانی هەرێمـەوە دروسـت دەبێت بەرامبەر بەجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدڕاڵی،[5] بەڵام (محەمەد هەماوەنـدی) بەپێـچەوانەی ئـەو بـۆ چـوونەی سـەرەوە وای دەبینـێ، کـە چـاودێری

---

[1] سعید عصفور: س. پ، ل٢٦٣.

[2] محمد هماوەندی: الفدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الادارية الاقليمية، ل١٩٤.

[3] القاضی نبيل عبدالرحمن حياوی: الدول الاتحادية الفيدرالية (٦) السلطة التنفيذية، ل٤٤.

[4] د. احسان حميد المفرجی و د. كطران زنجر نعمة و د. رعد ناجی الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوری والنظام الدستوری في العراق، كلية القانون، جامعة بغداد، ١٩٩٠، ل١٨٨" د. حسين عثمان محمد عثمان: النظم السياسة، ل١٢٣" د. طعيمة الجرف: نظرية الدولة والاسس العامة للتنظيم السياسي، مكتب القاهرة الحديثة، القاهيرة، ١٩٧٣، ل٢١٠.

[5] د. طعيمة الجرف: س. پ، ل٢١٠، ٢١١" محمد كامل ليلة، النظم السياسة، ل٢٤٩.

حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر هەرێمەکان دەبێتە هۆی فراوانی ئەم چاودێریەو کۆت کردنی سەربەخۆیی هەرێمەکان و جگە لەمە ئەم ڕێگایە کاریگەری لەسەر تێچوون و بودجەی هەرێمەکان دەبێت.[١]

**سێیەم: ڕێگای بەڕێوەبردنی تێکەڵ:**

ئەم ڕێگایە کۆکراوەی هەردوو ڕێگای پێشووە کە دانراوە لەسەر بنەمای دابەش کردنی ئەرکی جێبەجێ کردنی یاساو بڕیارەکانی فیدراڵی لەسەر ئەو فەرمانبەرانەی حکومەتی فیدراڵی لە هەرێمەکان دای دەمەزرێنێ لەگەڵ دەستەی تر، کە پاشکۆی هەرێمەکانن وەك سویسرا.[٢]

**دابەش کردنی تایبەتکاری (اختصاصات) لە دەوڵەتی فیدڕاڵی:**

لەدەوڵەتی فیدراڵی تایبەتکارییەکان فرە جۆرو هەمەچەشنن، بۆیە پێویستە بەڕوونی لەدەستووردا دیاری بکرێن و بەڕێگای تایبەت و ئاڵۆزو نەبێت هەموار نەکرێت، چونکە دابەش کردنی تایبەتکاری لەنێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لەبابەتە گرنگ و سەرەکییەکانە.[٣]

بۆ دابەش کردنی تایبەتکاری لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕێگا هەیە، هۆی جیاوازی ڕێگاکانی ئەم دابەش کردنەش لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر بۆ جیاوازی ڕێچکەی سیاسی و ئابووری و یاسایی لەو دەوڵەتانە دەگەڕێتەوە.[٤]

سەرەڕای ئەمە چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتە فیدراڵیەکان پەیوەندییەکی بەهێزی بە چۆنیەتی دابەش کردنی تایبەتکارییەکان هەیە، چونکە ئەو دەوڵەتە

---

[1] محمد هماوەندي: الفدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الادراية الاقليمية، ل١٩٥.

[2] مجموعة مؤلف العرب: س. پ، ل٣٩٩" محمد كامل ليلة: النظم السياسة، ل٢٤٩.

[3] ريموندكار فيلد كيتيل: العلوم السياسية، ت/ د. فاضل زكي محمد، ج١، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٠، ل٣١٢.

[4] محمد هماوەندي: الفدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الادارية الاقليمية، ل٢٠٩" د. خالد سمارة الزعبي: س. پ، ل١٠٨.

فیدراڵیــەی دروســت دەبێــت لەئــەنجامی پەیوەنــدی کردنــی ژمارەیــەك دەوڵــەتی ســەربەخۆ لەگــەڵ یــەکتری ئــەوا تایبەتکاریــەکانیان فــراوان دەبێــت لەبــەر ئــەوەی پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆیان دەکەن‌و تەنها دەست بەرداری ئەوەندە دەبن، کە پێویستە بۆ سەروەری‌و دامەزراندنی دەوڵەتی فیدڕاڵی،[1] بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەم ڕێگایە دەوڵەتەکە دروست بوو واتە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی دەوڵـەتێکی یــەکگرتوو بــۆ چــەند هــەرێمێك لەگــەڵ بــوونی ئــارەزو بــۆ یەکگرتنــەوە ئەوســا بەپێچەوانەی یەکەم دەوڵـەتی فیـدراڵی پارێزگـاری لەبەشـێکی زۆری دەسـەڵاتەکان دەکات بۆخۆی.[2]

بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕێگا هەیە بۆ دابەش کردنی تایبەتکارییەکان:-

یەکـەم: لیسـتی تایبـەت درووسـت دەکرێـت بـۆ تایبەتکارییـەکان، یـەکێکیان بـۆ حکومـەتی فیـدراڵی ئـەوەی تـر بـۆ حکومـەتی هەرێمـەکان‌و لەهـەر هەریـەکێکیان دەسـەڵات‌و تایبەتکارییـەکان دیـاری دەکرێـت، لایـەنی خراپـی ئـەم جـۆرە بریتیـە لەوەی گرانە هەموو بابـەت‌و تایبەتکارییـەکان بە وردی‌و تـەواوی بۆ هەریـەکێکیان بـەجیا دیـاری بکرێـت، چـونکە زۆر بابـەت سـەر هەڵـدەدات کـە لـەکاتی دانـان‌و نووسینەوەی دەستوورەکە لە ئارادا نەبووە.[3]

جگە لەمە ئەو بارودۆخە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و سیاسی یەی کە بۆ حکومەتی فیدراڵی‌و هەرێمـەکان هەیـە دواتـر بەهۆی ڕووداوو هۆکاری نوێ‌و تێپەڕینی کات هەندێك لەو بابەتانە سروشتی ناوچەییان ون دەکـەن‌و دەبنـە بابـەتێکی نەتـەوەیی، کە پێویست دەکات بچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدڕاڵی‌و خۆی ڕێکی بخـات،[4] چونکە وەك ڕێسایەکی گـشتی هـەموو بابەتێك کە پەیوەندی

---

[1] داود باز: س. پ، ل٧٦.

[2] خالد سمارة الزعبي: س. پ، ل١٠٨.

[3] اسماعیل الغزال: س. پ، ل١٠٥" د. حسین عثمان محمد عثمان: النظم السیاسة، ل١٢٨، ١٢٩.

[4] منــذر الــشاوی: القــانون الدســتوری، نظریــة الدولــة، ل٢٥٥. بــۆ نموونــە ئەگــەر دەســەڵاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چارەسەرکردنی تیرۆریزم دیاری کرابێت بۆ هەرێمەکان دەسەڵاتی هەرێم بێت

بەبەرژەوەندی گشتی هەبێت و سەرجەم هەرێمەکان بگرێتەوە، پێویستە لە تایبەتکاری حکومەتی فیدراڵی بێت، بەڵام ئەو بابەتانەی تەنها حکومەتی هەرێمەکان دەگرێتەوە لە تایبەتکاری هەرێمەکان دادەنرێت.[١]

سەرەڕای ئەمانە ئەو ڕێگایە نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی دابەش کردنی تایبەتکارییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی و کۆتایی، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پێویست دەکات دەستوور بچێتە ناو وردە کاری تایبەتکارییەکان.[٢]

دووەم: تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتکارییەکانی هەرێم، زۆربەی وڵاتانی فیدراڵی بەم شێوازەن وەك سویسرا، مەکسیك، ئەرجەنتین، ئوستراليا.[٣]

لەم ڕێگایە تایبەتکاری حکومەتی فیدراڵی بەرتەسکەو دیاری کراوە، چونکە هەموو ئەو بابەتانەی دەقی لەسەر نەهاتووە لەدەستوورو هەموو بابەتێکی نوێ دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتکاری حکومەتی هەرێمەکان.[٤]

ئەم ڕێگایە زیاتر لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە گیراوەتەبەر کەدەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵی بووە، دواتر ئەو دەوڵەتانە ویستوویانە ئەم پەیوەندییە زیاتر بەهێز بکەن چوونەتە پاڵ یەکتری و گۆڕاوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی.[٥]

---

چارەی کێشەی تیرۆر بکات، بەڵام دەبینین تیرۆر ئەمڕۆ بۆتە کێشەیەکی جیهانی، بۆیە دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی، بەوەش بابەتێك کە سروشتی هەرێمی هەیە دەگۆڕێت بۆ بابەتێك کە سنووری هەرێمەکان دەبەزێنێت بەپێچەوانەی ئەو ئەگەرەی سەرەوە دەکرێت پێچەوانە بێتەو بابەتەکان و تایبەتمەندییەکان لە سروشتێکی نەتەوەیی، حکومەتی فیدراڵی بچووك بێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی هەرێمی.

[1] ريموندكار فيلد كيتيل: النظم السياسية، ل٣١٢.

[2] داود باز: س. پ، ل٧٩.

[3] د. محسن خليل: س. پ، ل٢٢٩، ٢٣٠.

[4] احسان عبدالهادى سلمان: س. پ، ل٣٩، ابراهيم عبدالعزيز: النظم السياسية، الدول والحكومات، ل٧٠" د. حسين عثمان محمد عثمان: س. پ، ل١٢٩.

[5] ابراهيم عبدالعزيز: النظم السياسية، الدول والحكومات، ل٧٠.

لەخوێندنەوەی ئەم ڕێگایە، ئەوە دەردەکەوێت کە تایبەتکاری هەرێمەکان زۆر بەهێز دەبێت لەتایبەتکاری حکومەتی فیدراڵی، بەڵام بەهۆی هەندێ ڕێ و شوێن لەدەوڵەتی فیدراڵی ئەم بۆچوونە نایەتەدی، بۆ نموونە ئەگەر یاسای فیدڕاڵی و یاسای هەرێمەکان ناکۆك بوو لەگەڵ یەکتری کار بە یاسای فیدڕاڵی دەکرێت لە هەرێمەکان، هەروەها دەستووری هەرێمەکان کۆت کراوەو ملکەچە بۆ پرەنسیپە گشتییەکانی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی، لەکاتی بارودۆخی نائاسایی حکومەتی فیدراڵی دەتوانێ دەست لەکاروباری ناوخۆیی هەرێمەکان وەربدات، جگە لەو کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان دادگای باڵا یەك لای دەکاتەوە کە ئەم دادگایەش چەندە بێ لایەن بێ، بەڵام کاریگەری حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر دەبێت.[1] کەواتە ئەنجامەکە ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی دەبێ و تایبەتکاریی حکومەتی فیدراڵی ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبێ.[2]

سێیەم: تایبەتکاریی حکومەتی هەرێمەکان دیاری دەکات و ئەوەی دەمێنێتەوە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتکاریی حکومەتی فیدراڵی.[3] ئەم ڕێگایە دەبێتە فراوانکردنی تایبەتکاریی دەوڵەتی فیدراڵی، لەکاتێکدا تایبەتکاریی هەرێمەکان تەسك دەکاتەوە.[4] وەك دەستووری کەندی و دەستوری هندی.[5]

ئەم ڕێگایە یارمەتی حکومەتی فیدراڵی دەدات بۆ بەهێزبوونی دەسەڵات و فراوان بوونی تایبەتکاریەکانی، چونکە تایبەتکارییە نوێیەکان دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی، بۆیە (ئیسماعیل غەزال) بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم ڕێگایە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەتە فیدراڵیەکە بەتێپەڕبوونی کات بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی سادە بەهۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی.[6]

---

[1] احسان عبدالهادی سلمان: س. پ، ل٤٠.

[2] ابراهیم عبدالعزیز: النظم السیاسیة، الدول والحکومات، ل٧١.

[3] د. طعمیة الحرف: س. پ، ل٢٠٧" د. حسین عثمان محمد عثمان: النظم السیاسیة، ل١٢٩.

[4] احسان عبدالهادی سلمان: س. پ، ل٤١.

[5] د. حسین عثمان محمد عثمان: النظم السیاسیة، ل١٢٩.

[6] اسماعیل الغزال: س. پ، ل١٠٥.

**١-٥-٢ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە هەرێمەکان:**

هەرێمەکان خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی سەربەخۆیی خۆیانن، واتە هەر هەرێمێك سەرۆك و ئەنجوومەنێکی وەزیرانی هەیە کە لەهەرێمەکەدا بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دادەنرێت، حکومەتی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە لەهەرێمدا کە هەرێم بەڕێوە دەباو پڕۆژەی بودجەی دارایی نەخشەی پەرەپێدانی هەرێم ئامادە دەکات، سیاسەتی گشتی هەرێم لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی کولتوری و کارگێڕییەوە دادەڕێژێ، یاساو بڕیارەکان بەئەنجام دەگەیەنی و ئاسایشی هەرێم دەپارێزێ.[١]

زهیر شکری ئەڵێ: "زۆربەی کات ئەم دامەزراوانە لەدامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵی پێشکەوتووترن، چونکە زۆربەی کات دەوڵەتەکە لەیەکگرتنی کۆمەڵێك دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بووە، بەمەش هەر دەوڵەتێك کە دەچێتە ناو یەکێتییەکە پارێزگاری لە دامەزراوە دەستوورییەکانی دەکات"،[٢] ئەو بۆچوونە لەوکاتەدا ڕاستە ئەگەر دەوڵەتە فیدراڵییەکە بەشێوەی یەکگرتن دروست بوو، بەڵام لەکاتی دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی لەڕێگای هەڵوەشانەوە ئەو بۆچوونەی بەسەردا جێبەجێ نابێت، چونکە جگە لە دەوڵەتی فیدراڵی سەرجەم هەرێمەکان خاوەن دامەزراوەو دەستوورو یاسایی تایبەت بەخودی خۆیان نین.

دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەهەرێمەکان بەشێوازو ڕێگای جیاواز دیاری دەکرێت، هەندێ جار بەهەڵبژاردن دیاری دەکرێت، بۆ نموونە لە مەکسیك فەرمانڕەوای گشتی هەر هەرێمێك لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێ.[٣] یان حکومەتی فیدراڵی هەڵدەستێ بەدانانی سەرۆك و ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی هەرێمەکان، لە فنزویلا پارێزگاران و ئەندامانی دەزگا هەرێمەکانی جێبەجێ کردن

---

[1] د. نوری طالبانی: س. پ، ل٧٨.

[2] زهیر شکر: س. پ، ل٦٨.

[3] سەیوان کاکە ڕەش: بەراورد لەنێوان ڕژێمە فدراڵەکاندا، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٦.

لەلایــەن خــودی ســەرۆك كۆمــارەوە دیــاری دەكــرێن، هــەروەها لــە هنــد لەلایــەن ســەرۆكەوە فــەرمانڕەوایی هەرێمــەكان دیــاری دەكرێــت.[1] دەكرێــت یــەك كــەس فەرمانڕەوایی دوو هەرێم یان زیاتر بكات.[2] ئەم فەرمانڕەوایی هەرێمەكان لە هند لە زۆربەی كات وەك نوێنەری حكومەتی فیدڕاڵی پیادەی دەسەڵات دەكات.[3]

دەســت وەردان لــە كاروبــاری حكومــەتی هەرێمــەكان و كاریگــەری لەســەر ســەربەخۆیان دەبێــت، ئەمــەش مانــای پێــشێل كــاری كردنــی پایــەكی گرنگــە لــە دەوڵەتی فیدراڵی كە بریتیە لە دابین كردن و پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆجێی هەرێمەكان كە بەسەربەخۆیی و ویستێكی ئازاد دروست دەبێت.[4]

هەواڵنامەی كتێب

1 ماده (١٥٥)، دستوری هند، ١٩٤٩.

2 ماده (١٥٣)، دستوری هند، ١٩٤٩.

3 نورمان دبالمر: النظام السياسی في الهند، ت/ محمد فتح الله الخطيب، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، بدون السنة، ل٢٠٠.

4 محمد هماوەندي: الفدرالية والحكم الذاتي واللامركزية، الادارية الاقليمية، ل٢٠٢، ٢٠٣.

## ٦-١ دوانەیی دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

### ١-٦-١ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی:

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو ئەنجوومەن پێکدێت،[١] ئەمەش بۆ کۆنگرەی فیلادلفیای ساڵی ١٧٨٧ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کاتێك گفتوگۆ لەنێوان ویلایەتە گەورەکان و بچووکەکان دروست بوو، دواتر لەسەر دوو ئەنجوومەن ڕێك کەوتن یەکێکیان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان بێ، ئەمە لەبەرژەوەندی هەرێمە گەورەکانەو دووەم ئەنجوومەنیش لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان هەرێمەکان بێت، ئەمەش لەبەرژەوەندی هەرێمە بچووکەکانە.[٢]

**یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران:** ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی سەرجەم هاووڵاتیانی دەوڵەتی فیدراڵی دەکات لەهەموو هەرێمەکان و هەر هەرێمەی بەڕێژەی دانیشتوان و ئاستی دەنگ دەران نوێنەری تێدا دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە نوێنەری هەر هەرێمێك لەو ئەنجومەنە جیاوازە لە نوێنەری ویلایەتەکانی دیکە بە جیاوازی ڕێژەی دانیشتوان.[٣]

واتە ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن، و ئەم هەڵبژاردنە بەیاسای فیدراڵی ڕێك دەخرێت لەسەرجەم دەوڵەتدا، جگە لە هەرێمە پێکهێنەرەکان، کە ڕێکخستنی زۆربەی کاروبارەکانی هەڵبژاردن دراوە بەخۆیان.[٤]

[1] بەڵام پێکهاتنی دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو ئەنجوومەن مەرج نییە تەنها لەدەوڵەتی فیدراڵی بێت، چونکە هەندێ جار دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی سادەش لەدوو ئەنجوومەن پێکدێت وەك ئوردەن لەئێستادا، عێراق لەساڵی ١٩٢٥و بەریتانیا.

[2] د. احمد کمال أبو المجد: س. پ، ل١٢٨، ١٢٩.

[3] د. الشافعی محمد بشیر: س. پ، ل٢٣٤.

[4] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوي: الدول الاتحادیة الفیدرالیة (٥)، ل٢٢.



هەواڵنامەی کتێب

هەڵبژاردن مافی هـەموو هاووڵاتیانـە لەدەسـتووری ئەمـەریكا "ڕێگا بـە ویلایەتـە یەكگرتووەكان‌و هیچ ویلایەتێك نادرێت هاووڵاتیانی ویلایەتـە یـەكگرتووەكان بـێ بەش بكات لەهەڵبژاردن یان لەو مافەیان كەم كاتـەوە بـەهۆی جیاوازی ڕەگـەز، یـان ڕەنگ یان كۆیلەیی".[١]

ئـەم ئەنجوومەنـە تایبەتمەنـدە بـەئامادەكردن‌و دەركردنـی یاسـا لەسـەرجەم ئـەو بابەتانـەی جێگـای بایـەخی سـەرجەم دەوڵـەتی فیدراڵییـە، وەك ئـەو كاروبارانـەی پەیوەندیان بـە پەیوەندییـەكانی دەرەوە، بـەرگری نیشتمانی، گومرگ، ڕەگەزنامـە، دراوو...هتد هەیە.[٢]

هەواڵنامەی کتێب

[1] هەمواركردنی پانزەو نۆزدە لە بڕگە (١)ی دەستووری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.
[2] د. محمد كامل لیلة: النظم السیاسیة، ل٢٤٥.

**دووەم: ئەنجومەنی هەرێمەکان:**

ئەم ئەنجوومەنە ناوی جیاوازی هەیە لەدەوڵەتە فیدرالیەکان نوێنەرایەتی سەرجەم هەرێمەو دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەیەکسانی دەکات، بۆ نموونە لە ئەمەریکا (ئەنجوومەنی پیرانە)، لە ئەڵمانیا (ئەنجوومەنی ویلایەتەکان)ە، لە سویسرا (ئەنجوومەنی نێوچەکان)ە، لەیەکێتی سۆڤیەتی کۆنو چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو بە (ئەنجوومەنی نەتەوەکان) ناو دەبرێت.[1]

هەندێ جار پێی دەڵێن ئەنجوومەنی گەورە، زۆربەی کاتیش پێی دەڵێن (ئەنجوومەنی باڵا)،[2] بە بۆچوونی ئێمەش لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە نوێنەری سەرجەم هەرێمەکانی تێدایە بەشێوەیەکی یەکسان وا بەباشی دەبینین پێی بڵێین (ئەنجوومەنی هەرێمەکان).

مەبەست لەبوونی ئەم ئەنجوومەنە لەدەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە بەشداری کردنی هەرێمەکان لە وییستی باڵای دەوڵەت.[3]

لە بەرئەوەی هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لەڕووی ژمارەی دانیشتوانو فراوانی جوگرافیا جیاوازن، بۆیە ئەم ئەنجوومەنە دەبێتە دڵنیایایەك بۆ هەرێمە بچووکەکان بەرامبەر باڵا دەستی هەرێمە گەورەکان.[4]

---

[1] حوسێن محەمەد عەزیز: س. پ، ل٧٤.

[2] بەڵام هەندێك ڕەخنە دەگرن لەوەی کە ناوی دوو ئەنجوومەنەکە بە ئەنجوومەنی باڵاو خواروو دابنێنو ئەڵێن کاتێك ئەنجوومەنێك بە ئەنجوومەنی خواروو پێناس دەکرێت مانای ئەوەیە کە ئەنجوومەنەکە لاوازترە لەدەسەڵاتەکانیو تایبەتمەندییەکانی، پێناس کردنی ئەنجوومەنەکەی تر بە ئەنجوومەنی باڵا ماناکەی بەپێچەوانەی سەرەوەیە لەلایەکی تر ئەگەر بەو مانایەی سەرەوە بێت ئەوا ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی کە نوێنەرایەتی سەرجەم هاووڵاتیان دەکاتو پێی دەڵێن ئەنجوومەنی خوارو لاوازترە لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی هەرێمەکان کە ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێك دەقی دەستووری ووڵاتە فیدراڵیەکانە کە دەسەڵاتی هەردوو ئەنجوومەنیان یەکسان کردووە، بڕوانە: (د. سعید عصفور: س. پ، ل٢٦٠). پەراوێزی (٣).

[3] محمد کامل لیلة: النظم السیاسة، ل٢٤٥.

[4] مجموعة مؤلف العرب: س. پ، ل٤١٢.

واتە ئەنجوومەنی هەرێمەکان هاوسەنگی ڕادەگرێت بۆ هەرێمە بچووکەکان، کە هەرێمـەکان بـەهۆی بـچووکی قـەبارەی دانیـشتوان و جوگرافیاکەیانـەوە، نـاتوانن ژمارەیـەکی پێویـست نوێنـەریان هـەبێ لـە ئەنجوومـەنی نیـشتمانی، تـا لـەوێوە پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکان بکەن و گەشەی پێ بدەن، بۆ نموونە لە ئەمەریکا بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوان نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتمانی دادەنرێت.[1] تێبینـی ئەوە دەکرێـت کـە حـەوت هـەرێمی شـاخاوی (ارلیزونـا، ایـداهو، خونتانـا، نبغـادا، مکـسیکو نـوێ، أوتامـا، وایـو ملـك) بەهـەموویان خـاوەنی تـەنها (١٢) نوێنـەرن لەئەنجوومەنی نیشتمانی لەکاتێکدا لە ئەنجوومەنی پیران (١٤) نوێنـەر (senator) نوێنەرایەتیان دەکات، سەرجەمی نوێنەری هەرێمە کشتوکاڵیەکان (٤٣) نوێنەرە لە ئەنجوومـەنی نیـشتمانی، بـەڵام (١٦) نوێنـەر نوێنەرایـەتیان دەکـات لەئەنجوومـەنی پـیران، لەبەرامبـەر ئەمـە دەبیـنین (٧) حـەوت هـەرێمی پیـشەسازی گـەورە خـاوەنی (١٧٣) نوێنەران لەئەنجوومەنی نوێنەرایـەتی لەکاتێکدا (١٤) لەئەنجوومـەنی پـیران نوێنەریان هەیە.[2]

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم ئەنجوومەنەی لەپێناویدا دامەزراوەو بۆ ڕاگرتنـی ئەو هاوسانگییە، ڕێسای گشتی سەبارەت بە ژمارەی نوێنەرەکان دەبێ ڕێژەیان بۆ هەرێمـەکان یەکسان بێـت، بـۆ نموونـە لـە دەسـتووری ئەمـەریکی،[3] و دەسـتووری سویـسرا ئامـاژەی بـۆ کـراوە،[4] بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش هەنـدێ وڵات پرەنـسیپی نوێنەرایـەتی یەکـسان جـی بـەجێ ناکـات، بـۆ نموونـە لـە هنـد نوێنەرایـەتی ئەنجوومـەنی هەرێمـەکان لەسـەر بنـەمای ژمـارەی دانیـشتوانی هـەر هـەرێمێك یـان ڕووبەر دادەنرێت نەك لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان هەرێمە ئەندامەکاندا.[5]

---

[1] Select constitutions: OP. Cit., P.263.

[2] د. شافعی محمد بشیر: س. پ، ل٦٧.

[3] بڕوانە: (مادە (١)، بڕگە (٣) لە دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

[4] بڕوانە: (مادە (٨)، لە دەستووری سویسرای یەکگرتوو).

[5] محمد هماوەندي: الفدرالية والحكم الذاتي الادارية الاقليمية واللامركزية، ل١٩١.

دروست کردن و دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە لەدەوڵەتێکی فیدراڵی بۆ یەکێکی تر جیاوازە، واتە دانانی ئەندامانی ئەنجوومەنی هەرێمەکان شێوەی دانانیان جیاوازە، بەڵام بەبەراورد کردنی دەستووری دەوڵەتە فیدراڵیەکان بەشێوەیەکی گشتی دەبینین دوو شێوە پەیڕەو دەکرێ:-

یەکەم: دانانی نوێنەرەکان بەڕێگای هەڵبژاردن، ئەم شێوەیە دەستووری زۆربەی وڵاتە فیدراڵیەکان کاری پێ دەکەن، بەڵام لەچۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە جیاوازن بۆ ئەمەش دوو ڕێگا هەیە:-

أ- هەڵبژاردنی نوێنەری هەرێمەکان لەپەرلەمانی هەرێمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە هند ئەنجوومەنی هەرێمەکان لە (٢٣٨) ئەندام پێك دێت کە نوێنەرایەتی هەرێم و ناوچەکان دەکەن و پەرلەمانی هەرێمەکانی (A و B) هەڵدەستن بەدیاری کردنی نوێنەری هەرێمەکەیان لەو ئەنجوومەنە، بەڵام نوێنەری هەرێمی (C) یاسای فیدراڵی چۆنیەتی دیاری کردنی دیاری دەکات، تێبینی ئەوە دەکرێت سەرۆك کۆمار (١٢) نوێنەر لە نوێنەرەکانی ئەنجوومەنی هەرێمەکان دیاری دەکات لەنێوان پیاوانی ئاداب و زانست و هونەرو کەسایەتی کۆمەڵایەتی دیکە.[١]

ب- هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی هەرێمەکان لەڕێگای دەنگ دانی ڕاستەوخۆ دەبێت و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو وەك، کەنەدا، ئەمەریکا، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، مەکسیك، سویسرا، ئوستراليا.[٢]

لەدەستووری ئەمەریکی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێت.[٣]

دووەم: دانانی نوێنەرەکان بەڕێگای دامەزراندن یان دانانی نوێنەرەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە (حکومەت، سەرۆك) لە ئەڵمانیا ئەنجوومەنی (Dwr Bundesrat) کە

---

[1] مادە (٨٠) لەدەستووری هیند، ساڵی ١٩٤٩.

[2] د. مصطفى ابوزيد فهمي: س. پ، ل٧٢، ٧٣.

[3] مادە (١)، بڕگە (٣)، لە دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەنجوومەنی هەرێمەکانە، نوێنەرەکانی دادەنرێت و دەردەکرێت لەلایەن حکومەتی ناوچەییەکانەوە.[1]

خاڵێکی دیکە لە ئەنجوومەنی هەرێمەکان گرنگە ئەویش یەکسانی ژمارەی نوێنەری هەرێمەکانە لە ئەنجوومەنی هەرێمەکان، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی نوێنەرەکان یەکسانە لە ئەنجوومەنەکەدا، واتە بۆ هەر هەرێمێك نوێنەری یەکسان دیاری کراوە وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە بۆ هەر هەرێمێك دوو نوێنەر هەڵدەبژێردرێت، بەڵام هەندێ ولات لەم ڕێسایە دەرچووین، بۆ نموونە لە کەنەدا لەدابەش کردنی نوێنەرەکان زۆرو کەمی دانیشتوان ڕۆڵی هەیە بۆ نموونە (٢٤) پیر دابەش بووە بۆ هەرێمی (لاونتاریو و کو یبك)و شەش پیر بۆ هەر یەکە لە (هەرێمی ڕۆژئاوا)و چوار بۆ (جەزیرەی الامرا دوارد)و بۆ هەریەکە لە هەرێمە ڕۆژئاواییەکانی ساحلیە (٢٤) کورسی لە ئەنجوومەنی پیران و لە ئەڵمانیا و بروسیاو هەرێمە گەورەکانی تر بە گوێرەی دەستووری ئیمپراتۆری و دەستووری فایمار (Weimar) دەنگی زۆر زیاتریان بەدەست هێنا لەدەنگی هەرێمە بچووکەکان.[2]

بەگوێرەی دەستووری ئەڵمانیا بۆ هەر هەرێمێك (٣) کورسییە، بەڵام ئەو هەرێمەی ڕێژەی دانیشتوانی زیاتر بێت لە دوو ملیۆن ئەوا چوار نوێنەری هەیە، بەڵام ئەو هەرێمەی ژمارەی دانیشتوانی زیاترە لە (٦) ملیۆن بێت ئەوا (٥) نوێنەری هەیە،[3] بەڵام پێویستە نوێنەرایەتی هەرێمەکان لە ئەنجوومەنەکە ژمارەیان یەکسان بێت و فراوانی جوگرافیاو ئاستی دانیشتوان کاریگەری نەبێت لەسەر ڕێژەی نوێنەرەکان، بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئەنجومەنی هەرێمەکان پارێزراوبێت.[4]

---

[1] د. منذر الشاوي: القانون الدستوری – نظرية الدولة، ل٢٧٦.

[2] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: الدول الاتحادية الفدرالية، (٥)، ط١، السلطة التشریعیة، المکتبة القانون، بغداد، ٢٠٠٤، ل٢٥.

[3] د. احسان حمید المفرجی واخرون: س. پ، ل١٠٦.

[4] ماوەی ئەندامیەتی لەو ئەنجوومەنەدا جیاوازە، بە جیاوازی دەوڵەتە فیدرالیەکان، بۆ نموونە لە ئوسترالیا ٣ ساڵە زۆرترین ماوەش بۆ ئەندامیەتی کەنەدایە کە پێنج ساڵەو لە سویسراو

کەواتە دوای ناسینی هەردوو ئەنجوومەن لەبەراووردکردنی دەوڵەتە فیدراڵییەکان، دەتوانین سێ ئاستی جیاواز لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنەکان دیاری بکەین:-

یەکەم: دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هەرێمەکان لەسەرووی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانییە.

بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی دوو ئەنجوومەنەکە لەکاری یاسادانان یەکسانن، بەڵام ئەنجوومەنی پیران خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی جێ بەجێ کردنی گرنگە جا چ لە پەسەندکردنی ڕێکەوتننامە بێت یان لە دامەزراندنی گەورە فەرمانبەران.[1]

دامەزراندنی نوێنەری دیبلۆماسی و دادوەرانی دادگای باڵاو گەورە فەرمانبەرەکان لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێویستی بەڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیران هەیە.[2]

لە دەستووری ئەڵمانیادا (١٩٤٩)و لە دەستووری ئیمپراتۆرو دەستووری فایمار دەسەڵاتی تایبەت دراوە بە ئەنجوومەنی هەرێمەکان تایبەت بە بەڕێوەبردن.[3]

دووەم: دەسەڵاتی هەردوو ئەنجوومەن لە ئاستێکی یەکسانە، بۆ نموونە (سویسرا، یەکێتی سۆڤیەت):

دەسەڵاتی ئەم دوو ئەنجوومەنە لەئاستێکی یەکسانن ،بۆ نموونە لە سویسرا هەر دوو ئەنجوومەن واتە (ئەنجوومەنی نەتەوەیی)و (ئەنجوومەنی وڵات) لە

---

ئەڵمانیا چوارساڵەو لە ئەمەریکا (٢) ساڵە یان بۆ تەواوی ژیانە وەك كەنەدا، بەڵام واچاکترە کاتی ئەندامێتی کورت بێت بۆ ئەوەی نوێ بوونەوەیەك لەئیش و کارو بەرنامەی ئەو ئەنجوومەنە بێتە دی، بڕوانە: (القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: الدول الاتحادية الفدرالية، (٥)، ط١، السلطة التشريعية، ل٢٢).

[1] د. مصطفى ابوزيد فهمي: س. پ، ل٧٢، ٧٣.

[2] مادە (٢)، بڕگە (٢)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[3] القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: الدول الاتحادية الفدرالية، السلطة التشريعية (٥)، ل٤٩.

ئاستێکی یەکسانن لەئەرکی یاسادانان، بۆ نموونە پێشنیاری یاساکان بۆ هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی دوو ئەنجوومەنەکە دەگەڕێتەوەو ناکرێت یاسا دابنرێت تەنها بەڕەزامەندی هەردوو ئەنجوومەن نەبێت.

لە دەستووری سویسری هاتووە، کە "کۆمەڵەی یەکێتی لە ئەنجوومەنی گەل‌و ئەنجوومەنی هەرێمەکان پێك دێت‌و ئەو دوو ئەنجوومەنە تایبەتکارییەکانیان یەکسانن".[١]

هەردوو ئەنجوومەنەکە یەکسانن لەبەشداری کردن بۆ پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستوور.[٢] لە یەکێتی سۆڤیەت پێویستە هەردوو ئەنجوومەن هەموو یاساو بڕیارە تایبەتەکان بەدەوڵەتی فیدڕاڵی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند بکات.[٣]

سێیەم: دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هەرێمەکان لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی نزمترە.

لەم جۆرەیاندا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هەرێمەکان لەهەندێ تایبەتکاریی نزمترە لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی، بۆ نموونە ئەنجوومەنی یاسادانانی ئەڵمانیا کە لەئەنجوومەنی (الدییت فیدرالی)و (ئەنجوومەنی فیدر ال) پێك دێت، یەکەمیان ئەنجوومەنی نیشتمانیەو ئەوی تر ئەنجوومەنی هەرێمەکانە. دەبینین هەردوو ئەنجوومەن لە پێشنیارکردنی یاساکان یەکسانن، بەڵام ڕەزامەندی کۆتایی بۆ الدییت فیدراڵییە.[٤]

لە هەرسێ دەستووری ئوستralیاو ئەڵمانیا بۆ ساڵی ١٩١٩و نەمسا بۆ ساڵی ١٩٢٠ وایان کردووە کە ئەنجوومەنی هەرێمەکان لە پلەیەکی نزمتردابن، بۆ نموونە دەستووری ئوسترالیا بۆ دەرچوونی هەر یاسایەك داوای ڕەزامەندی هەردوو ئەنجوومەنەکە دەکات، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا ناکۆکی لەنێوانیان درووست بوو ئەوا ئەنجوومەنی هەرێمەکان لە پلەیەکی نزمتردا دەبێت.[٥]

---

1 مادە (١٤٨)، بڕگە (٢)لە دەستووری سویسرای یەکگرتو.

2 مادە (١٩٣)، لە دەستووری سویسرای یەکگرتو.

3 د. نوری طالبانی: س. پ، ل١٧.

4 د. منذر الشاوي: القانون الدستوری – نظریة الدولة، ل٢٧٦.

5 سعد عصفور: س. پ، ل٢٧٥.



هەوراز کتێب

### ١-٦-٢ دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمەکان:

هەرێمەکان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی خۆیان هاوکات لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەت بە خۆیان هەیە، یەکێك لە گرنگترین ڕوخسارەکانی ڕێکخستنی خۆجێی (التنظيم الذاتي) ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەندام دەسەڵاتێکی یاسادانانی سەربەخۆی هەبێت کە بەئەرکی یاسادانان هەستێت لەمەسەلە نێوخۆییەکان کە بەپێی دەستوری فیدڕاڵی و دەستووری هەرێم ڕێگای پێ دراوە.[1]

دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمەکان وەك ڕێسایەکی گشتی لەیەك ئەنجوومەن پێك دێت، بەڵام ئەمەریکا لەم ڕێسایە دەرچووە، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمەکان لەدوو ئەنجوومەن پێك دێت،[2] بەڵام هەندێکیان وەك هەرێمی بنراسکا بەیەك ئەنجوومەنی وەرگرتووە.[3]

پێکهاتنی دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو ئەنجوومەن مانای خۆی هەیە لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی و مانای نیە لەسەر ئاستی هەرێمەکان، هۆی ئەمەش ڕوونە، چونکە لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدڕاڵی دەبێتە هۆی هێنانەدی پرەنسیپێکی گرنگی دەوڵەتی فیدراڵی، کە بریتیە لە پرەنسیپی بەشداری کردن.

چۆنیەتی دامەزراندن و پێکهاتنی ئەنجوومەنی یاسادانانی هەرێمەکان لەدەوڵەتێکی فیدراڵیەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەکانەوە بەڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، بۆ نموونە لە سویسرا هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی یاسادانانی کانتۆنەکان بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییە، بەڵام لەهەشت

---

[1] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٢٨٦.

[2] د.علی غالب خضرالعانی و د. نوری لطيف: القانون الدستوري، بدون سنة ومكان الطبع، ل١٣٣.

[3] د. محەمەد عومەر مەولوود: س. پ، ل٤٣٧.

کـانتۆن ئـەو ئەنجوومەنـە بـەگوێرەی سیـستەمی زۆرینـەو لەسـەر بنـەمای لیـست هەڵدەبژێردرێت.[1]

ئەمـەش وا دەکات، کـە هەرێمـەکان لـە ڕێکخـستنی کاروبارەکـانی هەرێمەکـەیان ئازادییان هەبێت.

کاری گرنگ‌و سەرەکی ئەنجوومـەنی یاسا دانانی هەرێمـەکان بریتیـە لـە دانانی یاسا لەچوارچێوەی سنووری هەرێمەکـە، واتـە تـەنها ئـەو یاسـایانە دەر دەکات کـە جێگای بایەخ‌و گرنگی هەرێمەکەیە نەك ئەو یاسایانەی جێگـای بایـەخی دەوڵـەتی فیدراڵییە، لەسەر ئەنجوومەنەکە پێویستە لەوکاتـەدا ڕەچاوی ئـەوە بکات کـە ئـەو یاسـایانە نـاکۆك نـەبێت لەگـەڵ ئـەو یاسـایانەی کـە لـە پەرلـەمانی فیـدڕاڵی دەردەچـێت.[2] لـە دەسـتووری میرنـشینی یـەکگرتووەکانی عەرەبیـدا هـاتووە، کـە هەرێمـەکان دەتـوانن بـۆ ڕێکخـستن‌و بـەڕێوەبردنی کارەکانیـان یاسـای پێویـست دەربکەن، بەڵام ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستووری فیدڕاڵی.[3]

لــە سویــسرا دەســەڵاتی یاســادانان لەکانتۆنــەکان ئــازادی تــەواویان هەیــە، لــەدەرکردنی یاســای پێویــست بــۆ ڕێکخــستنی کاروبارەکــان، کــە دەچــنە نــاو چوارچێوەی تایبەتکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی، جگـە لـەو تایبەتکارییانـەی کـە لەدەستووری فیدراڵی دا بەڕاشکاوانە ڕێگـەی پـێ نـەدراوە پیـادەی بکـەن‌و نابێـت ئەو یاسایانەش دژبێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی‌و یاسای فیدراڵی،[4]

ئەمەش مانای وایە، کە ئەو یاسایانەی لـە ئەنجوومـەنی یاسادانانی هەرێمـەکان دەردەچـێت تایبەتـە بـە کاروبارەکـانی هەرێمەکـەی‌و سـنووری، بـەڵام دەسـەڵاتی یاسـادانانی فیـدراڵی هەڵدەسـتێ بـە چارەسـەرکردنی ئـەو بابـەت‌و کێـشانەی کـە بەگشتی بۆ هەرێمی دەوڵەتی فیدراڵی زیانی هەیە.[5]

---

[1] د.منذر الشاوي: القانون الدستوری – نظریة الدولة، ل۲۷۰.

[2] د. احسان حمید المفرجي واخرون: س. پ، ل۱۰۷.

[3] ماده (۱٤۹)، له دەستووری میرنشینه یەکگرتووەکانی عەرەبی.

[4] د. علی غالب خضر و د. نوری لطیف: س. پ، ل۱۳٤.

[5] ه. س، ل۱۳۱.

بـەو مانایـە یاسـاکانی ئەنجوومـەنی نیـشتمانی لەدەوڵـەتی فیـدراڵی چـوار چێوەکەی گشتی ترە، بەڵام یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەهەرێمەکان چوار چێوەکەی تایبەتییە.

ئەمـەش ئـەوەی لێ دەکەوێتـەوە کـەنابێت ئـەو یاسـایانەی لـە ئەنجوومـەنی یاسادانانی هەرێمەکان دەردەچێت دژ بێت لەگەڵ یاساکان و دەستووری فیدڕاڵی، بەپێچەوانەوە دەکرێت یاسای دووەم هەمواری یاسای یەکەم بکات.

هەواڵنامەی کتێب

### ١-٧ دوانەیی دەسەڵاتی دادوەری لەدەوڵەتی فیدراڵیدا :

#### ١-٧-١ دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی:

لەدەوڵەتە فیدراڵییەکان پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری جیاوازە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر بوونی دادگای دەستووری یان دادگای باڵای فیدراڵی یە، کە یەکێك لەگرنگترین تایبەتکارییەکانی چاودێری دەستووری بوونی یاساکانە.[1] ئەم دادگایە تایبەتمەندە بەسەیرکردنی بابەتە گرنگەکان وەك کێشەی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان یان لەنێوان هەرێمەکان.[2]

#### ١-٧-٢ دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان:

هەرێمەکان هەروەك دوو دەسەڵاتەکەی تر، خاوەنی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆی خۆیانن، و زیاتر تایبەتمەندە بەچارە کردنی ئەو کێشانەی لەناو سنووری هەرێمەکە ڕوودەدات.[3]

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] د. اسماعيل الغزال: س. پ، ل١٠٣.

[2] د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا: النظم السياسية، الدول والحكومات، ل٦٩.

[3] هـ. س، ل٦٩" (دوانەیی دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا تەوەرەی سەرەکی ماستەرنامەکەمانە بەدرێژی لەتەوەرەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕە ١٠٢).

## دەرئە نجامەکانی تەوەری یەکەم

لەکۆتایی ئەم تەوەرەی ماستەرنامەکەمان دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- مێژووی دەوڵەتی فیدراڵی کۆنەو لەشارستانیەتە سەرەتاییەکانیشدا هەبووە، بەڵام شێوەو پێکهاتەی دروستی بە مانای تەواوی یاسایی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە.

٢-هۆکارەکانی ترسو جیاوازی لەڕووی نەتەوەو زمانو ئایینو فراوانی جوگرافیا، هۆکاری پۆزەتیڤن بۆ درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام دەکرێت هۆکاری نێگەتیڤیش بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فیدراڵی.

٣- دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر پایە ناکۆکەکان دامەزراوە، لەهەمووی گرنگتر پایەکانی وازهێنانو یەکگرتنە، بۆیە دەبێت هاوسەنگی نێوان ئەم دوو پایەیە پارێزراو بێت لەدابەش کردنی دەسەڵاتو دانانو هەموار کردنی دەستوور، و سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی فیدراڵیو هەرێمەکان.

٤-دوانەیی دەستوورو دەسەڵاتەکان لە سیما هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەژمێرێت.

٥- ئەنجوومەنی هەرێمەکانو دەستوورێکی نوسراوی ووشك بە دوو دڵنیایی گرنگ دادەنرێت بۆ هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.

## ٢- پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو ڕەگەزەکانی دەسەڵاتی دادوەری

### ٢-١ پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان:

### ٢-١-١ مێژووی پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان:

### ٢-١-١-١ پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لای جۆن لۆك:

دیاری کردنی ساڵێکی دیاری کراو بۆ مێژووی ئەم پڕەنسیپە ڕاست نابێت، چونکە لەسەر ئەم پڕەنسیپە پێش زاین بۆ چوون هەبووەو لەپەرتوکەکەی ئەرستۆو ئەفلاتون لەیۆنانی کۆندا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەفلاتون لەپەرتوکەکەی (القوانین) وەزیفەی دەوڵەتی دابەش کردووە بەسەر شەش دەستە کە هەریەکێکیان پیادەی ئەرکێکی دیاریکراو دەکات لەگەڵ هاوکاری لەنێوان ئەودەستانە بەمەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی گەل،[١] بەلاّم ئەرستۆ دەسەلاّتی دابەشکردووە بەسەر سێ دەستە کەلەوکاتەدا بلاّو بووە:

١–وەزیفەی دەستاو دەست پێ کراو (Delibera tion) کەمانای دەسەلاّتی یاسادانانە.

٢–وەزیفەی فەرمان (commend ement) مانای دەسەلاّتی جێبەجێ کردنو فەرمانە.

٣–وەزیفەی دادپەروەری ( Justice) مەبەست لێ ی دەسەلاّتی دادوەریە.[٢]

بەلاّم سەرەتای سەرەکی ئەم پڕەنسیپە بۆ فەیلەسوفی ئینگلیزی جون لوك ١٦٣٢–١٧٠٤ دەگەڕێتەوە، کە لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی بەناوی (الحکومە المدنیە) لەساڵی١٦٩٨ بەشێوەیەکی ڕوون جیاکاری لەنێوان دەسەلاّتەکانی دەوڵەتی کردووە بۆ دروست کردنی حکومەتێکی کۆتکراو، بەمەبەستی پارێزگاری لە مافو ئازادی گشتی.[٣]

---

[1] د.نوری لطیف: القانون الدستوری، ل١٤٠" محمد کامل لیلة: النظم السیاسیة الدولة والحکومة، ل٥٥.

[2] د.نوری لطیف: ه. س، ل١٤٠– ١٤١.

[3] د.یحیی جمیل: الانظمة السیاسیة المعاصرة، ل١١١" لطیف مصطفی امین: س. پ، ل٦٥.

بەبۆچوونی لۆك، تاكەكان لەبارودۆخی سروشتی دوو دەسەڵاتیان هەیە، دەسەڵاتێكیان بۆ پارێزگاری خودی خۆیەتی لە ئەوانی تر، دەسەڵاتەكەی تریش بەكارهێنانی هێزی سروشتی خۆیەتی بۆ جێبەجێ كردنی یاساكان، بۆیە كاتێك دەچێتە ناو كۆمەڵگای سیاسیی واز لەودوو دەسەڵاتەی دەهێنێ بۆ دەوڵەت.[١]

كەواتە ئەگەر بە بۆچوونی لۆك دەوڵەت شوێنی دەسەڵاتەكانی تاك بگرێتەوە، ئەو كاتە دەوڵەت خاوەنی دوو دەسەڵاتە:

١-دەسەڵاتی یاسادانان: هەڵدەستێ بەدەركردنی یاساو ڕۆحی دەسەڵاتی سیاسیە، باڵاترین دەسەڵاتی دەوڵەتە.[٢]

٢-دەسەڵاتی جێبەجێ كردن: هەڵدەستێ بەجێبەجێ كردنی یاسا و لەناوەوە ملكەچە بۆ دەسەڵاتی یاسا دانان،[٣] وەجگە لەمانە دەسەڵاتێكی دیكە باس دەكات كە بریتی یە لە دەسەڵاتی (فیدراڵی) یان (یەكێتی)، كەئەركی بەرگری لە هێرشی دەرەكی و بەستنی پەیمان نامەكانە[٤]. واتە هەڵدەستێ بەجێ بەجێ كردنی یاسای دەرەكی.[٥]

كەواتە لە بۆچوونەكانی لۆكدا دەردەكەوێت، كە لە دەوڵەتدا دوو دەسەڵات هەیە و ئەم دوو دەسەڵاتەی لەیەكتری جیاكردۆتەوە،[٦] چونكە بەبۆچوونی لۆك ئەگەر ئەوكەسانەی دەسەڵاتی دانانی یاساكانیان لەدەستە لەهەمان كات دەسەڵاتی

هەوانامەی کتێب

[1] د.منذر الشاوی: الدولة الديموقراطية فى الفلسفة السياسية والقانونية (الفكرة الديموقراطية)، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت- لبنان، ٢٠٠٠، ل٧٤.

[2] هـ.س، ل٧٧،٧٦.

[3] هـ.س، ل٧١.

[4] د.نورى لطيف: القانون الدستورى، ل١٤١" د.منذر الشاوى: الدولة الديموقراطية في الفلسفة السياسية والقانونية، ل٧٨.

[5] لۆك باسی دەسەڵاتی چوارەمیش دەكات كە پێی دەڵێ دەسەڵاتی تاجی مەلیك كە خاوەن دەسەڵاتی جێ بەجێ كردنە وە بەشدارە لە دەسەڵاتی یاسادانان، بڕوانە: (د.منذر الشاوى: الدولة الديموقراطية في الفلسفة السياسية والقانونية، ل٧٨).

[6] د.منذر الشاوى: الدولة الديموقراطية في الفلسفة السياسية والقانونية، ل٧٤.

جێبـەجێ کردنیـشیان لەدەسـت بـێ، ئـەوکات کەسـەکانی یەکـەم دەتـوانن خۆیـان بەدەربکەن لەملکەچ کردن بۆ یاساکان‌و یاساکان لەبەرژەوەنـدی تایبـەتی خۆیـان دادەڕێژن،[١] بەڵام ئێمە باسمان لەوەکرد، کە جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان واتـە دەسەڵاتەکان لەئاستی یەکسان دابن، کە هەریەکـەیان کاریگـەریان لەسـەر یـەکتری دەبێت‌و چاودێری یەکتر دەکەن، بەڵام لۆك دەسەڵاتی یاسادانان لەسەرووی یـاخود بەبەرزتر لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دادەنێت و دەسەڵاتی یاسادانان بەدەسـەڵاتی خاوەن سەرەوەی‌و دەسەڵاتی باڵا دادەنێت.[٢]

جگە لەوە لـۆك دەسـەڵاتی دادوەری بەدەسـەڵاتێکی سـەربەخۆ دانـەناوە، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لـۆك کاریگـەریی تاقیکردنـەوەی ئینگلیـزی لەسـەربووە، چـــونکە لەوســـەردەمە دادوەرەکـــان ملکـــەچ بـــوون بـــۆ دەســـەڵاتی مـــەلیك بەڕاستەوخۆیی.[٣]

لـۆك دەسـەڵاتی یاسادانانی بەسـەربەخۆیی دانـاوە، بـەڵام دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردن‌و دەسەڵاتی فیدراڵی، داوەتە یەك دەست کە مەلیکە.[٤]

کۆنەکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبـەجێ کـردن لای لـۆك لـە یـەك دەسـت، بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: هۆی پراکتیکی یە، لێرەدا بۆ جیاوازی سروشـتی کارەکـە دەگەڕێتـەوە، بـەو مانایـەی دەسـەڵاتی یاسـادانان ئەرکەکـەی دانـانی یاسـا‌و ڕێـسای گـشتیە بـۆ داهـاتوو، ئەمـەش پێویـست ناکـات کۆبوونـەوەکان بەبـەردەوامی‌و ڕۆژانـە بێـت، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێویستە بـەردەوام بێـت، چـونکە یاسـاکان بەبەردەوامی دەبێت جێ بەجێ بکرێن.[٥]

---

[1] وەرگیراوە لە: (د. نوری لطیف: القانون الدستوری، ل١٤٢).

[2] د.منذر الشاوی: الدولة الدیموقراطیة فی الفلسفة السیاسیة والقانونیة، ل٧٧" د.نوری لطیف: القانون الدستوری، ل١٤٢.

[3] د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل١٨٦.

[4] د.منذر الشاوی: الدولة الدیموقراطیة في الفلسفة السیاسیة والقانونیة، ل٧٩.

[5] د.ثروت بدوی: س. پ، ل١٣٢" د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل١٨٢" د.منذر الشاوی: الدولة الدیمقراطیة في الفلسفة السیاسیة والقانونیة، ل٧٥،٧٤" لطیف مصطفی امین: س. پ، ل٦٧.

دووەم: هۆكاری دەروونیو تەكنیكی یە: دانانی دوو دەسەڵات لەیەك دەست دەبێتە هۆی ستەمكاری بۆیە پێویستە ئەو دەسەڵاتانە دابەش بكرێت بەسەر چەند دەستەیەك بۆ ئەوەی دەسەڵاتەكان چاودێری یەكتر بكەن.[١]

**٢-١-١-٢: پڕەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان لای ڕۆسۆ:**

فەیلەسوف ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) لەبۆچوونەكانی جیاكردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ كردن بەپێویست دەزانیّ، ئەمەش لەبەر جیاوازی سروشتی هەریەكێكیان،[٢] و بنەمای پڕەنسیپی جیاكردنەوەی نێوان دەسەڵاتەكان لای ڕۆسۆ دەگەڕێتەوە بۆ وویستی گشتی.[٣]

ڕۆسۆ لە بۆچونەكانیدا گەڕاوەتەوە بۆ لێكدانەوەكانی لەسەر سەروەری، كە لەبنەڕەتدا لە دەسەڵاتی یاسادانان چڕ دەكرێتەوە كە نوێنەرایتی گەل دەكات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بەبەردەوامی بۆ دانانی یاسا كۆنابێتەوە، بۆیە پێویست دەكات دەستەیەكی دیكە هەبێت بۆ جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانە ئەویش دەستەی جێبەجێ كردنە.[٤]

لەم بۆ چوونەی ڕۆسۆ دەردەكەوێت كە دەسەڵاتی یاسادانان هەیمەنەی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ كردن هەیەو سەروەری تایبەتە بەدەسەڵاتی یاسادانان.[٥] جگە لەوە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن بریتی یە لەناوەندێك لەنێوان تاكەكانی گەلو دەسەڵاتی یاسادانان.[٦]

---

1 د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل١٨٥" د.ثروت البدوی: س. پ، ل٧٥" لطیف مصطفی امین: س. پ، ل٦٧.

2 د. محمد كامل لیلة: النظم السیاسیة الدولة و الحكومة، ل٦٢" د.عبداللة اسماعیل البستانی: س. پ، ل١٣٨.

3 جان جاك روسو: العقد الاجتماعي، ترجمة، عادل زعیتر، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٥٤، ص٥٩.

4 د.عادل الطبطائی: الحدود الدستوریة بین السلطتین التشریعیة و القضائیة (دراسة مقارنة)، مجلس النشر العلمی، جامعة الكویت، ٢٠٠٠، ل٨.

5 د.عبدالله اسماعیل البستانی: س. پ، ل١٣٨.

6 د.عادل الطبطائی: الحدود الدستوریة بین السلطتین التشریعیة و القضائیة، ل٧.

بەو مانایە بێت دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادانانەو لەخزمەت دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، کەواتە دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێ چاودێری بکاتو لای بدات.[1] و سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری بەبەشێك لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دادەنێت.[2]

بۆیە گەر دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نەبێتو بەشێك بێت لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ئەوکات ئەنجامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دادوەرەکان ملکەچی ئەو ڕێسا گشتیانە دەبن کە گشت فەرمانبەرەکانی دەوڵەت مل کەچ دەبن بۆی. ئەمەش زیان بە پڕەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەگەیەنێت.

**٢-١-١-٣: پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای (مۆنتیسکۆ):**

ڕۆڵی سەرەکی ئەم پڕەنسیپە بۆ فەیلەسوفی فەڕەنسی مۆنتسکیۆ دەگەڕێتەوە کە لەپەرتووکە بەناوبانگەکەی (ڕۆحی یاساکان)دا باسی کردووە لە ١٧٤٨ دانراوە،[3] چونکە مۆنتسکیۆ "ئەو پڕەنسیپەی بەوردەکارییەوە خوێندۆتەوەو تەنها کورتی نەکردۆتەوە لەدابەشکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت".[4] بۆیە ناوی مۆنتسکیۆو پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەیەکەوە گرێ دراون.

مۆنتسکیۆ دەنوسێت لەدەوڵەتدا سێ جۆرە دەسەڵات هەیە، ئەم دەسەڵاتانەش لەلایەن دەستەی سەربەخۆ لەیەکتری پیادە دەکرێن بەم شێوەیە:

١- دەسەڵاتی یاسادانان: کاری بریتی یە لە دانانی یاساکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ هەمیشەیی و دەسەڵاتی هەموارکردنو هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی هەیە.

---

[1] هـ.س، ل١٨٨.

[2] د.عبدالله اسماعیل البستانی، س. پ، ل١٣٩.

[3] د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل١٨٢" د.عبدالله اسماعیل البستانی: س. پ، ل١٣٤" د.عبدالحمید میتولی: س. پ، ل١٨٤" سید صبری: مبادیء القانون الدستوری، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩، ل١٦٦.

[4] لطیف مصطفی امین: س. پ، ل٧٢.

٢- دەسەڵاتی جێبەجێ کردن: کاری بریتییە لە پارێزگاری ئاسایشی ناوخۆو دەرەوە، دەسەڵاتی شەڕو ئاشتی و ئاڵوگۆڕی باڵیۆزەکانی هەیە.

٣- دەسەڵاتی دادوەری: ئەم دەسەڵاتە چارەسەری کێشەی نێوان تاکەکان دەکات و دەسەڵاتی دانانی سزای هەیە.[١]

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە مۆنتیسکۆ دەسەڵاتی دادوەری بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ داناوەو نەیکردوە بە پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، جگە لەوە باسی لەمەترسی ئەو پاشکۆ بوونەی دەسەڵاتی دادوەریش کردووەو دەنووسێ: "ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری لەدەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن جیا نەکرێتەوە دیسان ئازادی بوونی نامێنێت، چونکە بڕیاردان و حوکم دەرکردن لەمەڕ ژیان و ئازادی تاکە کەسان سەرەڕۆیانە دەبێ و هەرکاتێك کە دادوەر خۆی هەم یاسادانەرو هەم جێ بەجێ کار بوو دەسەڵاتەکەی ستەمکار دەبێ".[٢]

جگە لەوە لەو کاتەش ئازادی نامێنێ، کە دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێ کردن کەوتە دەستی تاکە کەسێك یان گروپێك، چونکە گریمانەی ئەوە هەیە، کە لەیەك کاتدا یاسای ستەمکارانە دابڕێژێ و ستەمکارانەش جێ بەجێیان بکات.[٣] ئەوەشی لە تاقی کردنەوەی دەسەڵاتی وڵاتەکان بۆ ڕوون بۆتەوە، بۆ نموونە کاتێك کەباسی تورکیاو ئیتاڵیا دەکات دەڵێ: "لە تورکیا لەبەر ئەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە لە دەستی پاشا دایەو لەیەك شوێن کۆبۆتەوە ستەمکاریەکی تۆقێنەر فەرمانڕەوایە، لە کۆماری ئیتاڵیا دیسان، چونکە ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەك شوێندا کۆکراوەتەوە".[٤] کە واتە مۆنتسکیۆ ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆی چڕنەبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی یەك دەستە ئەمەش بۆڕێگرتنە لەخراپ بەکارهێنانی.[٥]

---

[1] مۆنتسکیۆ: س. پ، ل٢٥١.

[2] هـ. س، ل٢٥١.

[3] هـ. پ، ل٢٥١.

[4] هـ. س، ل٢٥٢.

[5] د.عبدالغني سيونى عبدالله: النظم السياسية والقانون الدستورى، ل٢٥٠.

کەواتــە ئــەو هۆکــارو ئامانجانــەی لەپــشت بانگەشــەی مۆنتــسکیۆیە بــۆ جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان بریتین لە:-

١- هۆکاری دەروونی: مۆنتسکیۆ دەنووسێ: "ئەزموون ڕاستی ئەو بابەتەیان سەلماندووە کە هەرکەسێك جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست حەز دەکات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سوود لەدەسەڵات وەربگرێ".[1]

کەواتە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندی کەسی زۆر نزیکە ئەگەر ڕێك نەخرێت و سنوورێك بۆ دەسەڵات دانەنرێت کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بەرەو ستەمکاری بەرێت.

٢- داماڵینی دەسەڵاتی یاسادانان لەدەست مەلیك، دەسەڵاتی ڕەهای مەلیك و دیکتاتۆرەکان لەو سەردەمە فاکتەرێکی ترە بۆ هێنانەکایەی ئەم پرەنسیپە لای مۆنتسکیۆ، دیارە ئەمەش بۆ داماڵینی دەسەڵاتی یاسادانان بووە لەدەست مەلیك. لەبەشێکی ڕەخنەکان کە لەسەر ئەم پرەنسیپەیە، بریتیە لەوەی ئەم پرەنسیپە لەسەردەمی ئەمڕۆ ئەو ڕۆڵەی نەماوە، چونکە هاتنەکایەی خودی ئەم پرەنسیپە بۆ داماڵینی دەسەڵاتی یاسادانان بووە لەدەست مەلیك.[2] بۆ نموونە لەکاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەی دەستووری فەرەنسا ساڵی ١٩٤٦ بەشێك لەیاسا ناسان ڕەخنەیان لەو پرەنسیپە گرت لەبەرئەوەی ئەو پرەنسیپە پشت بەمێژوو دەبەستێت کە مەبەست لێی داماڵینی دەسەڵاتی یاسادانان بووە لەدەست مەلیکەکان.[3]

٣- پارێزگاری لە ئازادی:

لەنێوان ئازادی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پەیوەندیەکی بەهێز هەیە، کە زهیر شکر ئازادی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە بەشێوەیەك وای دەبینێ ئازادی بوونی نیە بەبێ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.[4]

---

[1] مۆنتسکیۆ: س. پ، ل٢٤٩.

[2] د. محمد کامل لیلة: النظم السیاسیة الدول والحکومات، ل٥٦٥" ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسیة الدول والحکومات، ل٢٨٤" عبدالغنی بسیونی: النظم السیاسیة والقانون الدستوری، ل٢٥٢.

[3] د. محمد کامل لیلة: النظم السیاسیة الدول والحکومات، ل٥٦٥

[4] زهیر شکر: س.پ، ل١٧٤.

بـۆ هێنانـەدی ئـەم ئامانجـەش مۆنتـسکیۆ وا بـەباش دەزانێـت: بـارودۆخ و هەلومەرجی گشتی وڵات بەجۆرێك ڕێكخرببێت كە خودی دەسەڵات پێشی دەسەڵات بگرێـت.[1] كەواتـە مۆنتیسكۆ تـەنها بـە جـەخت كردنـەوەی لەسـەر جیاكردنـەوەی دەسـەلاتەكان لـەوڵات نەوەسـتاوە ، بـەڵكو دەسەڵاتەكانیـشی پابەنـد كـردووە تـا چاودێری یەكتر بكەن و یەكتری ڕابگرن لەو سنوورەی كە بڕیاریان بۆ دراوە.[2]

كەواتـە لەوكاتـەی دەسـەڵاتەكان لەدەوڵـەت دابـەش دەكرێـت بەسـەر دەسـتەی سـەربەخۆ لەیـەك دەسـت كۆناكرێتـەوە، ئەمـە ڕێگـر دەبـێ لەسـتەمكاری لەبەرامبەریشدا پارێزگاری لەئازادی دەكرێت.

٤- هێنانەدی ڕەوایەتی دەوڵەت:

لەڕێگای ئـەم پرەنسیپەوە دەتوانرێت ڕێـز لەیاسا بگـرێ و بەباشـی بچەسپێنێ، چونكە ئەگەر هەر سێ دەسەڵاتەكە سەربەخۆ نەبوون لەیەكتر دەبێتە هۆی لەدەست دانی گشتێتی و بێ لایەنی یاسا، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر هەر سێ دەسەڵات یان دوو دەسەڵات لەدەست یەك كـەس كۆبۆوە دەبێتـە لەناوچوونی ئـەو دوو ڕەگـەزەی یاسا.[3]

كەواتـە مەرجـە یاسا بەگشتی لەسـەر گشت تاكـەكانی كۆمـەڵگا بچەسپێ بـەبێ جیاوازی، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتەكان جیانەكرانەوە دەبێتە تێكەڵ بوونی یاسادانەرو یاسا جێبـەجێ كـار لەیـەك كاتـدا، یـاخود لەناوچوونی چاودێری دادوەر ئەگـەر دەسـەڵاتی یاسـادانان و دادوەری لەیـەك دەسـت كۆكرانـەوە لەبـەر ئـەوەی خـۆی دادوەرو خـۆی جێبـەجێ كـارە.[4] مۆنتـسكیۆ دەنوسـێ: "كاتێـك دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن ئاوێتـەو تێكـەڵاوی یـەكتركران وكەوتنـە چنگی تاكەكەسێك یان گروپێك، كە دەسەڵاتی لەدەست دایە، ئیتر ئازادی بوونی

1 مۆنتسكیۆ: س. پ، ل٢٤٩.

2 عبدالغنی بسیونی: النظم السیاسیة والقانون الدستوری، ل٢٤٩.

3 د. خالد سمارة الزرعی: س. ث، ل١٣٥، ١٣٦.

4 عبدالغنی بسیونی: النظم السیاسیة والقانون الدستوری، ل٢٠١.

نـامێنیٚ، چـونکە پێویـستە هەمیـشە لـەوە بترسـین کـە ئـەو تاکەکەسـە یـان گروپـە یاسای ستەم کارانە دابڕێژیٚو زۆر ستەم کارانەش جێبەجیٚ ی بکات".[1]

٥- تایبەتمەندبوون لەکار:

دابەش کردنی دەسەلاَت و جیاکردنـەوەیان لەیـەکتر، بەشـێوەیەك کـە هەردەسـتەو گروپێك تایبەت بن بە وردەکاریو تایبەتمەندی دەسەلاَتێك، بێگومان دەبێتـە هـۆی دابــەش بــوونی کــارو ســەرکەوتن لــە جێبــەجیٚ کــردن، چــونکە لــەڕێگای ئــەم جیاکردنەوەیە هەردەسەلاَتێك لەدەسەلاَت و کارەکەیدا تایبەتمەندی وەردەگرێت.[2]

هەوالنامەی کتێب

[1] مۆنتسکیۆ: س. پ، ل٢٥١.

[2] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسة، الدول والحکومات، ل٢٨٣.

**٢-١-٢ مانای پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:**

سەرەتا بەرلەباسکردنی ئەم پرەنسیپە پێویستە جیاکاری لە نێوان سێ زاراوە بکەین کە زۆر لە یەکتر نزیکن، یەکەم دابەشکردنی وەزیفەیە، دووەم دابەشکردنی دەسەڵاتە، سێیەم جیاکردنەوەی دەسەڵاتە.

یەکەم دابەشکردنی وەزیفە: دابەشکردن بابەتێکی کۆنە کەسەرەتاکەی بۆ شارە دەوڵەتەکانی یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە مانای دابەشکردنی وەزیفەی دەوڵەتە بۆ وەزیفەی یاسادانان، وەزیفەی جێبەجێ کردن، و وەزیفەی دادوەری بەگوێرەی سروشتی وەزیفەکەی.[١]

ئەگەرچی دەوڵەتی سەردەمی کۆن لە دەوڵەتی ئەو سەردەمەی ئەمڕۆ جیاوازە، بەلأم لەهەموو کاتێکدا هەندێك ئامانجی جێگرو بەردەوام هەبووە بۆ دەوڵەتو لە هەموو دەوڵەتێکیش هەبووە.[٢]

دووەم دابەشکردنی دەسەڵاتە، مەبەست دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر زیاتر لەیەك کەس یان ئەنجومەن بەهاوبەشی لە پیادەکردنی یەك دەسەڵاتدا بەشداربن.[٣]

کەواتە ئەم دابەشکردنە مانای چەندایەتی(تعدد) دەستەکانی فەرمانرەوایە کەدەکرێت بەگوێرەی سێ وەزیفە یاساییەکانی دەوڵەت دابەش بکرێت بەسەر سێ دەستەو هەریەکەیان بەپیادەکردنی وەزیفەیەکی دیاریکراو هەڵبستن، کەواتە بەومانایە بێت سێ دەسەلأت دەبێت:

١-دەسەڵاتی یاسادانان. ٢-دەسەڵاتی جێبەجێ کردن. ٣-دەسەڵاتی دادوەری.[١]

---

[1] وەرگیراوە لە: (سردار یاسین حمدامین: استقلال السلطة القظائیة بین النظریة والتطبیق، دراسة مقارنة، رسالة ماجستیر، غیر منشور، کلیة القانون والسیاسة- قسم قانون في جامعة صلاح الدین، ٢٠٠١، ل٣٩).

[2] د.مصطفی ابو زید فهمی: س. پ، ل٣٩.

[3] منذر الشاوی: القانون الدستوری نظریة الدولة، ل١٧٤.

سێیەم: پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:

مانای ئەم پڕەنسیپە چڕ نەبوونەوەی هەرسێ دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێ کـردن و دادوەری یــە لەیــەك دەســت، بــەڵکو پێویــستە دابــەش بکرێــت لەســەر دامەزراوەی سەربەخۆو هاوسەنگ لەیەکتری.[2]

کەواتە ئەمەیان فراوانترەو هەردوو ماناکەی پێشوو دەگرێتەوە، چونکە لەلایەك دابەشـکردنی وەزیفەیـە لەلایـەکی دیکـەش دابەشـکردنی دەسـەڵاتە بەسـەر سـێ دەسـتەو چـڕنەبوونەوەی دەسـەڵاتە لەدەسـت یـەك کـەس،[3] بـەڵام جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان بـەمانای سـەربەخۆیی تـەواوی دەسـەڵاتەکان نییـە لەیـەکتری، بـەڵکو هاوسەنگی و هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکانە.[4]

کەواتـە جـۆری پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵاتەکان بـەدوو شـێوە دەبێـت، یەکـەم جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەڕەهایی دەبێت، کەبەشێك لەیاسا ناسان ڕاڤەیەکی هەڵەیان بۆ ئەم پڕەنسیپە کردووە، کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان بە ڕەهایی و وەبـەدابڕان لەیـەکتری لێك داوەتـەوە، و ڕابـەرانی شۆڕشـی فەرەنسی و ئەمـەریکی لــەکاتی دانــانی دەســتوری وڵاتەکــەیان بــۆ ئــەم لێکدانــەوە چــووین.[5] دووەم

---

1 لطيف مصطفى امين: مبدا الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقها في الدساتير العراقية (دراسة تحليلية مقارنة)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون بجامعة– السليمانية، ٢٠٠٣، ل٦٠.

2 د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا: النظم السياسة الدول والحكومات، ل٢٨١" زهير شكر: س. پ، ل١٧٤" MARSHALL, GEOFFREY: CONSTITUTIONAL THEORY, OXFORD AT TGE CLARENDON PRESS, P.110.

3 د.عبدالحميد متولي: القانون الدستوري والانظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، الاسكندرية، القاهرة، ١٩٦٦، ل١٨٧" زهير شكر: س. پ، ل١٧٤.

4 د.محمد محذوب: القانون الدستوري والنظام السياسي في لبنان، ط٤، منشورات الحلب الحقوقية، بيروت– لبنان، ٢٠٠٢، ل١٠٥" د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا: النظم السياسية للدول والحكومات، ل٢٨١" د.عبدالغني بسيوني عبدالله: النظم السياسية والقانون الدستوري، ل٢٦٠.

5 د.عبدالحميد متولي: س. پ، ل١٨٧.

جیاکردنەوەی ڕێژەیی یان نەرمی دەسەڵاتەکانە، ئەگەر جیاکردنەوەی ڕەها ببێتە هۆی ئەوەی هەر دەسەڵاتەی بەشێوەیەکی دابڕاو پیادەی تایبەتکاری خۆی بکات، ئەوە ئەم جیاکردنەوە ڕێژەیی یە بەپێچەوانەوە دەسەڵاتەکان هاوکارو چاودێری یەکتری دەکەن و کاریگەری لەسەر یەکتری دروست دەکەن، ئەمەش ڕێگر دەبێت لەئەگەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، چونکە هەردەسەڵاتەی چاودێری ئەوی دیکە دەکات و ئاستێك بۆ یەکتری دادەنێن ئەگەر دەسەڵاتەکەی خراپ بەکارهێنا.[١]

**٢-٢: ڕەخنە لە پڕەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:**

١- ئەم پرەنسیپە ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپی یەکپارچەیی (یەکبوو)ی دەوڵەت و یەکپارچەیی دەسەڵات و سەروەری، چونکە هەرسێ دەسەڵاتەکە لە دەوڵەت لەشێوەی لەشی مرۆڤە یان وەك ئامێرێکە، کە بەشەکانی بەتوندی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بۆ جوڵاندن و ئاراستەکردن پێویستی بەیەك جوڵێنەرە، بۆیە دەوڵەتیش پێویستی بەیەك سەرکردەو یەك لێپرسراوی ناوەندی هەیە، بەڵام ئەم دوو پێویستیە لەگەڵ دابەش کردنی دەسەڵات لەناو دەچن.[٢]

٢- دابەش بوونی لێپرسراوی، دابەش کردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی دابەش بوونی لێپرسراوێتی لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت، واتە لەم دابەش بوونە هەریەکەیان بەشێکی بچووك لە لێپرسراویەتی بەردەکەوێت،[٣] بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر هەموو دەسەڵات لەیەك دەست بێت نابێتە هۆی دابەش بوونی لێپرسراوێتی.[٤]

٣- ئامانجی ئەم پرەنسیپە دروست کردنی هاوسەنگی و یەکسانی یە لەنێوان هەرسێ دەسەڵات و پارێزگاری لەسەربەخۆییان، بەڵام لە بواری پراکتیکی ئەمە

---

[1] لطیف مصطفی امین: س. پ، ل٦٤.

[2] د. عبدالله اسماعیل البستانی: س. پ، ل١٣٩.

[3] السید صبری: س. پ، ل١٧٢" د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسیة الدول والحکومات، ل٢٨٥.

[4] سردار یاسین حمدامین، س. پ، ل٤٥.

خەیاڵیە، چونكە وردە وردە دەسەڵاتێك دەسەپێ بەسەر دەسەڵاتێكی تر بۆیە تەنها لەبواری تیۆری دەمێنێتەوەو لەواقعی دوور دەكەوێتەوە.[1] جگە لەمە ڕێكخستنی سیاسی لەدەوڵەتانی ئەمڕۆ جا چ ئەوانەی بەفرە پارتیان وەرگرتووە یان بە دوو پارت یان یەك پارت، دەبینین جیاكردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن پراكتیكی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرۆكی حكومەت كە یەكسانە بەسەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێ كردن لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و زۆربەی یاساكانیش لەلایەن خودی سەرۆكی حكومەت پێشكەش بە پەرلەمان دەكرێت.[2] ئەم بۆ چوونەش ڕاستە سەبارەت بە جیاكردنەوەی دادگاش، چونكە دادگاكان ئەو یاسایانە جێبەجێ دەكەن كە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ كردن پێشنیار كرابێت یان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دانرابێت، لەلایەكی تر لە زۆربەی وڵاتەكان دادوەرەكان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ كردن بەڕێو شوێنی تایبەت دادەمەزرێت.[3]

٤- ئەم پرەنسیپە لەسەردەمی ئەمڕۆدا سوودو ڕۆڵی نەماوە، چونكە لەسەرەتادا ئامانجی خودی ئەم پرەنسیپە بۆ داماڵینی دەسەڵاتی یاسا دانان بووە، لەدەستی مەلیك. و بۆ پاراستنی گەل بووە، بەڵام ئەمڕۆ حكومەت لە ڕێگای هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموكراسی دەسەڵات دەگرنە دەست لەبەر ئەوە پێویست بەم پرەنسیپە نەماوە.[4]

بەڵام بەشێكی زۆری ئەو ڕەخنانە تێنەگەیشتنە لەم پرەنسیپە، ئەم تێنەگەیشتنەش پەیوەست نییە بە خودی پرەنسیپەكە، بەڵكو پەیوەستە بە جێبەجێ كردنی پرەنسیپەكە.[5] لەلایەكی تر ڕەخنەكان لەو لایەنەوە سەیری

---

[1] د. محمد كامل ليلة: النظم السياسية الدولة الحكومة، ل٥٦٣" لطيف مصطفى أمين: س. پ، ل٩٢.

[2] د. يحيى جميل: الانظمة السياسية المعاصرة، ل١١٤.

[3] د. يحيى جميل: هـ. س، ل١١٧، ١١٨.

[4] لطيف مصطفى امين: س. پ، ل٩٣.

[5] د. عادل الطبطائى: الحدود الدستورية بين السلطين التشريعية والقضائية، ل٩.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن، کە ڕەهایەو ئێمەش لەم کاتەدا لەگەڵ ئەم ڕەخنەین، کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەڕەهایی سەرکەوتو نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆی دابڕانو دورکەوتنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتری،[1] بەڵام مەبەست لە خودی پرەنسیپەکە ئەوەنیە، بەڵکو مانای ئەوەیە دەسەڵاتەکان لەلایەك یەکسانو سەربەخۆن لەیەکتریو لەلایەکی تر هاوکارو چاودێری یەکترینو دەسەڵاتەکان ناتوانن یەکتری لابدەن، هیچ دەسەڵاتێك سنووری خۆی نەبەزێنێو نەبێتە دسەڵاتێکی ستەمکار، کەواتە کاتێك دەڵێین جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێ ڕاستەوخۆ چاودێری نێوان دەسەڵاتەکانمان لەبەرچاوبێت، بۆیە دەبێ لەپاڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بڵێین چاودێرو هاوکاری نێوانیان.

**٢-٣: جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لە سیستەمە سیاسییەکاندا:**

**٢-٣-١ جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەسیستەمی سەرۆکایەتی:**

لەم سیستەمە سەرۆکی دەوڵەت لەهەمان کاتدا سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، واتە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزە، بەشێوەیەك کاتێك: دەستووری ئەمەریکی دەسەڵاتێکی فراوانو بەسەنگو کاریگەریەیان داوەتە تەنها دەست کەسێك بەشێوەیەك، کە دامەزرێنەرانی دەستوور ئەم مەبەستەیان لە هزر نەبوو، کاتێك ئەو دەقانەیان دارشت کە پەیوەندی بە پۆستی سەرۆکایەتیەوە بوو، تاکە نموونەی ئەم سیستەمەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.[2]

هەڵبژاردنی سەرۆك لە ئەمەریکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەدوو قۆناغ دادەڕوات، لەسەرەتادا دەنگ دەرانی ویلایەتەکان نوێنەرەکانی خۆیان لەهەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران هەڵدەبژێرن، لەقۆناغی دووەم بەدەنگ دانێکی ڕاستەوخۆو نهێنی سەرۆکی دەوڵەت هەڵدەبژێرن.

---

[1] هـ. س، ل٩.

[2] أ. د. داوود مراد حسين: سلطات الرئيس الامريكي بين النص الدستور والواقع العملي، ط١، مركز الكتاب الاكاديمى، عمان، ٢٠٠٦، ل٤٠.

کاتێـك دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن ڕەوایـەتی خۆیـان ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگـای هەڵبـژاردن لەلایـەن گەلـەوە وەربگـرن، ئـەوە مانـای ئەوەیـە سـەرۆکی دەسـەڵاتی یاسـادانان دەسـەڵاتی نییـە، پەرلـەمان هەڵوەشـێنێتەوەو ناتوانێت دەست وەربدات لەکاروبارەکانی، بەهەمان شێوە دەسەڵاتی یاسادانان لەم سیستەمە هەڵدەستێ بەدانانی یاسا، بەڵام ناتوانێ پرسیار ئاراستەی سەرۆکی دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن بکـات، لەهـەمان کاتـدا ناتوانێـت متمانـەی لێـی وەرگرێتەوە.[1]

لـە دەسـتووری ئەمـەریکادا سـەرۆکی دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن بەسـەرۆکی دەوڵـەت دراوە، و لەبڕگـەی دوودا سـەرۆکی هێـزە چـەکدارەکانە و دەسـەڵاتی دامەزرانـدنی فەرمانبـەرە باڵاکـانی وڵاتـی پێـدراوە، مەبەسـتی نوسـەرانی یاسـای بنـەڕەتی لـەم دوو بڕیـار نامەیـە ئـەوەبووە کـە دڵنیـابن لـەوەی وڵاتەکـەیان لـەکاتی قـەیران و بـاری نەهامەتیـدا توانـای ئـەوەی هـەبێ بڕیاربـداو بـەرگری لـەخۆی بکـا، لێکدانەوەی ئەم بڕیارنامانە بەوشێوەیەی سەرەوە لەکاتی چەندین قەیرانی جیاواز جیـاوازدا لەلایـەن سـەرۆکە یـەك لـەدوای یەکـەکانی ئەمـەریکاوە بووەتـە هـۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار لەسەر دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس.[2]

لەدەسـتوری فیـدڕاڵی ئەمـەریکادا دەقێکـی ڕاشـکاوانەی تێـدا نییـە، دەربـڕی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسـەڵاتەکان بێـت، بـەڵام ئـەو دەقانـەی پەیوەنـدی نێـوان هەرسێ دەسـەڵاتەکەی ڕێـك خستووە جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لـەم سیستەمە شـێوەی ڕەهـای وەرگرتـووە،[3] چـونکە کاریگـەری و چـاودێر بەرامبـەر نیـە لـەنێوان دەسەڵاتەکان،[4] بۆ نموونە پەرلەمان ناتوانێ چاودێری کارەکانی دەستەی جێبەجێ

[1] د.يحى الجمل: الانظمة السياسية المعاصرة، ل١٥" لطيف مصطفى امين: س. پ، ل٩٣.

[2] ڕۆتگار لینداڵ/ سەرپەرشتیکار: دابەشکردنی دەسەڵات، و/ فایـەق سـەعید، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢١٠.

[3] أ. د. داوود مراد حسين: س. پ، ل٣٨.

[4] د.صالح جواد الكاظم و د.علي غالب العاني: الانظمة السياسية، مطبعة دار الحكمة، بغداد، ١٩٩١، ل٧٧.

کردن بکات، لەبەرامبەردا سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ناتوانێت پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، و بەفەرمیش دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ناتوانن پێشنیاری پڕۆژەی یاسایی بکەن.[1]

جگە لەوە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە لەهەردوو دەسەڵاتەکەی تر، ئەمە لەلایەنی تیۆری یەوە، بەڵام لەبواری پراکتیکی دا هاوکاریو چاودێری لەنێوان دەسەڵاتەکاندا هەیە. بۆیە گەر بەووردی لەبڕگەکانی دەستوور ووردببینەوە دەبینین:

یەکەم: هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن: سەرۆکی ئەمەریکا لەڕێگای نامەی ساڵانەی کەپێشکەشی کۆنگرێسی دەکات بۆ چوونەکانی خۆی دەربارەی یەکێتی دەخاتەڕوو، کە زۆر کات ئەم پێشنیارانە دەبنە سەرچاوەیەك بۆ پڕۆژەی یاسا، بەڵام بەمانای یاسا نیە کە لە سیستەمی پەرلەمانی هەیە.[2] ویاخود لە ڕێگای لایەنگرانی خۆی لە هەردوو ئەنجومەنەکە پڕۆژەی یاسایی پێشنیار دەکات.[3]

٢- بە گوێرەی دەستوور، ئەنجومەنی پیران لەگەڵ سەرۆك لەدامەزراندنی گەورە فەرمانبەرانو نێردراوی دبلۆماسیدا بەشدارە، و پەرلەمان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش لەدەنگ دان لەسەر پەیماننامەکان لەگەڵ هەندێ لەتایبەتمەندیەکانی سیاسەتی دەرەکی بەشدارن.[4]

٣- پێك هێنانی لیژنەی پەرلەمانی لەلایەن کۆنگرێس بۆ هەموو مەبەستێك،[5] ئەم لیژنانە لەدەستوور ئاماژەیان بۆ نەکراوە، و پارێزگاری لە پەیوەندی نێوان

---

[1] هـ.س، ل٨١" د.عبدالحميد ميتولى: س. پ، ل٢٦١.

[2] د.صالح جواد الكاظم و د.علي غالب العاني: س. پ، ل٨١" د.محمد عبدالحميد ابو زيد: توازن السلطات ورقابتها (دراسة مقارنة) النشر الذهبي، بدون مكان، ٢٠٠٣، ل٢٥١" GEOFFREY MARSHALL: Op. Cit, P.114, 115.

[3] د. صالح جواد الكاظم و د. علي غالب العاني: هـ. س، ل٨١.

[4] بڕوانە: (مادە (٢)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

[5] د.محمد عبدالحميد ابو زيد: س. پ، ل٢٦٣.

حکومـەت و پەرلەمانـدا دەکـەن، ئـەم لیژنانـە هەڵدەسـتن بـەئامادەکردنی پـڕۆژە کـە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان.[1]

دووەم: چاودێری و کاریگەری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن:

١- سـەرۆکی دەوڵـەت مـافی ڤیتـۆی هەیـە لەسـەر ئـەو یاسـایانەی کـە پەرلـەمان دەری دەکات:

سـەرۆکی ئەمـەریکا لـە دەسـتووردا مـافی نـاڕازی بـوونی پێـی دراوە لەسـەر ئـەو یاسایانەی کە کۆنگرێس دەری دەکات،[2] بەڵام ئەم ناڕازی بوونەی سەرۆك تـەنها لــەجاری یەکــەم لەبــەر چــاو دەگیرێــت و ئەگــەر جــاری دووەم ٣/١ی ئەنــدامانی ئەنجومەنەکە ڕازی بوون دەبێتە یاسا. ئەم دەسەڵاتەی سەرۆکی دەوڵەت وەك بەدەر بوونێکە لە سیستەمی جیاکردنەوەی تەواوی نێوان دەسەڵاتەکان.[3]

٢- لـە سیـستەمی سـەرۆکایەتی سـەرۆك لەبـەردەم دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن لێپرسراو نیە، بەڵام پەرلـەمان دەتوانێ لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ بکات و سزای بدات لەســەر هەنــدێ تــاوان وەك (خیانــەت) و ڕەشــوە، گــەورە کــەتن (جنایــە) و کــەتن (جنحــە)ی ترســناك،[4] کــە لــەم کاتــەدا پەرلــەمان تۆمەتەکــەی ئاراســتە دەکــات و ئەنجومەنی پیرانیش دادگایی دەکات سزاکەی لادانە لەسەر کارەکەی.

٣- دەسـەڵاتی دادوەری چـاودێری کارەکـانی دەسـەڵاتی یاسـادانان دەکـات، لـە ڕێگای چاودێری دەستووری بوونی یاساکانەوە.[5]

**٢-٣-٢: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی پەرلەمانی:**

ئـەم سیـستەمە تـا ئـەمڕۆ بـەر بڵاوتـرین سیـستەمی فەرمانڕەواییـە لـە دەوڵەتـە فیدڕاڵیەکاندا، یاساناسان سەبارەت بە دیاری کردنی پایەو ڕەگەزە گرنگەکانی ئەم

[1] د.عبدالحمید متولي: س. پ، ل٢٨٣.
[2] د.محمد عبدالحمید ابو زید: س. پ، ل٢٦٢" سولاف محمد امین: س. پ، ل٥٤.
[3] د.محمد عبدالحمید ابو زید: ه. س، ل٢٦٠.
[4] بڕوانە: (مادە (٢) بڕگە (٤)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).
[5] د. فیصل کلثوم: س. پ، ل٥٠٩.

سیستەمە هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە دابەشی دەکەن، بەڵام لەناوەڕۆك دا هەموویان یەك دەگرنەوە. لێرەدا ئێمە پایەکانی ئەم دوو سیستەمە لە دوو پایەدا کۆ دەکەینەوە، یەکەم دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، دووەم هاوکاریو چاودێری ئاڵوگۆڕە لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو دەسەڵاتی یاسادانان.[١] جگە لەوە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی لەسیستەمی پەرلەمانی مەرجە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێتو لەفەرمانڕەوایەتیدا پیادەی دەسەڵاتێکی چالاکی کرداری بکات.[٢]

لەڕاستی دا ئەو هاوکاریو هاوسەنگی یە ناوەڕۆکی سیستەمی پەرلەمانی یە لەبەر ئەوەی بەنەمانیان دەبێتە نەمانی ئەو سیستەمە هەرچەندە پەرلەمان بوونی هەبێت،[٣] کەواتە سیستەمی پەرلەمانی بەگوێرەی پایەی یەکەم سەرۆکی دەوڵەت هەمان کەس نییە کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، کەواتە: سەرۆکی دەوڵەت ئەگەر لە ڕووی تیۆری دابنرێت بەسەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، بەڵام دەسەڵاتەکەی بۆ ناوەوە نا چالاکە ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی لێپرسراوی سیاسی یە لەبەردەم پەرلەمان،[٤] بەڵام نەبوونی ئەم لێپرسراویەتییەی سەرۆکی دەوڵەت جیاوازە، چونکە ئەگەر سەرۆك مەلیك بێت ئەوسا مەلیك لەهەردوو ڕوی سیاسییو تاوانکاری لێپرسراو نییە، بەڵام ئەگەر حکومەت کۆماری بێت ئەوسا سەرۆکی دەوڵەت تەنها لە ڕوی سیاسیی لێپرسراو نییە.[٥]

لەسیستەمی پەرلەمانیدا وەزارەت تەواوکەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، چونکە وەزارەت لێپرسراوە لەڕوی سیاسیی بەکردار پیادەی دەسەڵات دەکات،[٦] و

---

[1] د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٣٢٠.
[2] هـ. س، ل٢٥٩، ٢٦٠.
[3] د. عبدالله اسماعيل البستاني، س. پ، ل١٣٨.
[4] د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٣٢٢.
[5] وەرگیراوە لە: (لطيف مصطفى امين: س. پ، ل٩٦).
[6] د.محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٣٢١.

**لێپرســراویەتی وەزارەتــیش لەبــەردەم پەرلەمانــدا لێپرســراویەتێکی سیاســی بەکۆمەڵە.[1] هـەروەها وەزارەت لەسیستەمی پەرلـەمانی هاوکـارە لـەنێوان سـەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمان، نـەك تـەنها ملكەچی سـەرۆکی دەوڵـەت بێت وەك لەسیستەمی سەرۆکایەتی هەبوو.[2]**

**پایەی دووەم کە هاوسەنگی و هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکانە زۆربەی یاسا ناسان لە دوو خاڵ دا دەیبیننەوە:**

**١-لێپرسراویەتی وەزارەت لەبەردەم پەرلەمان.**

**٢-مافی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەهەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان.[3]**

**خــاڵی یەکــەم بــەگرنگترین تایبەتمەنــدی سیــستەمی پەرلــەمانی دادەنرێــت بەشێوەیەك مـوریس دوفرجیـە پێـی وایـە تـەنها ئـەم تایبەتمەندیـە بەسـە بـۆ ئـەوەی سیستەمێك بەپەرلەمانی دابنرێت.[4]**

**خاڵی دووەمیش بـۆ ڕاگرتنی هاوسـەنگی نێـوان دەسـەڵاتەکانە، کـە لەبەرامبـەر ئەومافەی دراوە بە پەرلەمان مافی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانیش دراوە بە دەسـەڵاتی جێبــەجێ کــردن، واتــە پەرلــەمان پــێش کۆتــایی هــاتنی مــاوە یاســایەکەی هەڵدەوەشێتەوە.[5]**

---

[1] د.صالح جواد الكاظم و د.علی غالب العانی، س. پ، ل٧٠.

[2] د.عبدالحمید میتولی: س. پ، ل٢١٧.

[3] د. عبدالله اسماعیل البستانی: س. پ، ل١٥٣.

[4] وەرگیراوە لە: (لطیف مصطفی امین: س. پ، ل١٠٤).

[5] وەرگیراوە لە: (هـ. س، ل١٠٢).

### ٢-٣-٣ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی کۆمەڵ (سیستەمی ئە نجوومەن):

نموونەی بەرچاو لەبواری پراکتیکی بۆ پەیڕەو کردنی ئەم جۆرە سیستەمە دەوڵەتی سویسرای فیدراڵییە، لەلایەن شارەزایانی دەستووری سویسرا بریتییە، لەو وڵاتەی ئەم سیستەمەی تیایدا سەرهەڵداوەو جێگیر بووە.[1] و سیستەمی حکومەتی بە کۆمەڵە لەسەر بنەمای پاشکۆیەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و تێك هەڵکێشان تیایدا دانراوە، واتە ڕێکخستنی ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوسەنگی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن دانەمەزراوە.[2]

بەو مانایەی کە پەرلەمان هەردوو وەزیفەی یاسادانان و جێبەجێ کردن لەخۆ دەگرێت، لەڕێگای لیژنەیەك وەزیفەی جێبەجێ کردن پیادە دەکرێت ئەویش لەژێر ڕێنمایی و چاودێری پەرلەمان دەبێت.[3]

کەواتە لەو سیستەمە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن لەئاستێکی یەکساندا نین، چونکە دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بالاترەو پاشکۆیەتی و ملکەچە بۆ فەرمانەکانی و لێپرسراوە لەبەرامبەری.[4]

لەوەشدا دەردەکەوێت پەرلەمان مافی هەڵوەشانەوەو هەموارکردنی بڕیارەکانی حکومەتی هەیەو وەزیرەکان لەبەردەوام پەرلەمان لێپرسراون و دەسەڵاتی لادانیانی

---

[1] د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٣٦٧.

[2] د. عبدالغنى بسيونى عبدالله: النظم السياسى والقانون الدستوري، ل٢٥٣" د. فيصل كلثوم:، س. پ، ل٦٨٤ "Select constitutions, Op. Cit, P.443" د. محمد كاظم المشهدانى: النظم السياسية، دار الحكمة، بغداد، ١٩٩١، ل٨٥.

[3] د. عبدالغنى بسيونى عبدالله: النظم السياسية والقانون الدستوري، ل٢٥٣" ابراهيم عبدالعزيز شيحا: القانون الدستورى الدول والحكومات، ل٣١١.

[4] د. عبدالغني بسيونى عبدالله: االنظم السياسة والقانون الدستورى، ل٢٥٣" ابراهيم عبدالعزيز شيحا: النظم السياسة الدول والحكومات، ل٣١١" د. نعمان احمد الخطيب: الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستورى، ط١، دار الثقافة، عمان، ٢٠٠٤، ل٣٨٦.

هەیـە.[1] و لـەو سیـستەمە سـەرۆك هـیچ دەسـەڵاتێکی لەسـەر ئەنجوومـەنی یـەکێتی نییــە، ئەنجوومــەنی یــەکێتی ناتوانــێ پەرلــەمان هەڵوەشــێنێتەوەو دەســت لــە کۆبوونـەوەکانی وەربـدات و ناتوانـێ پێـشنیاری متمانـەو هەڕەشـە بەدەسـت لـەکار کێشانەوە بکات.[2]

لەسویسرا لەبەرئـەوەی ئەنجوومـەنی یـەکێتی لەپەرلەمانـەوە هەڵدەبـژێرێت ئەمـە بەیەکەم هەنگاوی ملکەچ بوونی ئەنجوومەنی یەکێتی بۆ پەرلەمان دادەنرێت.[3]

### ٢-٤: دەسەڵاتی دادوەری و ڕەگەزەکانی:

### ٢-٤-١ پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری:

لەتەوەری پێشوودا ڕوون بـۆوە بـەپێی پرەنـسیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، دەسـەڵاتی سـێیەم لـە دەوڵـەت دەسـەڵاتی دادوەرییـە، ئـەم دەسـەڵاتە سـەربەخۆیە لەهــەردوو دەســەڵاتی یاســادانان و جێبــەجێ کــردن، ســەربەخۆیی دادگــا بریتیــە لەئەنجامی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.[4] و ڕێگایان پێ نادرێت دەست وەربـدەن لـەکاروباری دادگـا (القـضاء)،[5] بـەڵام بـەر لەپێناسـەکردنی سـەربەخۆیی

---

1 د. نعمـان احمـد الخطيـب: الوسـيط فـی الـنظم الـسياسية والقـانون الدسـتوری، ل٣٨٨" د. عبدالغنی بسيونی عبدالله: النظم السياسية والقانون الدستوری، ل٢٥٤.

2 د. اسماعيل الغزال: س. پ، ل٣٩١، ٣٩٢.

3 د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٣٦٩.

4 سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل٧٢" Select constitutions, Op. Cit., P.118.

5 ووشەی (القضاء) لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ووشەی دادگایە، و لە زمانی عەرەبی بە زۆر مانای جیاواز بەکارهاتووە، بۆ نموونە بەمانای کردن و بەجێ گەیاندن دێت، بەمانای ڕاگەیاندن و هەواڵ پێ گەیاندن، ڕوون کردنەوە، درووست کردن، مردن و کوشتن، دیاری کردن و سنووردارکردن، حوکم و پابەندی، ئیرادە، فەرمان، بەڵام هەموو ئەو بەکارهێنانە بۆ یەك مانا دەگەڕێتەوە ئەویش تەواوکردنی یان بەتاڵ کردنەوەی لێی جا چ کردار بێ یان قسە. و (القضاء) لە عورفی شەرعی بریتیە لەیەك لاکردنەوەی بەرامبەرەکان و کێشەکان. بڕوانە: (د. اسماعيل ابراهيم البدوي: نظام القضاء الاسلامي، ط١، جامعة الكويت، ١٩٨٩، ل٨٤، ٨٥، ٨٦" د. يس

دادگا پێویستە لەو پرسیارە دەست پێ بکەین، کە ئایا دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە یان ئەرکێك سەربەخۆیە؟

هەندێك لەیاساناسان لەپێش هەموویانەوەش (د.ثروت انیس الاسیوطی) دادگا بەدەسەڵاتێکی سەربەخۆ دانانێت لەهەردوو دەسەڵاتەکەی تر، بەڵکوو دادگا دادەنێت بەوەزیفەیەکی سەربەخۆو پێیان وایە لە دەوڵەت تەنها دوو دەسەڵات هەیە، یەکەم دەسەڵات یاسادانان، دووەم دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن،[١] بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دان بەسەربەخۆیی دادگادا دەنێن، دیارە ئەمەش لەسروشتی دادگا وەرگیراوەو پرەنسیپی سەربەخۆیی دادگا لای ئەم گروپە بریتییە لەوەی دەسەڵاتەکانی تر ناتوانن دەست لەکاروبارەکانیان وەربدەن و لە تایبەتکارییەکانیان کەم بکەنەوەو دادوەرەکانیش ملکەچ نابن بۆ هەمان ڕێسای گشتی وەزیفی کە لەسەر فەرمانبەرەکان جێبەجێ دەکرێت، بەڵکو دڵنیایی تەواویان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان،[٢] بەڵام بەگوێرەی ئەم بۆچوونە دادگا گرنگترین تایبەتمەندی نامێنێ، کە یەکسانی بوونییەتی وەك دەسەڵات لەگەڵ دوو دەسەڵاتەکەی تردا.[٣] (محمد عبدالخاق) دەڵێت: "ڕاستە لەم کاتەدا دادوەر وەك فەرمانبەرێکی گشتی سەیر دەکرێت و ملکەچ دەبێ بۆ سیستەمی یاسایی وەزیفەی گشتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێ دڵنیایی تایبەتی دەبێت سەبارەت بە گواستنەوەو پلە بەرزکردنەوە"،[٤] بەڵام بۆ چوونی دووەم کە بە بڵاوترو

---

عمر يوسف: استقلال السلطة القضائية في النظامين والوضعي والاسلامي، ط١، دار مكتبة الهلال، بيروت– لبنان، ١٩٩٥، ل٢٥١" فاروق كيلاني: استقلال القضاء، ط٢، دار المؤلف، بيروت– لبنان، ١٩٩٩، ل٢٥" د. محمد فاروق النبهان: نظام الحكم في الاسلام، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٨٧، ل٦١٤).

[1] وەرگیراوە لە: (القاضی مدحت المحمود: القضاء في العراق، (دراسة استعراضية للتشريعات التي نظمت شؤون القضاء في العراق)، ط١، مكتبة العدل، وزرارة العدل، ٢٠٠٥، ل٣٤).

[2] القاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٣٤.

[3] وەرگیراوە لە: (د. يس عمر: س. پ، ل١٧).

[4] د. محمد عبدالخالق عمر: النظام القضائي المدنى، ج١، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٦، ل٣٣.

ڕاسـتر دادەنرێـت، بریتیـە لـەوەی دادگـا دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆیە نـەك تـەنها وەزیفەیـەکی سـەربەخۆبێت، واتـە لەگـەڵ دوو دەسـەڵاتەکەی تـر لـە دەوڵـەت لـە ئاستێکی یەکسانە، ئەمەش مانای وایە کە دەسەڵاتی یاسادانان مافی ئەوەی نییە، دەست لەکاروباری دەسەڵاتی دادوەری وەربدات و ناتوانێ یاسا دەربکات بۆ ئەوەی ڕێگا لـەدادگا بگرێـت، تـا نـەتوانێ سـەیری چـەند کێـشەیەك بکـات، هـەروەها دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردنیش بەهـەمان شـێوە ناتوانـێ هەڵـستێ بـەداماڵینی تایبەتکارییەکانی دادگا.[١]

جگە لەوە دادوەرەکان تەنها بۆ یاسا ملکەچ دەبن، چونکە لە ڕێگای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری سەروەرکردنی یاسا دێتە دی،[٢] هۆی ئەمـەش دیارە کـە دادوەر ئەندامە لە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە دوو دەسەڵاتەکەی تر، بۆیـە ملکـەچ ناکـات بـۆ ئـەو ڕێـسا گـشتیانەی لەسـەر فەرمانبـەران جێبـەجێ دەکرێـت وەك گواسـتنەوەو دامەزرانـدن و لادان. جگـە لـەوە پێویـستە بـۆ سـەرکەوتنی کارەکـەیان دڵنیایـان بـۆ دابین بکرێت. جگە لەم دوو بۆ چوونە (ابراهیم نجیب) بۆ چونێکی تـری هەیـە کە گونجانـدنی هـەردوو بـۆ چـوونەو ئـەڵێ: "ئەگـەر دادگـا دەسـەڵاتێك بێـت لـە دەسـەڵاتەکانی دەوڵـەت لەهـەمان کـات خزمـەت گوزاریەکـە لـە خزمـەت گوزارییـە گـشتیەکانی، کـە هەڵدەسـتێ بەڕێکخـستنی بەمەبەسـتی هێنانـەدی پێویـستی هاولاّتیـان..."،[٣] بـەلاّم ئێمـە بـۆ چوونی یەکـەم بەڕاسـت دەزانین، چونکە ماناکـان لەپـشت بۆچـوونی دووەمـدا ئـەوە دەگەیـەنێ ئەگـەر دادگـا وەزیفـە بێـت مانـای داماڵینی دادگایە لە تایبەتکارییـەکانی.[٤] کەواتـە دادگـا دەسـەڵاتێکی سـەربەخۆیەو لەگەڵ دوو دەسەڵاتەکەی تر لە دەوڵەتدا یەکسانە.[٥]

---

[1] د. عبدالغنی بسیونی عبدالله: مبدأ المساواة امام القضاء وكفالة حق القاضي، ط٢، منشورات الحلبی الحقوقیة، جامعة بیروت العربیة، بدون سنة، ل٣٢.

[2] مجموعة مؤلف العرب: س. پ، ل٢٥٨.

[3] د.ابراهیم نجیب سعد: القانون القضائی الخاص، ج١، منشاة المعارف بالاسكندریة، بدون سنة الطبع، ل٢٤٥.

[4] د. یس عمر یوسف: س. پ، ل١٧.

[5] ZINES, LESLIE: THE HIGH COURT AND THE CONSTITUTION FOURTH. EDITION, (1997), p. 202.

لەبەر گرنگی ئەم پرەنسیپە بۆ پارێزگاری ماف و ئازادی تاکەکان دەستووری زۆربەی وڵاتەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، چونکە دەستوور باڵاترین یاسایە لەوڵات بۆ ئەوەی هیچ دەسەڵات و لایەنێك نەتوانێت پێشێلی بکات، جگە لەمە لەبەر گرنگی پرەنسیپەکە لەزۆربەی ڕێککەوتن نامەو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان باسکراوە، بۆ نموونە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارە (٤٠/٣٢ لە ٢٩ تشرینی دووەمی ١٩٨٥ و (٤٠/١٤٦ لە ٢٩ کانوونی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٥). [1] کۆمەڵەی گشتی نیشتمانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردووە دەستووری هەموو وڵاتەکان پرەنسیپی سەربەخۆیی دادگا لە خۆ بگرێت. [2] و لەڕاگەیاندنی مافی مرۆڤی جیهانی مادە (١٠) ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین، کە ئەم سەربەخۆییەی دادگا لە دەستورو دەقەکانی ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لەپرەنسیپی دادپەروەری هاتووە، بۆیە ئەگەر لە دەوڵەت دەقی دەستووری لەسەر ئەم پرەنسیپە هەبوو، ئەوە بۆ جەخت کردنەوەیە، بەڵام ئەگەر لەدەستووردا باس نەکرابوو ئەوکاتە ئەو پرەنسیپە هەردەبێ و هەموو یاسایەك بە پووچەڵ دادەنرێت ئەگەر ئەو سەربەخۆیەی کۆت کرد. [3]

کاتێك لە دەستور بڕیار لەسەر سەربەخۆیی دادوەری دەدرێت پێویستە چەند دڵنیاییەك و ڕێ و شوێنێك دابنرێت بۆ هێنانەدی ئەو سەربەخۆییە لەبواری جێبەجێ کردن، چونکە بڕیارو دەق بەتەنها بەس نیە بۆ هێنانەدی ئەم پرەنسیپە، [4] جگە لەوە ئەم دڵنیاییانەو ڕێ و شوێنانە دەبنە پاڵپشت بۆ بەهێزکردن و هێنانەدی سەربەخۆیی دادگا.

---

[1] مجموعة مؤلف العرب: س. پ، ل٢٥٣.

[2] القاضی مدحت محمود: س. پ، ل٣٠.

[3] د. فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٨" (ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر سیستەمی سیاسی وڵات بەشێوەیەکی تەندرووست و دیموکراسی پیادەی دەسەڵاتی دەکرد).

[4] د.ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٥٥" سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل٨٧.

**٢-٤-٢ چۆنیەتی کارکردن و دانانی دادوەرەکان:**

١- دڵنیایی لانەدانی دادوەر: ئەم دڵنیاییە لەگرنگترین دڵنیایەکانی سەربەخۆیی دادگا دادەنرێت لەبەر ئەوە دەستووری زۆربەی وڵاتان ئاماژەیان بۆی کردووە، بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە دادوەرەکان لەبەر ئەوەی ئەندامی دەسەڵاتێکی سەربەخۆن، بۆیە ناتوانرێت دادوەر لەشوێنەکەی لابدرێت یان پلەکەی دابەزێنرێت یان لەکارکردن ڕابگیرێت یاخود بگواسترێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم گواستنەوەیە بۆ ناوەندێکی یەکسان بەشوێنی خۆی بێت یان باڵاتر بێت لەم کاتەش بەبێ ڕەزامەندی خۆی ڕێگە نادرێت.[1] واتە هەموو ئەو بڕیارانەی کار دەکەنە سەر شوێن و پلەی دادوەر لەکارەکەیدا، کەواتە ئەم دڵنیایی یە دەبێتە دوورخستنەوەی ترس و هەڕەشە کەڕووبەڕووی دادوەرەکان دەبێتەوە.[2]

جگە لەوە لەلایەکی تر گرنگی ئەم پرەنسیپە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ترسی لادانە کاریگەری دەبێ لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان لەلایەن دادوەرو ناتوانێ بەدادپەروەرانە بڕیار (حوکم) لەسەر کێشەکان بدات و مافەکان بۆ تاکەکان بگەڕێتەوە. کەواتە: بۆ ئەوەی دادوەر دەست بگرێت بە تەرازووی دادپەروەری پێویستە نەترسێت لە وەزیفەو دواڕۆژی،[3] لەدەستووری ئەمەریکی داهاتووە کە ناکرێت دادوەرەکان لابدرێن تا ئەوکاتەی ڕەوشتیان باشە.[4] واتە ناکرێت دادوەرەکان لە پۆستەکەیان لابدرێن تەنها ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەرایەتی (تۆمەتی تاوانکاری) ڕووبەڕو کردنەوە،[5] ئەم دڵنیاییەش مانای ئەوە نییە، کە دادوەر هەرچیەك بکات و لە هیچ کاتێك نەتوانێت لابدرێت وەك ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا هەبوو،[6] واتە دادوەریش لێپرسراوە لەکەم و کوڕی و هەڵەکانی، بۆیە دەکرێت دادوەر بە شێوەیەکی گشتی بە دوو کۆت لابدرێت:

[1] موريس دوفرجية: المؤسسات السياسية والقانون الدستوري والانظمة السياسية الكبرى، ت/ د. جورج سعد، ط١، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٢، ل١٤٣.

[2] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل٩٥.

[3] د.ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٦٥.

[4] مادە (٣)، بڕگە (١) لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[5] اوستن رئی: س. پ، ل٢٢٥.

[6] د.ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٦٧.

أ- هاتنەدی ئەو حاڵەتەی بەهۆیەوە دادوەر لادەدرێت و لەیاسای بەرکاردا ئاماژەی بۆ کرابێت،[1] بۆ نمونە دەستووری ئەڵمانیا دەسەڵاتی داوە بەدادگای دەستووری باڵا بەزۆرینەی ۳/۱ی ئەندامەکانی لەسەر داوای ئەنجومەنی نوێنەرایەتی فیدڕاڵی، دادوەر بگوازتەوە لەکارەکەی یان خانەنشینی بکات یان دەری بکات، ئەگەر پێشێلی ڕێسای سەرەکی دەستووری کرد.[2] کەواتە لانەدانی دادوەر نیشانەیەکی دیارو هەست پێ کراوە بۆ بوونی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن.[3]

ب- پێویستە لادانەکە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری بەسەربەخۆیی بێت.[4]

٢- ئاستی مووچەو گوزەرانیان باڵاو پارێزراوبێت: بۆ ئەوەی دادوەرەکان دووربن لەهەموو کاریگەریەك، بۆ ئەوەی بەدروستی دادپەروەری بێتەدی، پێویستە دڵنیایی ژیانیان هەبێ و مووچەو گوزەرانیان لەئاستێکی زۆر باش بێت تا کاریگەری پارەو ماڵ بەسەریان دوور بێ و بەئاسانی هەڵنەخەڵەتێن.[5]

جگە لەمە پێویستە ئەو مووچەیان پارێزاروبێت، واتە دووربێ لەهەڕەشەی کەمکردن و بڕین لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان، ئەم حاڵەش زۆر جار لەدەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە، بۆ نموونە لە دەستووری ئەمەریکی باسی کردووە، کە نابێت مووچەی دادوەرەکان کەمبکرێتەوە.[6] و ئەگەر دادوەرەکان بەشێك بن لەدەسەڵاتی دادوەری کە پێویستە مووچەیان سەربەخۆ بێت و دوور بی لەکاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن لەسەری

---

[1] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٣٠٤.

[2] مادە (٩٨)، یاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو ساڵی ١٩٤٩.

[3] د. نجیب احمد عبدالله الجبلی: س. پ، ل٤٢.

[4] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٣٠٤.

[5] د. سعید السید علی: حقیقة الفصل بین السلطات في النظام السیاسی والدستوری للولایات المتحدة الامرکیية، بدون سنة والمکان الطبع، ل٢١٤.

[6] مادە (٣)، بڕگە (١)، لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوکاتـە چـاکترە بودجـەی دەسـەڵاتی دادوەری سـەربەخۆ بێـت، ئەمـەش لـە مـادە (٦)ی بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی عەرەبی ئاماژەی بۆ کردووە.[١]

٣- دڵنیـایی بـۆ ڕێو شـوێنی پلـە بەرزکردنـەوەی دادوەرەکـان: لەبـەر ئـەوەی دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، بۆیە بۆ پارێزگاری لەو سەربەخۆیە دەبێت دادوەر دوور بێت لەهەموو کاریگەریەك کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن دەخرێتە سەری، بۆیە پێویستە پلە بەرزکردنەوەی دادوەرەکان بەشێوەیەك ڕێکبخرێت نەتوانرێت لەم ڕێگایەوە کاریگەری لەسەربەخۆیی دادگاکان بکەن، چونکە هەر چەندە پلە بەرزکردنەوەی دادوەرەکان دوور بێ لە دەسەڵات، لەبەرانبەر ئەوە سەربەخۆیی دادوەرەکان زیاد دەکات.[٢]

دەکرێت لەسەر دوو پێوەر پلەبەرزکردنەوە دابنرێت، یەکەم لەسەر بنەمای کۆن بوونە لەکاری دادوەری،[٣] دووەم لێهاتووییە،[٤] بەڵام ڕێگەی دووەم زیاتر ڕێگە دەدات بەدەسەڵاتی سیاسی بۆ دەست وەردان تیایدا،[٥] چونکە ڕاوەستاوە لەسەر هەڵسەنگاندن کە دەکرێت ئەم هەڵسەنگاندەش بەدادپەروەری نەبێت. دەتوانرێت کێشەی پلە بەرزکردنەوە چارە بکرێتو کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش لەسەر نەمێنێت، ئەویش بەدوو ڕێگا:-

یەکەم: ڕێگای ڕێکخستنی پلە بەرزکردنەوە بسپێردرێت بە پەیکەری دادوەری (جسم القضائی) خۆیان وەك پێکهێنانی ئەنجوومەنێك لەڕێگای هەڵبژاردن.[٦]

دووەم: ئاستێك دابنرێت بۆ پلە بەرزکردنەوە.[٧]

---

1 وەرگیراوە لە: (سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٠١).

2 زهیر شکر: س. پ، ل١٨٤.

3 موریس دوفرجیة: س. پ، ل١٥٠.

4 زهیر شکر: س. پ، ل١٨٤.

5 هـ. پ، ل١٨٤.

6 موریس دوفرجیة: س. پ، ل١٥١.

7 هـ. پ، ل١٥١.

٤- دڵنایی بۆ سزانەدانی دادوەر لەسەر بڕیارەکان (حوکمەکان): دادوەر بەر لەهەرشتێ مرۆڤە، مرۆڤیش قابیلی هەڵەیە، بۆیە ئەو ئەگەرە هەیە کە دادوەر لەدەرکردنی بڕیارەکان لەکاتی سەیرکردنی کێشەکان‌و یەك لایی کردنەوەیان تووشی هەڵەبێت، کەواتە پێویستە دادوەر لێپرسراو نەبێ لەهەردوو لایەنی شارستانی‌و تەمێکاری لەکاتی هەڵە لەدەرکردنی بڕیار، جگە لەو کاتەی کە هەڵەیەکی پیشەیی گەورە دەکات.[١] ئەم دڵنیایەش هێزی زیاتر دەدات بەدادوەر بۆ سەرکەوتنی لەکارەکەی، چونکە دوو دڵی‌و ترس لەدادوەر دوور دەخاتەوە لەکاتی جی بەجێ کردنی کارەکەی.

٥- ئازادی بۆ چوون‌و ڕوانین (ئیجتهاد):

دابین کردنی ئازادی ئاسۆی بیرکردنەوەو بۆ چوون فراوان دەکات، بۆیە ئازادی بۆ چوون‌و ڕوانین دادەنرێت بە پێگەیەکی سەرەکی سەربەخۆیی دادگا،[٢] چونکە بەهۆی ئەم ئازادی یە دادوەر بۆچوونەکانی لە بڕیارەکانی دەردەبڕێت بەپێی ویژدانی‌و دوور لە پاڵەپەستۆو کاریگەری، ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ داهێنان.[٣] لێرەدا ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە، کە ناکرێت دادوەر لەسەر بۆ چوونی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت هەرچەندە هەڵەش بێت، چونکە دادوەر لێپرسراو نییە لە هەڵەکانی، وە هێنانەدی ئەم ڕێسایە پێویست بەدەق ناکات لەبەرئەوەی ئەمە لەسروشتی دادگا خۆیەوە وەرگیراوە.[٤]

٦- دابین کردنی لێهاتووی‌و شارەزایی بۆ دادوەر:- لەسەردەمی ئەمڕۆدا زۆری‌و ئاڵۆزی یاساکان پێویست دەکات دادوەر شارەزایی‌و تایبەتمەندی لەیاسا هەبێت، چونکە شارەزایی‌و تایبەتمەندی بۆ بەهێزکردنی توانای لێکدانەوەو شی کردنەوەو بڕیار دەرکردن لەلای دادوەر ڕۆڵیان دەبێت، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی

---

[1] د. سعيد السيد علي: س. پ، ل٢١٣.

[2] فاروق الكيلاني: س. پ، ل٤٦.

[3] هـ. پ، ل٤٦.

[4] هـ. پ، ل٤٧.

فراوان كردنی عەقڵیەتی یاسایی دادوەر.[١] لە سەدەكانی كۆن دا سەرەتا پرەنسیپی تایبەتمەندی نەناسرا بوو، چونكە لە خێڵدا پیری خێڵەكە هەڵدەستا بە چارەسـەری ناكۆكیـەكان و بـەڕۆڵی دادوەر هەڵدەسـتا لەمەشـدا هـیچ مـەرجێك ڕەچـاونەدەكرا كەسەربەخۆیی و بێ لایـەنی دادوەر بهێنێتـەدی. لـەڕۆمانی كـۆنیش بەهـەمان شێوە بـوو بـەڵام لـەوێ سـەرۆكی خێـزان بـۆ چارەسـەری ناكۆكیـەكان دادوەر بـوو، دواتـر مەلیك ئەو ئەركەی گرتە ئەستۆ.[٢]

جا لەبەر ئەمە لەسەر دەوڵەت پێویستە، بەو ڕۆڵە هەڵبستێ و چاودێری ئەم خاڵە بكات،[٣] بۆ نمونە دەستووری ئەڵمانیا لێهاتوویی و توانای دادوەری دیـاری كـردووە ئەمـەش بـەبێ جیـاوازی لـە نێـوان دادوەری فیـدڕاڵی و دادوەری هەرێمـەكان، كـە مەرجەكان بەسەر هەردووكیان جێ بەجێ دەكرێت،[٤] بەڵام لـە سویـسرا هـیچ دەقێك نیـە ئامـاژەی كردبـێ بـۆ لێهـاتوویی و شـارەزایی یاسـایی وەك مـەرجێك بـۆ ئـەو كەسانەی بەدادوەر دادەمەزرێن، بەڵام بەپێی عورف ئەوە جێگیر بووە كە تـەنها ئـەو كەسانە هەڵدەبژێردرێن كە پارێزەرن.[٥] ئەمەش مانای وایە دەبێت كەسانی یاسایی بن و كۆلێژی یاسایان خوێندبێ.

كەواتـە ئـەركی دەوڵەتـە هەڵبـستێ بەدەوڵەمەنـدكردنی دادوەرەكـان لەولایەنـەوە ئـەویش لـەڕێگای ڕاپـۆرت و توێژینـەوەی یاسـایی و دانـانی مـەرجی زانـستی پێویست، بۆ وەرگرتنی ئەم پرەنسیپە.

٧- چۆنیتی دانانی دادوەر: ڕێگاكانی دیاری كردنـی دادوەرەكـان جیـاوازن، و سەركەوتن و باشی و خراپی ڕێگاكان بەستراوەتەوە بەئاستی گەشەو پێشكەوتنی

---

1 هـ. پ، ل٣٧.

2 هـ. پ، ل٣٩،٣٨.

3 د. محمد عبدالحميد ابوزيد: س. پ، ل٣٣٧.

4 قاضی نبيل عبدالرحمن حياوي: السلطة القضائية في الدول الاتحادية الفيدرالية"ط١، السلطة القضائية (٧)، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤، ل٩٣.

5 هـ. پ، ل١٢٣.

وولأتەکە لەهەموو لایەکەوە، بۆ ئەوەی دادوەر سەربەخۆبێت پێویستە هەست بەوە بکات کە قەرزاری کەسێکی دیاری کراوو لایەنێکی دیاریکراو نییە لە دیاریکردنی بۆ پۆستی دادگا، بەڵکو دادوەر بەتوانستو لێهاتویی خۆی پێی گەیشتووە بەبێ ئەوەی یەکێك چاکەی بەسەرەوە بێت لەوەدا.[١]

بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی ئەمڕۆدا دوو ڕێگا هەیە بۆ دانانی دادوەر، یەکەم ڕێگای هەڵبژاردن، دووەم ڕێگای دامەزراندن، بەلأم لەکۆندا لەسەدەی ١٤ی زاینی وەزیفەی دادوەری دەگوازرایەوە بۆ میراتگرەکانی یان دەتوانرا بیفرۆشێت، چونکە لەو سیستەمە دادوەر خاوەنی وەزیفەکە بوو، و ئەو کەسەی دەیکڕی دەبووە خاوەنی، بۆیە نەدەتوانرا لابدرێت.[٢]

ڕێو شوێنی دامەزراندن بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی دادوەری گرنگە، چونکە پێویستە بەشێوەیەك دابمەزرێت ملکەچی هەردوو دەسەلأتی یاسادانانو جێبەجێ کردن، و هیچ پارتو دەستەیەك لە ولأت نەبێت، بۆیە لێرەدا هەردوو ڕێگاکە بەجیاواز دەخەینەڕو: .

١–ڕێگای هەڵبژاردن: دادوەر هەڵدەبژێردرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، و ئەمەش دەگونجێت لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلأتەکانو لەگەڵ سەربەخۆیی دەسەلأتی دادوەری.[٣]

جگە لەمەش ئەو سیستەمە لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە، کە گەل بریتییە لەسەرچاوەی دەسەلأت، و هەڵبژاردنی دادوەر یەکێکە لە ڕووەکانی سەروەری گەل، دەسەلأتی دادوەریش بەدەسەلأتێك لەدەسەلأتە گشتییەکانی دەوڵەت دادەنرێت.[٤] هەروەها هەڵبژاردن بەدوو ڕێگا دەبێت یان بەڕێگای هەڵبژاردنی

---

[1] د.یس عمر یوسف: س. پ، ل٣٣" فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٩٠.

[2] وەرگیراوە لە: (زهیر شکر: س. پ، ل١٨٠" فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٩٠).

[3] د.یس عمر یوسف: س. پ، ل٣٤.

[4] د. سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل٨٩" فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٩١" مێژووی ئەم ڕێگایە بۆ ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە لەکاتی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسا.

ڕاستەوخۆ وەك ئەوەی لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پەیڕەو دەكرێت، كە هەركەسێك مافی دەنگ دانی هەبێت بەشداری دەكات لەدیاری كردنی دادوەر.[1] یان لەڕێگای هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی گەل یان پەرلەمان، واتە ئەمانە بەناوی گەل و بەنوێنەرایەتی گەل هەڵیان دەبژێرن و سویسرا بۆ هەڵبژاردنی دادوەرانی دادگای باڵای فیدراڵی بەم ڕێگایەی وەرگرتووە.[2]

لایەنە باشەكانی ئەم ڕێگایە بریتییە لە زیاتر گرنگی دانی گەل بە دادگاو و زیاتر بوونی پەیوەندی نێوان دادوەرو گەل.[3] و دەبێتە بەهێزكردنی سەربەخۆیی دادوەر لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێ كردن.[4] و كورت كردنەوەی ئەو ڕێو شوێنانەی پێویستە تا ئەوەی ببێت بە دادوەر، جگە لەوە دادگا لەدەست چینێكی دابڕاو لە كۆمەڵگا دێتە دەر،[5] بەلاَم لەگەڵ ئەوەش لایەنی خراپی زۆرترە، بۆ نموونە یەكێك لەمەرجەكانی دادوەر پێویستە كەسێكی شارەزاو لێهاتوو بەتوانابێت، بەلاَم ئەم مەرجە لە هەڵبژاردن نایەتەدی، چونكە ئاستی وشیاریی و ڕۆشنبیری خەڵك لەوئاستە باڵایە نییە، كە بتوانێت بەپێی ئەومەرجانە دادوەر هەڵبژێرێت، بەڵكو لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی یان لایەنگری پارتێك دادوەر هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی كەسانی بەتوانا، لەو پۆستە گرنگە، بۆ نمونە لەهەندێ ویلایەتی ئەمەریكا بەم ڕێگایەی وەرگرتووە ئەوە ڕوون بۆتەوە، كە ئەو دادوەرانەی لە هەڵبژاردنەكان دەرناچن باشترو تایبەتمەندترین بەبەراوورد لەگەڵ ئەوانەی دەردەچن.[6] جگە لەمە پارتە

[1] كارول مورلاند: النظام في الولايات المتحدة، ت/ د. محمد لبيب شنب، دار النهضة العربية، القاهرة، بدون سنة، ل٨٩.

[2] محمد كامل ليلة: النظم السياسية، ل٦٨٧" فاروق الكيلاني: س. پ، ل٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٢.

[3] د.ابراهيم نجيب سعد: س. پ، ل٢٧٤، ٢٧٥.

[4] سردار ياسين حمدامين: س. پ، ل٨٨.

[5] د.يس عمر يوسف: س. پ، ل٣٤.

[6] زهير شكر: س. پ، ل١٨١.جگە لە هەلبژاردنی دادوەر لەلایەن گەل ڕێگای تریش هەیە بۆ هەڵبژاردن وەك هەلبژاردنی دادوەر لەلایەن توێژێكی دیاریكراو لە هاولاتی وەك لە فرنسا

سیاسیەکان لەپاڵ دادوەرەکانن بۆ دەرچوون لەهەڵبژاردنەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دادوەرەکان ملکەچ بن بۆ ئەو پارتە سیاسییەی کە پاڵاوتوویەتی.[1]

هەروەها هەڵبژاردن ماوەکەی هەرچەند بێت هەر بەکاتی دادەنرێت، چونکە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی هەڵبژاردن هەڵبژاردنەوەی دادوەر د بۆ جارێکی تروباره دەکرێتەوە، ئەمەش دژ دەبێت لەگەڵ پرەنسیپی شایستە نەبوونی دادوەر بۆ لادان وادەکات سیستەمی دادوەری هەژار بێ لە شارەزا، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەی هەڵبژاردنە بەس نییە بۆ وەرگرتنی شارەزایی.[2]

کەواتە ئەگەر ئەم ڕێگایە سەربەخۆیی دادوەر بهێنێتەدی لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، بەڵام لەبەردەم پارتە سیاسیەکان و دەنگدەران هەردەم قەرزارو ملکەچیان دەبێت.

٢- ڕێگای دامەزراندن:

ڕێگای دامەزراندنی دادوەر بەشێوەیەکی گشتی بە دوو شێوە دەبێت، شێوەی یەکەم: دامەزراندنی داوەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، زۆربەی وڵاتەکان ئەم ڕێگایەیان بۆ دامەزراندنی هەموو جۆرە پلەیەکی دادوەر وەرگرتووە، و لەزۆربەیان سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان وەزیری داد یان ئەوکەسەی لەشوێنی ئەوە بەم ئەرکە هەڵدەستێ،[3] هەر لەم شێوەی دامەزراندنەدا بەهاوبەشی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێت یان بەهاوبەشی لەنێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێت،[4] بەڵام دامەزراندنی دادوەر بەتەنها لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان،[5] بەبۆچوونی ئێمە ڕاست نییە بەڕێگای

---

بازرگانەکان یان سەرۆکی پرۆژە بازرگانی و پیشەییەکان ئەندامانی دادگای بازرگانی هەلدەبژێرن، یان هەلبژاردنی ئەندامانی دادگای باڵا لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت.

1 د. محمد كامل ليله: النظم الساسية، ل٦٨٦.

2 د. يس عمر يوسف: س. پ، ل٣٥، ٣٦.

3 اوستن رئى: س. پ، ل٢٢١.

4 د. يس عمر يوسف: س. پ، ل٣٦.

5 ه. پ، ل٣٦.

دامەزرانــدن دابنرێــت، چــونکە لــەم ڕێگایــە دەچــێتە دەرەوەو لــەڕێگای یەکــەم دادەنرێت.

ئەم ڕێگایە سەربەخۆیی دادگاکان ناهێنێتەدی، چونکە لێرەدا دادوەر ملکەچە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و قەرزاری دەبێت. جگە لەوە دامەزراندنی دادوەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێتە هۆی دەست وەردان لەکاروباری دەسەڵاتی دادوەری، ئەمەش پێشێلی پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانە،[1] بەڵام (العمید الطماوی) بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەم ڕێگایە دژ بێت لەگەڵ سەربەخۆیی دادگا، چونکە یاسا ئەو ڕێو شوێن و مەرجانە دیاری دەکات، بۆ ئەوەی لەو کەسەدا هەبێت کە دەبێتە دادوەر، لێرەشدا پێویست دەبێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ڕەچاوی ئەو مەرج و ڕێو شوێنانەبکات.[2] لەلایەکی دیکە دڵنیایی هەیە ڕێگا نادات بەلادانی دادوەر هەر لەم بارەیەوە زهیر شکر بۆ ئەوە دەچێت، کە دەتوانرێت بەچەندین ڕێو شوێن سەربەخۆیی دادوەر بپارێزرێت لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، کە لەم خاڵانە کورتی کردۆتەوە:

١- ئــاڵوگۆڕی بــەردەوامی حکومــەت ئــاڵوگۆڕی بــەردەوامی دادوەرەکــانی بەدواوەدەبێت.

٢- لیژنەیەکی پسپۆڕ لەکەسانی شارەزاو یاسایی و مامۆستای زانکۆو هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی لیستی ناوی دادوەرەکان، بۆ دامەزراندن لەسەر بنەمای لێهاتوویی و دادپەروەری، ئەم فلتەرەش ڕێگرە لەبەردەم ئەگەرە خراپەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

٣- دامەزراندنی دادوەرەکان تەنیا لەیەك لایەنەوە نیە، بەڵکو فەرمانی دامەزراندنیان پێویستی بە ئیمزای سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ئەنجومەتی وەزیران و وەزیری داد هەیە.[3] یاخود بەلایەنی کەم لەنێوان دوولایەن دەبێت.[1]

---

1 سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل٩٣.

2 وەرگیراوە لە: (د. یس عمر یوسف: س. پ، ل٣٦).

3 زهیر شکر: س. پ، ل١٨٣.

شێوەی دووەم: دامەزراندنی دادوەر لەلایەن دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ باشترین شێوازە، کە سەربەخۆیی دادگا دەهێنێتەدی. لەم شێوازە دەستەیەکی دادوەری باڵا دادەمەزرێت، کە هەر وڵاتەی ناوێکی جیاوازی بۆ داناوە، لە گەورە دادوەران پێك دێت و سەرپەرشتی هەموو کارو بارێکی دادوەرەکان دەکات بەپێ ی یاسا، سەربەخۆیی ئەم ئەنجوومەنە بەڵگەیە بۆ سەربەخۆیی دادگا.[2]

ئەم شێوازەش هەموو لایەنە کەمو کورییەکانی شێوازەکانی دیکە ناهێڵێ، چونکە ئەو ئەنجومەنە بۆ گەل یان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ملکەچ نابێت، و قەرزاری هیچ کەس و لایەنێك نابن و بەسەربەخۆیی و بێ لایەنی کارەکانیان جێبەجێ دەکەن، لەلایەکی دیکە لەبەرئەوەی ئەم ئەنجومەنە لەکەسانی شارەزای یاسایی پێك دێت، کەواتە باشترین دادوەر هەڵدەبژێرن بۆ ئەرکی دادوەری.[3]

زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم ڕێگایەیان وەرگرتووە، چونکە لەم ڕێگایە سەربەخۆیی دادگاو پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دێتەدی.

**٢-٤-٣ مەرجەکانی دادوەر لەدەسەڵاتی دادوەریدا:**

**١-بێ لایەنی دادوەر:**

دوو ڕەگەز کە باس کرا زۆر گرنگە لە دادگا، یەکەم دان پێ نانی دادگا وەك دەسەڵات، دووەم سەربەخۆیی دادگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستە دادگا بێ لایەن بێت، چونکە نەمانی بێ لایەنی لە دادگا واتە پاراستن و لایەنگری ستەمکاری.[4] بێ لایەنی دادگا بەستراوەتەوە بەڕەگی یەکەم فەلسەفە بۆ هزری دادوەر، کە گرانە گونجاندن بکرێت لەنێوان هێنانەدی دادپەروەری نموونەیی و کەسی دادوەری مرۆڤ

---

[1] دەستووری ئەمەریکی دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرەکان بەهاوبەشی دراوە بەسەرۆکی دەستەی جێبەجێ کردن لەگەڵ ئەنجومەنی پیران" بڕوانە: (مادە (٢)، بڕگە (٢)، لەدەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[2] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٩٤" د. نجیب احمد عبدالله: س. پ، ل١٥، ١٦.

[3] فاروق الکیلانی: هـ. س، ل٢٩٤.

[4] د. یس یوسف عمر: س. پ، ل٤٧.

لەبەر ئەوە لە کۆمەڵگای کۆن دادوەر سەبارەت بەلایەنەکانی داواکە بێگانە بوو بۆ ئەوەی لایەنگری هیچیان نەکات.[١]

دادوەر نابێت بەهیچ جۆرێك لەدەرکردنی بڕیارەکان ئینتیماو لایەنگری هەبێت بۆ لایەنو چینو پارتو ئایدۆلۆجیای دیاری کراو، چونکە لەلایەك سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، لەلایەکی تر هێنانەدی دادپەروەری وادەخوازێت دادوەر دووربێت لە دەمارگیریو لایەنگری، لەبەرئەوەی دادگا شوێنی وەرگرتنەوەی مافەو، ئەگەر دادوەر بێ لایەن نەبێت ئەوکات پێشێلی مافی تاکەکان دەکرێت، چونکە دەمارگیری واتە وەرگرتنەوەی ماف لە خاوەنەکەیو پێ دانی بەیەکێك، کە بەستراوەتەوە بەدادوەر بە بەستنەوەیەکی دیاریکراو جا چ ئاینی بێت یان هەرێمی یان خێڵەکی ئەمەش مانای نکۆڵی دادپەروەرییە،[٢] بەلام تێکەڵاوبوونی دادوەر بۆ ناو پارتی سیاسیو ڕێکخستنی سیاسی مەترسی زیاترە، وەك لایەنگری بۆ چینو هەرێمێکی دیاریکراو، چونکە دادوەر دەکرێتە ئامێرێك بەدەست دەوڵەت بۆ خزمەتی بەرنامەو ئایدۆلۆژیای تایبەت بەخۆی، کە دەبێت دادوەر پێش بەرنامەی سیاسیی ولات داد پەروەری لەبەرچاو بگرێت.[٣] بەپێی تیۆری کۆن دادوەر هەڵدەستێ بەڕاڤەکردنی (تفسیر) یاسا، کە لەلایەن کەسانی تر دانراوە بەواتایەکی تر دادوەر هەڵناسێ بەدروست کردنی یاسا، جالەبەر ئەوەی ئەو ئاشکراکردنە پێویستی بە شارەزاییو لێهاتوویەکی یاسایی بەرز هەیە، بۆیە ئەم ئەرکە ئەرکی شارەزایانی یاساییە نەك سیاسیی.[٤] و لەوکاتەدا سەربەخۆیی دادگا ڕووبەڕووی مەترسیەکی دیکە دەبێتەوە، کە بریتیە لە نەمانو لەدەست دانی ئازادی بیرکردنەوە، چونکە دادوەر تەنها هەڵدەستێ بەجێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی پارتەکەی،[٥] بەلام تا ئەمڕۆش زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵیەکان دادوەرەکان هەڵدەبژێرن لە نێوان ئەو دادوەرانەی کە لایەنگری پارتی بالا دەکات، بۆ نموونە

---

[1] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٠٢.

[2] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٣٧.

[3] د.محمد عبدالخالق عمر: س. پ، ل٢٩.

[4] اوستن رنی: س. پ، ل٢٢٩.

[5] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٣٣.

لەئەمەریکا سەرۆك وای پیشان دەدات كە دادوەرەكان لەنێوان كەسانی شارەزاو لێهاتوو هەڵدەبژێرێت، بەڵام لەساڵی ١٨٩٥ تا ئەمڕۆ دیاریكردنی ٩٠٪ی هەموو دادوەرەكانی فیدڕاڵی لە ئەمەریكا لەنێوان كەسەكانی لایەنگری پارتەكەی سەرۆك بووە.[١] بۆیە ئەگەر ئەمە بووبێتە ڕاستیەك لەدیاریكردنی دادوەرەكان، بەڵام پێویستە دادوەرەكان لە كاتی دەركردنی حوكمەكانیان كاریگەری بۆ چوون و پاڵەپەستۆی لەسەر نەبێت،[٢] چونكە دادوەریش وەك هەر هاووڵاتیەكی ئاسایی مافی پیادەكردنی مافە سیاسیەكانی هەیە، بەڵام نابێت ئەم مافە پێشێلی پرەنسیپی بێ لایەنی بكات وەك ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ حیزب بكات یان ووتاری سیاسی...هتد.[٣] لەبەر گرنگی ئەم پرەنسیپە دەستوورو یاسای زۆربەی وڵاتەكان باسیان كردووە نابێت دادوەر ئینتیمای بۆ هیچ پارت و لایەنێك هەبێت، لەكاتی پیادەكردنی ئەركی دادوەری. بۆ نموونە لە دەستووری ئەڵمانیدا، هاتووە نابێت دادوەر ئینتمای هەبێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی فیدڕاڵی و ئەنجومەنی فیدڕاڵی و حكومەتی فیدڕاڵی یان بۆ هیچ دەسەڵات و دەستەی هەرێمێك[٤] و لەدەستوری سویسراش هاتووە، هەركەسێك كاری دادوەری بكات نابێت هیچ ئەركێكی سیاسیی و هیچ كارو بازرگانی و پیشەیەكی دیكە بكات.[٥]

### ٢-٤-٤ دابین كردنی ئەو دڵنیاییانەی پەیوەندیان بە هاوڵاتیانەوە هەیە:

لەدوو بابەتی پێشوو باسی ئەو دڵنیاییانەكرا، كە پێویستە لەدادگا و دادوەر هەبێت بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی دادوەری، لایەنی سێیەمیش، كە پەنا دەبەنە بەر دادگا بۆ وەرگرتنەوەی مافەكانیان بریتی یە لە هاووڵاتی. لەگرنگترین دڵنیایی بۆ هاووڵاتیان بریتیە لە یەكسانی لەبەردەم دادگا، واتە سەرجەم هاوڵاتیان یەك

---

[1] وەگیراوە لە: (اوستن رئی: س. پ، ل٢٣٩).

[2] د.محمد عبدالخالق عمر: س. پ، ل٢٨.

[3] وەرگیراوە لە: (سەردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٠٤).

[4] مادە (٩٤)، بڕگە (١)، لەیاسای بنەڕەتی كۆماری ئەڵمانیای یەكگرتوو ساڵی ١٩٤٩.

[5] مادە (١٠) لە دەستووری سویسرای یەكگرتوو ساڵی ٢٠٠٠.

مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لەبەردەم دادگا بەبێ جیاوازی لەنەتەوەو زمانو ئاینو ڕەنگو ڕەگەز،[1] ئەمەش چەند ئەنجامێکی گرنگی لێ دەکەوێتەوە:

١-یەك پارچەیی (یەکبوونی) دادگا:

واتە پێویستە لە سکاڵا کردن سەبارەت بەهەموو هاوڵاتیان لەبەردەم هەمان دادگا جیاوازی نەبێت، ئەمەش پێویست دەکات، کە دادگای تایبەتو بەدەر نەبێت بۆچەند تاکێكو یان چینێکی دیاری کراو.[2] ڕێو شوێنو چۆنیەتی پێك هاتنی ئەم دادگایانە جیاوازە لە دادگای ئاسایی، ئەمانە بەلەبەرچاوگرتنی چەند هۆکارێك دروست دەبنو گومانیش لەوە دا نییە، کە ئەم دادگایانە پێشێلی پرەنسیپی یەکسانی دەکەنو کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دەروونی هاوڵاتیان و متمانە بەدادگا کەم دەبێت، لەهەمووی گرنگتریش دەبێتە مایەی لەناوبردنی یەکپارچەیی دادگا، چونکە لایەنی دادوەری زۆر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دژبوونی تایبەتمەندی دادگاکان.[3] جگە لەوە پێشێلی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سەربەخۆیی دادگایە، چونکە لەڕێگای ئەم جۆرە دادگایانە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەست لەکاروباری دەسەڵاتی دادوەری وەردەدات.[4] و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەڵدەستێ بەدانانی ئەندامەکانیو ڕێکخستنی دادگای تایبەت، و ئەم دادگایە ملکەچە بۆ ئەم دەسەڵاتە، کە ئەندامەکانی کەسانی بێلایەن نین و شارەزاییان کەمەو هەروەها ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوەش لەژێر چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە.[5]

بۆ نمونە بوونی دادگایەکی تایبەت بەکەسانی ناودار یان پیاوە ماقووڵەکان، بەڵام ئیبراهیم نەجیب سەعد لە دوو ئەگەر بۆ ئەوە دەچێت کە جیاوازی بکرێت لە

[1] زهیر شکر: س. پ، ل١٨٣.

[2] د. عبدالغنی بسیونی عبداللة: مبدا المساواة امام القضاء وکفالة حق القاضی، ل٢٣٠.

[3] د. ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٤٠،٢٣٩،٢٣٨.

[4] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٣١.

[5] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٥٢١.

دروست کردن و دامەزراندنی دادگای بەدەربوو بۆ پێشێلی پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم دادگا: کە یەکەمیان پێشێلی پرەنسیپەکە ناکات و دووەمیان دەیکات، وەك:

١- ئەگەر یاسادانەر بەپێوەری سروشتی کێشەکە یان تاوان وەری گرت بۆ دیاریکردنی تایبەتکاری ئەو دادگا بەدەربوانە.

٢- ئەگەر یاسادانەر لەدروستکردنی ئەو دادگایانە بەو لایەنەی وەرگرت کە پەیوەندی هەیە بەکەسی سکاڵاکار یان پیشەکەی پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم دادگا ناهێڵێ،[١] بەلاّم بەبۆچوونی ئێمە هەردوو ئەگەر لەبەردەم دادگا، پێشێلی پرەنسیپی یەکسانییە، چونکە پێویستی ئەم پرەنسیپە وادەخوازێت هەموو تاکەکان یەکسان بن لە ملکەچ کردن بۆ رێسای یاسایی و دڵنیایی و ناکرێت جیاوازی بکرێت کەچەند کەسێك یان کۆمەڵێك کەس بەرێسای جیاواز حوکم بدرێت.[٢] بڕیارەکانی لەم دادگایە دەردەچن بێ لایەن نین و زۆربەی کات ئەم دادگایانە دەسەڵاتی فراوانیان هەیە و زۆربەی تاوانەکان دەچێتە ناو چوارچێوەی تایبەتکارییەکان، ئەمەش پێشێلی ماف و ئازادی تاکەکان دەکات کە لە دەستووردا هاتووە، جگە لەوە ئەم دادگایانە لە ویلایەتی دادگای ئاسایی کەم دەکاتەوە، کە ئەمەش دەست وەردانە لەتایبەتکاری دادگای ئاسایی و دەست درێژیە بۆ سەر دەسەڵاتی دادوەری.[٣] بۆیە جیاوازی رێو شوێنی داوا بەرزکردنەوەو دڵنیایی و مافی تاوانبار لەم جۆرە دادگایانە جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ دادگای ئاسایی بۆیە دەبێتە هۆی پێشێل کردنی یەکسانی لەنێوان تاکەکان.[٤]

نموونە دیارەکانی ئەم جۆرە دادگایە دادگای (کتو پرە- الطوارىء) وە دادگای (ئاسایشی دەوڵەتە)، جۆری یەکەم بریتییە، لەو دادگایەی کە لەکاتی دروست

---

[1] د. ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٣٩.

[2] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٥١٧.

[3] بۆ زیاتر بڕوانە: (فاروق الکیلانی: س. پ، ل٥٢١- ٥٢٤).

[4] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٣٢.



هەولێرنامەی کتێب

بوونی بارودۆخی نائاسایی وەك كارەسات و جەنگ، لەو كاتەدا دەوڵەت ناتوانێ بەڕێوشوێنی ئاسایی ڕووبەڕووی بێتەوە تەنها بەنائاسایی و بەدەربوون، كە سنووری پرەنسیپەكان و دەستوور ببەزێنێ بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بەماف و ئازادی تاكەكانەوە هەیە.[1]

لەیاسای بەرگری شارستانی فیدڕاڵی و ئاسایشی ناوەخۆی ساڵی ١٩٥٠ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی كاتی كتو پڕی دراوە بەسەرۆكی دەوڵەت لەكاتی جەنگ، جا لەم كاتەدا سەرۆك دەسەڵاتی بەدەربوون و داواكاری گشتی و دەسەڵاتی گرنگی هەموو كەسێكیان پێ دەدەن كە بەپێویستی دەزانن.[2]

لە دەستووری ئەڵمانیادا ڕێگە نادرێت بەدادگایی بەدەربوو[3] لە سویسرا ڕێگا بەدادگای نائاسایی نادرێت و پێویستە لەسەر هەرێمەكانی مامەڵەیەكی یەكسان لەگەڵ هەموو هاوڵاتیان بكەن وەك هاوڵاتیانی هەرێمەكەی، جا چ لە یاسا بێت یان لە ڕێوشوێنی دادوەری بێت.[4]

كەواتە بۆ پاراستنی ماف و ئازادی تاكەكان و پێشێل نەكردنی سەربەخۆیی دادگا و یەكسانی لەبەردەم دادگادا، دەسەڵاتی دروست كردنی دادگای تایبەت و بەدەربوو لە هیچ كاتێك نەدرێت بەدەسەڵاتی جێبەجێ كردن و ئەگەر یەكێك لە باشیەكانی دادگای بەدەربوو بریتی بێت لەوەی كە هەندێ تاوان هەیە پێویستی بەكۆكردنەوەی كەسانی شارەزاو لێهاتووی زیاترە، ئەوا چاكترە بازنەی تایبەتمەند دروست بكرێت لەناو دادگا ئاساییەكان و ژمارەی دادوەرەكان زیاد بكرێت.[5]

---

1 د.یس عمر یوسف: س. پ، ل٥٧.

2 هـ. س، ل٥٨.

3 مادە (١٠١) لە یاسای بنەڕەتی كۆماری ئەڵمانیای یەكگرتوو لە ساڵی ١٩٤٩.

4 القاضي نبيل عبدالرحمن: الدول الاتحادية الفدرالية (٧)، السلطة القضائية، ط١، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤، ل١٠٦.

5 وەرگیراوە لە: (د.ابراهيم نجيب سعد: س. پ، ل٢٤٠.

یەکێك لەودادگا بەدەر بووانەی لە دەوڵەتەکان باسکراوە، دادگای سەربازییە، کەئەم دادگایە ویلایەتی هەیە لەسەر هێزە چەکدارەکان لەو تاوانانەی، دەیکەن لەکاتی هەستان بەکارەکانیان.[1]

٣- بەخۆڕایی دادگا: بۆ ئەوەی هەموو لایەك بەیەکسانی بتوانن بگەنە دادپەروەری، دەبێ پەنابردن بۆ دادگا بێ بەرامبەر بێ،[2] بەڵام ئەم ئەنجامە زیاتر خۆی لەبواری تیۆری دەبینێتەوە وەك لەبواری پراکتیکی، چونکە ئەگەر لەبواری تیۆری پەنابردن بۆ دادگا بەخۆڕایی بێت، بەڵام لەلایەنی پراکتیکی دەبینین تێچوونی داوانووسینو ماندووبوونی پارێزەرو پول... پارەیەکی زۆری دەوێ، و لەبەر جیاوازی ئاستی ئابووری تاکەکانیش ئەم یەکسانییە نایەتەدی.[3] بۆیە ئەم پرەنسیپە لەتەواوکەرانی پرەنسیپی یەکسانی یە بۆ ئەوەی تاکەکان بەبێ جیاوازی بتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن.[4]

٤- یەکسانی لەمافی سکاڵا کردن:

مەبەست لەو مافە ئەوەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی بتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەدی ئاسایش، چونکە هەرکاتێك پێشێلی مافی تاکەکان کرا دەتوانن بۆ وەرگرتنەوەی پەنا بۆ دادگا ببەن، جا لایەنی پێشێل کار هەرکەسێكو هەر دەسەڵاتێك بێت، لەبەر ئەوە لەسەر دەوڵەت پێویستە هەموو کۆسپو تەگەرەکان لابدات، کە ڕێگر بێت لەبەردەم تاکەکان بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانن سکاڵا بکەن.[5] کاتێك کێشە لەنێوان تاکەکان دەبێت بەئاسایی دەتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان، بەڵام

---

1 د.یس عمر یوسف: س. پ، ل٦٣.

2 د. عبدالغنی بسیونی عبدالله: مبدأ المساواة امام القضاء وکفالة حق القاضی، ل٢٩.

3 هـ. س، ل٣٠.

4 د.ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٤١.

5 د.محمد عبدالحمید ابوزید: س. پ، ل٣٣٨، ٣٣٩.

کاتێك کێشەکە لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتە هەندێ کات دەوڵەت کۆسپ دروست دەکات لەبەردەمیان بۆ نەگەیشتن بەمافەکانیان.[١]

ناکرێت ئەم مافە لەلایەن دەسەڵات دەستی بەسەر دابگیرێت یان پێشێل بکرێت، چونکە مافی شکات کردن مافێکی پیرۆزە، و هەریاسایەك دەربچێت بۆ ئەو مەبەستە یاسایەکی نا دەستووریە،[٢] چونکە مافی سکاڵا کردن بەمافێکی سروشتی دادەنرێت، کە بەتاکەکانەوە نووساوە ناکرێت لێیان جیابکرێتەوە.[٣]

**٢-٥ پەیوەندی و کاریگەری دەسەلاتی دادوەری لەگەڵ دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن:**

**٢-٥-١ پەیوەندی و کاریگەریی دەسەلاتی دادوەری لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێ کردن:**

**٢-٥-١-١ پەیوەندی دەسەلاتی دادوەری لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێ کردن:**

سەرەتا لە نێوان یاسا ناسان جیاکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە جێگای گفتوگۆیەکی زۆر بوو، چونکە وەك لە پێشوو باسمان کرد گروپێك لە یاسا ناسانی یاسای گشتی نکۆلیان دەکرد لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.[٤] بە بۆچوونی ئەوان لە دەوڵەت تەنها دوو دەسەڵات هەیە، یەکەم دەسەڵاتی یاسادانانە کە ئەرکی دانانی یاسایە، دووەم دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە کە ئەرکی جێبەجێ کردنی یاساکانە لە دەوڵەت.[٥] بەهۆی ئەوەی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دادوەری بەجێبەجێ کردنی یاسا هەڵدەستن، بۆیە دەسەڵاتی دادوەری بەبەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دادەنرێت،[٦] بەڵام

---

1 د. يحيى جميل: النظام الدستوري في الكويت، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٧٠-١٩٧١، ل٤٠٥.

2 فاروق الكيلاني: س. پ، ل٤٢٨.

3 د.محمد عبدالحميد ابوزيد: س. پ، ل٣٤٠.

4 وەرگیراوە لە: (د.ابراهيم نجيب سعد: س. پ، ل٥٣-٥٤).

5 القاضي مدحت محمود: س. پ، ل٣٤" د.ابراهيم نجيب: س. پ، ل٥٤.

6 د. احسان حميد المفرجي وأخرون: س. پ، ل٧٥.

ئەمڕۆ لە دەستوری هەموو وڵاتان دان نراوە بە دەسەڵاتی دادوەریو دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، کە بەدەسەڵاتی سێیەم دادەنرێت.

هەردەم پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو دەسەڵاتی دادوەری بەهێزترە و مەترسی دەست وەردان لە کاروباری دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش بە هێزترە.[1] تەنانەت بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەهۆی سروشتی ئەرکەکەی زۆربەی کات باڵا دەست بووە لەسەر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو دادوەری.[2] لە بەرئەوە یاسا دانەر ئەمەی لەبەر چاو گرتووەو هەوڵی داوە ئاستێك دابنێ بۆ دەست وەردانی دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتێکی دیکە.[3]

پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە لە بوونی وەزارەتی داد دەردەکەوێت کە وەزارەتێکە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە و کاریگەریەکان لە سەر دەسەڵاتی دادوەری لەوێوە دەبێت بە هۆی سەرپەرشتیو بەڕێوەبردنی کارەکانی فەرمانبەرانی، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمڕۆ ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت دادگاکان سەربەخۆ بنو ئەم کاریگەرییە دوور بخەنەوە بڕیاریان داوە (ئەنجومەنی دادوەری) دابمەزرێنن، کە لەکەسانی لێهاتووی یاساییو شارەزا پێك دێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروباری دەسەڵاتی دادوەری بکەن.

دادوەرو داواکاری گشتیو فەرمانبەرەکانی دادگا فەرمانبەرن لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئەمەش وادەکات پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە بەهێزتر بێت، چونکە زۆربەی کات دامەزراندنو پلە بەرزکردنەوەو گواستنەوەو موچەو سزادانو لادان لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە یان بە چاودێری ئەوە. لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتی دادوەری مافی چاودێریو هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی هەیە.[4]

---

[1] د.ابراهيم نجيب سعد: س. پ، ل٥٤-٥٥.

[2] د.يس عمر يوسف: س. پ، ل١٧٥.

[3] د.ابراهيم نجيب سعد: س. پ، ل٥٥.

[4] د. يس عمر يوسف: س. پ، ل١٧٥، ١٧٦" د.ابراهيم نجيب سعيد: س. پ، ل٥٥.

کەواتە پەیوەندیو کارتێکردنە کە دوو جەمسەرییە لەلایەك دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری بەهۆی بوونی چاودێری لەسەر بڕیارەکانی کاری تێدەکرێت، لەلایەکی دیکە دەسەڵاتی دادوەری بەهۆی فەرمانبەرەکانی دادوەرو داواکاری گشتیو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کاری تێدەکرێت.

بۆیە ئێمە هەردوو لایەنی کاریگەریەکە باس دەکەین، یەکەم کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەسەر دەسەڵاتی دادوەری، دووەم کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

**٢-٥-١-٢ کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەسەر دەسەڵاتی دادوەری:**

أ- دامەزراندنی دادوەرەکان: لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ دوو ڕێگا کرد کە ئەمڕۆ لە دەوڵەتە فیدراڵیەکان پیادە دەکرێت بۆ دامەزراندنی دادوەرەکان، ڕێگای دامەزراندن یەکێك لەم سێ ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە زۆر یاخود کەم دەست وەردەدرێت لەکاروباری دەسەڵاتی دادوەری،[١] لە دەستووری ئەمەریکی دەسەڵات بە سەرۆکی دەوڵەت دراوە بەو پێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە هەڵبستێ بە دامەزراندنی دادوەری دادگای باڵا، بەڵام بەمەرجێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەنجومەنی پیران بکات.[٢] لێرەدا کاریگەریەکە دروست دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوانیان، سەرۆکەکانی ئەمەریکا دەسەڵاتەکەیان لە دامەزراندنی دادوەرەکانی دادگای باڵا بەکاردەهێنن وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریکراو یان بۆ سەرکەوتنی سیاسیی خۆیان.[٣] بۆ نمونە سەرۆکی دەوڵەت لە ساڵی ١٨٧٠ دا دوو ئەندامی لە دادگای باڵا دامەزراند لە پێناو بڕیارێکی گرنگ کە دادگای باڵا لە ساڵی ١٨٧٠دا دەری کردوو وە یەکی نەگرتەوە لەگەڵ بۆ چوونی سەرۆك.[٤]

---

[1] محمد کامل الليلة: النظم السياسية، ل٦٨٩، ٦٩٠.

[2] مادە (٢)، بڕگە (٢)، لە دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[3] د. سعید السید علی: س. پ، ل٣٤٦.

[4] د. یس عمر یوسف: س. پ، ل١٨٢.



هەواڵنامەی کتێب

لەم دیاریکردنەدا (وەزیری داد)[١] یارمەتی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەدات. دیارە دیاریکردنی دادوەر لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێچەوانەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، ئەمەش بەهۆی جێبەجێ نەبوونی ئەو ڕێسایەی، کە پێویستە ئەندامانی هیچ دەسەڵاتێك بەشداری لە دیاریکردنی ئەندامانی دەسەڵاتەکانی دیکە نەکەن.[٢] بەتایبەت دیاریکردنی دادوەر لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن زیان دەگەیەنێ بە سەربەخۆیی دادگا و دادپەروەری و نەهێشتنی متمانەی خەڵك بەدادگا.[٣]

لەبەرامبەر ئەمەش هەندێ جار دەستوور وشیاری لەهەندێ بڕگەو مادە دەدات، دەربارەی دەست وەرنەدان لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، بۆ نموونە دەستووری میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی بەسەرۆکی فیدڕاڵی داوە جگە لەسەرۆك و دادوەرانی دادگای باڵا هەڵسێ بەدامەزراندنی گشت گەورە فەرمانبەرانی فیدڕاڵی لە شارستانی و سەربازی،[٤] و لەدەستووری ئەمەریکی کاری دادوەری تەنها لەچوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری یەو دوو دەسەڵاتەکەی دیکە ناتوانن پیادەی بکەن.[٥]

ب- دەرکردنی لێبووردن: دەسەڵاتی دادوەری لە ڕێی دادگا هەڵدەستێ بە تۆمەتبارکردنی کەس و لایەنەکان، بەڵام هەندێ جار دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەهۆی ئەوەی مافی دەرکردنی لێبووردنی پێدراوە ئەم بڕیارانەی دادگا هەڵدەوەشێنێتەوەو لەم ڕێگەیەوە کاریگەریەکە دەردەکەوێت، بەهۆی بوونی دەقی دەستووری لەسەر پێ دانی دەسەڵاتی بەخشینی لێبوردن بەسەرۆکی دەوڵەت بەو

[1] (نائب العام): بەئەرکی وەزیری داد هەڵدەستێ لە سیستەمی سیاسی ئەمەریکی.

[2] د.سعد السيد علي: س. پ، ل٣٤٨.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: (د.فاروق الكيلاني: س. پ، ل١٦٤، ١٦٥، ١٦٦).

[4] مادە (٥٤) لە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١.

[5] د.سعيد السيد علي: س. پ، ل٢٠١.

پێیـەی سـەرۆكی بـاڵای دەسـەڵاتی جێبـەجێ كردنـە.[١] لێبـووردن دوو جۆرە، یەكـەم لێبـوردنی گشتی كـە خـودی تاوانەكـەش دەگرێتـەوەو نـایهێڵێ، دووەم لێبـوردنی تایبەتە تەنها سزاكە دەگرێتەوە.[٢] بەشێوەیەكی گشتی مافی سـەرۆك لەبەخشینی لێبووردن ڕەها نییە، بەڵكو كۆتكراوە تـەنها لێبـوردنی تایبـەت دەگرێتـەوە،[٣] بـەڵام لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، دەسەڵاتی جێبـەجێ كردن پیادەی هـەردوو جـۆری دەكـاتو گـەر یەكـەمیان دەسـت وەردان بێـت لـەكاروباری دەسـەڵاتی یاسادانان، دووەمیان دەست وەردانە لەكاروباری دادوەری.[٤]

مـافی دەركردنـی لێبـووردن لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن بـۆ پاراسـتنی هێمنـیو سیـستەمی وولاتـە كـە سـەرۆك لێپرسـراوی یەكەمـە لـەدابینكردنی ئاسایشو هێمنی لە وڵات.[٥]

ج- دامەزرانـدنی دادگـای تایبـەتو بـەدەربوو، لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن.[٦] لـەم كاتـە دەسـت وەردانـی دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن بەئاشـكرا دەردەكەوێت، وەك ئەوەی لەپێشوودا ئاماژەمان بۆ كرد.

**٢-٥-١-٣ كاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ كردن:**

دەسەڵاتی دادوەری بۆ ڕوو بەڕوبونـەوەی دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن دەسـەڵاتی هەیـە، بەتایبـەت، كـە دەسـەڵاتی دادوەری مـافی چـاودێری دەسـتووری بـوونی یاساكانی هەیە لە ڕێگای دادگای باڵای فیدڕاڵی یان دادگای دەستووری، ئەمـەش دەستووری زۆربەی وڵاتەكان ئاماژەیان بۆ كردووە، كە دادگا بەشێوەیەكی گشتی

[1] د. ابو زید علی المتین: س. پ، ل٤٤.

[2] وەرگیراوە لـە: (د. ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٣٥١" محمد كامل الیلة: النظم السیاسیة، ل٦٩٠).

[3] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٢٨.

[4] وەرگیراوە لە: (د. ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٣٥٠).

[5] د.ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٣٤٩.

[6] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٣١.

هەڵدەستی پارێزگاری مافی یاسایی و بەرژەوەندی تاکەکان بۆ هێنانەدی دادپەروەری و سەروەری یاسا.[١] ئەم چاودێریە لە ئەمەریکا لەسەردەمی هەردوو سەرۆك جفرسن و ڕۆزفڵت بەدیار دەکەوێت، هەرچەند ئەوانە توانیان لەماوەی فەرمانڕەوایەتیان دەسەڵاتیان هەبێ بەسەر کۆنگرێس، بەڵام شکستیان خوارد لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری و ملکەچ کردنی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.[٢]

**٢-٥-٢ پەیوەندی و کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان:**

**٢-٥-٢-١ پەیوەندی دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان.**

لە دەستووری بەشێك لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا هاتووە کە دامەزراندنی دادگای نوێ و دیاری کردنی تایبەتکاری وژمارەی دادوەرو بودجەی دادگاکان، لە تایبەتکاری دەسەڵاتی یاسادانانە، لەم خاڵانە پەیوەندی نێوان هەر دوو دەسەڵات دەردەکەوێت.

لە ئەمەریکا دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرانی دادگای باڵا هاوبەشە، چونکە بەڕەزامەندی سەرۆکی دەوڵەت و بەهاوکاری و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەنجومەنی پیران، و دەسەڵاتی دامەزراندنی دادگای پلە نزم لەدەسەڵاتی پەرلەمانە (کۆنگرێس).[٣] کەواتە دەستوور دەسەڵاتی داوە بەدەسەڵاتی یاسادانان هەڵبستێ بەڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەری لە دامەزراندنی دادگاو هەڵوەشاندنەوەو دیاریکردنی دەسەڵات و ژمارەی دادوەرەکان، و دیاریکردنی ئەو بابەتەی دەچێتە ناو دەسەڵاتی دادگاکان.[٤]

---

[1] هـ. س، ل١٣٣.

[2] د.یس عمر یوسف: س. پ، ل١٨٥" (دادگای بالا لە سالی ١٩٥٢ بریاریکی دەرکرد کە ڕێگە ئەدا بەجێ بەجێ کردنی بریاریکی وەزیری بازرگانی کە لەسەر فەرمانی وەزیر دەرچوو بوو) بڕوانە: (د. یس عمر یوسف: س. پ، ل١٨٥).

[3] مادە (١)، برگە (٨) ژمارە (٩)، لەدەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[4] د.سعید السید علی: س. پ، ل٢٨٥.

ڕێکخستنی دادگا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان کارێکی نەگونجاوە لەبەر ئەوەی دەبێتـە هـۆی لـەناوبردنی پرەنسیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، چـونکە کاتێـك دەسـتووردا بەسـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری دادەنێـت، کـە دەسـەڵاتێکی سەربەخۆیە لەدەسەڵاتەکانی دەوڵەت، ناکرێت دەسەڵاتی دیکە دەست لـەکاروباری وەربدات و ڕێکی بخات،[١] بەڵام هەندێ بۆ ئەوە دەچن لەبەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتەی یاسادانەر ڕەها نییەو کۆتکراوە، بۆیە ڕێکخستنی دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت لـەژێر ڕۆشنایی بنـەماو ڕێسای گشتی بێت کە لەدەستووردا هـاتووە بەپێچەوانە سنووری دەسـەڵاتی دەبـەزێنێ، لـەم کاتـەدا دەبێتـە پێـشێل کردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.[٢]

بۆیـە پێویـستە ڕێکخـستن و پێشخـستنی دادگـا لەلایـەن ئەنجومـەنی دادوەری ئەنجام بـدرێت، و ئـەو ئەنجومەنـە لێپرسراوبێت لـەلا بردنـی تەگـەرەو کۆسـپەکانی بەردەمی و پێشخستنی و پاراستنی سەربەخۆیی دادگا، تاوەکو زیان بە ئازادی و مـافی تاکـەکان نـەگات، لەبـەر ئـەوە ناکرێـت دەسـەڵاتی یاسـادانان هەڵبـستێ بەڕێکخستنی دادگا، چونکە ئەوکات متمانەی هاوڵاتیان بە دەستور نامێنێ و کەم دەبێتـەوە.[٣] یـاخود پێویـستە ئـەو یاسـایانەی دادگا ڕێـك دەخـەن بـەڕێو شـوێنی پێویست و تایبەت دەربچێت بۆ ئەوەی یاسادانەر سنوور نەبەزێنێ و پرەنسیپی سەربەخۆو جێگربوونی بێتەدی.[٤]

یـاخود ئـەو پـڕۆژە یاسـایانەی تایبەتـە بەڕێکخـستنی دەسـەڵاتی دادوەری پێویستە بخرێتە بەردەستی دەستەی دادوەری بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەسـەر بدات،[٥] چونکە لە دەستوور دەسەڵات و تایبەتمەندی دەسەڵاتەکان دیاریدەکرێت،

---

1 فاروق الكيلاني: س. پ، ل٥٢٦.

2 سردار ياسين حمدامين: س. پ، ل١٠٩.

3 فاروق الكيلاني: س. پ، ل٥٢٧.

4 د. يس عمر يوسف: س. پ، ل١٣٥– ١٣٦.

5 د. محمد عبدالخالق عمر: س. پ، ل٣٩.

بەڵام لەبەرئەوەی لە دەوڵەت دەستوور یاسای باڵایە، بۆیە وردە کاریو ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان بە دەسەڵاتی یاسادانان دەدرێت، بۆ نمونە لە دەستوری نوێی عێراق زیاتر لە ٥٠ مادە جێهێڵراوە، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەیاسا دایبڕێژێتەوە،[١] و ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریش بەهەمان شێوە وردەکاریو دیاركردنی تایبەتمەندییەکانی بەدەسەڵاتی یاسادانان دەدرێت، کە بەم هۆیەوە بواری دەست وەردانی لەکاروباری دادوەری بۆ دەرەخسێت.[٢] لەبەر ئەوە بۆ سەرکەوتنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو هاتنەدی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری پێویستە تایبەتکاریی دەسەڵاتی دادوەری لە دەستووردا بە وردی دیاری بکرێت، نەك زۆری جێبهێڵرێت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان.

دەسەڵاتی یاسادانان بەو مانایەی، کە دەربڕی ویستی گەلە، گەر دەست وەربدات لەهەموو کاروبارێك، ناکرێت دەست لەکاروباری دادوەری وەربدات، چونکە ئەمە دەست درێژییە بۆ سەر دەسەڵاتی دادوەری، و کاتێك دەوترێت دادگا سەربەخۆیە ئەمە درێژ دەبێتەوە بۆ ڕێگەنەدان بە یاسادانەر بۆ ڕێکخستنی دادگا، لەبەرئەوە زۆربەی یاساکانی سەربەخۆی دادگا ڕێگە نادەن بەدەرکردنی هیچ یاسایەك، کە پەیوەندی بەدادگاوە هەبێت بە بێ ئەنجومەنی دادوەری.[٣]

**٢-٥-٢-٢ کاریگەریی دەسەلاتی یاسادانان لەسەر دەسەلاتی دادوەری.**

کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر دەسەڵاتی دادوەری بەشێوەیەکی گشتی لە کاتانەی خوارەوە دەردەکەوێت:-

١-دەست وەردان لەئاراستەی بڕیارەکان کە دادوەرەکانی دادگای باڵا دەری دەکا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان: لە دەوڵەتی فیدڕاڵی دادگای باڵا چاودێری دەستووری بوونی یاساکان دەکات کە لە دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچێت، بۆیە

[1] مجموعة باحثين: مأزق الدستور (نقد وتحليل)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بغداد- بيروت، ل٢٨٧.

[2] سردار ياسين حمدامين: س. پ، ل١٠٨.

[3] فاروق الكيلاني: س. پ، ل٥٢٧.

دهسـهلاّتی یاسادانان بـهردهوام لـه هـهوڵی ئهوهدایـه ئـهو بڕیارانـهی دهردهچێت لـه دادگای بالاّ لهبهرژهوهندی خۆی دابێت، لهم پێناوهش پـهنا دهباتـه بـهر زیادکردنی ژمارهی دادوهرانی دادگای بالاّ بۆ دروستکردنی کاریگـهری لـه بڕیارهکانی دادگا. دهسـهلاّتی یاسـادانان بهشـێوهیهکی گـشتی دوو ڕێگـا ههیـه پـهنای بـۆ دهبـات بهمهستی گۆڕینی ئاراستهی بڕیارهکانی دادگای بالاّ:

أ- لـه ڕێگـای زیـادکردن و کـهم کردنـی ژمـارهی دادوهرهکـانی دادگـای بـالاّ: لـهم ڕێگایـه دهسـهلاّتی یاسـادانان ههڵدهسـتیّ بـهزیادکردن یـان کـهم کردنـی ژمـارهی دادوهرهکـانی دادگـای بـالاّ، ئهمـهش بـه زۆری لهوکاتـهی کـه دانـهرانی دهسـتوور ژمـارهی دادوهرانـی دادگـای بالاّیـان دیـاری نـهکردووه، کـه کاریگـهری لهسـهر ئاراستهی بڕیارهکانی دادگای بالاّ دهبێت.[1]

ب- له ڕێگای ههموارکردنی ژمارهی دهنگی پێویستی ئهندامانه بۆ دهرچوونی بڕیار.

ئهمـهش بـههۆی هـهموارکردنی دهرچـوونی بڕیـار بـه زۆرینـهی تایبـهت (اغلبیـه خاصه) لهبری (زۆرینهی ساده). بۆ نمونه بڕیارهکان که لـهدادگای بـالاّی ئـهمریکی دهردهچێت بهزۆرینهی سادهیه.[2]

٢- دهسـت وهردانـی دهسـهلاّتی یاسـادانان لـه ڕێگـای کـهم کردنـهوهی دهسـهلاّتهکانی بـۆ جێبـهجیّ کردنـی بڕیـاره کۆتاییـهکانی دادگا. کـه ئهمـه دهسـت درێژیه بۆسهر سهربهخۆیی دادگا، ڕاسته پرهنسیپی جیاکردنهوهی دهسهلاّتهکان ئامانجی جیاکردنهوهی تهواوی نێوان دهسهلاّتهکانی نیه، بهلاّم دهسهلاّتی دادوهری پێویسـته بـه سـهربهخۆییهکی تـهواو بمێننـهوه لهههردوو دهسـهلاّتی یاسـادانان و جێبهجیّ کردن، و هیچ یهکێکیان ناکرێت ههڵبستن به پیادهکردنی کارێك بچێته ناو پسپۆڕی دهسهلاّتی دادوهری.[3]

---

[1] د.عادل الطباطبائي: الحدود الدستورية بين السلطتين التشريعية و القضائية، دراسة مقارنة، ل١٥٤.

[2] د.عادل الطباطبائي: هـ. س، ل١٥٤" د.يس عمر يوسف: س. پ، ل١٢٥.

[3] فاروق الكيلاني: س. پ، ل٤٢٠.

ئامانجەكانی دادگا، لە ڕێگای جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانەی، كە دەری كردووە دێتەدی، هەرچەندە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن تایبەت مەندە بەجێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانە، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانی بەزۆر هۆكار كاریگەری بخاتەسەر ئەوڕێوشوێنی جێ بەجێ كردنە.[١] بۆ نموونە:-

أ- هەڵوەشاندنەوەی كارەكان و ڕەتكردنەوەی بڕیارە دادوەریە كۆتاییەكان كەناگونجێت لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان. بۆ نمونە كۆنگرێس هەڵدەستێ بە هەڵوەشاندنەوەی هەڵچوونەوە بەو بڕیارە كۆتاییانەی كاتی تانەدانیان بەسەر چووە،[٢] ئەمەش پێشێلی پرەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانەو لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری كەم دەكاتەوە، چونكە بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان هەڵبستێ بەجێبەجێ كردنی ئەو بڕیارو فەرمانانەی دادگا دەری دەكات، بۆ جەخت كردنەوە ئەم ئەركە پڕۆژەی ڕاگەیاندنی جیهانی سەربەخۆیی دادگا لە مادە (٣٩) ئاماژەی پێ كردووە.[٣]

ب- دەركردنی بڕیار لەلایەن پەرلەمان، كە هەڵستێت بە نەهێشتنی پاشماوەی بڕیارێكی دادوەری كە لەگەڵ بۆ چوونەكانی ناگونجێت.[٤] ئەمەش لە ئەمریكا لەوكاتانە دەبێت كە ڕاڤەكردنەكان بۆ یاساكانی فیدراڵی جیاوازی لەسەرە لەوكاتەش كۆنگرێس یاسایەك دەردەكات كە لەگەڵ مەبەستی خۆی بگونجێت، و ڕاڤەكردنی دادگا بۆ یاسای یەكەم پوچەڵ دەكاتەوە.[٥]

ج- ئاراستەكردنی تۆمەت و لێپرسینەوەی سەرۆكی دەوڵەت و وەزیرەكان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان:

---

[1] د.سعید السید علی: س. پ، ل٢٩٤.

[2] د.عادل الطباطبائی: الحدود الدستوریة بین السلطتین التشریعیة و القضائیة، ل١٥٦.

[3] د.نجیب احمد عبدالله الجبلی: س. پ، ل١٨.

[4] د.عادل الطباطبائی: الحدود الدستوریة بین السلطتین التشریعیة و القضائیة، ل١٥٧.

[5] سعید السید علی: س. پ، ل٣٩٤.

واتــە لێـرەدا دەســەڵاتی یاســادانان هەڵدەســتێت بـەکاریێ، کـە لـە چوارچێوەی تایبـەتکاری دەسـەڵاتی دادوەری دادەنرێـت وەك لێپرسـینەوەی سـەرۆکی دەوڵـەت یـان وەزیـران لەهەنـدێ تـاوان کـە کردوویـەتی لـەکاتی وە زیفـەکانیان یـان بـەهۆی خیانەتی گەورە...هتد.[1]

لێپرسینەوەی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت سروشتو ئامانجی جیاوازە لـەم ڕێگایـە لەدادگای تاوانکاری، کە ئامانج لێی سزادانی کەسی سەرۆك نیە، بەڵکوو ئامانجی گەورەتر لە پشتیەوەیەتی کە پاراستنی سەلامەتی سیستەمی دەستوریە.[2]

ئەمەریکا چاکترین نمونەیەو مێژووەکەی بۆ پەرلەمانی بەریتانی دەگەڕێتەوە کە دادگای وەزیرەکانی مەلیكو دادوەرەکانی دەرکرد لە سەدەی چواردەهەم.[3]

ئەلکسەندەر هـاملتون لـە ڕووپـەڕی ژمـارە (٦٥) ئامـاژە بـۆ بـەریتانیا دەکـات کـە ئەنجومەنی گشتی ئەم دەسەلاّتەی هەبووە، جگـە لـەوە ئـەم دادگایـە لـە دەسـتووری ژمارەیەك ویلایەتی دیکە هەبووە.[4] ئەم بۆچونەش چووە ناو دەستووری ئەمریکی، و ئەو ئەرکەش بـە ئەنجومـەنی پیرانـدرا، چونکە بـە بۆچـونی هـاملتون دادگـای بـالاّ گونجاونیـە بـۆ ئـەو ئەرکـەو گومـانی هەیـە دادگـای بـالاّ ئـەو متمانـەو دەسـەڵاتەی هەبێو بەم ئەرکە هەستێ.[5]

دەسـتوری ئـەمریکی مـافی تاوانبـارکردنی سـەرۆکی دەوڵـەتو وەزیرانـی بـە ئەنجومەنی نوێنەران داوەو مافی ئاراستەکردنی تۆمەتی داوە بە ئەنجومەنی پیران، کە بۆ دەرچوونی بڕیاری تاوانبار کردنی پێویستی بە زۆرینـەی دەنگـی ئەنـدامانی ئەنجومەنی پیران هەیە.[6]

---

[1] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٤١٣.

[2] د. عبدالرؤوف هاشم محمد بسیونی: س. پ، ل٧٥.

[3] وەرگیراوە لە: (عبدالرؤوف هاشم محمد بسیونی: س. پ، ل٩).

[4] هاملتون، مادیسون، جای: الاوراق الفیدرالیة، ت/ عمران ابو حجلة، ط١، دار الفارس للنشر والتوزیع، بیروت– لبنان، ١٩٩٦، ل٤٧٠.

[5] هـ. س، ل٤٧١.

[6] بڕوانە: (فاروق الکیلانی: س. پ، ل٤١٤).

لە دەستوردا هاتووە، سەرۆك و جێگری سەرۆك و هەموو فەرمانبەرانی ویلایەتە یەكگرتووەكان بۆ ئاراستەكردنی تۆمەت و لێپرسینەوەی پەرلەمانی مل كەچن،[١] كەواتە بەگوێرەی ئەم دەقە هێزە چەكدارەكان و ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان ناگرێتەوە، هۆی ئەمەش ئەوەیە، كە لە دەستوور دەسەڵاتی دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانە دراوە بەسەرۆك، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆكەوە دانانرێن، بەڵكو هەڵبـژێردراون. جگە لەوەش هەرچەندە باس لە دادوەرەكانی فیدراڵی نەكراوە، بەڵام ئەوانیش دەگرێتەوە، چونكە دەچنە ناو فەرمانبەری فیدراڵی. ئەو تاوانانەی كەپێی تاوانباردەكرێت بریتییە لە (خیانەت، بەرتیل، كەتنی ترسناك و هەر تاوانێكی تر). لە ئەمریكا سێ جار ئەم سیستەمە جێ بەجێ كراوە، یەكەم جار ساڵی ١٨٦٧ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی اندرو جونسون، دووەم ساڵی ١٩٧٤ سەردەمی سەرۆك ریچارد نیكسون، و سێیەم جاریش ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ لەسەردەمی كلینتۆن.[٢]

**٢-٥-٢-٣ كاریگەریی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان:**

لەم بابەتەدا دەسەڵاتی دادوەری دەست لەكاروباری یاسادانان وەردەدات، ئەگەر ئەو پرەنسیپە پرەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن بەدەست وەرنەدان لە تایبەتكاریی دادگا پابەند بكات، ئەوا بەبێ گومان لەبەرامبەردا دەسەڵاتی دادوەری پابەندە بەدەست، وەرنەدان لەكاروباری دوو دەسەڵاتەكەی دیكە، و ئەم كاریگەری و دەست وەرنەدانەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی یاسادانان لەم كاتانە دەردەكەوێت:

١-دروستكردنی ڕێسای یاسایی:

دەسەڵاتی یاسادانان بە دانانی یاسا تایبەتمەندە، بەڵام ئەو یاسایانە هەندێ جار كەمو كوڕی هەیە، بۆیە كە دادوەر كێشەیەكی دەچێتە بەردەست دەیەوێت ڕێسایەكی یاسایی لەسەر جێبەجێ بكات و ئەو ڕێسایەش بوونی نیە، لەم كاتەدا

---

[1] مادە (٢)، برگە (٤)ی دەستووری ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا.

[2] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (عبدالرؤوف هاشم محمد بسیونی: س. پ، ل٣٧-٤٠).

ئـەو بـۆ شـاییە یاسـاییە لەلایـەن دادگـاوە پڕدەکرێتـەوە لـەڕێگای دروسـتکردنی ڕێسایەکی نوێ.[1]

بۆ نمونە لە ئەمریکا کاتێك دادوەر بڕیار دەردەکات وە لەدەستوور ڕێك نەخراوە ئەوسـا ئـەو بڕیـارە لـەدادگاکانی دیکـە جێبـەجێ دەکرێـت، چـونکە بەپێـشینەی دادگـای وەرگرتـووە، ئەمـەش پـاڵ بـە کۆنگرێـسەوە دەنێـت کـە تێبینـی بکـاتو یاسایەك دەربارەی دەربکات.[2]

بۆیـە لـەگرنگترین ئـەو بابەتانـەی کـە دەسـەڵاتی دادوەری کاریگـەری لەسـەر دەسـەڵاتی یاسـادانان هـەبووە، بـۆ ئـەوەی یاسـای دەربـارەی دەربکـات، یاسـای یەکسانی نەژادە لە کێشەی (براون) کە لەساڵی ١٩٦٤ دەرچوو لەژێر کاریگەری دادگای باڵا بەناوی یاسای مافی شارستانی.

٢- چاودێری دەستووری بوونی یاساکان:

گرنگترین ئـەرکی دەسـەڵاتی دادوەری بریتییـە لـە چاودێری دەسـتووری بـوونی یاسـاکان کەلەلایـەن دەسـەڵاتەکان دەردەچێت لـەڕێگای دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی، و بوونی ئەم چاودێریە مانای ئەوەیە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەها نییـە، چـونکە دەسـەڵاتی دادوەری مـافی ئـەوەی هەیـە چاودێری دەسـتووری بـوونی یاسـاکانی بکات نەك تەنها هەڵبستێ بەجێبەجێ کردنی.[3]

---

[1] د.عادل الطبطائی: الحدود الدستوریة بین السلطتین التشریعیة و القضائیة، ل٣٠٥.

[2] وەرگیراوە لە: (د.سعید السید علی: س. پ، ل٤١٣).

[3] (دواتر لەئەرکەکانی دادگای باڵا بەدرێژی باسی دەکەین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ل١٠٤).

## دەرئەنجامەکانی تەوەری دووەم

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١- پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەرهەمی تاقیکردنەوەی فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی مێژووە، کە چڕ بوونەوەو کۆبوونەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردنو دادوەری، یان دوو دەسەڵات لەگەڵ یەکتری، دەبێتە مایەی هێنانە کایەی ستەم کاری، ئەمەش لەناوبردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەرییە.

٢- مەبەست لە پرەنسیپی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان هاوکاریو چاودێرییە لەنێوان دەسەڵاتەکان، نەك دابڕانو دوور کەوتنەوە لەیەکتری، بەو مانایەی دەسەڵاتەکان لەکاتی سنوور بەزاندنو زیادەڕەوی لە تایبەتکارییەکانیان یەکتری ڕادەگرن.

٣- دادوەری بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو یەکسان دادەنرێت لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن، بۆیە لەپەیوەندیو کاریگەری نێوانیان دەسەڵاتەکان بە دوو ئاراستەی ئاڵوو گۆڕە.

٤- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری تەنها بە بوونی دەقی دەستووری نایەتەدی، بەڵکو پێویستە چەند دڵنیاییەك هەبێت سەبارەت بە لایەنە پەیوەندی دارەکانی دەسەڵاتی دادوەری.

٥- دامەزراندنی دادوەرەکان لەڕێگای ئەنجوومەنێکی دادوەری سەربەخۆ، دڵنیاییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دادوەرەکان.

## ٣- دەسەڵاتی دادوەریی لەدەوڵەتی فیدراڵیدا:

### ٣-١ دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی:

#### ٣-١-١ پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی:

لە تەوەری یەکەم بەدرێژی باس لەتایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کرا، کە ئەم دەوڵەتە لەدەسەڵاتو تایبەتکاریی دوانەیی یە، واتە بەرامبەر بوونی هەر دەسەڵاتو دەستەیەك لە دەوڵەتی فیدراڵی بەهەمان شێوە لەهەرێمەکانیش بوونی هەیە، کەواتە دەسەڵاتی دادوەریش بەهەمان شێوەیە لەتەنیشت دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەتی فیدراڵی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکانیش ئامادەیە کە "بوونی دوو دەزگای دادوەری خۆی بەڕوویەك لەڕووەکانی سەربەخۆیی خۆجێیی دادەنرێت".[١]

دەسەڵاتی دادوەری گرنگیو تایبەتمەندی تایبەتی هەیە لەدەوڵەتی فیدراڵی، چونکە پێکهاتەی دەسەڵاتو کێشەکان تایبەتمەندو ئاڵۆزن، بۆیە ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێمەکان دروست دەبێت ناتوانرێت بەڕێگای دبلۆماسیو کارگێڕی چارە بکرێت، لەبەرئەوەی دەوڵەتی فیدراڵی بەگوێرەی دەستوور ڕێك خراوەو پەیوەندیو دەسەڵاتەکان دیاری کراوە، ئەمەش دەچێتە ناو یاسای ناوخۆیی نەك پەیوەندی نێودەوڵەتی، جگە لەوە هەرێمەکان خاوەن سەربەخۆیی خۆجێین، واتە تەنها یەکەی کارگێڕی نین.[٢]

بۆیە دەوڵەتی فیدراڵی لەلایەك پێویستی بەدەستەیەکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکان، لەلایەکی تر بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان پێویستە، کە ناکرێت لەڕێگای کارگێڕیو یاسایی نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێت، جگە لەمەش دابەشکردنی تایبەتکاریی دەستووری لەنێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمەکان ناکرێت هیچ گرنگیەکی پراکتیکی

---

[١] د. عادل الطبطاني: النظام الاتحادي في الامارات العربية، (دار مقارنة)، مطبعة القاهرة الجديدة، القاهرة، ١٩٧٨، ل٣٣٢.

[٢] د. محمد عبدالحميد ابوزيد: س. پ، ل٢٤٧.

هـەبێت ئەگـەر لـەتواناى ئـەو حکومەتانـەدا هـەبوو سەرپێـچى سـنوورى ئـەو دابەشکردنە بکەين بەبێ ئەوەى بۆ ڕەت دانـەوەى ئـەو سەرپێچيە دەسـەڵاتێکى تـر هەبێ لەدەست دەوڵەت.[١]

لەتــەوەرى پێــشووش باسمــان کــرد کــە ووشــك (جامــد) بــوونى دەســتوور دڵنيايیەکەيــە بــۆ لايەنــە پێکهێنــەرەکانى دەوڵــەتى فيــدراڵى، جگــە لــەوە بــوونى دەستەيەکى دادوەرى باڵا دڵنياييەکە بۆ يەك لا کردنەوەى ناکۆکى نێوان حکومەتى فيدراڵى و هەرێمەکان.[٢]

ئــەم دەســەڵاتى چـاودێرىو ڕەتدانەوەيــەش لەدەوڵــەتى فيــدراڵى، دەســەڵاتى دادوەرى فيدراڵى پێى هەڵدەستێ، چونکە ئەم دەسـەڵاتە بەپێويستيەك دادەنرێت بۆ چارەکردنى کێشەکان کەناکرێت بڕياردانى کۆتايى دەربارەى بەجێبهێڵدرێت بۆ دادگاى ناوچەيى.[٣]

دەسـەڵاتى دادوەرى فيـدڕاڵى لەچـەند دەسـتەو دادگايـەکى جيـاواز پێکهـاتووە، جگە لەوە دەوڵەتـە فيدراڵييـەکان جياوازيـان هەيـە لـە سيستەمە دادوەرييـەکان، بۆ نموونـە هەنـدێك لەدەوڵەتـە فيدراڵييـەکان بـە سيستەمى يـەك پارچـەيى دادوەريـان وەرگرتــووە، بــەپێى ئــەم سيــستەمە دادگــاى گــشتى ســەيرى ســەرجەم کێــشە جياوازەکان دەکات، تاوانکارى، شارستانى، کێشەى باج...هتـد، جگـە لـەوە دادگا تايبەتمەنديیـەکان وەك دادگـاى نەوجـەوانان پيـادەى تايبەتکارييـەکانيان دەکـەن لەچوارچێوەى ئـەو دادگايانـە، بـەو پێيـەى بەشـێکن لـە پەيکەرەکـەى.[٤] جگـە لـەوە

[1] د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا: القانون الدستورى النظم و الحكومات، ل٢٥٦" د. محمد كاظم المشهدانى: النظم السياسية، دار الحكمة، بغداد، ١٩٩١، ل١٨٧.

[2] د. ابراهيم درويش: القانون الدستورى النظرية العامة والرقابة الدستورية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤، ل١٩٧.

[3] د. عادل الطبطانى: النظام الاتحادى في الامارات العربية، ل٣٠٦.

[4] د. فلاح حاجم: بعض خصائص النظام القضائي في الدولة الفيدرالية، وەرگيراوە لە سايتى ئەلکترۆنى www.elaph.com,p.1, لە ڕێکەتى ٢٠٠٦/٦/٢٧.

دادگای کارگێڕی بوونی نامێنێت، بەڵکو کێشەی کارگێڕیو تاکەکان لەیەك کاتدا ملکەچە بۆ دادگای ئاسایی،[١] بۆ نموونە وەك (ئەمەریکا، هند). یاخود دەوڵەتەکان بەسیستەمی چەندایەتی (دوو جەمسەری) دادگاکانیان وەرگرتووە، کە هەریەکەیان پەیکەری تایبەتیان هەیەو هەریەکەیان بەدادگای دادوەری باڵا کۆتایی دێن، بۆ نموونە ئەڵمانیا خاوەنی چوار ئاستی دادگای گشتییەو سێ دادگای تر تایبەتمەندە بەکێشەی دارایی و کێشەی کارو کێشەی کۆمەڵایەتی و،...هتد.[٢] لەم جۆرە سیستەمە کێشە کارگێڕییەکان دەچێتە ناو تایبەتکاریی دادگای کارگێڕی،[٣] بەڵام پەیڕەوکردنی پرەنسیپی چەندیەتی سیستەمی دادوەری لەدەوڵەت بەهیچ جۆرێك مانای ئەوە ناگەیەنێ، شێوەی دەوڵەتەکە فیدراڵییە بۆ نموونە سیستەمی دادوەری لە کۆماری ئۆکرانیا کە دەوڵەتێکی سادەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەسیستەمی چەندیەتی دادوەری ئەڵمانیا دەچێت،[٤] و لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی فیدراڵی دوو جۆرە دادگای تر هەیە یاخود ڕاستر بڵێین دوو دابەش کردن هەیەن، کەپێی دەڵێن دادگای ناوچەیی و دادگای نیشتمانی، لەسەرجەم دەوڵەتە فیدراڵییەکان دادگای نیشتمانی لە سنووری دەوڵەتی فیدڕاڵی هەیە، و دادگای ناوچەیی یان هەرێم لە سنووری هەرێمو ویلایەتەکان هەیە، جگە لەئەمەریکا کە دادگای نیشتمانی لە ویلایەتەکان هەیە، بەڵام لەسویسرا یەك دادگای نیشتمانی گەورە هەیە ئەویش (دادگای یەکێتی) یە.[٥] کەواتە ئەم دوانەییەی دەسەڵاتی دادوەری بەیەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دادەنرێتو پەیوەندی بەشێوەی دەوڵەتی فیدراڵییەوە هەیە، بەڵام جگە لەوە دادگای باڵای فیدراڵی بایەخو ڕۆڵی تایبەتی لەدەوڵەتی فیدراڵی هەیە، لایەنی پێکهاتنو لایەنی تایبەتکارییەکانی. تا

---

[1] ضرغام الشلاه: الثقافة الدستورية – السلطة القضائية، http://bahzani.org,p.1,13/7/2006.

[2] د. فلاح حاجم: س. پ، ل١.

[3] ضرغام الشلاه: س. پ، ل١.

[4] د. فلاح حاجم: س. پ، ل٢.

[5] اوستن رنى: س. پ، ل٢١٧.

ڕادەیەك جیاوازە لە بەراوورد لەگەڵ سیستەمە دادوەری لە دەوڵەتی سادە. لەبەر ئەوە باسکردن لەپێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی سەرجەم لایەنەکانی بەوردی ڕون دەکەینەوە.

**٣-١-٢ دادگای باڵای فیدراڵی:-**

ئەم دادگایە لەپیادەکردنی ئەرکەکانی، ئامێرێك نیە لەدەست دەوڵەتی فیدڕاڵی بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێ بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی و فراوان کردنی تایبەتکارییەکان، بەڵکوو بریتییە لە دەستەیەکی دەستووری سەربەخۆ لەهەریەکە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکان هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوولایەنە.[1]

ئەم دادگایە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لەدەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام بەناوو ئەرکی جیاواز، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (دادگای باڵا)یە، لە سویسرا (دادگای یەکێتی)یە لە میرنشینی یەکگرتووەکانی عەرەبی (دادگای یەکێتی باڵا)یە، بەڵام ئێمە (دادگای باڵای فیدراڵی) بەدرووست دەزانین، چونکە ئەم ناوە ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەمان دەبات، کە دادگایەکی باڵا هەیە دەسەڵاتی بەسەر هەموو لایەکی دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، جگە لەوە لەپێشەوە (دەوڵەتی فیدراڵیمان) بەدرووست زانی لەبەراووردی وشەی (یەکێتی)، بۆیە لێرەدا لەبڕی (دادگای باڵای یەکێتی) (دادگای باڵای فیدراڵی) دادەنێین..

زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵیەکان ووردەکاریەکانی تایبەت بەم دادگایەیان لەدەستوور باس کردووە، کە ئەمەش بۆ گرنگی و بایەخی خودی دادگاکە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی بە (١٦) ماددە باسی کردووە، دەستووری ئەڵمانیا بەشی حەوتەمی دەستوری بۆ تەرخان کردووە، ئەمەش لەبەر گرنگی ئەرکەکەیەتی، کە چاکترە بەڕونی و دیاریکراوی ئاماژەی بۆ بکات. سەبارەت بە سنووری تایبەتکاریی ئەو دادگایە بەشێوەیەکی

[1] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربیة، ل٣١٣.

گشتی دەتوانرێـت دوو جـۆرە پێـوەری بـۆ دیـاری بکرێـت کـە دەسـتوری دەوڵەتـە فیدراڵیەکان پێیان وەرگرتووە:-

یەکـەم: دیـاری کـردن و جیاکردنـەوەی تایبەتکارییـەکان لـەڕێگای گەڕانـەوە بـۆ سـیفەتی لایەنـەکانی کێشەکە، بـۆ نموونـە ئـەو کێشانەی یـەکێك لـە لایەنـەکانی بـاڵیۆزو نوێنـەری دیبلۆماسـی و قونـصولەکان یـان لـەنێوان هەرێمـەکان، یـان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدڕاڵی یان هاوولاتیانی هەرێمەکان یان دەوڵەتی فیدراڵی.[1]

دووەم: دیـاری کـردن و جیاکردنـەوەی تایبەتکاریـەکانیان لـەڕێگای سروشـتی کێشەکە، بـۆ نموونـە دەستووری ئەمـەریکا دادگـای باڵای فیـدراڵی لەئەمـەریکا بـە هـۆی سروشـتی کێشەکە تایبەتـە، بەسـەیرکردنی ئـەو مەسـەلانەی پەیوەنـدی بـە ئاوەوە هەیە.[2]

بەشـێوەیەکی گـشتی دەسـتووری دەوڵەتــە فیدڕاڵیــەکان هــەردوو پێوەریــان وەرگرتــووە، بـەڵام میرنـشینی یـەکگرتووی عـەرەبی پێـوەری سـێیەمی دروسـت کردووە، کە بریتییە لەو کێشانەی لە پایتـەخت ڕوودەدەن، واتـە شـوێنی ڕوودانـی کێشەکە دەبێتـە پێـوەر بـۆ دیـاری کردنـی تایبـەتکاریی دادگاکە.[3] ئەمـەش جێگـای ڕەخنەیە، چونکە هەندێ کێشەی داناوە لە تایبەتکاریی دادگای باڵای فیدڕاڵی یـە، لەبەرئـەوەی لەپایتـەخت ڕووی داوە، بـەڵام ئەگـەر لـەدەرەوەی پایتـەخت ڕووبـدات دەچـێتە دەرەوەی تایبـەتکاریی دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی.[4] بەشـێوەیەکی گـشتی پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی لـە ژمارەیـەك دادوەرو سـەرۆکێك پێـك دێـت، بـەڵام ژمـارەو ڕێ و شـوێنی دامەزرانـدنیان جیـاوازە، بـەڵام بـۆ دڵنیـایی سـەربەخۆیی ئـەم دادگایـەو دوورخـستنەوەی کاریگـەری لەسـەر بڕیارەکـان واچـاکترە لـە دەسـتوور ئامـاژە بـە ژمارەیـان بکرێـت، بـۆ نموونـە دادگـای باڵا لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی

---

[1] مادە (٣)، بڕگە (٢) لەدەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[2] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادیی في الامارات العربیة، ل٣٠٨.

[3] مادە (١٠٢) لەدەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادیی في الامارات العربیة، ل٣٠٨).

ئەمەریکا ژمارەی دادوەرەکانی لەدەستوور دیاری نەکراوە، بەڵکو بە یاسای فیدراڵی دیاری دەکرێت، بۆیە ئەم ژمارەیە لەبەرزو نزمی دایە، کۆنگرێس سەرەتا (٦) دادوەری دانا دواتر بەبەردەوامی دەگۆڕا تا گەیشتە (١٠) دادوەر دواتر کەم بۆوە بۆ (٥) دادوەر، لەساڵی ١٨٦٦ کەم کرایەوە بۆ (٧) دادوەر، لەسەردەمی (ئەندرۆ جونسون) بەرزکرایەوە بۆ (٩) دادوەر تا ئەمڕۆ،[1] بەڵام بۆ دوورخستنەوەی ئەو ئەگەرە کە کۆنگرێس بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی خۆی ژمارەی دادوەرەکان زیادو کەم بکات لەداواو کێشەکان، دادگای باڵا سەیری هیچ کێشەیەك ناکات تەنها بەبەشداری سەرجەم دادوەرەکان نەبێت.[2] دادوەر (نەبیل) هەرچەندە باسی لەمەترسی زیادکردنی ژمارەی دادوەرەکان کردووە، کە بریتیە لە دروست کردنی کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگا لەسەر داواو کێشەکان، بەڵام بە بۆچوونی ئەو دەکرێت ئەو مەترسیە ڕێگای لێ بگیرێت، بەهۆی ئەوەی ڕێگا بەدەسەڵاتی یاسادانان بدرێت ژمارەی دادوەرەکان زیاد بکات، ئەمەش بەڕەزامەندی (٣/١)ی ئەندامانی دەستەی یاسادانان، پاساوی ئەو زیاد کردنە بۆبوونی پێویستی کاری حکومەت بۆ ئەم ژمارەیە دەگەڕێتەوە.[3] بۆیە ئێمە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمین، کە لەدەستوور دیاری بکرێت تا نەتوانرێ بەئاسانی سەرپێچی ژمارەکەی بکرێت.

سەبارەت بەدامەزراندنی دادوەرەکان شێوازەکان جیاوازن، بۆ نموونە لە میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی سەرۆك و دادوەرەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی بە فەرمانێك دادەمەزرێت کە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت دەردەچێت، دوای ڕەزامەندی

---

[1] ANDERSON: AMERICA LEGAL SYSTEMS: ARESOURCE AND REFERNCE GUIDE, P. 19" روبرت س. باركر: أقسم يمينا مغلظة، وەرگیراوە لە سایتی ئەلکترۆنی www.usinfo.state.gor.p.3، لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٥.

[2] جون بول جونز: المحكمة العليا، مؤسسة فريدة، وەرگیراوە لە سایتی ئەلکترۆنی www.usinfo.state.gor,p.3،، لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٥.

[3] القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: السلطة القضائية في الدول الاتحادية الفيدرالية، ل٤٩.

ســەرۆکی ئەنجوومــەنی وەزیــران و پەســەندکردنی لەلایــەن ئەنجوومــەنی بــالاّی فیدڕاڵی.[1]

کەواتــە لــە میرنـشینی یــەکگرتووی عــەرەبی ســەرۆکی حکومــەت و ئەنجوومــەنی بـالاّی فیـدڕاڵی ڕۆڵـی سـەرەکیان هەیـە لەدامەزرانـدنیان و ئامـاژە بـۆ ئەنجوومـەنی نوێنـەران نـەکراوە، بـەڵام لەدەسـتووری ئـەڵمانیا دادوەرەکـانی دادگـای دەسـتوور لەلایەن هەردوو ئەنجومەنی فیدڕاڵییەوە دادەمەزرێن.[2]

کەواتــە بــۆ پاراســتنی ســەربەخۆیی دادگاکــە واچــاکترە هــەردوو ئەنجوومــەنی فیـدڕاڵی یەکسان بـن لـەدیاری کردنـی دادوەرەکـان، یـاخود لەلایـەن ئەنجوومـەنی نوێنەران یان حکومەت دیاری بکرێت و پەسەندکردنی بدرێتـە دەست ئەنجوومـەنی هەرێمـەکان، سـەبارەت بـە مـاوەی کـارکردنی دادوەرەکـانی دادگـای بـالاّی فیـدراڵی بەشـێوەیەکی گـشتی بـۆ مـاوەی تـەواوی ژیانـە، بـەڵام مـاوەی ویلایـەتی دادوەر لەئـەڵمانیا ١٢ سـاڵەو شـایەنی نـوێ کردنـەوە نیـە،[3] ئەمـەش پێـچەوانەی زۆربـەی دەوڵەتـە فیدراڵیەکانـە کـەماوەی کـارکردنی دادوەرەکـان تـا کـۆتـایی ژیانـە، بـەڵام لـە دوو کات لەکاری دادوەری دەپچڕێت:-

١- ئەگەر ڕەوشتێکی خراپی لێ ڕووبات.

٢- بـوونی دەقـی یاسـایی بـۆ بـەزۆر خانەنـشین کردنـی، دوای ئـەوەی دەگاتـە تەمەنێکی دیاری کراو.[4]

بـۆ نموونـە دەسـتوری ئـەڵمانیا باسـی لـەوە کـردووە، کـە ناکرێـت دادوەرەکـان لابـدرێن و بگوازرێنـەوە یـان خانەنـشین بکـرێن پـێش کـۆتـایی هـاتنی خزمـەتیان،[5] بـەڵام (ئەگـەر یـەکێك لـەدادوەرەکانی فیـدڕاڵی لـەکاتی پیادەکردنی ئەرکەکـەی یـان لەدەرەوەی پێشێلی یاسـای سـەرەکی کـرد، یـان سیـستەمی دەسـتووری یـەکێك لـە

1 مادە (٤٧)، لە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

2 سولاف محمد امین: س. پ، ل١٤٠.

3 سولاف محمد امین: س. پ، ل١٤٠.

4 القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل٤٧.

5 مادە (٩٧)، بڕگە (٢)، لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو ساڵی ١٩٤٩.

وویلایەتەکان، دادگای دەستووری یەکێتی توانی بەزۆرینەی (٣/١) دەستەکانی لەسەر داوای ئەنجوومەنی نوێنەرانی یەکێتی، فەرمانێك دەربکات بەگواستنەوەی ئەو دادوەرە بۆ ئەرکێکی تر یان ببینرێت بۆ خانەنشین و لەوکاتەی دەردەکەوێت کە پێشێل کردنە کە پێشینەی لەگەڵ بووە دەکرێت بڕیار بدرێت بەدەرکردنی).[١]

دەستووری دەوڵەتە فیدراڵیەکان هەریەکێکیان تەمەنێکی دیاری کردووە بۆ خانەنشین، بۆ نموونە دەستووری میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی (٦٥) ساڵی داناوە، دەستوری ئەمەریکی هەرچەند بەڕاشکاوانە باسی خانەنشینی بەزۆری نەکردووە، بەڵام دەکرێت دادوەرەکان کاتێك دەگەنە ٧٠ ساڵ یان ١٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنیان دەڕاوت خانەنشین بکرێن،[٢] و ئەوەی گرنگە لەدیاری کردنی تەمەنێك بۆ خانەنشین، چاکترە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی تەمەنی دادوەرەکان نەگاتە ئاستێك نەتوانن کارەکانیان جێبەجێ بکەن، کەواتە پێویستە دادگا دووربکەوێتەوە لەو دادوەرانەی کە توانایان نەماوە کارەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام سوورن لەسەر مانەوەیان،[٣] بەبۆچوونی ئێمە پێویستە لەدەستوور تەمەنی خانەنشین لەگەڵ مەرجی توانایی کارکردن دیاری بکرێت، واتە پەك نەکەوتنی لەکارکردن، ئەمەش بۆ ئەوەی لەلایەك دادگا نەبێتە شوێنی دادوەرانی بەتەمەن تائەوکاتەی دەمرن، لەلایەکی تر بۆ ڕزگار بوون لەو دادوەرانەی، کەپێش تەمەنی خانەنشین ناتوانن بەئەرکی خۆیان هەڵبستن.

لەسیستەمی ناوخۆی دادگای باڵای میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی (٧) خاڵ ئەو هۆیانەی دیاری کردووە کە دادوەر بەهۆیەوە لادەبرێت، باسی گەیشتن بەتەمەنی خانەنشینی کردووەو باسی پەك کەوتنی دادوەری کردووە لەهەستان بەجێ بەجێ کردنی کارەکانیان.[٤]

---

[1] مادە (٩٨)، بڕگە (٢)، لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو ساڵی ١٩٤٩.

[2] سولاف محمد امین: س. پ، ل٥٥.

[3] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة (٧)، السلطة القضائیة، ل٤٨.

[4] مادە (٨)، سیستەمی ناوخۆیی و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٣.

ئەمەش خاڵێکی باشە، چونکە تەنها بە دیاری کردنی تەمەنێك نەوەستاوە بۆ خانەنشین‌و کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی، بەڵکو باسی لەپەکەوتنی دادوەری کردووە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی، چونکە ئەو ئەگەرە زیاتر نزیکە، کە بەر لە گەیشتنی بەو تەمەنە نەتوانێ بەرئەرکی خۆی هەڵبستێ لەبەر هۆکاری تەندروستی.[١]

### ٣-١-٣ تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی

دەوڵەتی فیدراڵی لەڕووی پێکهاتەی دەسەڵات‌و بەرژەوەندی یەوە جیاوازن، وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، لەبەر جیاوازی لە سروشتی کێشەکان پێویستی بەڕێ‌و شوێنی تایبەتە بۆ چارەسەرکردن، جگە لەوە هەرێمە بچووکەکان پێویستیان بەبوونی دڵنیاییە بۆ یەککگرتن لەگەڵ هەرێمە گەورەو دەسەڵاتدارەکان، چونکە گەر هاتوو دەزگایەکی ناوبژیوان نەبێت لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵی حکومەتی هەرێمی فیدراڵی‌و پارتە سیاسیەکاندا، ئەوا ئەگەری بڕیار زاڵکردن هەیە بەسەر یەکدیدا.[٢] و دادگای باڵای فیدراڵی بەشێك لەو دڵنیاییە دەگرێتە خۆی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئەرکە گرنگانەی پێی هەڵدەستێ ئەرکەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بەشێوەیەکی گشتی لەیەکتر نزیکن لەدەوڵەتە فیدراڵیەکان لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازی لەنێوانیان، بەڵام هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێکدا کۆیان بکەینەوە:-

#### ٣-١-٣-١ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان لایەنەکان‌و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی:

مەبەست لەلایەنەکان‌و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە دەوڵەتی فیدراڵی هەرێمە پێکهێنەرەکان، هاوولاتیانی هەردوولایەن. لە دەستووری ئەڵمانیا ئەرکی دادگای دەستووری یە، کە هەڵبستێ بەچارەسەری ناکۆکی نێوان دەوڵەتی

---

[1] لەم بڕگەیە باسی (هۆکاری تەندروستی) کردووە بەتەنها، ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم لایەنەکان، کە بەهۆکاری تر دادوەر دەربکەن بەو بیانوەی پەکی کەوتووە لەجێ بەجێ کردنی کارەکەی.

[2] بێ ناوی نووسەر: فیدرالیزم‌و ئەزموونە جیاوازەکانی، ئامادەکردن‌و وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: ئیسماعیل حەمە ئەمین، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١٣، ١١٤.

فیدراڵی و هەرێمەکان،[1] بەڵام دادگای باڵای میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی تایبەتکارییەکەی لەم لایەنەوە کورت کراوەتە تەنها بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و چارەسەری ناکۆکی نێوان هەرێمەکان خۆیان، چارەسەری ناکۆکی نێوان تاکەکان بۆ دادگای باڵای فیدڕاڵی ناگەڕێتەوە، بەڵکو چارەسەری لەڕێگای دادگای میرنشینەکانەوە دەبێت،[2]

لەدەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باسی ئەم ئەرکەی دادگای باڵای کردووە، کە دەتوانین لە چوار خاڵ دیاری بکەین:-

١- هەر داوایەك کەیەکێك لەلایەنەکانی باڵوێزو قونصڵەکان بێت.

٢- ناکۆکی لەنێوان دوو ویلایەت یان زیاتر بێت.

٣- ناکۆکییەکە لەنێوان تاکەکانی یەك ویلایەت بێت لەسەر موڵکیەتی زەوی کەهەریەکەیان بانگهێشتی ئەوە بکات ئەو خاوەنیەتی.

٤-ناکۆکی لەنێوان یەکێك لە ویلایەتەکان یان یەکێك لەهاووڵاتیەکانی، و لەنێوان دەوڵەتی بێگانە یان یەکێك لەهاووڵاتیەکان.[3]

هۆکاری پێ دانی ئەم مافە بەتاکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، بریتیە لەو ترسەی کە دادگای هەرێمەکان لایەنگری هاووڵاتیانی خۆیان بکەن لەدژی بەرژەوەندی هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمەکەیان.[4] بۆ نموونە ئەگەر هاووڵاتیەکی ولایەتی ئۆکارکانصو تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبێل بوو لە ولایەتی تکساس و شوفێری ئۆتۆمبێلەکە خەڵکی نییۆرك بوو، لەم کاتە ئەو هاووڵاتیەی تووشی ڕووداوەکە بووە لەبەردەم دادگای فیدراڵی داوا بەرز دەکاتەوە.[5]

1 مادە (٩٣)، بڕگە (٤) لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو ساڵی ١٩٤٩.

2 عادل الطبطاني: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٢٧، ٣٢٨.

3 مادە (٣)، بڕگە (٢) لەدەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

4 القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: السلطة القاضائية في الدول الاتحادية الفيدرالية، ل٣٣.

5 د. محمد ظهري محمود: المعالم البارزة للمحاكم المدنية الامريكية، المكتب الجامعي الحديث، القاهرة، ٢٠٠٦، ل٣٥.

سروشــتی ئــەو کێــشانەی لــەنێوان لایەنــەکان درووســت دەبــن و دەچــنە نــاو ئەرکــەکانی دادگــای بــاڵا، هەنــدێ جــار لەدەســتوور دیــاری کــراوە یــاخود دیــاری نەکراوە یا ئاماژە بەهەندێ بابەت کراوە کە ناچێتە نـاو ئەرکەکانی، بۆ نموونـە لـە دادگای باڵای ئەمەریکا مەسەلە سیاسیەکان کە درووست دەبێت لەنێوانیان ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەرکەکانیان.

دەســتووری میرنــشینی یــەکگرتووی عــەرەبی سروشــتی ناکۆکیــەکانی دیــاری نــەکردووە کــە لــەنێوان هەرێمــەکان ڕوو دەدات، یــان لــەنێوان حکومــەتی فیــدڕاڵی و هەرێمەکان لەبەر ئەوە ناکۆکییـە سیاسییەکانیش دەگرێتـەوە وەك نـاکۆکی لەسـەر سنوور لەنێوان هەرێمەکان،[1] بەڵام دەوڵەتی فیدراڵی ناکرێت لەئاڕاستە سیاسیەکە دابڕێــت، چــونکە وەك لەپێناســەکە ڕوون بۆتــەوە دەوڵــەتی فیــدراڵی یەکەیــەکی یاســایی و سیاســی یــە، بۆیــە ئــەو کێــشانەی کــەڕوو دەدەن زیــاتر بــە ئاڕاســتەی سیاســیدا دەڕۆن یــان مــۆرکێکی سیاســیان هەیــە، لەبــەر ئــەوە پێویــستە کێــشەو ناکۆکییە سیاسیەکان بچنە ناو چوارچێوەی ئەرکەکانی دادگای باڵای فیدراڵی.

هەندێ جار لایەنێکی ناکۆکیەکان جێگای بایەخە سەبارەت بەدەوڵەتی فیـدراڵی، لەبەر ئەوە دەوڵـەتی فیدراڵی ئەرکی چارەسەکردنی داوەتە دەست دادگای باڵای فیـدراڵی، بـۆ نموونـە کاتێـك لایـەنێکی کێـشەکە نوێنـەری دبلۆماسـی وڵاتـان و قونصلەکان بن، لەبەر ئەوەی دادگای هەرێمـەکان خـاوەن سـەروەری دەرەکـی نییـە، بۆیە پەیوەندی دەرەکی نییە لەگەڵ دەوڵەتە بێگانەکان،[2] بەڵام لە ئەمـەریکا دادگـای پلەیەکــەکانی فیــدراڵی و دادگــای بــاڵای فیــدراڵی هــەردووکیان تایبــەتکاریی ســەیرکردنی ئــەو داوایانــەیان هەیــە کە لایەنــەکانی دبلۆماسـەکانن هــەر چــەندە لــە بنەڕەتــدا لــە تایبــەتکاریی دادگــای بــاڵای فیدراڵییــە، بــەڵام چــاکترە تــەنها لــە تایبــەتکاریی دادگــای بــاڵا بێــت بــەهۆی بــەرزی ئاســتی شــارەزایی دادوەرەکــان کــە دڵنیایەکی زیاتری دەبێت.[3]

---

[1] عادل الطبطاني: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٢٢.

[2] هـ. س، ل٣٢٧، ٣٢٨.

[3] د. محمد ظهري: س. پ، ل٣٩.

**٣-١-٣-٢ ئەرکی پارێزگاری کردن لە یەك بوونی یاساکان و جێگیربوونی یاساکان لەجێبەجێ کردن:**

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری لەدەوڵەتی فیدڕاڵی دوانەییە ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ئەگەری درووست بوونی جیاوازی لەبڕیاری دادگاکان، بۆ هێنانەدی و سەرکەوتنی ئەم ئەرکەش پێویستە دادگا بە دوو ڕۆڵی گرنگ هەڵبستێ:-

أ- دادگای باڵای فیدراڵی بەرزترین دادگای تێ هەڵچوونەوەبێت: لەدەوڵەتە فیدراڵیەکان چەند دادگایەکی تێ هەڵچوونەوە هەیە، کە تێ هەڵدەچێتەوە بە ئەحکامی دادگاکانی تر، بەڵام لێرەدا مەبەستمان دادگای باڵایە کە بە ئەرکی تێ هەڵچوونەوە هەستێ، دادگای باڵا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوو دەسەڵاتی پێ دراوە، لەلایەك باڵاترین دەسەڵاتی دادگای نیشتمانییە، لەلایەکی تر دەسەڵاتی بڕیاری کۆتایی هەیە بۆ دەستووری بوونی یاساکان.[1] واتە جگە لە دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە لەئەمەریکا دادگای باڵاش بەئەرکی تێ هەڵچوونەوەی بڕیاری دادگاکان هەڵدەستێ بەم شێوەیە:-

١- هەموو ئەو بڕیارانەی دەردەچێت لە دادگای تێ هەڵچوونەوەی فیدراڵی.

٢-هەموو ئەو بڕیارانەی دەردەچێت لە دادگای باڵای وویلایەتەکان.

٣-ئەو بڕیارانەی دەردەچێت لە دادگای فیدراڵی تایبەت کە لە (٣) دادوەر پێك هاتووە.[2]

دەسەڵاتی ئەم تێ هەڵچوونەوەیەش لەدەوڵەتە فیدراڵیەکاندا جیاوازە، بۆ نموونە هەندێ دەوڵەت دەسەڵاتی تێ هەڵچوونەوەی هەیە بە بڕیارەکانی دادگای هەرێمەکان لە کاروباری هەرێمەکان.[3] دادگای باڵا لەئەمەریکا بەئارەزووی خۆیەتی پێداچوونەوە بکات یان نا بە بڕیارەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوەو زیاتر پشت

---

[1] جون بول جونز: المحكمة العليا، مؤسسة فريدة، س. پ، ل١.

[2] د. محمد ظهری: س. پ، ل٤.

[3] وەك كەنەدا كەدەسەڵاتی هەیە بۆ تێ هەڵچوونەوە لە هەموو مەسەلەكانی یەكێتی و هەرێمەكان، بۆ زیاتر بڕوانە: (القاضی نبيل عبدالرحمن: مبادی السلطة القضائية، ل٩٠، ٩١).

بـەگرنگی کێـشەکە دەبەسـتێت‌و هەنـدێ جـار دادگـای بـاڵا ڕاسـتەوخۆ بـەو ئەرکـە هەڵدەستێ، ئـەویش لەوکاتـەی کـە لەدادگایـەکی ناوەنـدی ئـەحکامێك دەردەچێت‌و بڕیار لەسەر نادەستوور بوونی یاسایەك دەدات کە کۆنگرێس دەری کردووە یان ئەو ئەحکامەی لەکێشەیەك دەردەچێت داوای جێ بەجێ نەکردنی یاسای فیدڕاڵی یان هەرێم دەکات ، چونکە یاسایەکی نا دەستوورییە.[1]

لەئـەڵمانیا دادگـای بـاڵا بـە ئـەرکی تـێ هەڵـچوونەوە هەڵدەسـتێت ئەگـەر بڕیـاری دادگـای تـێ هەڵـچوونەوە پێـچەوانە بـوو لەگـەڵ بڕیـاری پێـشووی دادگـای بـاڵا، ئـەوکات دەبێـت مـافی تـێ هەڵـچوونەوە بدرێتـە دادگـای بـاڵا، ئەگـەر دادگـای تـێ هەڵـچوونەوە بەهەڵـە دەقێکـی یاسـای پیـادەکرد یـان پـشتی بـەدەقێکی ڕاسـت نەبەسـتبوو ئـەوا دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی هەڵدەسـتێ بـە تـێ هەڵـچوونەوەی بڕیارەکان.[2]

ب- ڕاڤەکردنی (تفسیر) دەستووری فیدڕاڵی:

زۆربـەی دەقـە یاسـاییەکان لەناوەڕۆکـدا مانـاو ڕەهەنـدی جیـاوازو زۆری لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش پێویستی بەڕاڤەکردنێکی درووست هەیە بۆ گەیشتن بەمانا ڕاستەقینەکەی، دەستووریش وەك دەقێکی یاسایی لەبەردەم ئەم ئەگەرەیە، بۆیە بـوونی ڕاڤـەکردنی جیـاواز دەبێتـە پارچـەبوونی یاسـاو دەسـتوور، لەبـەر ئەمـە پێویستە ڕاڤەی دەقی دەستووری بدرێتە دادگای باڵا بۆ دڵنیایی پاراستنی یەك بوونی یاساکان.

لـە ئـەڵمانیا دادگـای دەسـتووری فیـدڕاڵی هەڵدەسـتێ بەڕاڤـەکردنی دەسـتووری فیـدڕاڵی لـەکاتی بـوونی نـاکۆکی لەمـەڕ چوارچێوەی مـاف‌و ئەرکـەکان کـە تیایـدا هاتووە.[3]

[1] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١٣١.

[2] هـ. س، ل٩٠.

[3] مادە (٩٣)، بڕگە (١) لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو.

ڕوون کردنەوەی نا ڕۆشنی دەستوور یارمەتی دەرە بۆ دیاری کردنی مەبەستی دەستوور ئەمەش دڵنیاییە کە بۆ یەك بوونی پیادەکردنی دەستوورو جێگیرکردنی،[١] چونکە ڕاڤەکردنی دەستوور لەمیرنشینی یەکگرتووی عەرەبی کە ئەرکی دادگای باڵایە هەموو لایەکی دادگاو دەسەڵاتی فیدڕاڵیو ناوچەیی پێوەی پابەند دەبێت، ئەمەش پارێزگاری لەو یەك بوونە دەکات.[٢]

لەئەمەریکا بەهۆی دەسەڵاتی دادگای باڵا یاسای فیدڕاڵی ملکەچە بۆ یەك ڕاڤەکردن لەگەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوەی فیدڕاڵی، یان دادگای باڵای هەرێمەکان.[٣]

**٣-١-٣-٣ ئەرکی تاوانکاری دادگای باڵای فیدراڵی:**

دادگای باڵای فیدراڵی لەهەندێ وولاتی فیدراڵی دەسەڵاتی تاوانکاری لەخۆی دەگرێت، بۆ نموونە لەسویسراو میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی دادگای باڵا بەم ئەرکە هەڵدەستێ لەم کاتانەی خوارەوە:

١- خیانەتی گەورە بەرامبەر کۆنفیدراڵو شۆڕشو توندوتیژی دژی دەسەڵاتی فیدڕاڵی.

٢- تاوانو دەست درێژی لەسەر یاسای نێودەوڵەتی.[٤]

دەستووری میرنشینی یەکگرتووی عەرەبیش باسی کردووە، بەتایبەت لەم تاوانانەی زیانی ڕاستەوخۆیان بۆ بەرژەوەندی فیدڕاڵی هەیە، وەك تاوانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆییو دەرەکیو تاوانی ساختەکردنی مۆری فەرمی یەکێك لەدەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی.[٥]

لەبەر ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی بەدڵنیاییەك دادەنرێت بۆ هەرێمەکان، بۆیە واچاکترە تاوانکاریەکان لەدەستووردا بەوردی دیاری بکرێت، چونکە ئەگەری ئەوە

---

1 د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربية، ل٣٢٨.

2 هـ. س، ل٣٢٩.

3 قاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القاضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١٣٣.

4 هـ. س، ل١٣٣.

5 مادە (٩٩) لەدەستووری میرنشینی یەکگرتووەکانی عەرەبی.

هەیە ئەمە ببێتە هۆی کەمکردنەوە لە دەسەڵاتی دادگای هەرێمەکان بە بیانووی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی فیدراڵی، زۆربەی دەسەڵاتەکان لە تاوانی تاوانکاریەکان لەدادگای هەرێمەکانەوە بگوازرێتەوە دادگای باڵای فیدراڵی، بەڵام وەك پێشتر ڕوون کرایەوە لەدەستووری ئەمەریکا دەسەڵاتی دادگایی کردنی گەورە فەرمانبەرو بەرپرسانی بەپەرلەمان داوە.[1]

ئەم ڕێگای دادگایی کردنە پەیوەندی بە دەسەڵاتی دادوەری ئەمەریکا نییە، بۆیە (احمد شوقی) بەجۆرێکی تایبەتی دادەنێت لە دادگای تەمێکاری (تأدیبی)، چونکە دادگایی کردنەکە نە بەڕێگای دەسەڵاتی کارگێڕی یە نە بەڕێگای دەسەڵاتی دادوەری یە بەڵکو بەهۆی کۆنگرێسە.[2]

**٣-١-٣-٤ چاودێری دەستووری بوونی یاساکان:**

لەدەوڵەتی فیدراڵیدا دەستوور یەکێکە لەهۆکارەکانی دڵنیایی بوون بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی، چونکە لە سیستەمی دیموکراسی دەستوور سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانەو ماف و ئەرکی تاکەکان دیاری دەکات و چوارچێوەو تایبەتکاری دەسەڵاتەکانی وولات دیاری دەکات.[3]

دیموکراسیش نابێتە ڕاستی، تەنها لەو وڵاتانە نەبێ کە چاودێر لەسەر دەستووری بوونی یاساکان هەیە.[4] جگە لەمە ئەم گرنگیەی دەستوور تەنها لەبوونی نییە، بەڵکو لە جێبەجێ کردن و سەرپێچی نەکردنیەتی، بەپێچەوانەوە دەقەکانی دەستوور تەنها لەبواری تیۆری دەمێنێتەوە.[5]

---

[1] مادە (٢)، برگە (٤)، لەدەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[2] وەرگیراوە لە: (د. عبدالرؤوف هاشم محمد یسیونی: س. پ، ل٩٠).

[3] د. محمد عبدالحمید ابوزید: س. پ، ل٣٨٧.

[4] د. احمد فتحی سرور: الحمایة الدستوریة للحقوق والحرکات، ط٢، دار الشروق، بدون مكان، ٢٠٠٠، ل١٥٦.

[5] د. اسماعیل الغزال: س. پ، ل٤٩.

چاودێری دەستووری بوونی یاساکان یەکەمین و چالاکترین دڵنیایی یە، کە لە دەستوور یاسادانەر بڕیاری لەسەر دەدات.[1] بەتایبەت لەدەوڵەتی فیدراڵی، بۆ نموونە یەکێك لەفاکتەرەکانی جێگیربوونی دەستوور لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پێویستی سروشتی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان کە دەیبەستێتەوە بەدەوڵەتە ئەندامەکانەوە، کە ئەم ئەندامانە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان هەردەم پێویستیان بەدڵنیایی یە.[2]

کەواتە کاتێك دەستوور چاکترین دڵنیایی بێت، پێویستە لەبەرامبەر دڵنیایی هەبێ بۆ ڕێزگرتنی، بەپێچەوانەوە وەك کۆمەڵێك ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەمێنێتەوە، جگە لەوە یەکێك لە تایبەتکارییەکانی ڕێسای یاسا بریتیە لە پێوەلکانی سزا، جا دەستووریش پێویستە سزای هەبێ لەکاتی سەرپێچی کردنی، کە بریتیە لە (دەستووری نەبوونی) یاساکان لەوکاتەی پێچەوانەی دەستوور بوون.[3]

بۆیە ئەرکی چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان بەگرنگترین ئەرك دادەنرێن، کە دادگای باڵای فیدراڵی پێی هەڵدەستێ، بەڵام یاساناسان لەوخاڵەدا جیاوازن لەیەکتری کە ئایا بۆ ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی بەم ئەرکە هەڵبستێ، مەرجە بە دەقێکی دەستووری ئەم ئەرکە باس کرابێت، یان لەبەر سروشتی دەستوور کە باڵاترین یاسایە لەدەوڵەت مەرج نییە باس بکرێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو بۆچوون هەیە، بۆ چوونی یەکەم: نەبوونی دەقێکی دەستووری بۆ ڕێکخستنی چاودێری دەستووری بوونی یاساکان بەوە لێك دەدەنەوە، کە بێ دەنگی دەستوور لەم ئەرکە دان نانە بەم مافە بۆ دادگای باڵا، چونکە دەستوور

---

[1] د. سامی جمال الدین: القانون الدستوری والشرعیة الدستوریة علی ضوء قضاء المحکمة الدستوریة العلیا، ط٢، منشأة المعارف بالاسکندریة، القاهرة، ٢٠٠٥، ل١٤٢.

[2] اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤٠٥.

[3] المستشار عزالدین الدناصوری و د. عبدالحمید الشوالی: الدعوی الدستوریة، منشأة المعارف بالاسکندریة، القاهرة، بدون سنة، ل١٧.

یاسای پایە بەرزە بۆیە بێ دەنگ بوونی یاسادانەر مانای وایە ئەم مافەی داوە بەدادگاکان.[1] بۆ نموونە دەستووری ئەمەریکی دەقی تێدا نییە، کە دادگای بالآی تایبەت کردبێ بەم ئەرکە.[2]

بۆ چوونی دووەم دەڵێت، ئەگەر دەستوور بێ دەنگ بوو مافی دادگا نییە بەم چاودێرییە هەستێت، لەوەشدا پشت بەو بۆچوونە دەبەستن کە مافی چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان لادانە لەپرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەمەش دەبێتە دەست وەردان لەکاروباری دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری، چونکە بە بۆچوونی ئەوان پێویستە دادگا هەستێت بەپیادەکردنی یاسا وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئایا یاساکە گونجاوە لەگەڵ دەستوور یان پێچەوانەیە، ئەمە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان جێدەهێڵدرێت،[3] بەڵام ڕونە، کە تایبەتمەندیو گرنگی دەستوور لەپایە بەرزیەکەیەتی، بەپێچەوانەوە دەستوور، وەك ڕێسایەکی یاسایی ئاسایی دەمێنێتەوەو بە ئاسانی سەرپێچی دەکرێت، لەبەر ئەوە لایەنگرانی یەکەم ڕاستن، چونکە دەق هەبێو نەبێ لەدەستوور پێویستە دادگا بەم ئەرکە هەڵبستێ. وەك دەستووری ئەمەریکی هیچ دەقێکی لەم بارەیەوە تێدا نییەو بەو ڕۆڵەش هەڵدەستێ.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەم وولاتان دوو ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ چاودێری دەستووری بوونی یاساکان:-

١- چاودێری سیاسی: بریتیە لەو چاودێریەی کە دەستەیەکی سیاسی پیادەی دەکات لەسەر بنەمای سیاسی پێش دەرچوونی یاسا لەپەرلەمان.[4] ئەم چاودێرییە پێش وەختە بۆیە پێیی دەڵێن چاودێری خۆپاراستن (وقائی preventif).[5]

---

[1] د. سامی جمال الدین: س. پ، ل١٤٣.

[2] د. نوری لطیف: القانون الدستوری، ل٣١٩" د. حسن عثمان محمد عثمان: النظم السیاسیة والقانون الدستوری، ل٨٧" بەڵام مادەی (٣)و (٦) وەك بنەمایەك دادەنێن بۆ ئەم ئەرکەی دادگای باڵای فیدراڵی.

[3] د. حسن عثمان محمد عثمان: النظم السیاسة والقانون الدستوری، ل٧٧.

[4] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: ضمانات الدستور، ل٤٤.

[5] د. احمد فتحی سرور: س. پ، ل٧٧" د. محسن خلیل: س. پ، ل١٢٣.

ئەم چاودێریە پشت بەپرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت، چونکە لەم جۆرە چاودێریە دادگا هەیمەنەی لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان نابێت و هەڕەشە لەسەربەخۆیەکەی ناکات.[1]

٢- چاودێری دادوەری: واتە ئەو لایەنەی، کە بەئەرکی چاودێری هەڵدەستێ بریتیە لەدادگا. یاساناسان دەربارەی ئەرکی دادگا بۆ چاودێری جیاوازن، چونکە هەندێکیان باس لە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن، کە نابێت دەسەڵاتی یاسادانان دەست لەکاروباری دەسەڵاتی دادوەری وەربدات و لەلایەکی تر بۆ پرەنسیپی سەروەری گەل دەگەڕێنەوە، کە هەریاسایەك لەپەرلەمان دەربچێت دەربڕی وویستی گەلە، بۆیە مافی دادگا نیە ویستی خۆی زاڵ بکات لەسەر ویستی پەرلەمان،[2] بەڵام ئێمە لەپێشوودا باسمان لەوە کرد، کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەمانای هاوکاری و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانە، بۆیە چاودێری دادگا لەسەر دەستووری بوونی یاساکان بەمانای دەست وەردان نییە لەدەسەڵاتی یاسادانان، بەڵکو وەك ڕوونمان کردەوە چاودێری ئاڵوگۆڕ هەیە لەنێوان دەسەڵاتەکان لەسەر کاروبارەکانیان. ئەم چاودێریەش بە دوو ڕێگا دەبێت:

١- ڕێگرتن لە جێبەجێ کردنی یاسایەکی نا دەستووری: لەم ڕێگایە دادوەر هەڵدەستێ بە پشت گوێ خستنی یاسایەکی نا دەستووری، بەواتایەکی تر لەم کاتەدا دادوەر بڕیار دەرناکات بە پووچەڵ کردنەوەی یاسایەکە، بەڵکو دەسەڵاتەکەی لەسنووری ڕێگرتن لە جێبەجێ کردن دەوەستێت.[3] و ئەم ڕێگایە ئامرازێکی بەرگرییە، چونکە ئەوکەسەی لەئەنجامی جێبەجێ کردنی یاسایەکی نا دەستووری زیانی لێ دەکەوێ داوای پووچەڵ کردنەوە ناکات، بەڵکو لەو کاتە داوا دەکات پیادە نەکرێت.[4] و ئەم ڕەت کردنەوەیە کاتێك لەلایەن دادگایەك دەبێت

---

[1] د. سامی جمال الدین: س. پ، ل١٥٤.

[2] د. محسن خلیل: س. پ، ل١٣٤.

[3] اسماعیل مرزة: س. پ، ل٣٩٧.

[4] د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا:القانون الدستوري، الدار الجامعة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٨٣، ل٢٤٩.

داگاکانی تر پێوەی پابەند نابێت جا لەئاستێکی بەرزتربێت یان نزمتر، تەنانەت هەمان دادگاش کۆت ناکرێت پێوەی.[١]

ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی ناکۆکی لەنێوان دادوەرو یاسادانەر، لەبەر ئەوەی چاودێری ڕێگرتن لەڕوو کاردا ڕێز لەپرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان دەگرێتو لەگەڵ پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ناکۆك نابێت،[٢] چونکە بڕیاری دادگا لەو کاتەدا کورتدەکرێتەوە، تەنها لە جێبەجێ نەکردنی یاسا نا دەستووریەکە، نەك پووچەڵ کردنەوەی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نموونەی دیاری دەوڵەتی فیدراڵییە بۆ چاودێری دادوەری، مێژووی ئەم چاودێریەش بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە (جون مارشاڵ) سەرۆکی دادگای باڵا بوو لەکێشەی (ماربووی) لەدژی (مادیسون) ساڵی (١٨٠٣).[٣] و هەندێك بە وڵاتی دایك باسی دەکەن بۆ درووست بوونی چاودێری دادوەری،[٤] جگە لەوە دادگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باشترین نموونەن بۆ جۆری چاودێری (ڕێگرتن) کەلەسەرجەم دادگاکان کاری پێ دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە لەسیستەمی دادوەری ئەمەریکی، بریتیە لەوەی ئەمەریکا بەپێشینەی دادوەری وەرگرتووە، ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ بەهێزکردنی

---

[1] بەڵام ئەو وڵاتەی بەپێشینەی دادوەری وەرگرتبێ جیاوازە، چونکە لەو وڵاتانە کاتێك یاسایەك لەلایەن دادگای باڵاوە جێبەجێ ناکرێت بەهۆی، دەستووری یەوە، ئەوە ئەم یاسایە هێزی بەرکاری یاساکە ناهێنی، چونکە ئەو وڵاتەی بەپێشینەی دادوەری وەرگرتبێ ئەوا هەموو دادگاکان بە حوکمەکە پابەندن جگە لەوە لەلایەنی پراکتیکی نەك یاسایی وەك ئەوەیە کە یاساکە نەبێت، بۆ زیاتر بڕوانە: (د. سامی جمال الدین: س. پ، ل١٦١).

[2] د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا: القانون الدستوري، ل٢٤٥.

[3] GEOFFREY MARSHALL: CONSTITUTIONAL THEORY, OXFORD, 1971, p.105, 107 ” تحدید ماهو القانون: عمل المحکمة العلیا بصفتها الحکم في دستوریة القوانین، وەرگیراوە لە سایتی http://www.usinfo.state.gor,p.2, ، لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٦/٧ ” اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤٠٧ ” عبدالغنی بسیونی عبدالله: النظم السیاسیة واقانون الدستوری، ل٥٦٧ ” د. عبدالله اسماعیل البستانی: س. پ، ل١.

[4] وەرگیراوە لە: (د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا: القانون الدستوری، ل٢٥٢).

پاشماوەی دادگا، بەگوێرەی پێشینەی دادوەری ئەو دادگایەی کە بڕیارەکەی دەرکردوەو دادگاکانی هەمان پلەی ئەو دادگایەو دادگای پلە نزمتر، هەموویان کۆت دەبن بە بڕیارەکەی.[١]

بەبۆچوونی زۆربەی یاساناسان کارکردن بەپێشینەی دادوەری لەئەمەریکا کاریگەری لەسەر گۆڕینی جۆری چاودێرییەکە دەبێت، واتە ڕاستە لەڕووی یاسایی دادگاکانی ئەمەریکا کاردەکەن بەچاودێری (ڕێگرتن)، نابێتە هەڵوەشانەوەی یاسایەکە، بەڵکو تەنها کاری پێناکرێت، بەڵام لەلایەنی پراکتیکی پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە، چونکە وەك باسکرا بەگوێرەی پێشینەی دادوەری دەبێت، دادگا نزمەکان پابەندبن بەبڕیاری دادگا بەرزەکانو لەبەر ئەوەی لەسیستەمی دادوەری ئەمەریکا دادگای باڵای فیدڕاڵی باڵاترین دادگایە، بۆیە پێویستە سەرجەم دادگاکان بەبڕیارەکان پابەندبن ئەمەش وادەکات جۆری چاودێرییەکە لەچاودێری هەڵوەشانەوە (ڕەتکردنەوە) نزیك بێتەوە.[٢]

کەواتە دادگای باڵا هەڵدەستێ بەدانانی یاساو دەبێتە یاسا دانەر، بۆیە ئەگەر دادگای باڵا دەستەی یاسادانان نەبێت، بەڵام باڵاترین یاسادانەرە، یاسایەك بۆئەوەی پابەندبوونی خۆی وەربگرێت پێویستی بەووشەی کۆتایی دادگایە تا تاکەکان پێوەی پابەندبن،[٣] بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییە، کە ئەو جۆرە چاودێرییە لەئەمەریکا لەچاودێری (هەڵوەشانەوە) نزیك دەبێتەوە لەڕووی ئەنجامەوە، بەڵام جیاکارو جیاوازە لەڕووی پاشماوە، چونکە لەچاودێری ڕێگرتن یاساکە بوونی بەردەوامی دەبێت، بەڵام لە چاودێری (هەڵوەشانەوە) یاساکە بوونی نامێنێت،[٤]

---

[1] اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤١٥.

[2] ابراهيم عبدالعزيز شيحا: القانون الدستوری، ل٢٦١" اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤١٥" د. منذر الشاوی: القانون الدستوری (نظرية الدستور)، ل٦٨.

[3] د. منذر الشاوی: القانون الدستوری (نظرية الدستور)، ل٧٩، ٨٠.

[4] اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤١٥

جگە لەڕێگای ڕێگرتن لەچاودێری دەستووری بوونی یاساکان، دوو ڕێگـای تـریش پەیڕەو دەکرێت لەئەمەریکا:-

أ- فـەرمانی دادوەری: (بـەگوێرەی ئـەم ڕێگایـە هـەرتاکێك بـۆی هەیـە پـەنا بـۆ دادگای تایبەتمەند ببات داوای وەستاندنی جێبەجێ کردنی هـەر یاسایەك بکات بەهۆی دەستووری نەبوونی ئەگەر لەجێبەجێ کردنی تووشی زیان بێت‌و ئەگەر بۆ دادگـا جـێگیر بـوو، کـە یاسـاکە نادەسـتووریە فـەرمانێکی دادوەری دەردەکـات بـۆ فەرمانبەری تایبەتمەند بۆ ڕێگرتن لەجێبەجێ کردنی ئەو یاسایە.

ب- ڕاگەیاندنی دادوەری یان فەرمانی دادوەری: لەم ڕێگایە هەر تاکێك دەتوانـێ پەنا بۆ دادگا ببات بۆ ئەوەی داوا لـە دادگا بکات، بڕیارێکی بۆ دەربکـات کـە ئایا ئــەو یاســایەی دەیــەوێت جێبــەجێ بێــت لەســەری ئایــا دەســتوورییە یــان نــا دەستوورییە.[١]

٢- چاودێری پووچەڵ کردنەوە (ڕەتکردنەوە-الغاء):- ئـەم جـۆرە چـاودێرییە ڕێگایــەکی هێــرش کردنــە.[٢] و بڕیارەکــەی پووچــەڵ کردنــەوەی یاســاکەی لێ دەکەوێتـەوە وەك ئـەوەی کەنـەبێت.[٣] ئـەم بڕیارەش هێـزی پابەنـدبوونی دەبێـت بـۆ سەرجەم دادگاکانی وولات.[٤] بە دوو جۆر دەبێت:-

أ- چاودێری پێشوو (سابق):-

لـەم جۆرەیـان پێویـستە لەسـەر پەرلـەمان دوای ئـەوەی یاسـایەك دادەنێـت، بـۆ واژۆکـردن بـۆ سـەرۆکی دەوڵـەت بنێرێـت، لەماوەیـەکی دیـاری کراویـشدا مـافی سـەرۆکە (یـان هـەر دەسـەڵاتێك کـە ئـەم مافـەی پـێ درابێـت) یاسـاکە بنێرێـت بـۆ

---

[1] بڕوانـە: (ابـراهیم عبـدالعزیز شـیحا: القـانون الدسـتوری، ل٢٦٢" د. منـذر الـشاوی: القـانون الدستوری (نظریة الدستور)، ل٦٨" اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤١٦).

[2] د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا: القانون الدستوری، ل٢٤٥.

[3] المستشار عزالدین الدناصوری، و د. عبدالحمید الشوالی: س. پ، ل٢٥.

[4] د. سامی جمال الدین: س. پ، ل١٦٢.

دادگای باڵا بۆ دڵنیابوون لەدەستووری بوونی یاساکە، جا ئەگەر بڕیار درا لەسەر دەستووری نەبوون پێویستە سەرۆکی دەوڵەت هەڵنەستێ بەدەرکردنی و بەپێچەوانەوەش.[1]

ب- پووچەڵ کردنەوەی دواتر (لاحق):-

ئەم چاودێرییە لەناوەکەی دیارە کە دوای دەرچوونی یاسایەکەیە.[2] بڕیار بە پووچەڵ کردنەوەی یاساکە دەدرێت لەوکاتەش پووچەڵ کردنەوەکە بەسەر هەموو لایەك جێ بەجێ دەبێت.[3] و سویسراش دیارترین وولاتە بەم جۆرە چاودێریەی وەرگرتبێ.[4]

لەبەر ئەوەی دادگا ناتوانێ بە خودی خۆی بەم ئەرکە هەستێو دەستووری بوونو نەبوونی یاساکان سەیر بکات، بۆیە پێویستە داوا بەرزبکرێتەوە لەلایەن کەسو لایەنەکان بۆ هەڵسەنگاندنی یاساکان،[5] بەڵام بەهۆی ئەوەی دەوڵەتە فیدراڵیەکان بەپێ دانی ئەم مافە جیاوازن بۆیە دەکرێت دابەشی بکەین بەسەر دوو جۆر:-

أ- مافی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵیو هەرێمەکان.

ب- مافی تاکەکان.

لەبەر ئەوەی دوو جۆرە سیستەمی چاودێری هەیە، بۆیە پێویستە بزانین کە دەوڵەتە فیدراڵیەکان بە کام سیستەمی چاودێریان وەگرتووە. دواتر باسی لایەنەکان بکەن کە بەرزکردنەوەی داوایان هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

---

1 ابراهیم درویش: س. پ، ل٢٢١.

2 ه. س، ل٢٢٢.

3 اسماعیل الغزال: س. پ، ل٣٩٢.

4 Select constitutions, Op. Cit., P.465.

5 منذر الشاوي: القانون الدستوری (النظریة الدستور)، ل٥٨.

١- سیستەمی چاودێری ناناوەندی:

لەو سیستەمەی کە دەستووری وڵات ڕێگای بە هەموو دادگاکان داوە هەڵبستن بەچاودێری دەستووری بوونی یاساکان جا پلەو جۆریان لەهەرئاستێك بێت.[١] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیاری ترین نموونەیە، چونکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مافی دادگایی باڵای فیدراڵی یە دەستوور نەبوونی یاساکان ڕابگەیەنێ، کە پەرلەمانی ئەمەریکی دەری دەکاتو جێبەجێ کردنی ڕەت بکاتەوە، هەروەها ئەم تایبەتکارییە مافی ویلایەتە ئاسایەکانە، لەهەر ویلایەتێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەو مانایەی دادگای هەر ویلایەتێك مافی هەیە، جێبەجێ کردنی یاسایەك ڕەت بکاتەوە، کە پەرلەمانی ویلایەتەکەی دەری کردووە ئەگەر پێچەوانەی دەستوور بوو.[٢]

جگە لەوە دادگای ویلایەتەکان مافی ئەوەیان هەیە سەیری دەستووری بوونی ئەو یاسایانەش بکەن کە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵین.[٣]

٢- سیستەمی چاودێری ناوەندی: ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت:

شێوەی یەکەم: ئەم تایبەتکارییە لە وڵات دەدرێت بە دادگای باڵا کە لە سەرووی هەموو دادگاکانی دەوڵەتە، کە دادگاکان بە دادگای سەرەتاییو تاوانکاری دەست پێ دەکات تا دەگاتە لای باڵاترین دادگاو ئەم تایبەتکاریەی پێ دەدرێت.[٤] لەبەر ئەوەی ئەم کارە مەترسی هەیە بۆیە ئەم تایبەتکارییە بە دادگای ئاسایی نادرێت، بەڵکو دەدرێت بەباڵاترین دادگای وڵات، کە لەپاڵ تایبەتکاری ئاسایی خۆی بەم تایبەتکاریەش هەڵدەستێ.[٥] و باشیەکانی ئەم ڕێگایە بریتیتە لەوەی گرژی

---

[1] د. رمزی طه الشاعر: النظرية العامة للقانون الدستوری، جامعة الكويت، بدون سنة ومكان الطبع، ل٤٦٢.

[2] منذر الشاوي: القانون الدستوری، نظرية الدستور، ل٦٦.

[3] د. عبدالله اسماعيل البستانی: س. پ، ل١٨٦" السيد صبری: س. پ، ل٢٢٧، ٢٢٨.

[4] اسماعيل مرزة: س. پ، ل٣٩٣.

[5] منذر الشاوی: القانون الدستوری، ل٥٩.

دروست نابێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر بەتایبەت لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان، چونکە ئەم دادگایە وەك دادگایەکی ئاسایی لەدەسەڵاتی دادوەری هەڵدەستێ بەنەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان یاساو دەستوور.[١] زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکان بەم جۆریان وەرگرتووەو وەك میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی و سویسرا.

شێوەی دووەم: بەدادگایەکی تایبەتمەند دەدرێت کە بەتایبەت دروست دەکرێت بۆ هەستان بەکاری چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان و زۆربەی کات بەم دادگا تایبەتیە دەڵێن دادگای دەستووری وەك ئەڵمانیا (١٩٤٩).[٢]

کەواتە بەزانینی جۆری چاودێریەکان دەتوانین باسی ئەو لایەنانە بکەین، کە مافی جوڵانەوەی داوای چاودێری بوونی یاساکانی هەیە.

لەچاودێری ناناوەندی بۆ هەموو دژێك (خصوم) هەیە تانە لەهەموو داوایەك بدات،[٣] بەڵام ئەو دەوڵەتانەی بەسیستەمی ناوەندیان وەرگرتووە بەدوو ڕێگا مافیان بەتاکەکان داوە:-

١- ئەم مافە بە تاکەکان دراوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەك دەستووری سویسرا.[٤] واتە تاکەکان بەبێ هیچ نێوانێك و لەبەردەم دادگای دەستووری، دەتوانن تانە بدەن، لەو یاساو ڕێوشوێنانەی نادەستورین لەبەردەم دادگای دەستووری.

٢- ئەم مافە بەتاکەکان دراوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتە تاکەکان تانە دەدەن لەدەستووری بوونی یاسایەك لەبەردەم دادوەرەکان، کە داواکەی لەبەردەستە ئەویش بەرزی دەکاتەوە بۆ دادگای دەستووری.[٥]

---

1 د. سامی جمال الدین: س. پ، ل١٥٤.

2 د. نعمان احمد الخطيب: مبادىء القانون الدستوري، ط١، منشورات مؤتة عمادة البحث العلمي و الدراسات العليا، المطبعة الوطنية، الاردن، ١٩٩٣، ل١١١" د. سامی الجمال الدين، س. پ، ل١٥٤.

3 د. سامی الجمال الدين: س. پ، ل١٥٥.

4 اسماعيل الغزال: س. پ، ل٥٣.

5 د. رمزي طه الشاعر: س. پ، ل٤٧٢.

بەڵام، کە دەڵێین تاکەکان ئەو مافەیان هەیە بەو مانایە نیە کە هەموو تاکەکان بێ هیچ کۆتێك دەتوانن پیادەی ئەم مافە بکەن، بەڵکو پێویستە ئەو کەسەی پیادەی دەکات بەرژەوەندیەکی هەبێ لەداواکە.[١] بۆنموونە لەسویسرا ئەم مافە بە تاکەکان دراوە بەمەرجی بوونی بەرژەوەندیەك لەو داوایە. پێ دانی ئەم مافە بە تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی چەند ئامانجێکی لێ دەکەوێتەوە:-

١- پارێزگاری ماف و ئازادی.

٢- چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان و هێنانەدی ڕەوایەتی کاری دەوڵەت.

٣- قووڵ کردنەوەی بەهای دیموکراسی لە ویژدانی گەل لە ڕێگای دانانی چاودێری دەستووری بوون بەدەستی تاکەکانی گەل.[٢] جگە لەوە هەندێ کات ئەم مافە بەدەستەی دیاری کراو لە دەوڵەتدا دراوە، ئەم مافەش لەو کاتەدا دێتەدی، کە وڵاتەکە بەچاودێری سیاسی یان پووچەڵ کردنەوەی دواتری وەرگرتبێ، کە پێش دەرچوونی یاساکە ئەم مافە بەدەسەڵاتی گشتی دەدرێت، بۆیە ئەم دوو جۆرەی چاودێری لەم خاڵەدا لەیەکتر دەچن.[٣]

دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ئەم مافەی داوە بەدەسەڵاتی فیدراڵی، کە دیاری نەکراوە کام دەسەڵاتە، بەڵام لە دەستوور دەسەڵاتی فیدڕاڵی بریتیە لە ئەنجوومەنی باڵاو سەرۆکی فیدڕاڵی و جێگرەکەی و دادگای فیدڕاڵی.[٤] دادگای باڵا لە میرنشینی یەکگرتووەکانی عەرەبی بەشێوەی نا ئاشکرا تانە دەدات

---

1 عبدالعزیز شیحا: القانون الدستوری، ل٢٣٤" اسماعیل مرزة: س. پ، ل٤١٤.

2 د. احمد فتحی سرور: س. پ، ل١٨٧.

3 اسماعیل مرزة: س. پ، ل٣٩٣.

4 مادە (٤)، لە دەستووری میرنشینەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٩، (جگە لەمە مافی ئەنجوومەنی نیشتمانیشە ڕاستەوخۆ داوا بەرزبکاتەوە لەبەردەم دادگای باڵای یەکێتی تانە بدات لەدەستووری نەبوونی یاسای هەرێمەکان لەکاتی پێچەوانەبوونی لەگەڵ دەستوور یان لەگەڵ یاسای یەکێتی).

ئەویش کاتێك کە یاسایەك گومانی دەستووری بوونی لێ بکرێت دەینرێت بۆ دادگای باڵا.[١]

کەواتە کاتێك مافی چاودێری بەتاکەکان نادرێت، مانای ئەوەیە کە چاودێرییەکە دەسەڵاتداران پێی هەڵدەستن لەسەر دەسەڵاتدار خۆی، لەکاتێکدا بۆ هاتنەدی ئامانجەکانی چاودێری وا پێویست دەکات، چاودێرییەکە لەلایەن دەستەی چاودێری لەسەر دەسەڵاتدارەکان بێت، چونکە دەسەڵاتدار ئەو یاسایانە دادەنێت، کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی دەگونجێت، بۆیە ناکرێت دەسەڵاتداران خۆیان بەچاودێری هەڵبستن لەسەر یاساکان لەکاتێکدا خۆیان داڕێژەری یاساکانن،[٢] جگە لەوە هەندێ جار دەسەڵات دراوە بەدەسەڵاتی هەرێمەکان کە تانە لەدەستووری نەبوونی یاساکان بدەن، لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی دەستوور ڕێگەی بە هەرێمە ئەندامەکان داوە تانە لەدەستووری نەبوونی یاساکانی فیدڕاڵی بدەن. ئەم دەسەڵاتەش گەرچی دیاری نەکراوە کێ لەهەرێمەکان هەڵدەستێ بەم ئەرکە، بەڵام فەرمانڕەوای گشتی هەرێمەکانو دادگای ناوچەیش تایبەتمەندن بە هەستان بەم ئەرکە، دادگای ناوچەیی بەشێوەیەکی نا ئاشکرا بەم ئەرکە هەڵدەستێ، ئەمەش لەوکاتەی کە داوایەکە دەنێرێت بۆ دادگای باڵا.[٣]

کەواتە دەتوانین بڵێین دەوڵەتە فیدراڵیەکان بەگشتی مافیان بەتاکەکان داوە بۆ ئەوەی بتوانن بەم ئەرکە هەڵبستن جا چ بەڕاستەوخۆیی بێت یان ناڕاستەوخۆیی، بەڵام ئاستی ئەم چاودێرییە لەسەر دەستووری بوونی یاساکان چەندە، ئایا تەنها یاسای پەرلەمانی هەرێمەکان دەگرێتەوە بەبێ یاسای پەرلەمانی فیدڕاڵی یان هەردوولا دەگرێتەوە. هەندێ دەوڵەتی فیدراڵی مافی چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان کورت دەکەنەوە، تەنها لەسەر یاساکانی پەرلەمانی، بەبێ ئەوەی ئەم چاودێرییە درێژبێتەوە بۆ یاسای دەوڵەتی فیدراڵی، وەك سویسرا، ڕێگا نادات

---

[1] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربية، ل٣٢٢.

[2] د. منذر شاوی: القانون الدستوری (النظرية الدستور)، ل٩٢.

[3] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربية، ل٣٢٣.

بەچــاودێری دەســتووری بــوونی یاســاکانی دەســەڵاتی یاســادانانی نیــشتمانی فیدراڵی،[1] ئەمەش جێگای ڕەخنەیە لای هەندێك، چونکە وای لێك دەدەنەوە کە لـەم ڕێگایەوە ئازادی بەدەوڵەتی فیدراڵی دەدرێت، هەر یاسایەکی ئارەزوو بکات دەری بکاتو بەهۆیەوە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی بەهێز دەبێت. لێرەشدا دادگای بــاڵا ئامــانجی دامەزراندنەکــەی دەدۆڕێنــێ، کــە پاراســتنی هاوســەنگی نێــوان دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵیو دەسەڵاتی هەرێمەکانە،[2] بەڵام (د. ابراهیم عبدالعزیز) پێی وایە ئەم ئامانجە لەڕووی پراکتیکییەوە نایەتەدی، لەبەر ئەوەی سیستەمی سویــسرا پــشت بــە دیموکراســی تاڕادەیــەك ڕاســتەوخۆ دەبەســتێت، واتــە ئــەم ڕاپرسییەی گەل، بەڕۆڵی دادوەری دادگای باڵا هەڵدەستێ.[3]

دادگای باڵا لە ئەڵمانیاو ئەمەریکا، بەپێچەوانەی سویسرا چاودێری دەستووری بوونی یاسای هەرێمەکانو یاسای فیدراڵی دەکات.[4]

جگە لـەو ئەرکانـەی باسکرا دادگـای بـاڵای فیـدراڵی چـەند ئـەرکێکی تـری پـێ دەسـپێردرێت لەدەوڵەتـە فیدراڵییـەکان، بـۆ نموونـە هەسـتان بەئـەرکی دادگـای نـاکۆکی تایبـەتکاریی لـە هەرێمـەکان لـەکاتی نـاکۆك بـوونی تایبـەتکاریی لـەنێوان دادگای فیدراڵیو دەستەی دادوەری ناوچەیی لە هەرێمـەکان یـان لـەنێوان دەسـتە دادوەرییەکان لە هەرێمەکان یان ناکۆکی لەنێوان دەستەی دادوەری لەیەك هـەرێم، و هەڵدەسـتێ بـە ڕاڤـەکردنی پەیماننامـەو ڕێککـەوتنی نێودەوڵـەتی لەسـەر داوای یەکێك لەدەسەڵاتی یەکێتی یان حکومەتی یەکێك لە هەرێمەکان .[5]

[1] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: ضمانات الدستور، ط١، نشر وتوزیع المکتبه القانونیه، بغداد، ٢٠٠٤، ل٥٦.

[2] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١١٠، ١١١.

[3] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسیة، الدول والحکومات، ل٢٨٦،

[4] اوستن رنی: س. پ، ل٢٩٢.

[5] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربیة، ل٣٣١.



هەواڵنامەی کتێب

**٣-٢ دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیدا:-**

**٣-٢-١ دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان:**

لەتەوەری یەکەم ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کەهەرێمەکان خاوەنی سەربەخۆیی خۆجێیین، ئەمەش بەهۆی بوونی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەدەوڵەتی فیدراڵی، لەگەڵ بوونی دەستووری تایبەت بەهەرێمەکان، کەواتە بەتەنیشت دادگای فیدڕاڵی دادگای ناوچەیی هەیە لە هەرێمەکان، کە ئەمەش ڕوویەکە لەڕووەکانی سەربەخۆیی دەستووری خۆجێی.[١]

جگە لەوە زۆربەی کات جیاوازی ئایین، زمان، مەزهەب، پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێوان پێکهاتەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکاندا هەیە، بۆ نموونە کۆی داوا شارستانی و تاوانکاری لەئەمەریکا، کە لەبەردەم دادگای ویلایەتەکان بەرزکراوەتەوە تەنها لە ماوەی یەك ساڵ لە ساڵی ١٩٩١ (٢٩) ملیۆن داوایە، لەکاتێکدا سەرجەمی داوایەکانی دادگای فیدراڵی زیاتر نییە لە(٣٠٠،٠٠٠) داوا.[٢] ئەمە وا پێویست دەکات هەر هەرێمێك بەگوێرەی پێویستی و جیاکاریەکان یاسای دادگاکان ڕێك بخات، چونکە دادگا دادەنرێت لە بابەتی ناوخۆیی، بەڵام گەر سنووری ناوچەیی بەزاندوو گرنگی مەسەلەکە لەناوچەییەوە گۆڕا بۆ دەوڵەتی فیدراڵی، ئەوکات بۆ چارەسەرکردنی دادگای باڵای فیدراڵی دەیگرێتە خۆی.[٣] کەواتە لەدوولایەنەوە دەتوانین گرنگی دادگای هەرێمەکان ببینین:-

یەکەم: هاووڵاتیانی هەرێمەکان زیاتر بەدادگای هەرێمەکان بەستراونەتەوە بەبەراوورد لەگەڵ دادگای فیدراڵی، چونکە ئەو هەستە لەلای تاکەکان زیاد دەکات

[1] د. عادل الطبطائي: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٠٧.

[2] د. محمد ظهري محمود: المعالم البارزة للمحاكم المدنية الامريكية، المكتب الجامعي الحديث، مصر، ٢٠٠٦، ل١٥.

[3] سيد صبري: س. پ، ل١٠.

کە دادگای هەرێمەکان زیاتر هاوسۆزە لەگەڵ ئارەزوو بەرژەوەندیەکانیان لـەدادگای فیدراڵی.

دووەم: دادگای هەرێمەکان دامەزراوەیەکی سەربەخۆیەو پاشکۆی فیدراڵی نیـەو لەدادگا پلە نزمەکانی فیدراڵی دانانرێت.[١]

کەواتە لەلایەك بوونی دادگای هەرێمەکان بۆ سـەربەخۆیی خـۆجێی هەرێمـەکان پێویـستە، لەلایـەکی تـر هەرێمـەکان خـاوەن کێـشەی ناوچـەیی و تایبـەتن، کـە چارەسـەرو یـەك لاکردنـەوەیان تایبەتـە بەهەرێمەکـەو سنووری هەرێمـە فیدراڵیەکـە نابەزێنێ، لەبەر ئەوە هەرێمەکان دادگای سەربەخۆیان هەیە، بۆ نموونە لەئەمەریکا هــەر پــەنجا ویلایەتەکــە بــەجیا سیــستەمی دادوەری تایبــەت بــەخۆیان هەیــەو بەگوێرەی بارودۆخی ویلایەتەکەیان بڕیاریان لێی داوە. بۆیە گرانە بتوانین دوو ویلایـەت بدۆزینـەوە، کە لەڕێکخستنی دادگاکان بەتـەواوی وەك یـەك بن، چونکە دادگاکان تاڕادەیـەك ئازادن لەڕێکخستن و درووست کردنی دادگاو دیاری کردنی دەسـەڵاتەکان لەگـەڵ بـارودۆخی خـۆی،[٢] بـەڵام ئاسـتی جـۆرو پلـەی دادگاکـان لەدەوڵەتـە فیدراڵیـەکان جیـاوازە، بـۆ نموونـە دادگـای هەرێمـەکانی میرنـشینە یـەکگرتووەکانی عـەرەبی لەئاسـتێکی نزم دایـە، واتـە هەرێمـەکان هـەموو جـۆرە دادگایەکی پێویستیان لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو تەنها لە هەرێمەکان دوو جۆرە دادگا هەیە:-

١- داداگای (شەرعیە):تایبەتە بەسەیرکردنی هەموو جۆرە داوایەك و جێ بەجێ کردنی ڕێساو بڕیاری شەریعەتی ئیسلام لەسەر داواکان.

٢- دادگـای شارسـتانی و شـەرعیە: یەکـەم تایبەتـە بـە سـەیرکردنی مەسـەلەی شارسـتانی و تاوانکـاری و پیـادەکردنی بڕیـاری شـەریعەتی ئیـسلامی و دادگـای شەرعیە تایبەتە بە کێشەی بواری کەسێتی.[٣]

[1] د. سعيد السيد علي: س. پ، ل١٩٦.

[2] د. سعيد السيد علي: س. پ، ل١٩٣" كارول مورلاند: س. پ، ل٤٤" د. محمد ظهري محمود: س. پ، ل١٦

[3] د. عادل الطبطائي: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٣٤.

لەئەڵمانیا دادگای هەرێمەکان جگە لەوەی لە کێشەی شارستانی و تاوانکاری ناسەرەکی تایبەتکاریی سەرەتایان پێ دراوە، دەتوانرێت لەهەرێمەکان دادگای کارگێڕیش دروست بکرێت و پیادەی تایبەتکاریی کارگێڕی بکات بەگوێرەی یاساکانی فیدراڵی،[1] بەڵام لەویلایەتەکانی ئەمەریکا دادگاکان بۆ چوار پلە دابەش دەکرێت:-

١-دادگای (جزئیە): لەهەر ویلایەتێك بەلایەنی کەم دادگایەکی لەم جۆرەی لێیە و یەك دادوەری هەیە و تایبەتە بە یەك لایی کردنەوەی ئەو بابەتە شارستانیەی کە گرنگیەکەی کەمەو لاوەکییە.

٢-دادگای پلە یەك: یان پێی دەڵێن دادگای بابەتی، دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:-

أ-دادگای بابەتی گەورە یان تایبەتکاریی گشتی: ئەم داگایە تایبەتکاریەکەی سنووری جوگرافی دیاری کراوی ئەو ویلایەتە دەگرێتەوە کەلێیەتی، و تایبەتە بەسەیرکردنی داوا شارستانییەکان، کە بەهایان زۆرە لەگەڵ داوای تاوانکاری جگە لەوەی لەهەندێ ویلایەت دەبێتە دادگای تێ هەڵچوونەوە بە بڕیاری دادگای بابەتی تایبەتکاریی سنووردار.[2]

ب-دادگای بابەتی تایبەتکاریی سنووردار: ئەم دادگایەش ناوی جیاوازو جۆراوجۆری هەیە، و ئەم دادگایە لە ژمارەدا زۆرترین دادگایە کە (٩٠٪)ی دادگای ئەمەریکا پێك دەهێنێ و زۆرترین ژمارەی داوا دەبینێ، و تایبەتە بەسەیر کردنی ئەو داوایانەی بەهاکەیان کەمەو لە (٥٠٠) دۆلار تێپەڕ ناکات لە داوای شارستانی، و لەداوای تاوانکاری تایبەتە بە کەتن (جنح)و سەرپێچی کە (١٠٠٠) هەزار دۆلار زیاتر نەبێت و زیندانیش لەیەك ساڵ زیاتر نەبێت.

---

[1] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل٨٨، ٨٩.

[2] د. محمد ظهری محمد: س. پ، ل٢٥- ٣٨.

٣- دادگــای تێهەڵــچوونەوە: یــاخود پێــی دەڵــێن دادگــای تــێ هەڵــچوونەوەی ناوەنــدی، ژمــارەی دادگــای تــێ هەڵــچوونەوەكان بــەگوێرەی سیــستەمی دادوەری ویلایەتــەكان دەگــۆڕێن، بــۆ نموونــە لــە زۆربــەی ویلایەتــەكان یــەك دادگــای تــێ هەڵــچوونەوە هەیــە، كــە تایبەتكارییەكــەی فراوانــە، یــاخود بەدابــەش كردنــی جوگرافیــان وەگرتــووە كە لـەم جۆرەیـان ویلایەتەكەیان بۆ چەند هـەرێمێك دابـەش دەكرێـتو هـەر هەرێمـەی دادگایـەكی تـێ هەڵچوونەوەی هەیـە، ڕێگـای سـێیەمیش هەر دادگایەكی تێ هەڵچوونەوە تایبەتە بەسەیركردنی جۆرە تانەیەك كە پەیوەندی بەیەك لقی یاساوە هەیە.[١]

٤- دادگـای بـاڵا: لەهـەر ویلایـەتێك دادگـای بـاڵا هەیـە جیـاوازە لـەدادگای بـاڵای فیدراڵیو لە (٥-٧) دادوەر پێك دێتو خاوەنی ووشەی كۆتـایی یە بۆ ڕاڤەكردنی دەستوورو یاسای هەرێمەكان،[٢] بەڵام ویلایەتی تكساسو ئۆكلاهوما لەهەریەكێكیان دوو دادگـای بـاڵای هەیـە، یەكـەمیان تایبەتـە بەتانـەی تـێ هەڵچوونەوە لـە بابـەتی تاوانكـاری، ئـەوەی تـر تایبەتـە بەتانـەی تـێ هەڵچوونەوە لـە بابـەتی شارسـتانی،[٣] بـەڵام ئـەوەی گرنگـە بـۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی هەرێمـەكان، بریتیـە لـەوەی كـە هەرێمـەكان لـەپاڵ ئـەم دادگایانـە دادگـای تـێ هەڵـچوونەوەی تایبـەت بەهـەرێمیان هــەبێت، چــونكە وەك باسمــان كــرد زۆربــەی كێــشەو مەســەلەكان چارەســەریان لەسنووری هەرێمەكەیە جگە لەوە سەربەخۆیی هەرێمەكان دەپارێزێت.

بۆیــە لێــرەدا دەپرســین ئــەو مــەرجو ڕێو شــوێنانە كامەیــە، بــۆ پاراســتنی سەربەخۆیی دادگای هەرێمەكان پێویستە ؟ وەڵامی ئـەم پرسیارە لەچەند خاڵێكدا كۆ دەكەینەوە:-

١- دامەزرانـدنی دادوەری هەرێمـەكان لەلایـەن دەسـەڵاتی هـەرێم: بـۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی هەرێمـەكانو دادگاكـان واچاكترە دادوەرەكـان دابمـەزرێن بـەپێی ئـەو

[١] د. محمد ظهری محمد: س. پ، ل٤٨، ٤٩.
[٢] سولاف محمدامین: س. پ ،ل٥٧" د. سعید علی: س. پ، ل١٩٣.
[٣] د. محمد ظهری محمد: س. پ، ل٥٥.

ڕێو شوێنەی کە لەیاسای هەرێمەکە یان دەستووری هەرێمەکە ڕێك خراوە، بۆ نموونە لەئەڵمانیا دادوەرەکان لەڕێگای وەزیری دادی هەرێم دادەمەزرێن بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەی هەڵبژاردنی دادوەرەکان.[1] بەپێچەوانەوە لە دەستووری کەنەدادا دادوەرەکانی هەرێمەکان لەلایەن فەرمانڕەوای گشتی فیدراڵی دادەمەزرێت.[2] لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتی پێنج ڕێگا پەیڕەو دەکرێت بۆ دامەزراندنی دادوەری هەرێمەکان:-

أ-هەڵبژاردن لەئەندامانی حیزب.

ب-هەڵبژاردنی نا حیزبی.

ج-دیاری کردن لەسەر بنەمای شایستە بوونو لێهاتوویی.

د-دامەزراندن بەهۆی حکومەتی ویلایەتەکە.

هـ-دامەزراندن بەهۆی دەسەڵاتی یاسادانانی وویلایەتەکە.[3]

سەرجەم ئەم ڕێگایانە پارێزگاری لەهێنانەدی سەر بەخۆیی ویلایەتەکان دەکەن.

٢- تانە دان لە بڕیارەکانی دادگای هەرێمەکان لەبەردەم دادگای فیدراڵی.

(د.عادل الطبطائی) بۆ ئەوە دەچێ کە بوونی دادگای سەربەخۆیی هەرێم، لەگەڵ ڕێو شوێنی دامەزراندنی دادوەرەکانی هەرێم بەتەنها ئەم دووانە نابنە هۆی هێنانەکایەی دادگای سەربەخۆ لەهەرێم، بەڵکو ئەوەی ئەو سەربەخۆیە دیاری دەکات بریتیە لە "نەتوانین بەهێرش کردنە سەر ئەحکامی ئەو دادگایە لەڕێگای تانەدان لێی لەبەردەم دادگای فیدراڵی، ئەگەر ئەوە نەتوانرا سەبارەت بەهەموو ئەحکامەکانی دادگای هەرێمەکان ئەوە چێژ وەرناگرێت (تمتع) لەسەربەخۆیی ڕاستەقینە".[4]

[1] مادە (٩٨)، بڕگە (٤)، لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو.

[2] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوي: السلطة القضائیة في الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل٧٦.

[3] د. محمد ظهری محمد: س. پ، ل١٣٥" د. سعید السید علی: ل١٩٣" کارول مورلاند: س. پ، ل١٠٥.

[4] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادي في الامارات العربیة، ل٣٣٥.

لـە دەسـتووری کـاتی میرنـشینە یـەکگرتووەکانی عـەرەبی ئـەو حاڵـەتانـە دیـاری کراوە لەمەسـەلە تاوانکاریو شارستانیو بازرگانییـەکان، کـە دەتـوانرێ لەبـەردەم دادگـای فیـدڕاڵی بـە بڕیارەکـانی دادگـای هەرێمـەکان بـچێتەوە،[1] جـا لـەم کاتـەدا دادگـای هەرێمـەکان سـەربەخۆییان لەدەسـت دەدەن لەبـەردەم دادگـای فیـدڕاڵیو لەجێگای دادگای پلە یەك دەبن سەبارەت بە دادگاکانی فیدڕاڵی، کە بڕیارەکانیان سەربەخۆ نیە لەبەردەم دادگای تێ هەڵچوونەوە تانەی لێ دەدرێت.[2]

لەئـەڵمانیا دادگای تـێ هەڵـچوونەوەی ناوەنـدی هەیـە کە بەبڕیارەکانی دادگـای هەرێمەکان دەچنەوە.[3]

لە ئەمەریکا تێ هەڵچوونەوە بۆ بڕیـاری دادگـای ویلایەتـەکان دەکرێـت لەبـەردەم دادگای ویلایەتەکان، بۆیە پارێزگاری لەسەرەبەخۆیی ویلایەتـەکان دەکـەن بـەهۆی بوونی دادگای تێ هەڵچوونەوەی ویلایەتەکان کە لە ویلایەتـەکان بڕیـاری دادگـای پلە نزمەکان لەبەردەم دادگای سەرەتایی تێ هەڵچوونەوەیان بـۆ دەکرێـتو بڕیـاری دادگـای سـەرەتاییو دادگـای تاوانکـاری وویلایەتـەکان تـێ هەڵـچوونەوەیان بـۆ دەکرێـت لەبـەردەم دادگـای تـێ هەڵـچوونەوە.[4] جگـە لـەوە دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی لەئەمـەریکا تـەنها لـەدوو کاتـدا سـەیری ئـەو تانانـە دەکـات، کـە لـەدژی بڕیارەکـانی دادگای باڵای ویلایەتەکان دەرچووە.

أ–ئەگەر لەداواکە بابەتی دەستووری بوونی پەیماننامە یان یاسای فیدڕاڵی هاتە ئاراوەو دادگای باڵای ویلایەتەکە بەدەستووری نەبوون فەرمانی دا.

ب–ئـەگەر لەداواکـە بابـەتی یاسـایەك هاتـە ئـاراوە کـە ویلایـەتێك دەری کـردووە پێـچەوانەی دەسـتووری فیـدڕاڵی بێـتو دادگـای بـاڵا بڕیـاری دەسـتووری بـوونی یاساکە دەربکات.[5]

---

[1] مادە (١٠٥)، بڕگە (٢) لە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

[2] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٣٥.

[3] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١١٤.

[4] ANDERSON: Op. Cit., P.16" کارول مورلاند: س. پ، ل٤٥، ٤٦، ٥٦.

[5] د. سعید السید علی: س. پ، ل٢٠٨" کارول مورلاند: س. پ، ل٧٧، ٧٨.

کەواتــە پێویــستە بەتەنیــشت دادگــا ســەرەتاییەکانی هــەرێم دادگــای تــێ هەڵچوونەوەش هەبێت بۆ بڕیارەکانی دادگاکانی هەرێم.

٣- سەربەخۆیی دادگاکان لەبەڕێوەبردنی دادگاکان و جێبەجێ کردنی یاسای تایبەت بەهەرێمەکان.

پێویــستە دادگــای هەرێمــەکان بەســەربەخۆیی کاروبــاری دەســەڵاتی دادوەری هەرێمەکەیان ڕێك بخەن، لە ئەڵمانیادا دادگای هەرێمەکان ڕێك دەخرێت بەگوێرەی یاسای هەرێمـەکان و ڕێگـەی بەدەوڵـەتی فیدراڵی داوە پرەنسیپی گشتی دەربکات لەو بارەیەوە.[1]

کەواتـە بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دادوەری و ڕێکخـستنی دادگاکـان پێویـستە دەســەڵاتی دادوەری هەرێمــەکان لــەم بــوارە ســەربەخۆبن. لەسویــسرا هەرێمــەکان تایبەتکاریی سەیرکردنی سەرجەم مەسەلەکانی هەیە جا چ بەهۆی دەستووربێت یــان یاســای فیــدڕاڵی.[2] کەواتــە لێــرەدا ڕووبــەڕووی بابــەتی دابــەش کردنــی تایبەتکاریی دەبینەوە لەنێوان دادگای هەرێمەکان و دادگای فیدراڵی، پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە سێ ڕێگا هەیە بۆ دابەش کردنـی تایبـەتکاریی لـەنێوان حکومـەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، کە زۆربەی کات تایبەتکاریی دادوەریش بەیەکێك لەو سێ ڕێگایە دابەش دەکرێت لەنێوان دادگای فیدراڵی و دادگای هەرێمەکان، بۆ نموونـە ئەمـەریکا بەهـەمان ڕێگـای وەرگرتـووە کـە تایبەتکاریی دادوەری فیـدڕاڵی باس کردووەو ئەوەی دەمێنێتەوە دەچێتە ناو تایبەتکاریی دادگای ویلایەتـەکان،[3] بەڵام لە دەستوور دەسەڵاتی داوە بە کۆنگرێس تا دادگاکانی فیدڕاڵی ڕێك بخـات.[4] ئەمەش وای کردووە بەو ڕێسایەی پێشوو وەر نەگیرێت، واتە تایبـەتکاریی هەندێ داوا کــورت دەکاتــەوە تــەنها لەســەر دادگــای فیــدڕاڵی و ئــەو تایبەتکاریــەی

[1] مادە (٩٨)، برگە (٣) لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو.

[2] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١١٥.

[3] د. سعید السید علی: س. پ، ل١٩٥.

[4] مادە (٣)، دەستووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

دەمێنێتــەوەش داوای هاوبــەش دەبێــت لــەنێوان دادگــای ویلایەتــەکانو دادگــای فیــدڕاڵی.[١] لەوکاتــەش داواکــار ئــازادە لــەدیاری کردنــی ئــەو دادگایــە، لەبەرامبــەر ئــەوەش داوا لێ کــراو لەهەنــدێ کــات ئــەو مافــەی هەیــە، کــە داوای گواســتنەوەی داواکەی بکات لەدادگای ویلایەتەکە بۆ دادگای فیدڕاڵی.[٢]

**٣-٢-٢ پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی دەسەڵاتی دادوەری لەدەوڵەتی فیدراڵی دا :**

لەدەوڵەتی فیدراڵی هەرچەندە هەرێمەکان پارێزگاری لەسەربەخۆیان بکەن، بەڵام لەلایــەکی تــر پەیوەنــدی نێــوان هەرێمــەکانو دەوڵــەتی فیــدراڵی هــەردەمێنێ، بۆیــە دەبینین هەندێ کێشەو مەسەلە هەیە کە چارەسەری لە تایبەتکاریی دادگاکانی هەرێمە، بەڵام بۆ دادگای باڵای فیدراڵی دەگوازرێتەوە، ئەمەش هەندێ جار لەسەر ڕێك کــەوتنی دواکــاری لایەنــەکان دەبێــت، یــاخود هەنــدێ کــات لەســەر ڕەزامەنــدی هەرێمەکە دەگوازرێتــەوە، لەکەنەدا مەســەلەی دەســتووری لــەدادگای هەرێمەکانــەوە دەگوازرێتەوە بۆ دادگای باڵا ئەگەر دادگای هەرێمەکان ڕێگای پێ بداتو دادوەری هــەرێمی تایبــەتیش بڕیــاری لەســەر بــدات.[٣] لــە میرنــشینە یــەکگرتووەکانی عــەرەبی دەســتوور ڕێگــای بەیاســای فیــدڕاڵی داوە لەســەر داوای هــەرێمێکی دیــاری کــراو هەموو یان هەندێك لە تایبەتکاریی دەستەی دادوەری هەرێم بۆ دادگای فیدڕاڵی بگوازرێتــەوە،[٤] بــەڵام ئــەم گواســتنەوەیە لــەدادگای هەرێمــەکان بــۆ دادگــای بــاڵای فیــدراڵی جــا چ هــەمووی یــان بەشــێکی تایبەتکارییەکــە بگوازرێتــەوە دوو خــاڵی لاوازی لێ دەکەوێتەوە:-

١- دەبێتە زیان گەیاندن بەسەربەخۆیی هەرێمەکان.

٢- دەبێتە بەهێز بوونی دەسەڵاتی فیدڕاڵی، ئەمەش وا دەکات ئەرکی دادوەری بێت بەئەرکی فیدڕاڵی.[٥]

---

1 د. سعيد السيد علي: س. پ، ل١٩٥.

2 كارول مورلاند: س. پ، ل٧٣.

3 القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: السلطة القضائية في الدول الاتحادية الفيدرالية، ل٤١.

4 مادە (١٠٥)، بڕگە (١) لەدەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

5 د. عادل الطبطائي: النظام الاتحادي في الامارات العربية، ل٣٣٦.

واتە لەنێوان دوو دەسەڵاتی دادوەری جیاکارو دوو تایبەتکاریی سەربەخۆ پەیوەندی نێوانیان چۆن ڕێك دەخرێت، پەیوەندی دادگای فیدراڵی و دادگای هەرێمەکان زیاتر لەجێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگای باڵا دەردەکەوێت، ئەو بڕیارانەی دادگای باڵا دەری دەکات کۆتایی یەو شایەنی تانە لێدان نییە، لەیاسای دادگای دەستووری یەکێتی ئەڵمانیا باسی لەوە کردووە، کە بڕیارەکانی دادگای دەستووری یەکێتی پابەندە بۆ هەموو لایەك لەهەرێمەکان و یەکێتی و بۆ فەرمانڕەواو دەسەڵاتی گشتی،[1] بەڵام بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی چۆن جێبەجێ دەکرێت لەهەرێمەکان.

بەشێوەیەکی گشتی لەدەوڵەتی فیدراڵی دەزگاو دامەزراوەیەکی تایبەت نییە، کە ئەرکی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی هەبێت، بۆ نموونە لە سویسرا دەزگایەکی تایبەت بۆ جێبەبەجێ کردنی ئەحکامەکانی بڕیاری دادگای یەکێتی نییە، بەڵام بەو پێیەی دادگای باڵای فیدراڵی بەرزترین دادگایە، لەدەوڵەتی فیدراڵی و دەسەڵاتی بەسەر هەموولایەکی دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، ئەوە پێویستە بڕیارەکانی لەهەموو وڵاتدا جێبەجێ بکرێت، ئاستی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای ڕێکخراو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا، چونکە تاکەکان هەست بەوە دەکەن کە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا پێویستەو سەرپێچی بڕیارەکان ڕەوشتێکی نەخوازراوە،[2] جگە لەوە زۆربەی کات دەوڵەتی فیدڕاڵی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ڕێگای سەپاندنی بە زۆر دەگرێتەبەر، بۆ نموونە کاتێك لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان لەئەمەریکا دادوەرەکانی فیدراڵی فەرمانی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزیان دەرکرد لەدامەزراوەکانی فێرکردن، بووە هۆی ئەوەی ئەم فەرمانە لەلایەن هەندێ ویلایەت

---

[1] القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي: السلطة القضائية في الدول الاتحادية الفيدرالية، ل١٠٠، ١٠١.

[2] ستيفن جي– برايز: استقلال القضاء في الولايات المتحدة، وەرگیراوە لە سایتی ئەلکترۆنی www.democrcy.goor/ p.1-3 لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٥.

ڕەت بکرێتەوە، بۆ نموونە ویلایەتی ئەرکسناو یـەکێك بـوو لەوانـە، جا بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی فەرمانی دادگا، سەرۆك ئەیز نهاوەر هێزی پاسـەوانی نیشتمانی نارد، بۆ جێبەجێ کردن،[١] لـەبڕیارەکانی دادگـای دەستوری ئەڵمانیش ئـەو لایـەن و کەسە دیاری دەکرێت، کە لێپرسراوە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە فەرمانێکی وردەکاری دەربکات بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی.[٢]

دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی پێویستە لەسەر وەزیرو سەرۆکی بەرژەوەنـدی و فەرمانگـەکان و هـەموو دەسـەڵات و لایـەکی تایبەتمەنـد لەفیـدڕاڵی و هەرێمە ئەندامەکان دەست پێشخەری بکەن لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانـە، جگـە لەوە پێویستە ڕێ و شوێنەکان دیاری بکەن هەرچەندە بـەزۆر بێت کـەی پێویستی کرد.[٣]

جگـە لـەوە دادگـای فیـدڕاڵی و دادگـای هەرێمـەکان پێویـستە هاوکـاری یـەکتری بکــەن بەمەبەســتی باشــتر بەڕێوەچــوونی کاروبــاری دادگاکــان، بــۆ نموونــە لــە دەسـتووری ئەمەریکیـدا هـاتووە کـە: "هەرکەسـێك لەهـەر ویلایـەتێك تاوانباربێـت بـەتاوانی خیانـەت یـان ئـەنجام دانـی تـاوانی گـەورە (جنایـە) یـان تـاوانی تـرو ڕای کردبێ لەدەستی دادپەروەری و لەویلایەتێکی تر بگیرێت، دەدرێتەوە ئەو ولایەتـەی کەڕای کردووە لێی لەسەر داوای دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی".[٤]

لەئەمـەریکا تـاوان دابـەش کـراوە بـۆ تـاوانی فیـدڕاڵی و تـاوانی هەرێمـەکان، کـە لەسـەرەتادا تاوانـەکانی فیـدڕاڵی کـەم بـوو دواتـر چوارچێوەکەی فـراوان بـووە،[٥] و

---

[1] ستیفن جي- برایر: س. پ، ل٥.

[2] القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوي: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة، ل١٠١.

[3] مادە (٧٣). لە دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی.

[4] مادە (٤)، بڕگە (٢) لە دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

[5] بۆ نموونە دزینی ئۆتۆمبێل بـەتاوانی تایبـەت بە وویلایـەت دادەنرێت کە دزیەکـەی لێ کراوە، بەڵام ئەگەر گواستراوە دەرەوەی سنووری ویلایەتەکە، ئەوکات گواستنەوە کارێکە لـەکارەکانی بازرگانی لەنێوان وویلایەتەکان، بۆیە تاوانەکە دەبێتە تاوانی یەکێتی. (کارول مورلانـد: س. پ، ل٧٥).

لەئەمەریکا ڕێگە نادرێت دادگایی کەسێك بکرێت لەسەر تاوانی فیدڕاڵی لەبەردەم دادگای ویلایەتەکان.[١] هەروەها لە سویسرا یاسای فیدڕاڵی یاسای پێویست دادەنێت بۆ دانەوەی تاوانبار لەهەرێمێك بۆ یەکێکی تر.[٢]

**دەرئەنجامەکانی تەوەری سێیەم**

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١- دادگای باڵای فیدراڵی لەبەرزترین لووتکەی دەسەڵاتی دادوەرییە، و بەیەکێك لە دڵنیاییەکان دادەنرێت بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی، لەبەر ئەوە پێویستە لەدەستوور خاڵە پەیوەندی دارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی باس بکرێت.

٢- گرنگی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان لەلایەك بۆ ڕوویەك لە ڕووەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و پێویستیەك بۆ سەربەخۆیی خۆجێیی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تر زۆری کێشەکانی تایبەت بە سنووری دیاری کراوی هەرێمەکە.

٣- بۆ پاراستنی ماف و ئازادیان تاکەکان پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵی دا مافی داوا بەرزرکردنەوەیان هەبێ لەسەر دەستووری بوونی یاساو پەیڕەوو ڕێنماییەکان، بەڵام بەمەرجی هەبوونی بەرژەوەندی لەو داوایانە.

٤- لەکاتی بوون و نەبوونی دەق دەستووری، لەبارەی چاودێری دەستووری دادگای باڵای فیدراڵی بەم کارە هەڵدەستێت.

---

1 کارول مورلاند: س. پ، ل٧٥.

2 القاضی نبیل عبدالرحمن حیاوی: السلطة القضائیة فی الدول الاتحادیة الفیدرالیة،ل١٠٦.

## ٤- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دەسەڵاتی دادوەری لــە دەوڵــەتی عێراقدا

### ٤- ١- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەوڵەتی عێراقدا:

### ٤-١-١ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستورەکانی پێشووی عێراقدا:

دەستووری ساڵی ١٩٢٥ لە عێراق، بەیەکەمین دەستووری دیموکراسی دادەنرێت، کە لەلایەن لیژنەیەکی هەڵبژێردراو دانراو لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن مەلیکەوە پەسەندکرا،[١] لەو دەستورە هاتووە: "حکومەتەکە مەلەکیەو بۆ ماوەییەو شێوەکەی نوێنەرایەتیە"،[٢] کەواتە سیستەمی فەرمانڕەوایی یەکە بریتیە لە سیستەمی پەرلەمانی لەشێوەی مەلەکی بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت، لەسەر بنەمای هاوسەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن دامەزراوە.[٣] و تیایدا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەدوو بەش پێك دێت:

یەکەم: سەرۆکی دەوڵەتە کە لەدەستوور هاتووە: "مەلیك سەرۆکی باڵای دەوڵەتە...."،[٤] و بڕگەکانی تری تەرخان کردووە بۆ دەسەڵاتەکانی مەلیك. لەخوێندنەوەی سەرجەم بڕگەکان دەگەینە ئەو ڕاستیە، کە دەسەڵاتی مەلیك ڕۆڵی سەرەکی نییەو دەسەڵاتەکەی زیاتر ڕووکەشەو لێپرسراو نییە.[٥]

دووەم: وەزارەت، وەك لەپێشەوە باسمان کرد لە سیستەمی پەرلەمانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دوانەییە، لەدەستووردا هاتووە، کە ئەنجوومەنی وەزیران بە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت هەڵدەستێو،[٦] وەزارەت بەیەکەوە لێپرسراوە لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران،[٧] دەسەڵاتی یاسادانانیش پێك هاتووە

---

[1] لطیف مصطفی امین: س. پ، ل١١٢.

[2] مادە (٢)، دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.

[3] مجموعة مؤلفین العرب: س. پ، ل١٠٥.

[4] مادە (٢٦)، بڕگە (١)، دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.

[5] مجموعة مؤلفین العرب: س. پ، ل٢٣.

[6] مادە (٦)، دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.

[7] مادە (٦٦)، دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥..

لە پەرلەمان، ئەم پەرلەمانەش لەدوو ئەنجوومەن پێك دێت.[1] کە بریتیە لە ئەنجوومەنی (الاعیان)و ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی یەکەم بەدامەزراندن لەلایەن مەلیکەوە دەبێت، و ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەم لەڕێگای هەڵبژاردن دادەنرێت.[2]

دوای کۆتایی هاتن بەسیستەمی مەلەکیو دەستوری ١٩٢٥، دەستوری کاتیو سیستەمی کۆماری شوێنی گرتەوە، بەگوێرەی دەستووری ١٩٥٨ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن لەئەنجوومەنی وەزیران کۆکراوەتەوە، و یاساکان ملکەچن بۆ ئەنجوومەنی سەروەری.[3]

هەروەها لەدەستوورەکانی ساڵی ١٩٦٣ بۆ پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان شوێنێك نیە، چونکە لەلایەك ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێ کردنو هەندێك لەدەسەڵاتی دادوەری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، لەلایەکی تر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانو جێبەجێ کردنن لەدەستی ئەنجوومەنی وەزیران کۆکردۆتەوە.[4]

مێژووی پەیدابوونی دەستوورەکانی ساڵی ١٩٦٨، ١٩٧٠ دوا بەدوای کودەتای حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات هاتە ئاراوە، لەم دوو دەستوورە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن لەدەستی سەرکردایەتی ئەنجوومەنی شۆڕش کۆکراوەتەوە، دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە بووە لەناوبردنی پرەنسیپی سەربەخۆیی نێوان دەسەڵاتەکانو سیستەمی فەرمانڕەوایی پەرلەمانی، بۆ نموونە لەدەستووری ساڵی ١٩٦٨ سەرۆکی دەوڵەت لەیەك کاتدا سەرۆکی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو یاسادانانە،[5] بۆیە لەو کاتەدا وەزیرەکان لەبەردەم سەرۆکی دەوڵەت لێپرسراون نەك لەبەردەم پەرلەمان.

---

1 مادە (٢٨)، دەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.

2 مجموعة باحثين: س. پ، ل٢٤، ٢٥.

3 مجموعة مؤلفين العرب: س. پ، ل١٠٦، ١٠٧.

4 مجموعة مؤلفين العرب: س. پ، ل١٠٧.

5 مادە (٥)، بڕگە (٥)، لە دەستووری کاتی عێراق، ٢١ ئەیلول ١٩٦٨.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، دوو دەستوور لـە عێـراق دانـراوە، یەکەمیان پێی دەوترا یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لـە ڕۆژی ٨ی ئازاری سـاڵی ٢٠٠٣، دووەمیـان دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـە لـە ئابی ٢٠٠٥.

لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە (هەرسـێ دەسـەڵاتی یاسـادانانو جـێ بـەجێ کـردنو دادوەری لەیـەکتر جیاکـارنو هەریەکەشیان سەربەخۆیی خۆی هەیە).[1]

کەواتە هـەردوو دەسـەڵاتەکە سـەربەخۆن لەیەکتری، بەڵام لەگـەڵ پارێزگـاری لـەم سـەربەخۆییەیان هاوکاریو هاوسـەنگی لەنێوانیانـدا هەیـە، کـە لـەم خاڵانـە کـورتی دەکەینەوە:-

١- سەرۆکو هەردوو جێگری دەوڵەت، کە بەشێکە لەدەسەڵاتی جێبـەجێ کـردن لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێت.[2]

٢- (دەسـەڵاتی دامەزرانـدنی بەڕێوەبـەری گـشتی هـەواڵگری گـشتیو گـەورە ئەفـسەرانی هێـزە چـەکدارەکانی عێـراق لـە پلـەی (عمیـد) بەسـەرەوە لەدەسـت ئەنجوومـەنی وەزیرانـەوە، ئـەم دامـەزراوەش دەبێـت ئەنجوومـەنی نیـشتمانی بەزۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکانی پەسەندی بکات.[3]

٣- ئەنجوومـەنی نیـشتمانی سـەیری پـڕۆژەی ئـەو یاسـایانە دەکـات، کـە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری دەکەن.[4]

---

[1] مادة (٢٤)، برگە (٢)، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[2] مـادە (٣٦)، بڕگـە (١)، لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[3] مـادە (٣٩)، بڕگـە (٤)، لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[4] مـادە (٣٣)، بڕگـە (٢). لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

هەولێر ئەکادیمی کتێب

٤- ئەنجوومـەنی نیشتمانی بـۆی هەیـە دەسـتکاری پـڕۆژەی بودجـەی گـشتی بکـات، کـە ئەنجوومـەنی وەزیـران پێشکەشی دەکـات.[١] جگـە لـەوە ناردنـە دەرەوەی هێـزە چـەکدارەکان لەلایـەن ئەنجوومـەنی وەزیـران پێویـستی بەپەسـەندکردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەیە.[٢]

لەم خاڵانەی سەرەوەدا ئاشکرا دەبێـت، کـە دەسـەڵاتی ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی عێـراق دابـڕاوو جیاکـار نیـە لەدەسـەڵاتی ئەنجوومـەنی نیـشتمانی، بـەڵکوو لەزۆربـەی تایبـەتکاریی و دەسـەڵاتەکانی ئەنجومـەنی وەزیـران پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی یە.

ئەگەر لەم یاسایە بەشوێن خاڵی کاریگـەری ئاڵوگۆڕو بەرامبـەر لـەنێوان هـەردوو دەسـەڵاتەکە بگـەڕێین، دەبیـنین مـاف بـە ئەنجوومـەنی نیـشتمانی دراوە متمانـە لەسـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجومـەنی وەزیـران وەربگرێتـەوە بـەتاك و کـۆ، وسـەرۆك و ئەنـدامانیش لەبـەردەم ئەنجوومـەنی نیـشتمانی لێپرسـراون،[٣] بـەڵام لەبەرامبـەردا مـافی هەڵوەشـانەوەی ئەنجوومـەنی نیـشتمانی نـەداوە بـە ئەنجوومـەنی وەزیـران، لەبەر ئەوە کاتێك دەوترێت سروشتی سیـستەمی فەرمانڕەوای لـەعێراق بەگوێرەی یاسـای بـەڕێوەبردن پەرلەمانیـەو دەسـەڵاتەکان لەیـەکتر جیاکرانەتـەوەو جێگـای ڕەخنەیـە، (غـازی فیـصل) پێـی وایـە ئـەم جیـا کردنەوەیـە ڕەهـا نییـە، بـەڵکو نزیـك بوونەوەیە لەو سیستەمە، چونکە تـەنها مـاف بـە ئەنجوومـەنی نیشتمانی دراوە بۆ هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەبەرامبەردا ئەو مافە نەدراوە بە ئەنجوومـەنی وەزیران.[٤] واتە کاریگەریەکە لەنێوانیان یەك ئاراستەیەو ئاڵوگۆڕ نییە.

[1] مـادە (٣٣)، بڕگـە (٢). لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[2] مـادە (٣٣)، بڕگـە (٣). لـە یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[3] مادە (٤٠). لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[4] أ. د. غـازی فیـصل مهـدي: الدسـتور العراقـی الـدائم أفکـار وطموحـات، وەرگـیراوە لەسـایتی ئەلکترۆنی www.mcsr.net,p.6، بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٥/٧.

**٤-١-٢ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا:**

دوای ڕووخـانی سیـستەمی دیکتـاتۆری لـەعێراق لـە ٩ی نیـسانی ٢٠٠٣دا، بۆشاییەکی گەورە لەدەوڵەت درووست بوو، دەستوور بەڕۆڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەستێت، دەبینین لە عێراق پێش ڕووخانی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەستوور بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەستاوە بەو مانایەی کە (دو فرجیە) دەڵێ: "دەستور لقێکە لە لقەکانی یاسای گشتی پێکهاتەی دەستەی سیاسی و ڕێکخستنی چالاکییەکانی لەدەوڵەت دیاری دەکات".[١]

جگە لەدیاری کردنی چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات لەلایەن تاکەکان، دەستوور ماف و ئەرکی تاکەکانیش دیاری دەکات، بۆیە لەڕاگەیاندەکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیان جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە هەر کۆمەڵگایەك دەستووری نەبوو دڵنیایی ماف و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدا نایەتەدی.[٢]

جگە لەو بۆشاییە یاساییە پێکهاتەکانی ناو عێراق کێشەو جیاوازیەکی سیاسی زۆر لەنێوانیان هەبووە، بۆیە جیاوازی ناکۆکیەکان زیاتر لەکاتی دانانی دەستوور ڕەنگی دایەوە، کە هەر پێکهاتەیەك دەیەوێت فەلسەفەی خۆی تیایدا جێگیر بکات، بۆ نموونە شیعەی عەرەب لەبەر ئەوەی زۆرینەی عێراق پێك دێنن دەیەوێت حکومەتی ناوەندی بەزۆرینە وەربگرێت لەبری (تەوافق)، عەرەبی سونەش بەگوێرەی سیستەمی ناناوەندی کارگێڕی لە پارێزگاکان داوای دابەش کردنی دەسەڵات لەعێراق دەکەن ، کوردیش داوای پارێزگاری مافی نەتەوەیی خۆی لەچوارچێوەی فیدراڵیەت دەکات.[٣]

لەبەر ئەوە لەیاسای بەڕێوەبردنی عێراق هاتووە کە: "پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕەشنووسی دەستوری هەمیشەیی عێراق بنووسێت...".[٤]

---

[1] وەرگیراوە لە: (د. نوری لطیف: القانون الدستوری، ل١١).

[2] زهیر شکر: س. پ، ل١٥٤.

[3] سولاف محمد امین: س. پ، ل٢٠٥.

[4] مادە (٦)، لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

دوای ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنێکی سەرتاسـەری لـە عێـراق لـە ٣٠ی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٥دا حکومـەتی هەڵبـژێردراوی نـوێی عێـراق پێکهـاتو دوای ئەمـە کۆمەڵەی نیشتمانی هەستا بەدرووست کردنی لیژنەیەکی داڕشتنەوەی دەستوور، کە دواتر پێشکەشی ئەنجوومەنی نیشتمانی کرا بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، دواتر لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لە ڕاپرسیەکی گشتیدا دەنگی لەسەر بدرێت لەلایەن گەلەوە. لیژنەی دەستوریەکە پێك هاتبوو لـە (٢٨) ئەندام لـە لیستی هاوبەندی عێراقی (شیعە)، (١٥) ئەندام لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، (٨) ئەندام لـە لیستی العراقیـە، (٢٥) ئەنـدام لـە عـەرەبی سـونە (١٠) ئەنـدام لەوانـە وەك ڕاوێژکار بوون.

دواتـر ئەندامـەکان بـۆ ئامـادەکردنی بابەتـەکان بـە شـەش لیژنـە دابـەش کـران: پرەنـسیپە گـشتیەکان، مـاف و ئازادیـەکان، فیدراڵیـەت، دڵنیـایی دەسـتووری، ئەحکامی گواستنەوە، پەیکەری حکومەت.

نووسینەوەی دەستوور لەکاتی دیاری کراوی خۆی لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ خرایە ڕاپرسیەوە، ئەوەبوو ڕێژەی (٥٧،١٨٪) دەنگی بە(بەڵێ) بەدەست هێنا بەمەش بووە دووەمین دەستوورێکی دیموکراسی، کە تیایدا گەل بەشدار بکات لە دەنگدان لەسەری و مافی هەموو کەمینەکانی لەخۆ گرتبێت و زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق بەشداربن لە نووسینەوەی.

لەدەستووردا هاتووە: "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی سەربەخۆیە، خاوەن سەروەرییەکی تەواوە، سیستەمی فەرمانڕەوایی تیایدا کۆماری نوێنەرایەتی پەرلەمانی دیموکراسی....".[1] ئەم دەقەی دەستوور کەمو کوڕی هەیە، چونکە هەستاوە بەتێکەڵ کردنی شێوەی دەوڵەت لەگەڵ شێوەی فەرمانڕەوایی.[2]

لەیاسای گشتی نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری دوو شێوەی دەوڵەت هەیە، یەکەم دەوڵەتی سادەو دووەم دەوڵەتی یەکێتی (ئاوێتە).[3]

---

1 مادە (١)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

2 مجموعة باحثین: س. پ، ل١٣٩.

3 د. طعیمە الجرف: س. پ، ل١٨٤" د. نوری لطیف: القانون الدستوری، ل١٣٤" د. محمد رفعت عبدالوهاب: س. پ، ل٤٧.

بەبۆچوونی (د. جواد کازم) زۆربەی دەستووری دەوڵەتەکان بەگشتی و دەوڵەتی دیموکراسی بەتایبەتی دوورکەوتوونەتەوە لەدیاری کردنی سروشتی سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی، ئەمەیان جێ هێشتووە بۆ کەسانی پسپۆڕ لەیاساو لێکۆڵەرەوە لە زانستی سیاسییدا.[1]

نوێنەرایەتی بەشێوەیەکی وورد مانای پەرلەمانی ناگەیەنێ، بەڵکوو پەرلەمان فراوانترە لەئەنجوومەنی نوێنەرایەتی.[2] هەروەها پەرلەمان دامەزراوەیەکی سیاسیە پێك دێت لە ئەنجوومەنێك یان چەند ئەنجوومەنێك یان زۆرێك.[3] بۆ نموونە لە ئەمەریکا ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، یان بەریتانیا ئەنجوومەنی گشتی و ئەنجومەنی لۆردات، بەگوێرەی دەستووری نوێی عێراق دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو ئەنجوومەن پێك دێت، کە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدراڵییە، بەڵام لەخولی یەکەم، کە بۆماوەی (٤) ساڵە دەسەڵاتی یاسادانان تەنها لەدەستی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتییە، چونکە لەدەستوور هاتووە: "بڕیارەکانی تایبەت بەئەنجومەنی فیدراڵی لەهەر شوێنێکی ئەم دەستورەدا هاتبێت کارپێکردنیان دوادەخرێت، تا ئەوکاتەی بڕیارێك بە زۆرینەی (٣/٢) ئەندامان لەئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەردەچێت".[4] کەمو کوڕی لەپێکهاتەو درووست بوونی ئەم ئەنجوومەنە سەبارەت بەدەوڵەتی فیدڕاڵی کەمو کوڕییەکی یاساییە، چونکە پەرلەمانی فیدراڵی لە دوو ئەنجوومەن پێك دێت، ئەنجوومەنێکیان نوێنەرایەتی سەرجەم دەوڵەتی فیدڕاڵی دەکات، کە هەموو هەرێمە ئەندامەکان بەیەکسانی نوێنەریان دەبێت،[5] بەڵام لەقۆناغی دوای نووسینەوەی دەستوور ئەنجوومەنی

---

[1] د. جواد كاظم الهنداوي: مراجعة تصحيحية لنصوص الدستور الاتحادي العراقي، ط١، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠٠٦، ل١٣.

[2] د. جواد كاظم الهنداوي: س. پ، ل١٣.

[3] موريس دوفرجية: س. پ، ل١١١.

[4] مادە (١٣٧)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[5] بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە تەوەری یەکەمی ئەم ماستەرنامەیە.

سەرۆکایەتی بەم ئەرکە هەستاوە، چونکە پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە کوردو شیعەو سونە دەکات، واتە نوێنەرایەتی لەم ئەنجوومەنە لەسەر بنەمای یەکسانی دانەنراوە لەڕوی یاسایی، بەڵکو بارودۆخ و قۆناغی تازەی عێراق ئەمەی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دامەزراوەیەکی پەرلەمانی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەو پیادەی کاری یاسادانان دەکات، ئەمەش مانای جیاکردنەوەی نێوان هەردوو دەسەڵاتەکە نییە (دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن).[١]

کەواتە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی (ئەنجوومەنی هەرێمەکان)، لەلایەن پەرلەمانەوە دروست دەکرێت، واتە بەشێکی ئەنجومەنی نیشتمانی دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بۆ یاسادانان و بەشەکەی تریش هەرخۆی دروستی بکات، ئەمە کەمو کوڕییەکی دەستووری گەورەیە.[٢] کە دەسەڵات و مەرج و پێکهاتەی ئەم ئەنجوومەنە بەیاسایەك لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕێکبخرێت.

لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی یەکێتی بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی دەستەیەکی یاساییە نەك دەستووری، بۆیە ناکرێت بەدەستەیەکی پەرلەمانی دابنرێت.[٣]

هەر بۆیە بە بۆ چوونی د. جواد سیستەمی فەرمانڕەوایی لەعێراق سیستەمێکی پەرلەمانی نییە،[٤] بەڵام بە بۆچوونی ئێمە نەبوونی ئەم ئەنجوومەنە بەتەنها نابێتە لەناوبردنی سەرجەم پایەکانی سیستەمی پەرلەمانی لەدەوڵەتی عێراق، چونکە پایەکانی تری ئەم سیستەمەی تێدایە.

1 د. جواد کاظم الهنداوي: س، پ، ل١٤.

2 مجموعة باحثين: س. پ، ل٤٦.

3 د. جواد کاظم العنداوي: س. پ، ل١٤.

4 هـ. س، ل١٥.

**٤-٢ دوانەیی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کـردن لـە دەوڵـەتی عێراقـی فیدراڵیدا:**

**٤-٢-١ دەسەڵاتی فیدراڵی:**

**٤-٢-١-١ پێکهاتەی دەسەڵاتی فیدڕاڵی:**

دەسـەڵاتەکانی فیـدراڵی لەدەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن و دەسـەڵاتی دادوەری پێکـدێت، لێـرەدا بـاس لەپێکهاتـەی هـەردوو دەسـەڵاتی یاسادانان و جێبەجی کردن بەم شێوەیە دەکەین:-

یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی، لە دوو ئەنجومەن پێك دێت:

١- ئەنجومـەنی نوێنـەران: ئـەم ئەنجومەنـە نوێنەرایـەتی بـەگوێرەی ڕێـژەی دانیشتوانی بەڕێژەی یەك کورسی بۆ (١٠٠٠٠٠) کەس سەرجەم خەڵکی عێراق دەکـات، و هەڵدەبـژێرێت بـەڕێگای دەنگـدانی گـشتی نهێنـی ڕاسـتەوخۆ و نوێنەرایـەتی گـشت پێکهاتـەکانی گـەلی تێـدا ڕەچـاو دەکرێـت.[١] (ئەنجوومـەنی نوێنەران لەیەکەم کۆبوونەوەیدا سەرۆکێك و دوو جێگر هەڵدەبژێرێت بەدەنگ دانی نهێنی و ڕاستەوخۆو بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن).[٢]

٢- ئەنجوومـەنی یـەکێتی (ئەنجومـەنی فیـدڕاڵی): نوێنـەرانی هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی لـەنێو هەرێمێکـدا نـین دەگرێتـەوەو بەزۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نوێنـەران یاسایەك دەردەچێت بۆ ڕێکخستنی پێکهاتـەی ئەنجومەن و مەرجی ئەندامێتی و تایبەتکارییەکان.[٣]

دووەم: (دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردنـی فیـدڕاڵی: پێـك دێـت لـە سـەرۆك کۆمـارو ئەنجوومەنی وەزیران،[٤] بەم جۆرە:-

---

1 مادە (٤٩)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

2 مادە (٥٥)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

3 مادە (٦٥)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

4 مادە (٦٦)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

١-ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی کۆمـار: (ئەنجومـەنی نوێنـەران سـەرۆکێك بـۆ دەوڵـەت و دوو جێگری بۆ هەڵدەبژێردرێت کەبەیەکەوە ئەنجوومەنێك پێکدەهێنن پێی دەوترێت (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی)و بەیەك لیست و زۆرینەی (٣/٢) هەڵدەبژێردرێت).[١] و (سەرۆکی دەوڵەت هێمای یەکێتی نیشتمانی و نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات....)،[٢] و (ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار بەچوار ساڵ دیاری دەکرێت.....)[٣]

٢-سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران: پێـك دێـت لەسـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیـران و دوو جێگـرو وەزیرەکـان، (سـەرۆك کۆمـار) پـاڵێوراوی گـەورەترین فراکسیۆنی نوێنەران لەڕووی ژمارەوە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیـران).[٤] سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیـران بەرپرسـیاری ڕاسـتەوخۆی سیاسـەتی گشتی دەوڵەتە.[٥]

هەواڵنامەی کتێب

1 مادە (١٣٨)، بڕگە (٢)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
2 مادە (٦٧)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
3 مادە (٧٢)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
4 مادە (٧٦)، یەکەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
5 مادە (٧٨)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

**٤-٢-١-٢ پەیوەندیو کاریگەریی نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو جێ بەجێ کردن:**

وەك ڕون کرایــەوە دەســەڵاتەکان لەدەوڵــەتی عێراقــدا لەســەر پرەنــسیپی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان ڕێکخـراوە، لەگـەڵ ئـەم جیاکردنەوەیـە پەیوەنـدیو کاریگەری نێوان دەسەڵاتەکان لەدەستووردا، بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کراوە:-

١- پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن:

أ- سەرۆك کۆمار لەئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێت.[1]

ب- باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتیەکانو سەرۆك ئەرکانی سوپاو یاریدەدەرانیو سـەرۆکی دەزگـای هـەواڵگری ڕەزامەنـدی لەسـەر دامەزرانـدنیان دەکـات لەسـەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران، ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنیان دەکات.[2]

ج-سـەرۆکی دەوڵـەت دەسـەڵاتی بـانگ هێشتکردنی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی بـۆ کۆبوونەوە هەیە.[3]

٢- چاودێریو کاریگەری ئاڵوگۆڕ لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانو جێبەجێ کردن: لەسیستەمی پەرلـەمانی دەسـەڵاتی یاسادانان بـۆ چاودێریو کاریگـەری لەسـەر کارەکانی لەچەند ماددەیەك بەم جۆرە دەردەکەوێت:

یەکەم: پرسیارو لێپرسینەوە کردن لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، وەك:-

أ- پرسیار: هەر ئەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە داوای ڕون کردنەوە لەوەزیر بکات دەربـارەی بابـەتێکی دیـاری کـراو، بـەڵام ئـەم پرسـیارکردنە تـەنها لـەنێوان ئەنـدام پەرلـەمانی پرسـیارکارو وەزیـری لێپرسـراو دەبێـت، واتـە ئەگـەر یەکـەم نەگەیـشتە بـاوەڕ لـەوەڵامی دووەم هـەر تـەنها خـۆی دەتوانـێ پرسـیاری تـری لێ بکـات ئەنـدام پەرلەمانەکانی تر بۆیان نییە.[4]

---

[1] ماده (٧٠)، چوارەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[2] ماده (٦١)/ پێنجەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[3] ماده (٧٣)، بڕگە (٤)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[4] لطيف مصطفى أمين: س. پ، ل١٠٣.

ب- لێپرسینەوە: مافی ئەندام پەرلەمانە داوا بکات لەوەزیر، سیاسەتی گشتی دەوڵەت یان خاڵێکی دیاری کراو تیایدا ڕابگەیەنێت.[١]

کەواتە لێپرسینەوە بەهێزترە لەپرسیارکردن، چونکە تەنها لەچوارچێوەی پرسیارو ڕون کردنەوە ناوەستێ، بەڵکو لێپرسینەوەی وەزیری لێ دەکەوێتەوە لەسەر هەڵس و کەوتی، جگە لەوە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە بەشداربن و دەکرێت بابەتی متمانە بەوەزارەت پێشنیار بکرێت.[٢]

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق دەبینیین بەڕوونی دیاریکراوە:

١- ئەم مافە بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دراوە پرسیار ئاراستەی سەرۆک و وەزیرەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن و لەکۆتایی ماددەکەدا بەم شێوەیە هاتووە: "تەنها خاوەن پرسیار مافی بەدواداچوونی وەڵامەکەی هەیە".[٣]

٢- بۆ ئاراستەکردنی لێپرسینەوە بۆ سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکان، دەبێت (٢٥) ئەندام ڕەزامەندبن لەسەری، ئەمەش بۆ لێپرسینەوە لەکاروبارەکانیان.[٤]

دووەم: مافی هەڵوەشانەوە: لە دەستووری عێراق مافی هەڵوەشانەوە بەهەردوو دەسەڵات دراوە، بەم جۆرە:

أ-مافی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیران: (ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر داخوازی پێنج یەکی (١/٥) ئەندامەکانی بۆی هەیە متمانە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێتەوە...).[٥] یاخود (ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی بۆی هەیە متمانە وەربگرێتەوە لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران).[٦]

---

[1] لطيف مصطفى أمين: س. پ، ل١٠٣.

[2] لطيف مصطفى أمين: س. پ، ل١٠٣.

[3] مادە (٦١)، حەوتەم/ أ، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[4] مادە (٦١)، حەوتەم/ج، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[5] مادە (٦١)/ هەشتەم/ ٢، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[6] مادە (٦١)/ هەشتەم/ ٣، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

ب–مـافی هەڵوەشـانەوەی پەرلـەمان: ئەنجوومـەنی نوێنـەران هەڵدەوەشـێتەوە، لەسـەر داوای سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیـران و ڕەزامەنـدی سـەرۆك کۆمـار،[1] بـەڵام هەڵوەشـانەوەی پەرلـەمان بەسـتراوەتەوە بـە ئـارەزوو و ڕای گـشتی، بۆیـە ناکرێـت لەهەموو کات پەنای بۆ ببرێت.[2]

**٤-٢-٢ دەسەڵاتی هەرێمەکان:**

**٤-٢-٢-١ پێکهاتەی دەسەڵاتی هەرێمەکان:**

دەستووری هەمیشەیی عێراق جگە لەدەسەڵاتی فیدراڵی، ئاماژەی بە هەرێمەکان کردووە، و مافی پیادەکردنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری بەهەرێمەکان داوە.[3] کەواتە دابەش بوونی دەسەڵات لەدەوڵەتی فیدراڵی دوانەییە، ئەمەش بەیەکێك لە پێویستی و پایەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دادەنرێت. بـەگوێرەی پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان (دەسـەڵاتەکانی هـەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێ کردن و دادوەری).[4]

یەکـەم: دەسـەڵاتی یاسـادانان: (پەرلـەمانی کوردسـتان لەهەرێمـدا دەسـەڵاتی یاسادانانەو ژێدەری (مەرجعی) بڕیاردانە لەسـەر کێشە چارەنووسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان، ئەندامەکانی نوێنەری گەلن و بەدەنگدانێکی گشتی و ئازادو نهێنی و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێن(.[5] (خوولی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵەو لە ڕۆژی یەکەمین کۆبوونەوەیەوە دەست پێدەکات).[6]

دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن: دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن پێك دێت لە:–

---

1 مادە (٦١)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

2 لطیف مصطفی أمین: س. پ، ل١٠٢.

3 مادە (١١٧)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

4 مادە (٧٨)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

5 مادە (٧٩)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

6 مادە (٨١)/ یەکەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

أ- سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە.[١] و بەدەنگدانی نهێنی گشتی و ڕاستەوخۆ لەلایەن هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت.[٢]

هەڵبـژاردنی سـەرۆك لەلایـەن گەلـەوە جێگـای مەترسـیە، چـونکە هەڵبـژاردنی سەرۆك بەم شێوازە لەهەموو سیستەمەکانی دونیادا سەرۆکی بەرەو دیکتاتۆریەت بـردووە، بەتایبـەت ئەگـەر ئاسـتی پێـشکەوتنی گەلەکـەو وشـیاری دیموکراسـی نەبێت.[٣] جگە لەبوونی ئەم مەترسیە لەڕوی یاسایی ناکۆك دەبێت لەگەڵ دەستوری هـەرێمی کوردسـتان و دەسـتووری فیـدڕاڵی، سـەبارەت بەدەسـتووری هـەرێم سیستەمی سیاسی لەدەستووردا بریتیە لە کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراسییە.[٤] لەسیستەمی پەرلـەمانی سەرۆکی دەوڵـەت لەلایـەن پەرلەمانـەوە هەڵدەبـژێردرێت و ئـەم شـێوازە وا دەکـات پەرلـەمان زاڵ ببـێ بەسـەر سـەربەخۆیی سـەرۆك و ببێتـە پاشـکۆی پەرلـەمان، بـەڵام بەپێـچەوانەوە لـە پـڕۆژەی دەسـتووری هـەرێم سـەرۆك لەلایـەن گەلـەوە هەڵدەبـژێردرێت، کەواتـە هەڵبـژاردنی سـەرۆك بـەم ڕێگایـەو بـوونی دەسـەڵاتێکی زۆر سیـستەمی سیاسـی هـەرێمی کوردسـتان لەسیـستەمی سـەرۆکایەتی نـەك پەرلـەمانی نزیکدەکاتـەوە، بەتایبـەت لەکاتێکـدا کـە سـەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کۆبوونـەوەی نائاسایی لەکاتی پێویستداو قسەکردن لەبارەی ئەو بابەتـە دیاری کراوانـەی کۆبوونەوەکەی بۆ بەسـتراوەو سەرۆکایەتی کردنـی ئـەو کۆبوونـەوەی پێ دەدرێت،[٥] چونکە ئەمە

---

[1] مادە (٩٩)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[2] مادە (١٠٠)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[3] حـاکم شـێخ لطیـف مـستەفا: سـەرنجێك لەسـەر سـەرۆکایەتی هـەرێم لـەپڕۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردستان، ئاوێنە (ڕۆژنامە)، ژمارە (٤٠)، سی شەممە ٢٠٠٦/١٠/١٠، ل١٣" مافنـاس زانا رەئوف مەنمی: ئەگەر دەستووری هەرێم بەم جۆرە بێت ناتوانین زەمانـەتی ئەوە بکـەین کە بەرەو دیکتـاتۆری نـاڕۆین، چاوپێکەوتن، ئاڵای ئازادی (ڕۆژنامـە)، ژمـارە (٦٨٨)، دوو شـەممە، ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل٨.

[4] مادە (١)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[5] مادە (١٠٤)/ یانزەهەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

ناكۆكـە لەگـەڵ یـەكێك لەپایـەكانی سیـستەمی پەرلـەمانی، ئـەویش دوانـەیی دەسـەڵاتی جێبـەجێ كردنـە لـەو كاتـە توانـای دەسـەڵاتەكانی سـەرۆك تێـك دەداو لەناوبــڕژیوانی نێــوان دەســەڵاتەكانەوە دەبێتــە لایــەنگر ئەمــەش لادانــە لــە پرەنسیپەكانی پەرلەمانی دیموكراتی.[1]

سیستەمی سیاسی لەدەستووری عێراقدا پەرلەمانییە، لەگەڵ ئەوەی دەستووری فیـدراڵی كـۆتێكی دیـاری كـراوی لەسـەر دەسـتووری هەرێمەكـە دانـەناوە، بـەڵكو بەشـێوەیەكی گـشتی لەدەسـتووردا ئامـاژە كـراوە، كـە نابێـت دەسـتووری هـەرێم ناكۆك بێت لەگەڵ دەستوری فیدراڵی،[2] بەڵام دانـانی سـەرۆكی هـەرێم بـەو شـێوازە، لەگەڵ دەستووری فیدراڵیدا، ناكۆك دەبێت.[3]

ب- ئەنجوومەن وەزیران: (ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و كارگێڕییە، لەهەرێمداو لەژێر چاودێری و ئاراستەكردنی سەرۆكی هـەرێمی كوردسـتاندا ئەركـەكانی جێبـەجێ دەكـات).[4] و (لەسـەرۆك و جێگرێـك و وەزیرەكان پێك دێت...).[5]

**٤-٢-٢-٢ پەیوەندی و كاریگەری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن:**

دەســەڵات و تایبەتكارییــەكانی ســەرۆكی هــەرێم لــە (٢٠) بڕگــەدا هــاتووەو ڕێكخراوە.[6] لەبەرامبەردا دەسەڵات و تایبەت كارییەكانی ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە

---

[1] حـاكم شـێخ لطیـف مـستەفا: سـەرنجێك لەسـەر سـەرۆكایەتی هـەرێم لـەپڕۆژەی دەسـتووری هەرێمی كوردستان، ل١٣.

[2] مادە (١٣)و (١١٦)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[3] سەردار عەبدولكەریم عەبدوڵڵا: پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لەنێوان دیموكراسی ڕاستەقینەو نزمترین ئاستیدا، كوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، پاشكۆی دەستوور، ژمارە (٢)، چوار شەممە، ١/١١/ ٢٠٠٦.

[4] مادە (١٠٨)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[5] مادە (١٠٩)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[6] بڕوانە: (مادە (١٠٤)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢).

(١٥) برگـــەدا هـــاتووە.[١] لەخوێندنـــەوەو بـــەراووردکردنی تایبەتکارییـــەکانی هەردووکیان لەڕووی ژمارەی بڕگەکان و ناوەڕۆکەکان ڕون دەبێتەوە کە سەرۆکی هـــەرێم هـــەموو شـــتێکەو ســـەرۆك وەزیـــران زیـــاتر وەك ســـکرتێر یـــان ســـەرۆکی نووسینگەی سکرتاریەتی هەرێم دێتە بەرچاو.[٢] ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی، چونکە بەگوێرەی ئەم سیستەمە سەرۆك دەسەڵاتی چالاکی نییە، ئەو دەسەڵاتەی کەهەیەتی زیاتر لەڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پیادە دەکرێت نەك بەڕاستەوخۆیی.[٣]

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێـوان دەســەڵاتی یاســادانان و جێبــەجێ کــردن، چــونکە وا دەکــات ســەرۆکی دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن لەسـەروی یـاخود هاوتـای دەسـەڵاتی یاسـادانان بێـت، لەگەڵ ئەوەش پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە دابڕاو نییە لەیەکتری، بۆ نموونە ســەرۆکی دەســەڵاتی جێبــەجێ کــردن پــڕۆژەی یاســاو بڕیارەکــان بــۆ پەرلــەمانی کوردستان پێشنیاز دەکات.[٤] (بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هێزی پێـشمەرگە یـان هێـزی ئاسایـشی نـاوخۆ بـۆ دەرەوەی هـەرێم بنێرێـت).[٥] و ڕێگـە

[1] بڕوانە: (مادە (١١٢)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢).

[2] د. یاســین سەردەشــتی: دەســەڵاتی ســەرۆکی هــەرێم لەڕەشنوســی دەســتووری هــەرێمی کوردستاندا، چاوپێکەوتن، لڤین (گۆڤار)، ژمارە (٤٥)، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان– سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٤.

[3] بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: سمکۆ ئەسعەد ئەدهـەم: نـەخێر بـۆ پـڕۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان، هـاوڵاتی (ڕۆژنامـە)، ژمـارە (٣٠١)، چوارشـەممە ٢٠٠٦/١١/٢٢، ل١٢" حـاکم شـێخ لطیف مستەفا: سەرنجێك لەسەر سەرۆکایەتی هەرێم لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ل١٣.

[4] مادە (١٠٤)/ یەکەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

[5] مادە (١٠٤)/ سێزدەهەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

دەدات بەهاتنە ناوەوەی هێزی چەکداری فیدراڵ بۆ ناو هـەرێم بەرەزامەندی بوونی پەرلەمانی کوردستان.[1]

سـەبارەت بـە بـوونی کاریگـەری ئـاڵوگۆڕ لەنێوانیانـدا لەچـەند بڕگەیەکـدا دەردەکـەوێت، بـۆ نموونـە (پەرلـەمانی کوردسـتان لەلایـەن سـەرۆکی هەرێمـەوە هەڵدەوەشـێتەوە لەوکاتانـەی کـە لەدەسـتوور یـان لەیاسـای پەرلـەمانی کوردسـتان دیاریکراوە.[2] لەبەرامبەردا وەزیرەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسیارن لـەکاروباری پەیوەسـت بەئەنجوومـەنی وەزیرانـەوە،[3] بـەڵام ئامـاژە نـەکراوە بـۆ لێپرسراوێتی سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمان، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سیستەمی پەرلـەمانی، بـەڵام سـەرۆکی هـەرێم یـان جێگرەکـەی بەزۆرینـەی ڕەهـای دەنگـی ئەندامانی پەرلەمان دوای تاوانبار کردنیان لەلایەن دادگای دەستووری لەسەرکار لا دەبرێن، لەکاتێکدا کە کار بەپێچەوانەی دەستوور یان پێشێلکردنی دەستوور یـان ناپـاکی گـەورە بکـەن.[4] جگـە لـەوە لەدەسـتووردا تێکەڵیـەك هەیـە لـەنێوان ئەنـدامانی ئـەم دوو دەسـەڵاتە، بـۆ نموونـە (دەکـرێ ئـەوەی ڕادەسـپێردرێت لـەپێکهێنانی وەزارەت لـەنێوان ئەنـدامانی پەرلـەمانی یـان هـی دیکـە بێـت).[5] و (سـەرۆك و وەزیرانـی ڕادەسـپێردرێت بـەپێکهێنانی وەزارەت لـەنێوان ئەنـدامانی پەرلـەمان، یـان هـی دیکـە بێـت).[6] واتـا کەسێك وەزیـرو ئەندام پەرلەمانـە، ئەمـەش ناکۆك دەبێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی.[7] (نابێت لەیەك کاتدا کەسێك ئەندام بێت لەئەنجوومەنی نوێنەران و هەرکارێك یان پۆستێکی دیکەی فەرمی هەبێت).[8]

هەواڵنامەی کتێب

---

1 مادە (١٠٤)/ دوازدەهەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

2 مادە (١٠٤)/ پێنجەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

3 مادە (١١٢)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

4 مادە (٩٣)/ چوارەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

5 مـادە (١٠٤)/ چـواردەهەم/ د/، لـە پـڕۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان– عێـراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

6 مادە (١٠٩)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

7 طـارق محمـد جامبـاز: بـەراوردێك و ڕاوبۆچـوونەکانم لـەبارەی یەکـەمین پـڕۆژەی دەسـتوری هەرێمی کوردستان– عێراق، یاسا پارێزی (گۆڤار)، ژ (١١)، ساڵی ١٥، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦، ٧.

8 مادە (٤٩)، دەستوری هەمیشەیی عێراق.

## ٤-٣ دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا

### ٤-٣-١ دەسەڵاتی دادوەریی لەمێژووی دەستووری عێراق:

سیستەمی سیاسی لەعێراق لەدوای وەرگرتنی فەرمانڕەوایەتی لەلایەن پارتی بەعس ڕوەو دیکتاتۆری چوو، کە سەرجەم دەسەڵاتو بڕیار لەدەست سەرۆکی دەوڵەتو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، بۆیە لەژێر سایەی فەرمانڕەوای لەم چەشنە باس کردن لەپایەکانی دادوەریو دەسەڵاتی دادوەری ئەستەمە، هەرچەندە دەتوانین بڵێین سەرجەمی دەستوورەکانی عێراق لەساڵی ١٩٢٥ تا دەستووری ساڵی ١٩٧٠ باسیان لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری کردووە، بەڵام ئەم دەقانە تەنها لەسەر پەڕاو ماونەوەو نەبونە کردار. بۆ نموونە لەدەستووری ساڵی ١٩٢٥ هاتووە کە نابێت دەست لەکاوباری دادگا وەربدرێت.[١] دەستووری ١٩٦٤ باس لەسەربەخۆیی دادوەرەکان دەکات، کە جگە لەیاسا هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە لەسەریانو ڕێگا بەهیچ دەسەڵاتێك نادات دەست لەسەربەخۆیی دادگاکان وەربدات.[٢] لە دەستووری ساڵی ١٩٦٨ هەمان دەق دووبارە بۆتەوە،[٣] دەستووری ساڵی ١٩٧٠ باس لەسەربەخۆیی دادگا دەکات.[٤]

دواتر یاسای ڕێکخستنی دادوەری دەرچوو بەژمارە (١٦٠) بۆ ساڵی ١٩٧٩، ئەویش بەهەمان شێوە تێیدا هاتووە کە دادگا سەربەخۆیەو هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە، بەڵام دادگاکانی عێراقو دادوەرەکانی بۆ دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت چاودێری وەزیری داد ملکەچن، کە دامەزراندنو لادانو بەرزکردنەوەی دادوەرەکان لەدەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت بوو، بەو مانایەی کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە.[٥]

1 مادە (٧١)، لەدەستووری عێراق ساڵی ١٩٢٥.

2 مادە (٥٨)، لەدەستووری عێراق ساڵی ١٩٦٤.

3 مادە (٧٩)، لە دەستووری کاتی ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٨.

4 مادە (٦٣)، دەستوری کاتی کۆماری عێراق ١٩٧٠/٧/١٦

5 سردار یاسین حمدأمین: استقلال السلطة القضائية بين النظرية والتطبيق، دراسة مقارنة- رسالة ماجستير، ل١٨١.

کەواتــە ســەربەخۆیی دادوەریــی لــەعێراق تــەنها لــەبواری تیــۆری ماوەتــەوە، بەپێـچەوانەوە لـەبواری جێبـەجێ کـردن دەسـەڵاتی دادوەری ملکەچـە بـۆ بڕیـارو ڕاسپاردەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

**٤-٣-٢ دەســەڵاتی دادوەری لەیاســای بــەڕێوەبردنی دەوڵــەتی عێــراق بــۆ قۆنــاغی گواستنەوەو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا:**

یاسـای بـەڕێوەبردنی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە لـەدوای ڕووخـانی ڕژێـم لەعێراق هاتە ئاراوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی لەعێراقدا درووست ببوو، لەقۆناغی فەرمانڕەوایی (ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی) لەعێراق بایەخێکی زۆر بەگەڕانــەوەی ســەربەخۆیی بــۆ دەســەڵاتی دادوەری درا. لــە یاســای بــەڕێوەبردن هـاتووە: "دادوەری سـەربەخۆیە، بـەهیچ شـێوەیەك لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردنــەوە بــەوەزارەتی دادیــشەوە بـەڕێوە نـابردرێ، تـەنیا دادوەریـی دەسـەڵاتی تـەواوی هەیـە، بڕیاری بێ تـاوانیی تۆمـەتبار یـان گوناهبـار کردنی بەپێی یاساو بەبێ دەست تێوەردانی دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن بدات".[1]

کەواتـە دەسەڵاتی دادوەری بۆ دەسەڵاتی جێبـەجێ کردن بەگشتیو وەزارەتـی داد بەتایبەتی ملکەچن، جگە لەوە دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردن ناتوانن دەست لەکاروباری وەربدەن.

بـە بۆچوونی ئێمـە دوو خـاڵ ڕۆڵـی گرنگـی هـەبوو بـۆ گەڕانـەوەی سـەربەخۆیی دادوەری، یەکـەم: لــە یاســای بــەڕێوەبردن هــاتووە بودجــەی دارایــی دەســەڵاتی دادوەری سەربەخۆیەو لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی دابین دەکرێت،[2] کە دانانی بودجەیـەکی تایبـەتو سـەربەخۆ بـە خاڵـە باشو دیارەکانی یاسای بەڕێوەبردنی

---

[1] مادە (٤٣)، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[2] مـادە (٤٣)، بڕگـە (٣)، یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتی عێـراق بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

دەوڵەت دادەنرێت.[١] جگە لەوە بۆ زیاتر هێنانەدی سەربەخۆیی دارایی دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی کاتی هاوبەندی (ئیتلاف) یاسای ژمارە (١٢)ی دەرکردووە بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری، و لەتەوەری سێیەمدا هاتووە کە ئەنجوومەنی دادوەریو دادگای پێداچوونەوە (تەمیز) بوودجەی تایبەتی خۆیان دەبێت.

دووەم: فەرمانی ژمارە (٣٥) لە ٢٠٠٣/٩/١٨ دەرکرا بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، کە بەبۆچوونی دادوەر (مدحت محمود) دەرچوونی ئەم بڕیارە دوو ئامانج دێنێتەدی:-

١-دووبارە دامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ ئەوەی لێپرسراوو سەرپەرشتیاری سیستەمی دادوەری بێت لەعێراق بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوەزارەتی داد.

٢-بریتییە لەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتی یاسا).[٢]

سەبارەت بەهێنانەدی خاڵی یەکەم لە گرنگی ئەنجومەنی دادوەری، دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجوومەنە دڵنیاییەکە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی و دورخستنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو وەزارەتی داد لەسەر کاروباری دادوەریی. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەنجوومەنی دادوەری بەگشتی پارێزگاری لە سەربەخۆیی دادگا دەکاتو ڕێگا نادات هیچ لایەنو دەسەڵاتێك دەست لەکاروباری دادگا وەربدات.[٣]

لەپێشوودا باسمان کرد، کە تاقی کردنەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەعێراق ئەوەی سەلماندووە، دەسەڵاتی دادوەری بەردەوام بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردنو وەزارەتی داد ملکەچبووە.

[1] مجموعة باحثين: س. پ، ل١٠٨.
[2] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٤٢.
[3] فاروق الكيلاني: س. پ، ل٢٦٨.

بەدامەزراندنی ئەنجوومەنی دادوەری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دێتـەدی، چـونکە لـەگرنگترین دڵنیـایی بۆسـەربەخۆیی دادگـا بریتیـە، لـەوەی سـەربەخۆیی کارگێڕی بدرێت بەئەنجوومەنی دادوەری بۆ دوورخستنەوەی کاریگەری دەسـەڵاتی جێبەجێ کردن لەسەر دادوەرەکان بەهۆی سەرپەرشتی کارگێڕی.[1] بۆ ئەم مەبەستە ئـەم ئەنجوومەنـە لێپرسـراوە لەسەرپەرشـتی کردنـی سیسـتەمی دادوەری لـەعێراق بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ لـەوەزارەتی داد بەئەرکـەکانی هەڵدەسـتێت.[2] لەوانـە ئەنجوومەنی دادوەری سەرپەرشتیاری کارگێڕی هەموو دادوەرو داواکاری گشتی دەکات، جگە لەئەندامانی دادگای پێداچوونەوەو سزای دادوەرو داواکاری گشتی دەدات بەهۆی خراپی ڕەوشتیان، کەسانی شایستە دەپاڵێوێ بۆ کاری دادوەریو ئەنـدامانی داواکـاری گـشتی، هەڵدەسـتێ بـە پلـە بەرزکردنـەوەو گواسـتنەوەی دادوەرو ئەنـدامانی داواکـاری گـشتیو دامەزرانـدنو دووبـارە دامەزراندنـەوەی دادوەرو ئەندامانی داواکاری گشتی.[3]

جگـە لـەوە ئەنجوومـەنی دادوەری سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لەبـەردەم دەسەڵاتی یاسادانان دەپارێزێت، کە مافی پێشنیارکردنی یاسای پەیوەندی دار بە دادگا بۆ ئەنجوومەنی دادوەری دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش سـەرەتای پرەنـسیپی دەسـت وەرنـەدانی دەسـەڵاتی یاسـادانان لـەکاروباری دادگـا دەبێـت، ئەمـەش یەکێکـە لـەپاشماوەکانی سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لەدەسـەڵاتی یاسـادانان،[4] بـەڵام لەفەرمانی ژمارە (٣٥) باس لەم ئەرکەی ئەنجوومەنی یاسادانان نـەکراوەو لەبەنـدی (٤٥)ی یاسـای بـەڕێوەبردنیش ئـەم ئەرکـەی بـاس نـەکردووە. کەواتـە بـەدووبارە

---

[1] سردار یاسین حمدامین: س. پ، ل١٠٠، ١٠١.

[2] بەشی یەکەم لە فەرمانی ژمارە (٣٥)، (دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی دادوەری) دەرچووە لەلایەن دەسەڵاتی هاوبەندی (الاتلافی) کاتی.

[3] بەشـی سـێیەم لـە فـەرمانی ژمـارە (٣٥)، (دووبـارە پێکهێنانـەوەی ئەنجوومـەنی دادوەری) دەرچووە لەلایەن دەسەڵاتی هاوبەندی (الاتلافی) کاتی.

[4] فاروق الکیلانی: س. پ، ل٢٧٤.

دامەزرانەوەی ئەنجومەنی دادوەری لەعێراق، دادوەرو داواکاری گشتی دەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵسن دوور لەهەر کاریگەری‌و چاودێری‌و سەرپەرشتی کردنێك لەلایەن وەزارەتی داد،[1] بەڵام سەبارەت بە هاتنەدی ئامانجی دووەم کە هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لەعێراق، کە ئەنجوومەنی دادوەری بەشێك لەم ڕۆڵە دەبینێ.

دەوڵەتی یاسا مانای ملکەچکردنی دەوڵەتە بۆ یاسا لەهەموو ڕووە چالاکیەکانی، جا چ لەکارگێڕی، یاسادانان یان دادوەری بێت، لەمەوە هەموو دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی لەدەوڵەت ملکەچی یاسا دەبن‌و پەیوەست بەبڕیارەکانی دەبن و پرەنسیپی سەروەری یاسا جیاوازە لەدەوڵەتی یاساو ئەو پرەنسیپە بەڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی سیستەمی دەوڵەتی یاسایی دادەنرێت.[2]

دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی دادوەری دەبێتە هۆی هێنانەدی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، چونکە ئەم ئەنجوومەنە ڕێگە نادات، بەهەردوو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن‌و یاسادانان سەرپەرشتی بکەن‌و دەست لەکاری دادوەری وەربدات. بۆیە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بەڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی دەوڵەتی یاسایی دادەنرێت.[3]

ڕەگەزێکی تری دەوڵەتی یاسا بریتیە لەدان پێنان بەمافی تاکەکان، کە پێویستە ماف‌و ئازادی تاکەکان بپارێزێت لەدژی زوڵم‌و زۆری دەسەلاتی فەرمانڕەوا، ئەمەش لەوکاتە دەبێت کەدەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ بێت بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن لەکاتی سەرپێچی کردنی یاسایی لەلایەن دەسەڵات، کەواتە ماف‌و ئازادی تاکەکان پارێزراوە.[4] ئەم پایانەش بۆ هێنانەدی دەوڵەتی یاسا وەك باس کرا گرنگن، بەهۆی ئەنجوومەنی دادوەری دێتەدی، بەڵام سەبارەت

[1] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٤٣.

[2] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسة الدول والحکومات، ل١٠٢.

[3] د. محمد فاروق النهبان: س. پ، ل٤٨.

[4] ابراهیم عبدالعزیز شیحا: النظم السیاسة الدول والحکومات، ل١٠٥.

بە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە دوای گفتوگۆیەکی زۆر نوسرایەوە، تیایدا هەوڵ دراوە کەمو کوڕییەکانی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق نەهێڵرێت ئەم ئامانجە لەهەندێ شوێن هاتۆتە دی، لەهەندێك شوێنی تر بەپێچەوانەوە. لە دەستوور جەخت کراوەتەوە لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری‌و دادوەرەکان،[١] دادوەرەکان سەربەخۆن لەکارەکانیان‌و ڕێگە نادرێت بەدەسەڵاتەکانی تر دەست لەکاروباری دادگا وەربدەن.[٢]

دەستووری هەمیشەیی تەنها باس لەوە دەکات، کەنابێت دادوەرەکان لابدرێت،[٣] بێ ئەوەی ئەو حاڵەتە دیاری بکات، کە بەهۆیەوە دادوەر لەسەرکار لادەدرێت، بەڵام یاسای بەڕێوەبردنی عێراق ئەم ئامانجەی وردتر دیاری کردووە، کە هاتووە: "دادوەر یان ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ناشێ لەکاربخرێت، مەگەر بەتاوانێکی ئابڕووبەر یان بەگەندەڵی تاوانبار کرابێ یان تووشی کەنەفتییەکی بەردەوام بووبێ".[٤] لەبەر ئەوەی لانەدانی دادوەر لەگرنگترین دڵنیایی سەربەخۆیی دادوەر دادەنرێت.[٥] بۆیە پێویستە لەدەستوور باس بکرێت، و دواتر لەیاسای تایبەت وردەکاریەکان ڕوون بکرێتەوە، جگە لەوە دەستووری هەمیشەیی عێراق باسی لەباری دارایی دادوەرەکانی نەکردووە لەڕووی ئاستی مووچەیان، و ڕێگەنەدان بەدەسەڵاتەکانی تر بۆ زیاد کردن‌و کەم کردنی مووچە. وەك ئەوەی لەتەوەری دووەم باس کرا، کە لەدەستووری ئەمەریکیدا هەیە.

بۆئەوەی لەم ڕێگایەوە کاریگەری دانەنرێت لەسەر دادوەرەکان‌و مامەڵەکردن لەگەڵ دادوەر بەمامەڵەیەکی جیاکار لەسەرجەم فەرمانبەرەکانی تر لەکاروبارەکانیان، بەتایبەت لە مامەڵەی دارایی بەشێوەیەك کە کۆمەڵێك ڕێساو

---

1 مادە (٨٧)، دەستووری هەمیشەیی عێراق.

2 مادە (٨٨)، دەستووری هەمیشەیی عێراق.

3 مادە (٩٧)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

4 مادە (٤٥)، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

5 د. ابراهیم نجیب سعد: س. پ، ل٢٦٥.



ھەولێرنامەی کتێب

مـەرجی پێویـست دابنرێـت بـۆ ڕێکخـستنی موچـەکەیان جیاکاربێـت لەسـەرجەم فەرمانبـەرەکانی تـر، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ڕێزگـرتن لەپرەنـسیپی دادو ڕێزگـرتن لـەو ئەرکـە گرنگـەی کـە بـەدادوەرەکان دراوە.[1] هـەروەها لەدەسـتوور جـەخت کراوەتـەوە لەمافی شکات کردن بۆ سەرجەم هاوولاتیان‌و ئەم مافە پارێزراوە.[2]

---

1 سردار یاسین حمدأمین: س. پ، ل٩٨، ٩٩.

2 مادە (١٩)/ سێیەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.



هەواڵنامەی کتێب

### ٤-٤ پێکهاتەی دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا

#### ٤-٤-١ دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی:

#### ٤-٤-١-١ ئەنجوومەنی دادوەری باڵا:

دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی لە ئەنجوومەنی دادوەریی باڵاو دادگای فیدڕاڵی باڵاو دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵیو دەزگای داواکاری گشتیو دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەرییو دادگاکانی دیکەی فیدڕاڵی پێکدێت، کەبەپێی یاسا ڕێك دەخرێت.[١]

بۆهاتنەدی سەربەخۆیی دادوەری پێویستمان بەدڵنیاییە، ئەمەش لەڕێگای ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا دێتەدی، بەڵام دەستووری نوێ کەموکوڕی زۆرە لەباس کردنی ئەم ئەنجوومەنە، لە دەستوور باس لەچۆنیەتی پێکهێنانو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری نەکراوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردن ئەو ئەنجوومەنە پێك دێت لە:-

١-سەرۆکی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

٢-سەرۆكو جێگرانی دادگای پێداچوونەوەی فیدڕاڵی.

٣-سەرۆکی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوەی فیدڕاڵی.

٤-سەرۆكو هەردوو جێگری دادگای تەمیزی هەرێم.[٢]

لەبەر سروشتی پێکهاتەی دەوڵەتی فیدراڵی پێویستە لە ئەنجومەنی دادوەری ڕێژەی ئەندامی هەرێمەکانیش لەبەرچاو بگیرێت، جگە لەوە لە دەستووردا نەهاتووە باس لەچۆنیەتی دانانی سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە بکات.[٣]

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی دادوەری باڵا بریتیە لە:-

---

[1] مادە (٨٨)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[2] مادە (٤٥) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[3] بێ ناوی نوسەر: ملفات، اما ان الاوان لتطهر الاجهزة القضائية في العراق؟، وەرگیراوە لەسایتی ئەلکترۆنی www.al-bayyna.com,p.1 ، لەڕێکەوی ٢٠٠٦/٧/١٤.

یەکەم: بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی و سەرپەرشتی کردنی دادوەریی فیدراڵی.

دووەم: پاڵاوتنی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی و ئەندامەکانی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری و خستنە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنیان.

سێیەم: پێشنیارکردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵی و خستنە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی لەسەردان،[1] ئەم دەقە کەمو کوڕی هەیە، چونکە بۆ زیاتر دڵنیایی لەسەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری پێویست بوو ڕەزامەندی لەسەر بودجەی گشتی، لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و سەرۆکی دەوڵەت بوایە، بەڵام بەر لەوەی هەر ئەرکەی بەجیا باس بکەین دەگەڕێینەوە بۆ دوو مادده، کە هەردوکیان بەشێوەیەکی گشتی باس لەدامەزراندن و خزمەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و خانەنشین کردنیان و لەگەڵ لانەدانی دادوەر دەکات.[2]

دەبوایە ئەم دوو ماددەیە لەیەک ماددەدا کۆبکرانایەوەو بەئەرکێك لەئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەری باڵا دابنرانایە، چونکە ئامانج لەدامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە ڕێکخستنی کاروباری دادوەریی و دادوەرەکانە، کە ئەم ئەرکانە لەیاسای ژمارە (٣٥)ی تایبەت لەدامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی دادوەری بەڕونی باسکراوە.

جگە لەوە لە مادده (٩٣)ی دەستووردا دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرەکان دیاری ناکات، کە ئایا دادوەرەکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان یان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان ئەنجوومەنی دادوەری باڵا دادەمەزرێت، بەڵام لەئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەری باسی لەوە کردووە کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی و ئەندامەکانی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی باڵاوە دادەمەزرێن، بەڵام پێویستە

[1] ماده (٩٠)، سێیەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[2] ماده (٩٧، ٩٦)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەزامەندبێ، لەسەر دامەزراندنیان، بەڵام پالأوتنی سەرۆکی (دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی) کـە بـاڵاترین دەسـەڵاتی دادوەرییـە لەدەوڵـەت باسـی نەکردووە، بۆیە ئەمە کەمو کوڕیەکی دەستوورییە، کە چاکتربوو تەنها ئاماژەی بۆ ئـەوە کردبووایـە ئەنجوومـەنی دادوەری بـاڵا دەسـەڵاتی دامەزرانـدنی دادوەرو ئەندامانی داواکاری گشتی هەیە بۆ سەرجەم پلەکانی دەسەڵاتی دادوەریی،[١] بەڵام ڕەزامەنـدی لەسـەر دامەزرانـدیان پێویـستە بدرێتـە ئەنجوومـەنی سـەرۆکایەتی، چـونکە لـەم قۆناغـە لـەجێگای ئەنجوومـەنی هەرێمەکانـەو ئـەم ئەنجوومەنـەش نوێنەری هەرێمەکانی بەیەکسانی تێدایە.

**٤-٤-١-٢ دادگای باڵای فیدراڵی:**

لـەعێراق بۆشـاییەك بۆیـەکلایی کردنـەوەی دەسـتووری بـوونی یاسـاو بڕیـارو فەرمانـەکان هـەبوو، کـە لەدەسـەڵاتی یاسـادانانو جێبـەجێ کـردن دەردەچـێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی دادگای باڵا، کە ڕەنگ دانەوەی خراپی هەبوو لەسەر مافی خـەڵكو سـەروەری یاسـا.[٢] بۆیـە لەیاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتو دەسـتوری نـوێ بڕیاری دامەزراندنی دادگای باڵای فیـدڕاڵی درا، ئەم دادگایە بەشێکە لەدەسەڵاتی دادوەریی فیدراڵیو ئەم دادگایـە لـەعێراق باڵاترین دادگایـە، و سـەربەخۆیە لـەڕوی دارایی و کارگێڕییەوە،[٣] کە ئەم سەربەخۆیی دادگا لەدیارترین گۆڕانکاریەکانـە، کـە لەعێراق ڕوویدابێت دوای ئازادکردنی عێراق.[٤]

سەبارەت بەپێکهاتەی دادگـای فیـدراڵی باڵا لەدەستووری هەمیشەیی عێـراق لـە هیچ دەقێك ئامـاژە بۆ ژمارەی دادوەرەکـانی دادگـای باڵا نـەکراوە، بەڵام لەیاسـای کـاتی بـەڕێوەبردنی عێـراق هـاتووە، کـە دادگـای بـاڵای فیـدراڵی لـە (٩) ئەنـدام پێك

---

[1] البينة: س. پ، ل١.

[2] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٥٢.

[3] مادە (٩٢)، دەستووری هەمیشەیی عێراق

[4] مجموعة الباحثين: س. پ، ل٢٨٨.

دێت،[1] بەڵام لەدەستوری هەمیشەیی تەنها باسی جۆری ئەو کەسانە دەکات کە ئەندامن لەو دادگایە، وەك: ژمارەیەك دادوەر، شارەزا لە فیقهی ئیسلامی، شارەزا لە یاسا،[2] بەڵام ژمارەو جۆری دەستنیشان کردنیان و کاری دادگاکە بەیاسایەك لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامان ڕێکدەخرێت، و پێویستە دامەزراندیان بە کۆی دەنگ بێت، لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەری و ڕەزامەندی ٣/١ی ئەنجوومەنی نوێنەران.[3]

دادگای باڵای فیدراڵی دامەزراوەیەکی گرنگە بۆیە بەلای شارەزایانی یاساوە سەیرە کە زۆربەی وردەکاری پەیوەست بەپێکهاتەو کارکردن و دروست بوونی جێهێڵدراوە بۆ داهاتوو تا بەیاسا ڕێکبخرێت.[4]

پێکهاتنی دادگا لە ژمارەیەك شارەزایانی ئیسلامی دەرخەری ئەو ناکۆکیانەیە، کە لەکاتی دانانی دەستور لەنێوان لیژنەی دانانی دەستور هەبووە. بوونی ئەو ژمارەیە لە شارەزایانی ئیسلامی لە دادگای باڵای فیدراڵی لەلایەن یاساناسان بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، (نعمان منی) بۆئەوە دەچێ کە بوونی شارەزا لە فقهی ئیسلامی لە دادگای باڵای فیدراڵی وادەکات عێراق بەرەو درووست بوونی دەوڵەتێکی فقهی ببات وەك ئەوەی لە ئێران هەیە، کە ئەنجوومەنی دەستوور پێك دێت لە شەش ئەندامی هەڵبژێردراو لەلایەن پەرلەمان و شەش ئەندامیش کەدادەنرێت بەبێ هەڵبژاردن.[5]

بۆیە بەمەبەستی دوورخستنەوەی ئەو ئەگەرە چاکترە دادگا لەدادوەرو شارەزایانی یاسای مەدەنی نەك پیاوانی ئاینی پێکبێت، چونکە دەبنە هۆی تێك

---

[1] مادە (٤٤)، خاڵی (٥) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.
[2] مادە (٩٢)، برگە (٢)، دەستووری هەمیشەیی عێراق.
[3] مجموعة باحثین: س. پ، ل٢٨٩.
[4] مجموعة باحثین: س. پ، ل٤٩.
[5] مجموعة باحثین: س. پ، ل١٤٤.

دانی شارستانیو هاوسەنگی فیدراڵی.[1] بە بۆچوونی دادوەر وائل ئەم ماددەیە، دژی ئەو ماددەیە کە دادگای فیدراڵی باڵا دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە لەداراییو کارگێڕی، چونکە دادگا لەڕێگای دەرکردنی بڕیار ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان یەك لادەکاتەوە، ئەم بڕیارانەش پێویستە لە دەستەی دادوەری دەربچێت، دەستەی دادوەریش لەژمارەیەك دادوەر پێك دێت، لەبەر ئەوە بەشداربوونی شارەزایانی ئاین، کارێکی سەیرە.[2]

(ناتان براون) هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام بۆ چارەسەری ئەم کەمو کوڕییە وا بەباش دەزانێت، ژمارەی شارەزایانی ئاینی دیاری کراوو سنوور داربێت.[3] بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پێشنیاز دەکرێت کە:-

١-دەبێت زۆربەی ئەندامەکانی دادگا هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو ماجستێربن لەیاسای شارستانی، لەگەڵ شارەزایی لەپیادەکردنی دادگا، کە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢-ژمارەی شارەزایانی ئاینی ئیسلامی، لەژمارەی شارەزایانی دیموکراسی و یاسای شارستانی زیاتر نەبێت.

٣-ڕێژەی نوێنەرایەتی ژن لە دادگا لە ٢٥٪ی کورسی کەمتر نەبێت.[4]

سەبارەت بە تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە گوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە دەستووردا دیاری کراوە، بەڵام سەرەتا بەر لەباس کردنی تایبەتکارییەکانی دادگای باڵا پرسیار لەڕەوایەتی کارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی دەکەین، کە ئایا دوای دانانی دەستووری نوێ یاسایەك دەرچووە لەپەرلەمانەوە بۆ دادگای باڵای فیدراڵی هەتا ڕەوایەتی بدات بەکارەکانی؟

---

[1] مجموعة باحثين: س. پ، ل٢٨٩.

[2] قاضي وائل عبداللطيف الفضل: دستور جمهورية العراق بين الافاق والتحديات، وەرگیراوە لەسایتی ئەلکترۆنی www.salamcenter-iraq.com,p.1، بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٨/١٧.

[3] مجموعة باحثين: س. پ، ل٥٠.

[4] مجموعة باحثين: س. پ، ل٢٨٩.

هەولێرنامەی کتێب

بەژمارەی دادوەرەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە لەدوای دانانی دەستور و دەست بەکاربوونی حکومەتی نوێ هیچ یاسایەك بۆ ڕێکخستنی دادگای باڵای فیدراڵی دەرنەچووە، چونکە ژمارەی دادوەرەکان لەدەستوور ئاماژەی پێ نەکراوەو هیچ یاسایەکیش بۆ ئەم مەبەستە دەرنەچووە، لەکاتێکدا دادگای باڵا لە (٩) دادوەر پێك دێت، کە ئەمە لە فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە تایبەتە بەیاسای دادگای فیدراڵی باڵا، کە دادگا لەسەرۆك و هەشت ئەندام پێك دێت.[1]

کەواتە لەدوای دەست بەکاربوونی حکومەتی نوێ ڕەوایەتی دادگای باڵای فیدراڵی جێگای پرسیار کردنە. لەدەستووری نوێدا هاتووە: "یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو پاشکۆکەی لەکاتی دەست بەکاربوونی حکومەتی نوێدا هەڵدەوەشێتەوە".[2]

لەدوای دانانی دەستور و دەست بەکار بوونی حکومەتی نوێی دادگای باڵای فیدراڵی لەبەڕێوەبردنی کارەکانی پشت بە بڕیارو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبەستێت، ماوەی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی حکومەتی نوێ تێ پەڕیووە، کەچی تا ئێستا پەرلەمان پڕۆژەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی دەرنەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش حکومەتی نوێی عێراق مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دادگای باڵای فیدراڵی لە سنووری ئەرکە دیاری کراوەکانی ئەو دادگایە دەکات، کەواتە ڕەوایەتی دادگای باڵای فیدراڵی بەشێوەیەکی نا ئاشکرایە (ضمنی)یە، بەهۆی مامەڵەی حکومەت لەگەڵ دادگای باڵای فیدراڵییە،[3] کەواتە ئەم دادگایە پشت بەچەند یاساو بڕیارێك دەبەستێت، کە لەڕوی یاسایی پووچەڵ بووبنەوە، بەڵام بەهۆی دەرنەچوونی یاسای تایبەت بە دادگای باڵاو پڕکردنەوەی

[1] مادە (٣) لە یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥. بڕوانە: (الوقائع العراقیە، العدد ٣٩٩٦)، ٢٠٠٥/٣/١٧، ل١٢).

[2] مادە (١٤٣) لە دەستووری هەمیشەی عێراق.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەر (محەمەد صائب)، ئەندام لە دادگای فیدراڵی باڵا، ٢٠٠٦/٩/٢٠.

ئـەم بۆشـاییە بۆیـە لەکارەکانیـدا پـشت بـە یاسـا هەڵوەشـاوەکان دەبەسـتێت، بـە گوێرەی مادده (٩٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دادگای باڵای فیدراڵی هەشت تایبەتکاریی هەیە:-

یەکـەم: ڕاڤـەکردنی دەقـە دەسـتوورییەکان: دادگـای بـاڵا تـەنها ڕاڤـەی دەقـە دەسـتورییەکانی فیـدڕاڵی دەکـات، لـەکاتی بـوونی نـاکۆکی لەسـەر مانـای دەقێك. ئەمەش کاریگەری لەسەر یەك بونی مانای دەقە دەستووریەکان دەبێت، کە نابێتـە پارچە پارچەبوونی یاسا لەڕێگای ڕاڤە جیاوازەکانەوە، بەڵام ئەو لایەنانەی دیاری نەکردووە، کە دەتوانن داوای ڕاڤەکردن بکەن، بۆ نموونـە لـە دەسـتووری میرنشینە یـەکگرتووەکانی عـەرەبی ڕاڤـەی دەسـتور لەسـەر داوای یـەکێك لەدەسـەڵاتەکانی فیدڕاڵی یان حکومەتی یەکێك لەهەرێمە ئەندامەکان دەبێت.[1]

دووەم: یەکلاکردنـەوەی کێـشەکان لـەنێوان لایەنـەکان لەدەوڵـەتی فیـدراڵی: دەستووری نوێی عێراق چارەسەری ناکۆکیەکان دەکات لەنێوان:

أ-حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان.

ب-حکومەتی فیدراڵی و پارێزگاکان.

ج- حکومەتی فیدراڵی و شارەوانیەکان.

د- حکومەتی فیدراڵی و بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێیەکان.

ه- حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان.

هـەروەها سیـستەمی فیـدراڵی لـە کۆمـاری عێـراق لەپایتـەخت و هەرێمـەکان و پارێزگا ناناوەندییەکان و بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکان پێکدێت.[2]

پارێزگاکـان لەژمارەیـەك قـەزاو ناحیـەو گونـد پێکـدێن و دەسـەڵاتی کـارگێڕی و دارایـی فراوانیـان پـێ دەدرێـت بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبارەکانیـان،[1] لێـرەدا ئـەرکی دووەمی دادگا کەموکوڕی هەیە چونکە:-

---

[1] مـاده (٣٣)، لـە سیـستەمی یاسـایی نـاوخۆیی دادگـای بـاڵا، وەرگیراوە لەسـایتی ئـەلکترۆنی، www.arab-ipu.org.p.7 ، بڵاوکراوەتەوە لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٧/١٣.

[2] مادە (١١٦)، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

١- ئەم دەقە باسی چارەسەری ناکۆکی نێوان دوو هەرێمی نەکردووە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە یەك هەرێم لەعێراق هەیە ئەویش هەرێمی کوردستانە، بەڵام پێویست بوو دەستوور ئەگەری ئەوە دابنێت کە هەرێمی باشووری فیدراڵ یان هەر هەرێمێکی تر، لەئایندە لەعێراق دروست بێت، چونکە دەستووری هەمیشەیی دان بەو هەرێمە نوێیانە دادەنێت کە بەپێی حوکمەکانییەوە دادەمەزرێن.[2]

٢- باسی چارەسەری ناکۆکی نێوان هاوولاتیانی هەرێم و هاوولاتیانی فیدراڵی و هاوولاتیانی دوو هەرێمی لەکاتی ناکۆکی نەکردووە، کە لەو کاتەدا دادگای باڵا رۆڵی گرنگ دەبینێ، چونکە هەرێمەکان ترسی ئەوەیان نییە دادگای باڵای فیدراڵی لایەنگری بۆ هاوولاتی هەرێمێك لەبەرامبەر هاوولاتی هەرێمەکەی تر بکات.

٣- دەستوور باسی چارەسەری ناکۆکی نێوان هاوولاتیان و بێگانە، بەتایبەت باڵوێزو قنصولەکانی نەکردووە، ئەم ئەرکە بەڕونی لەدەستووری دەوڵەتە فیدراڵیەکان باس کراوە وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، دەتوانین بڵێین بۆ دیاری کردنی تایبەتکاریی دادگای باڵا پێوەری لایەنەکانی وەرگرتووە، بەڵام باڵوێزو قونصوڵگەو بێگانەکانی باس نەکردووە.

٤- دەقەکە بەرەهایی هاتووەو تەنها باس لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان دەکات هیچ ئاماژەیەك بۆ جۆری ناکۆکییەکان ناکات، ئەم کەمو کوڕییە لەدەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیش دا هەیە، کە دەقەکە لەسەر ناکۆکی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی بەرەهایی هاتووە.[3] بۆیە چاکتر بوو ئاماژەی بە جۆری ناکۆکییەکان کردبوایە.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێت، ئەویش بەیاسایەك ڕێك دەخرێت:

---

[1] مادە (١٢٢)، یەکەم، دووەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[2] مادە (١١٧)/ دووەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[3] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربیة، ل٣٢٧.

لەدەستووری ئەمەریکی پەرلەمان بەم ئەرکە هەڵدەستێ و پێی دەڵێن (دادگای پەرلەمانی)، کە لە تەوەری سێیەم باسمان کردو لەئەمەریکا سەرۆکی دەوڵەت و جێگرو فەرمانبەرانی شارستانی و دادوەرەکان بۆ ئەم دادگایە ملکەچن،[1] چونکە سیستەمەکەی سەرۆکایەتییە سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەك کەسە، بەڵام لەعێراق دادگای باڵا بەم ئەرکە هەڵدەستێت، و سیستەمەکە بەگوێرەی دەستوور پەرلەمانیە، بۆیە سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەگرێتەوە، بەڵام چاکتر بوو جۆری ئەو تۆمەتانەی دیاری بکردبوایە، کە بەهۆیەوە سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دادگایی دەکرێت، کەواتە لەبەر ناڕۆشنی ئەم دەقە پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ لەسەر مافی تۆمەتەکان و سروشتی داواکە، و ئەو لایەنەی دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی ئەو داوایەی هەیە،[2] بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تایبەتکارییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە سەرۆك کۆمار تۆمەتبار دەکرێت لەلایەن دادگای باڵاوە، لەکاتی شکاندنی سوێندنی دەستووری، پێشێل کردنی دەستوور، خیانەتی گەورە،[3] بەڵام لەهیچ دەقێکی دەستوور باسی چۆنیەتی تۆمەتبارکردنی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان نەکراوە.

چـوارەم: چـاودێری کردنـی دەسـتووریی بـوونی یاسـاکان و پـەیڕەوە کارپێکراوەکان:

دەوڵەتی عێراق دوای دامەزراندنەوەی لەهەوڵی ئەوە دایە ڕووەو دەوڵەتێکی یاسایی هەنگاو بنێت، و چاودێری دادوەریش یەکێکە لەڕەگەزەکانی درووست بوونی ئەو جۆرە دەوڵەتە، چونکە بۆ هێنانەدی سیستەمی دەوڵەتی یاسایی و ڕێزگرتنی ڕێسایی یاسایی لەلایەن دەوڵەت و سەرجەم دەسەڵاتەکانی، ئەوا

---

1 د. عبدالرؤوف هاشم محمد: س. پ، ل٣٧، أ. د. داوود مراد حسين: س. پ، ل٦٧.

2 طالب الوحيلي: اختصاص المحكمة الاتحادية العليا في الدستور الدائم، وەرگیراوە لەسایتی ئەلکترۆنی ,www.annabaa.org بڵاوکراوەتەوە لە ٢٠٠٦/٧/١٣.

3 مادە (٦١)/ شەشەم/ ب، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

پێویستە ئەو ڕێگایە ڕێك بخرێت، کە کەفالەتی ڕێزگرتنی ئەو ڕێسایانە دەکات، ئەگەر ئەو دەسەڵاتانە زیادە ڕۆییان کردوو لایاندا لێی.[١]

سێ خاڵ گرنگە لەچاودێری دەستووری بوونی یاساکان:-

١-دیاری کردنی ئەو لایەنەی پیادەی ئەو چاودێرییە دەکات، و سەبارەت بەم خاڵە چاودێری دەستووری بوونی یاساکان دادگای باڵای فیدراڵی لەسەرجەم عێراق پیادەی دەکات، کەواتە جۆری چاودێرییەکە چاودێری دادوەرییە، چونکە دەسەڵاتێکی دادوەری پێی هەڵدەستێت، بۆیە بەپێی شارەزایانی دەستووری ئەم جۆرە چاودێرییە پێی دەڵێن چاودێری دادوەری ناوەندی، بەڵام لەعێراق دادگایەکی تایبەتمەند بەم ئەرکە دانەمەزراوە بەتەنیشت سێ دەسەڵاتەکەی تر،[٢] بەڵکوو دادگای باڵا بەتەنیشت ئەرکەکانی تری بەم ئەرکەی هەڵدەستێت.

٢-دیاری کردنی جۆری چاودێرییەکە، لەبەشی دووەمی یاسای ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەشێوەی چاودێرییەکە هەڵوەشانەوەی یاسایی نا دەستوورییە (الغاء)، لەو یاسایە هاتووە داواکار بەڵگە پێشکەش دەکات لەسەر ئەو زیانانەی لێی کەوتووە لەئەنجامی ئەو یاسایەی کە داوای کردووە هەڵدەوەشێتەوە،[٣] و هەروەها ئەو دەقەی داوا دەکرێت هەڵوەشێتەوە دەبێت جێبەجێ کرابێت لەسەر داواکار بە کردار یان جێبەجێ بکرێت.[٤]

کەواتە کاتێك داوایەك بەرزدەکرێتەوە لەسەر دەستووری بوونی یاساکە دادگا بڕیار بەهەڵوەشانەوەی دەدات.

---

[1] ابراهيم عبدالعزيز شيحا: النظم السياسة الدول والحكومات، ل١٠٦.

[2] د. عصمت عبدالله الشيخ: مدى استقلال القضاء الدستوري في شأن الرقابة على دستورية التشريعات، دار النهضة العربية، ٢٠٠٣، ل١٣٨.

[3] مادە (٦)، بڕگە (٢)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

[4] مادە (٢)، بڕگە (٦)، یاسای ژمارە (١) ی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

٣- دیاری کردنی ئەو لایەنەی مافی جووڵاندنی چاودێریەکەی هەیە.

ئـەم دەقـە لـە دەسـتووردا وەك زۆربـەی دەقـەکانی تـر بـەڕەهایی هـاتووەو ئـەو خاڵانــەی پێــشووی دیــاری نــەکردووە، بــۆ نموونــە دەســتووری میرنــشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ئەو لایەنانەی دیاری کردووە کە تانە لەدەستوری بوونی یاساکان دەدات،[1] بـەڵام ئـەو لایەنـەی مـافی جووڵانـدنی داوای چـاودێری هەیـە لەدادگای باڵای فیدراڵی بریتییە لە:-

١- دادگاکـان: دادگاکـان دەتـوانن داوا بـۆ دادگـای بـاڵای فیـدراڵی بەرزبکەنـەوە، بەمەبەسـتی یـەك لاکردنـەوەی دەسـتوری بـوونی یاسـاکان، ئەمـەش لـەدووکات دەبێت:-

أ- (ئەگەر یەکێك لەدادگاکان لەکاتی سەیرکردنی داوایەك خۆی داوای کرد بۆ یەك لاکردنەوەی ڕەوایەتی دەقێکی یاسا یان بڕیارێك یان پەیڕەو یان ڕێنمایی کە پەیوەستن بەداواکەوە).[2]

ب- (ئەگـەر یـەکێك لـە دادگاکـان داوایـان کـرد بـۆ یـەك لاکردنـەوەی ڕەوایـەتی دەقێکی یاسا یان فەرمانێکی تەشریعی یان سیستەم یان ڕێنمـایی یـان فـەرمانێك لەسەر داوای یەکێك لەدژەکان (بەرامبەرەکان)).[3]

٢- لایـەنی فـەرمی بـەهۆی درووسـت بـوونی نـاکۆکی لـەنێوان لایـەنی فـەرمی و لایــەنی تــر، لایــەنی فــەرمی دەتوانــێ داوای یەکلاکردنــەوەی دەســتووری بــوون یاساکان بکات لەم کاتەدا داواکە دەنێردرێت بۆ دادگای باڵا، بەڵام لایـەنی فـەرمی

---

[1] مادە (٩٩)، دەستوری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی، ساڵی ١٩٧١.

[2] مـادە (٣)، بڕگـە (١)، یاسـای ژمـارە (١) سـاڵی ٢٠٠٥، سیـستەمی نـاوخۆیی دادگـای بـاڵای فیدڕاڵی.

[3] مـادە (٤)، بڕگـە (١)، یاسـای ژمـارە (١) سـاڵی ٢٠٠٥، سیـستەمی نـاوخۆیی دادگـای بـاڵای فیدڕاڵی.

هەواڵنامەی کتێب

بەدیاری کراوی نازانرێ کێیە، بەڵام لەکۆتایی ئەو ماددەیە دەڵێ بەواژۆی وەزیری تایبەتمەند.[١]

دەستوور مافی تانە لێدانی ڕاستەوخۆی داوە بەهەریەکە لە ئەنجوومەنی وەزیران و پەیوەستدارەکان و تاکەکان لەبەردەم دادگای باڵای فیدڕاڵی.[٢]

کەواتە لەپاڵ لایەنی دەسەڵاتدار تاکەکان بۆیان هەیە تانە بدەن و داوا بەرزبکەنەوە، جگە لەوە لە سیستەمی ناوخۆیی دادگاش ئەم مافە بە داواکاری دراوە، بەڵام مافی بەرزکردنەوەی ئەو داوایە بەچەند مەرجێك کۆتکراوە:-

١- "داواکار لە داواکەی بەرژەوەندی هەبێت و بەرژەوەندییەکەی لەئێستا بێت، ڕاستەوخۆو کاریگەر بێت لەسەر ناوەندێکی یاسایی یان داوایی یان کۆمەڵایەتی".[٣]

٢- داواکار سەبارەت بەزەرەرمەند بوونی بەڵگە پێشکەش بکات.[٤]

٣- زیانەکە ڕاستەوخۆو سەربەخۆ بێت و ئەگەر بڕیار بەدەستوری نەبوونی یاساکە دەرچوو بتوانرێت زیانەکە لابدرێت. زیانەکە تیۆری و داهاتوو، ونبوو نەبێت.[٥]

٤- "داواکار سوودی نەبینێت لەلایەنێکی ئەو دەقە، کەداوای هەڵوەشانەوەی دەکات"،[١] سەبارەت بە بڕیارەکانی "دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارەکانی بنبڕەو

1 مادە (٥)، بڕگە (١)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

2 مادە (٩٠)،سێیەم، لە دەستوری هەمیشەیی عێراق.

3 مادە (٦)، بڕگە (١)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

4 مادە (٦)، بڕگە (٢)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

5 مادە (٦)، بڕگە (٢، ٣)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

هەواڵنامەی کتێب

هەموو دەسەڵاتەکان پابەندن پێیەوە"،[2] ئەم خاڵە لە سیستەمی ناوخۆی دادگای باڵاش جەختی لێ کراوەتەوە،[3] کە بەهیچ شێوەیەك شایەنی تانە لێدان نییە، بەڵام لەدەستوردا سنووری ئەم چاودێرییە دیاری نەکراوە، کە ئایا تەنیا یاساو پەیڕەوە کارپێکراوەکانی فیدراڵی دەگرێتەوە یاخود هەرێمەکانیش، بۆ نموونە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادگای فیدراڵی تەنها پابەندە بەلێکۆڵینەوەو بە بەراورد کردنی یاساو بڕیارەکان لەگەڵ دەستوری فیدراڵی بەتەنها،[4]جگە لەوە لە مادده (٩٠)ی دەستوور ئەو لایەنانەی دیاری نەکردووە، کە پێویستە ئەرکی جێبەجێ کردنی یاساکان بگرنە ئەستۆ.

پێنجەم: یەك لاکردنەوەی کێشەی تایبەتکاریی لەنێوان:-

١- دادوەریی فیدراڵی و دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان.

٢- دادوەری فیدراڵی و ئەو پارێزگایانەی لەهەرێم ڕێك نەخراون.

٣-دەستە دادوەرییەکانی هەرێمەکان یان ئەو پارێزگانەی لەهەرێمێکدا ڕێك نەخراون.

ناکۆکی تایبەتکاریی دوو جۆرە:-

أ- پۆزەتیڤ، کەهەموو دەستە دادوەرییەکان بڕیاری نەبوونی تایبەتکارییان لەسەیر کردنی داوایەك دەدەن.

ب- نێگەتیڤ، لەم کاتە زیاتر لەلایەنێکی دادوەری داوا دەکەن، کە سەیرکردنی داواکە مافی ئەوە.[5]

---

[1] مادە (٦)، بڕگە (٥)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

[2] مادە (٩١)، دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[3] مادە (١٧)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی.

[4] محمد ظهری محمود: س. پ، ل٦.

[5] د. عادل الطبطائی: النظام الاتحادی في الامارات العربیة، ل٣٣١.

جا لەم کاتەدا دادگای باڵای فیدراڵی بڕیار لەسەر دیاری کردنی ئەو لایەنە دەدات کەمافی سەیرکردنی داواکەی هەیە.

٤- پەسەندکردنی دەرەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

دەستووری نوێ هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بەئەرکی تێ هەڵچوونەوە، کە دادگای باڵا پێی هەستێت، لەکاتێکدا ئەم ئەرکە لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە باس کراوە،[1] ئەم ئەرکە بۆ یەک خستنی یاساکان لەدەوڵەتدا گرنگی هەیە.

٥- لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانە دەدرێت لەو بڕیارانەی لەدادگای کارگێڕی دەردەچێت. سەرۆکی دادگای کارگێڕی هەڵدەستێت بەبەرزکردنەوەی ئەم جۆرە داوایانە.[2] لەم ئەرکە ڕوون دەبێتەوە کە سیستەمی دادوەری لە عێراق بە پرەنسیپی یەک پارچەی دادوەری وەرگرتووە، چونکە بڕیارەکانی دادگای کارگێڕی لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانەی لێدەدرێت.

٦- یەک لایی کردنەوەی ئەو کێشانەی لەجێبەجێ کردنی یاساو بڕیارو پەیرەو ڕێنمایی و ڕێو شوێنە فیدراڵیەکان پەیدا دەبێت و یاسا مافی تانە لێدانی ڕاستەوخۆی بۆ هەریەکە لەئەنجوومەنی وەزیران و پەیوەست دارەکان لەبەردەم دادگادا دەستەبەر دەکات.

کەواتە ئەو یاساو بڕیارو پەیڕەوو ڕێنماییانەی لەدەسەڵاتی فیدراڵی دەردەچێت دەتوانرێت تانەی لێبدرێت و لایەنەکانی ئەم مافەیان پێدراوە بریتیە لە حکومەت و تاکەکان. ئەوەی دووەم جێگای ڕەخنەیە لەلایەن بەشێک لە شارەزایانی یاسای دەستووری، چونکە کاتێک تاکەکان بۆیان هەبێت داوای هەڵوەشانەوەی یاسایەک لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی بەرز بکەنەوە ئەمە دوو ئەنجامی نا سروشتی

---

[1] مادە (٤٤)، برگە (٢)، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

[2] مادە (٧)، یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی.).

لێدەکەوێتەوە، یەکەم تەنها لەسەر ئارەزو و ویستی هاوولاتییەك کاری دەسەلاتی بالا تـەرخان دەکرێـت بـۆ گـەڕان و لێکۆڵینـەوە لـە داواکـەی. دووەم ئـەو هاوولاتیـە دەبێتە هۆکارێك بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایەی کە دانراوە لەلایەن دەسەلاتی بالا ئەویش دەسەلاتی یاسا دانانە لەزۆربەی کات نوێنەرایەتی گەلی دەکات،[1] بەڵام بە بۆچوونی ئێمـە چاکتر بـوو لەگـەڵ پێدانـەی ئـەم مافـە بەتاکـەکان مـەرجی بـوونی بەرژەوەندی ئاماژەی بۆ کرابوایە.

٤-٤-١-٣ دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی:

ئـەم دادگایـە سـەیری ئـەو تانانـە دەکـات، کـە لـە بڕیارەکـانی دادگـای تـێ هەڵـچوونەوە دەردەچـێت لەگـەڵ دادگـای بـواری کەسـێتی و دادگـای مـەوادی کەسـی.....[2] و پێکـدێت لەسـەرۆك و پێـنج ئەنـدام.[3] لـە ڕوی بودجـەی دارایـی سەربەخۆیەو بە ئەنجوومەنی دادوەرییەوە نەبەستراوەتەوە.[4]

٤-٤-١-٤ دادگاکانی تری دەوڵەتی فیدراڵی:

ئەم دادگایانە دابەش دەکرێن بەسەر دوو بەش:-

أ-دادگـا شارسـتانییەکان: ئەمـەش چەنـد جۆرێکـەو لەهـەمووی گـرنگتر دادگـای تێهەڵچوونەوەیە. عێراق بەسەر (١٤) ناوچەی تێ هەڵچوونەوە دابەش کـراوە.[5] هـەر ناوچـەیەکی تـێ هەڵـچوونەوە لەسـەرۆك و ژمارەیـەك لـە نوێنـەر پێکـدێت، لـەڕوی کـارگێڕی سـەرجەم دادگاکـان دەکەونـە نـاو بازنـەی تایبـەتکاریی جوگرافی دادگـای تێهەڵچوونەوە، کە بەم دادگایەوە بەستراونەتەوە. دادگاکانی تـر بـریتین لـە دادگـای سەرەتایی، مەوادی شارستانی، کاروباری کەسێتی و کار.

---

[1] المحامی طالب الوحیلي، س. پ، ل٢، ٣.

[2] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٥٤.

[3] مادە (١٢)، یاسای ڕێکخستنی دادوەری ژمارە (١٦) بۆ ساڵی ١٩٧٩و هەموارکردنەکانی.

[4] بەشی سێیەم، یاسای ژمارە (١٢) دەسـەلاتی کـاتی هاوبەنـدی جـێ بـەجێ کردنـی سـەربەخۆیی سیستەمی دادوەری.

[5] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٥٦.

ب- دادگا تاوانکارییەکان: بریتییە لە دادگاکانی تاوانکاری، کەتن، نەوجەوانان، گومرگی و لێکۆڵینەوە.

جگە لەو دادگایانەی دەوڵەتی فیدراڵی و ئەنجوومەنی دادوەری، کە باسکران، دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی پێك دێت لە:-

أ- داواکاری گشتی: ئەمیش پێك دێت لە سەرۆکی داواکاری گشتی و دوو جێگرو ژمارەیەك لە داواکاری گشتی و نوێنەرەکانیان، بارەگای سەرەکی لە بەغدایەو دەسەڵاتی درێژ دەبێتەوە بۆ سەرجەم عێراق کەتایبەتە بە جولاندنی داواکاری مافی گشتی و.....[1]

ب- دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری: پێکدێت لەسەرۆك و دوو جێگرو ژمارەیەك لەسەرپەرشتیاری داد.[2]

**٤-٤-١-٥ پەیوەندی و کاریگەری نێوان دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و یاسادانان:**

١- پەیوەندی دەسەڵاتی دداوەری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن: دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق دابڕاو نیە لەهەردوو دەسەڵاتەکەی تر کە لەهەندێ دەقی دەستووریدا پەیوەندی نێوانیان دەردەکەوێت وەك:-

أ- دامەزراندن: "سەرۆك و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی دادوەری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنیان دەکرێت".[3]

ب- بوودجەی گشتی: ئەنجوومەنی دادوەری بەهەمان شێوە پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەخاتە بەردەست ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەری.[4]

---

[1] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٦٢.

[2] قاضی مدحت المحمود: س. پ، ل٦٢.

[3] مادە (٩١)/ دووەم ، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[4] مادە (٩١)/ سێیەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

ج- دەرکردنی لێ بووردن و پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدان، "ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێبووردنی تایبەت دەردەکات، جگە لەوانەی کە پەیوەستن بەمافی تایبەت یان ئەوانەی بە تاوانی نێو دەوڵەتی و تیرۆریستی و گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی حوکم دراون".[١]

کەواتە دەسەڵاتی دەرکردنی لێبووردن ڕەها نییەو کۆتکراوە، جگە لەوە سەرۆکی کۆمار پەسەندی بڕیاری لەسێدارەدان دەکات کە لەلایەن دادگا تایبەتمەندەکانەوە دەردەچێت.[٢]

٢- کاریگەری نێوان دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێ کردن: لەتەوەرەکانی پێشوو باسمان لەکاریگەریی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر هەردوو دەسەڵات و یاسادان و جێبەجی کردن کرد، بەڵام سەبارەت بە ئاستی کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن لەسەر دەسەڵاتی دادوەری جیاوازن، چونکە کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەسەر دەسەڵاتی دادوەری لاوازە، هۆی ئەمەش بۆ دامەزراندنەوەی ئەنجوومەنی دادوەری باڵا دەگەڕێتەوە، کە تایبەتمەندە بەدامەزراندنی دادوەرو داواکاری گشتی، هەروەها هەبوونی بودجەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لە بودجەی وەزارەتی داد، بەڵام کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان زیاترە، ئەمەش بۆ ڕەها بوونی دەقەکانی دەستوور دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە دەوڵەتێکدا کە تازە لە قۆناغی گەشەسەندنی یاسایی و سیاسییە هێشتا بنەماکانی دەوڵەتی یاسایی نەچەسپاون، بۆ نموونە لە مادەکانی (٨٦، ٨٧، ٨٩، ٩٣) کە تایبەتن بەڕێکخستنی دادگاکانی فیدڕاڵی و دەسەڵات و پێکهاتەی ئەنجوومەنی دادوەری باڵاو ژمارەی دادوەران و کاری دادگای باڵاو ڕێکخستنی پلەو خزمەتی دادوەری و داواکاری گشتی و خانەنشین کردن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان جێهێڵراوە، تاوەکو بەیاسا ڕێکی بخات، بۆ دەرکردنی ئەم یاسایەش ڕێژەی دەنگی پێویست لە دەستووردا ئاماژەی پێ نەکراوە، جگە

---

[1] مادە (٧٣)/ یەکەم ، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

[2] مادە (٧٣)/ هەشتەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

لەیاسای تایبەت بە دادگای باڵای فیدراڵی، کە پێویستی بە زۆرینەی (٣/٢) ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە،[1] بۆیە چاکترە دەقەکانی تایبەت بەدەسەڵاتی دادوەری هەموار بکرێت و جارێکی تر بە وردی دابڕێژرێتەوە.

### ٤-٥ دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمەکان:

لەعێراقی نوێ یەك هەرێمی فیدراڵی هەیە، کە خاوەنی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەرییە، ئەویش هەرێمی کوردستانە.

هەرێمی کوردستان دوای کشانەوەی یەکە کاگێڕییەکانی حکومەتی عێراق لێی لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، وەك هەرێمێکی سەربەخۆ ناسرا، دواتر (بەرەی کوردستانی)،[2] بانگەوازی هەڵبژاردنێکی گشتی لەهەرێمی کوردستان کرد، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام دراو پەرلەمان و حکومەت دامەزرا.[3]

بۆ دروست کردنی بناغەیەکی دادوەریی سەربەخۆو بەهێز لە کوردستان، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ئەم دەسەڵاتە ڕێك بخاتەوە، کە بەیاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ ناسراوە، بەپێی ئەم یاسایە "دادگاکان سەربەخۆن و هیچ دەسەڵاتێك بەسەریانەوە نییەو ڕێگە نادرێت بەهیچ دەسەڵات و کەسێك دەست لەکاروباری دادوەریی وەربدات"،[4] و "وولایەتی دادگا هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی دەگرێتەوە".[5]

---

1 مادە (٩٢)/ دووەم، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

2 کە پێکهاتبوو لە زۆربەی ڕێکخراوو پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩١.

3 سردار یاسین حمدأمین: س. پ، ل١٨٣.

4 مادە (١)، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لەهەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

5 مادە (٣)، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لەهەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

ئەم یاسایە جۆری دادگاکانی لە کوردستان دیاری کردووە، کە هەمان دابەش کردنی دادگاکانی دەوڵەتی عێراقە کە لەیاسای ژمارە ١٦٠ی ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە،[١] بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستان و کێشە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان دەستوری تایبەتی نەبوو، کە هەڵبستێ بەڕێکخستنی دەسەڵاتەکان تا ٢٠٠٦/٨/٢٢ پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق بڵاوکرایەوە.

**٤-٥-١ دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان – عێراق:**

**٤-٥-١-١ بنەما گشتییەکانی دەسەڵاتی دادوەری:**

لەپڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لە بنەما گشتییەکانی دەسەڵاتی دادوەری کراوە، کە لێرەدا لەلایەك باس لەو دەقانە دەکەین، کە لەپڕۆژەی دەستوورەکە هاتووە، لەلایەکی تر باس لەکەمو کوڕییەکانی دەکەین:

١–ئەو دەقانەی کە هەیە:– لەبنەما گشتییەکان باسی سەربەخۆیی دادگاکان کراوە،[٢] کە ئەمە لەبنەما سەرەکییەکانی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە، و دڵنیاییەکان بۆ دادوەر هاتووە، کە دادوەر لانادرێت تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کەیاسا رێی پێدەدات.[٣] چاکتر بوو لەم دەقە لەگەڵ (لانەدان) گواستنەوەی دادوەریش هاتبوایە، جگە لەوە باسی لەو حاڵەتەش بکردایە کە بەهۆیەوە دادوەر لا دەدرێت، و ئەو دەسەڵاتی دیاری بکردایە کە تایبەتکاریی لادانی دادوەری هەیە، چونکە پاراستنی دادوەر لە لانەدان لە گرنگترین دڵنیاییە، بۆیە ناکرێت دەقەکە بەم شێوەیە رەها بێت و رێگە بدات پرەنسیپی لانەدانی دادوەر بەیاسای دیاریکراو رێك بخرێت.

---

[1] بڕوانە: (مادە (٨)، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لەهەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢).

[2] مادە (١١٦)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق، ٢٠٠/٨/٢٢.

[3] مادە (١٢٠)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان– عێراق.

لەبەرامبەر ئەو دڵنیاییانەی، کەدەبێ لەدادوەر هەبێت، دادوەرو داواکاری گشتی ڕێگەی چوونە ڕیزی پارتی سیاسی و ڕێکخراوی ڕامیاری و کارکردن لەهەر چالاکیەکی ڕامیاری پێ نادرێت.[1] کەواتە مەرجە دادوەر بێ لایەن بێ و بەشداری سیاسەت نەکات، بەو مانایە دادوەر دەتوانێ پەیوەندی بکات، بەڕێکخراوە شارستانی و نا سیاسییەکان، سەبارەت بەو دڵنیایەی پەیوەندی بەتاکەکانەوە هەیە دەستور ڕێگە نادات بە دامەزراندنی دادگای تایبەت یان نا ئاسایی لەهەرێمدا.[2] ئەمەش خاڵێکە بۆ پارێزگاری تاکەکان و هێنانەکایەی یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیان، کە هەموویان لەبەردەم دادگا یەکساندەبن.

٢-ئەو دەقانەی کە نییە:-

أ- هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بۆ مووچەی دادوەرەکان، کە ڕێگا لەکەمکردن و زیاد کردنی بگرێت لەلایەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاریگەر دەبێت لەسەر هێنانەدی سەربەخۆیی دادوەرەکان لە کارەکانیان.

ب- ئاماژە نەکراوە بۆ ڕێگاو شێوازی دامەزراندنی داوەرەکانی دادگای هەرێمەکان.

**٤-٥-١-٢ ئەنجوومەنی دادوەری:**

دامەزراندنی ئەنجوومەنی دادوەری ئەمەش لەلایەك بۆ گونجاندنێکە لەگەڵ دەستووری نوێی عێراقی فیدراڵ، لەلایەکی تر دەستەبەری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەکات، بەڵام (ئەنجوومەنی دادوەری) لەیاسای ژمارە (١٤)ی دەسەڵاتی دادوەری باس کراوە، کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات و سەرپەرشتی کاروباری دادوەرەکان دەکات،[3] بەڵام پێکهاتەی ئەنجوومەنی دادوەری لەپرۆژەی دەستوور بریتیە لە:- .

أ- سەرۆکایەتی دادگای دەستووری و یەکێك لەجێگرەکانی.

---

[1] مادە (١٢٠)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[2] مادە (١٢٢)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[3] مادە (٣١، ٣٢) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری (یاسای ژمارە ١٤ بۆ ساڵی ١٩٩٢).

ب- سەرۆكی دادگای پێداچوونەوەو یەكێك لەجێگرەكانی.

ج- سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادگا.

د- سەرۆكی داواكاری گشتی.

ه- سەرۆكی دادگای ناوچەكانی تێهەڵچوونەوە لەهەرێمدا.[1]

سەرۆكی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان لەهەمان كاتدا سەرۆكی دادگای دەستوورییە، ئەمەش بەهەمان شێوەی سەرۆكی ئەنجوومەنی دادوەری عێراق لەهەمان كاتدا سەرۆكی دادگای باڵای فیدراڵییەو "ئەنجوومەنی دادوەری بەڕێوەبردنی كاروباری دادوەریو سەرپەرشتیكردنی دەستەكانی دادوەریو دەستەبەركردنی سەربەخۆییەكەی بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ".[2]

كەواتە سەرپەرشتی كردنی دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری دەبێت نەك وەزارەتی داد، ئەمەش خاڵێكی گرنگە بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێ كردن خاڵێكی گرنگە.

جگە لەوە جەخت كراوەتەوە لەسەر سەربەخۆیی بوودجەی ئەنجوومەنی دادوەری، ئەمەش بەهەمان شێوە لەژێر كاریگەری دەستووری هەمیشەیی عێراق، كەواتە دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەكی تایبەتی هەیە بە بودجەی هەرێمەوە دەلكێنرێت.[3]

### ٤-٥-١-٣ دادگای دەستووری:

ئەم دادگایە دادگایەكی نوێیە لەپێكهاتەی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی كوردستان، "كوردستانی عێراق دادگایەكی باڵای هەیە بەناوی (دادگای دەستووری كوردستان)و بەپێی یاسا دادەمەزرێت".[4]

١-پێكهاتەی دادگای دەستوری:[1]

---

[1] مادە (١٣١)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق.

[2] مادە (١٣١)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق.

[3] مادە (١٣٢)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق.

[4] مادە (١٣٣)، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان- عێراق.

ئەم دادگایە بەسەرۆکەوە لە نۆ ئەندام پێك دێت کە ئەندامەکان بریتین لە دادوەرو مامۆستایانی یاساو پارێزەرو یاسادانەر، واتە لە بواری یاسا کەسانی شارەزاو لێهاتوون. بەپێچەوانەوەی (دادگای باڵای فیدراڵی) بۆ کەسانی شارەزا لە ئیسلام یان پیاوانی ئاینی بەگشتی هیچ ئاماژەیەك نەکراوە، ئەمەش خاڵێکی باشە لە دەستووری هەرێمی کوردستان.[1]

"دامەزراندن یان (هەڵبـژاردن)ی دادوەرەکان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریەوە دەبێت بەڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانو بەڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بێت"،[2] لێرەدا دەسەڵاتی دامەزراندن لەنێوان ئەنجوومەنی دادوەریو سەرۆکی هەرێمو پەرلەمان کۆکراوەتەوە، هۆی ئەمەش بۆ گرنگی دادگاکەو گرنگی دەسەڵاتەکانی دەگەڕێتەوە، جگە لەوە دەستووری نوێ ئاماژەی بەسەرۆکی دادگا کردووە، کە لەنێوان ئەندامەکانیەوە هەڵدەبژێردرێت.[3] لە کاتێکدا لەدادگای باڵای فیدراڵی ئاماژە بۆ سەرۆکی دادگای باڵا نەکراوە، کە چۆن دادەنرێت،

دەسەڵاتەکانی دادگای دەستووری لەهەرێمی کوردستان بریتیە لە:

١- ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢- چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان ئەنجوومەنی وەزیران یان زەرەرمەندی ڕاستەوخۆ.

کەواتە هەرێمی کوردستان بەچاودێری ناوەندیان وەرگرتووە، کە تەنها دادگای دەستووری دەسەڵاتی چاودێری کردنی دەستووری بوونی یاساکانی هەیە، هەر لەو تایبەتکارییە ئەوە دەردەکەوێت کە مافی بەرزکردنەوەی داوای دراوە بە:-

أ- دەسەڵاتی هەرێم کە بریتیە لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بۆ وەزیرەکان نەکراوە.

---

[1] مادە (١٣٤)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[2] مادە (١٣٤)، دووەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[3] مادە (١٣٥)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

ب- لایـەنی زیـان لێ کـەوتوو: واتـە تاکـەکان دەتـوانن داوا بەرزبکەنـەوە لـەکاتی زیـان لێ کـەوتنی ڕاسـتەوخۆدا، داوا بـەرز بکرێتـەوە، بـەڵام دیـاری نـەکراوە ئایـا بڕیارەکانی دادگای دەستوور لەسەر دەستووری بوونی یاساکان بەهەڵوەشانەوە یان بەرێگرتن لە جێبەجێ کردنە، و بڕیارەکانی دادگای دەستووری بنبڕەو هەموو لایەك پابەند دەکات،[1] بەڵام ئایا ئەو بڕیارە بنبڕەی لـە دادگای دەستووری هـەرێمی کوردسـتان دەردەچـێت، لەبـەردەم دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی دەتوانرێـت تانـەی لێ بدرێت؟

ئەم پرسیارە هەریـەك لـە پـڕۆژەی دەستووری هـەرێمی کوردستانو دەستووری هەمیشەیی عێراق بەدەقو یاسایەك وەڵامیان نەداوەتەوە، بەڵام لەبواری پراکتیکی لـە کوردستان دادگاکان پەیوەندییـەکی ئـەوتۆیان بـەدادگای بـاڵای فێدراڵی نییـە، بۆیە چاکترە لەدەستووری هەرێمو لەدەستووری دەوڵەتی فیدراڵی پەیوەندی نێوان دادگاکـانی هـەرێمو دادگاکـانی دەوڵـەتی فیـدراڵی دیـاری بکرێـت، بـەڵام ناکرێـت پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵاتی دادوەری هەرێمـەکانو دەسـەڵاتی دەوڵـەتی فیـدراڵی لەیـەکتری دابـڕاو بێـت، چـونکە وەك لەتـەوەری یەکـەم ڕوونمـان کـردەوە دەوڵـەتی فیدراڵی لەسەر هەردوو پایەی یەکگرتنو سەربەخۆیی دامەزراوە، واتا هەر یەك لەم پایانە بەتەنیا نابنە هۆی هێنانەدی دەوڵەتی فیدراڵی، لەبەر ئـەوە دەبێ پەیوەنـدی نێـوان ئـەم دووانەییـەی دەسـەڵات بمێنێـت، لەتـەوەری سـێیەمیش ئـەوەمان ڕون کـردەوە کە دەکرێت ئەو داوایانـەی لەبـەردەم دادگا هەرێمـەکان دەبینرێت لەسـەر داوای لایەنـەکانی داواکـە یـان لەسـەر داوای هەرێمـەکان یـان دادگـای فیـدراڵی بـۆ دادگـای بـاڵای فیـدراڵی بگوازرێتـەوە، بـەڵام بـۆ هاتنـەدی سـەربەخۆیی خـۆجێی لـە هەرێمــەکان چــاکترە ئــەو داوایانــەی لەهەرێمــەکان دەبینــرێن پلــەی کۆتاییــان وەرگرتبێت ئەو کات بتوانرێت لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانەی لێ بدرێت.

---

[1] مادە (١٣٩)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

٣-یەکلاکردنەوە لە داکۆکی ئەو داوایەی خراوەتە بەردەم دادگا لەبەر دەستووری نەبوونی یاسا، یان ناڕەوایی بڕیار، پێڕەو، ڕێنماییەکان، دەبێ دادگای بابەتەکە داوایەکە دوا بخات بۆ ئەوکاتەی ئەنجامی ئەو داکۆکیە یەکلا دەبێتەوە.[١]

٤- پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتیەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان- عێراق.[٢]

٥-تایبەتکاریی تاوانکاریی: دادگای دەستووری هەڵدەستێ بەتاوانبارکردنی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی لەکاتی کارکردن پێچەوانەی سوێندی دەستووری، پێشێل کردنی دەستوور، ناپاکی (خیانەت) گەورە،[٣] ئەم دەقە بەهەمان شێوە لە دەستووری عێراقدا هاتووە، بەهەمان شێوەی لە ماددەی تایبەت بە تایبەتکارییەکانی دادگای باڵا باس نەکراوە، بەڵکو لەباس کردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان باس کراوە، جگە لەوە پێویست بوو هەر لەو چوارچێوەیەدا دادگای دەستووری دەسەڵاتی تاوانبارکردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکانی هەبوایە.

جگە لە دادگای دەستووری هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند دادگایەکی ترە لەوانە:

دادگای پێداچوونەوە: بالاترین دادگایە کە چاودێری دادوەری سەرجەم دادگاکان دەکات بارەگاکەی لەهەولێرەو لەسەرۆکێک و چەند دادوەرێك پێکدێت کەپێویستە ژمارەیان لە (٧) دادوەر کەمتر نەبێ.[٤] کەواتە دادگای پێداچوونەوە دوانەییە کە هەرێمەکان خاوەن دادگای پێداچوونەوەی تایبەتن.

---

[1] مادە (١٣٧)، بڕگە (٣)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[2] مادە (١٣٧)، بڕگە (٤)، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[3] مادە (٩٣)/ چوارەم، لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

[4] مادە (٧)، لە یاسای دەسەڵاتی داوەریی هەرێمی کوردستان. یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

دادگای تێ هەڵچوونەوە: دەستەی دادوەری باڵایە بۆ دادگای یەك پارێزگا یان زیاتر لە سەرۆكێك ژمارەیەك جێگرو دادوەر پێك دێت، دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر دادگای پارێزگاكانی هەولێرو دهۆك دەگرێتەوەو بارەگاكەی لەشاری هەولێرە.

دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی كەركوك: كەدادگای پارێزگاكانی كەركوك‌و سلێمانی دەگرێتەوەو بارەگاكەی لەشاری كەركوكە.[١]

دادگاكانی تر بریتیە لەدادگای سەرەتایی، دادگای كاروباری كەسێتی، دادگای تاوانكاری، دادگای كەتن، دادگای نەوجەوانان، دادگای كار، دادگای لێكۆڵینەوە.

هەواڵنامەی كتێب

[1] مادە (١٣)، لە یاسای دەسەڵاتی داوەریی هەرێمی كوردستان. یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

**دەرئەنجامەکانی تەوەری چوارەم**

**لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەتوانین بگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-**

**١- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی لە دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ دامەزراوەیەکی پەرلەمانی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەو پیادەی کاری یاسا دانان دەکات.**

**٢- ئەنجومەنی دادوەری پارێزگاری دەکات، لە هێنانەدی پرەنسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دورخستنەوەی کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.**

**٣- هەبوونی شارەزایانی ئاینی لە دادگای باڵای فیدراڵ لەگەڵ سرووشتی دەسەڵاتی دادوەری ناگونجێت، چونکە پێویستە دەسەڵاتی دادوەری لە شارەزایانی یاسا پێکبێت.**

**٤- سەرجەم تایبەتکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵ لەدەستووردا بەڕەهایی هاتووە، ئەمەش لەگەڵ گرنگی ئەم دامەزراوەیە نەشیاوە.**

**٥- نەبوونی ڕەوایەتی یاسایی بۆ کارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی لە دوای پەسەند کردنی دەستور، کەبەهۆی ئەو بۆشاییە یاساییەی لەنێوان قۆناغی هەڵوەشانەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق دروستبووە.**

**٦- دابڕانی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.**

## كۆی دەرئەنجامەكان

لە كۆتایی ماستەرنامەكەمان، گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١- مێــژووی دەوڵــەتی فیــدراڵی كۆنــەو لەشارســتانیەتە سەرەتاییەكانیــشدا هەبووە، بەڵام شێوەو پێكهاتەی دروستی بە مانای تەواوی یاسایی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەگەڕێتەوە.

٢-هۆكارەكــانی تــرس و جیــاوازی لــەڕووی نەتــەوەو زمــان و ئــایین و فراوانــی جوگرافیا، هۆكاری پۆزەتیڤن بۆ درووست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام دەكرێت هۆكاری نێگەتیڤیش بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فیدراڵی.

٣- دەوڵــەتی فیــدراڵی لەســەر پایــە ناكۆكــەكان دامــەزراوە، لەهــەمووی گــرنگتر پایــەكانی وازهێنــان و یەكگرتنــە، بۆیــە دەبێــت هاوســەنگی نێــوان ئــەم دوو پایەیــە پــارێزراو بێــت لەدابــەش كردنــی دەســەڵات و دانــان و هــەموار كردنــی دەســتوور، و سەرجەم پەیوەندییەكانی نێوان دەوڵەتی فیدڕاڵی و هەرێمەكان.

٤-دوانــەیی دەســتوورو دەســەڵاتەكان لــە ســیما هــەرە ســەرەكییەكانی دەوڵــەتی فیدراڵی دەژمێرێت.

٥- ئەنجوومــەنی هەرێمــەكان و دەســتوورێكی نوســراوی ووشــك بــە دوو دڵنیــایی گرنگ دادەنرێت بۆ هەرێمە پێكهێنەرەكانی دەوڵەتی فیدراڵی.

٦- پرەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بەرهەمی تاقیكردنــەوەی فەرمانڕەوا ســتەمكارەكانی مێــژووە، كــە چــڕ بوونــەوەو كۆبوونــەوەی هــەر ســێ دەســەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن و دادوەری، یان دوو دەســەڵات لەگــەڵ یــەكتری، دەبێتە مایەی هێنانە كایەی ستەم كاری، ئەمــەش لــەناوبردنی پرەنســیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و پرەنسیپی سەربەخۆیی دادوەرییە.

٧- مەبەست لە پرەنسیپی جیا كردنەوەی دەسەڵاتەكان هاوكاری و چاودێرییە لــەنێوان دەســەڵاتەكان، نــەك دابــڕان و دوور كەوتنــەوە لەیــەكتری، بــەو مانایــەی دەسەڵاتەكان لەكاتی سنوور بەزاندن و زیادەڕەوی لە تایبەتكارییەكانیان یەكتری ڕادەگرن.

٨- دادوەری بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو یەکسان دادەنرێت لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن، بۆیە لەپەیوەندی و کاریگەری نێوانیان دەسەڵاتەکان بە دوو ئاراستەی ئاڵوو گۆڕە.

٩- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری تەنها بە بوونی دەقی دەستووری نایەتەدی، بەڵکو پێوویستە چەند دڵنیاییەك هەبێت سەبارەت بە لایەنە پەیوەندی دارەکانی دەسەڵاتی دادوەری.

١٠- دامەزراندنی دادوەرەکان لەڕێگای ئەنجوومەنێکی دادوەری سەربەخۆ، دڵنیاییە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دادوەرەکان.

١١- دادگای باڵای فیدراڵی لەبەرزترین لووتکەی دەسەڵاتی دادوەرییە، و بەیەکێك لە دڵنیاییەکان دادەنرێت بۆ لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی، لەبەر ئەوە پێویستە لەدەستوور خاڵە پەیوەندی دارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی باس بکرێت.

١٢- گرنگی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان لەلایەك بۆ ڕوویەك لە ڕووەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و پێویستیەك بۆ سەربەخۆیی خۆجێیی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تر زۆری کێشەکانی تایبەت بە سنووری دیاری کراوی هەرێمەکە.

١٣- بۆ پاراستنی ماف و ئازادیان تاکەکان پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵی دا مافی داوا بەرزکردنەوەیان هەبێ لەسەر دەستووری بوونی یاساو پەیڕەوو ڕێنماییەکان، بەڵام بەمەرجی هەبوونی بەرژەوەندی لەو داوایانە.

١٤- لەکاتی بوون و نەبوونی دەق دەستووری، لەبارەی چاودێری دەستووری دادگای باڵای فیدراڵی بەم کارە هەڵدەستێت.

١٥- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی لە دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ دامەزراوەیەکی پەرلەمانی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەو پیادەی کاری یاسا دانان دەکات.

١٦- ئەنجومــەنی دادوەری پارێزگــاری دەکــات، لــە هێنانــەدی پرەنــسیپی ســەربەخۆیی دەســەڵاتی دادوەریو پرەنــسیپی جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکانو دورخستنەوەی کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

١٧- هـەبوونی شـارەزایانی ئـاینی لـە دادگـای بـاڵای فیـدراڵ لەگـەڵ سرووشتی دەســەڵاتی دادوەری ناگونجێــت، چــونکە پێویــستە دەســەڵاتی دادوەری لــە شارەزایانی یاسا پێکبێت.

١٨- سەرجەم تایبەتکارییەکانی دادگـای بـاڵای فیـدراڵ لەدەستووردا بـەڕەهایی هاتووە، ئەمەش لەگەڵ گرنگی ئەم دامەزراوەیە نەشیاوە.

١٩- نـەبوونی ڕەوایـەتی یاسـایی بۆ کارەکـانی دادگـای بـاڵای فیـدڕاڵی لـە دوای پەســەند کردنــی دەســتور، کەبــەهۆی ئــەو بۆشــاییە یاســاییەی لــەنێوان قۆنــاغی هەڵوەشــانەوەی یاســای بــەڕێوەبردنی دەوڵــەتی عێــراق بــۆ قۆنــاغی گواســتنەوەو پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق دروستبووە.

٢٠- دابڕانــی پەیوەنــدی نێــوان دەســەڵاتی دادوەری هــەرێمی کوردســتانو دەسەڵاتی دادوەری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ.

هەواڵنامەی کتێب

**راسپاردەکان**

**١- لەئەنجوومەنی دادوەری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ ڕێژەی دادوەرانی هەرێمەکان بەڕێژەیەکی دیاری کراو بوونی هەبێت.**

**٢- پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی دادوەری هەرێمەکان لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ ڕێك بخرێت و بە دابڕاوی نەمێنێتەوە، ئەمەش لە دەستوری هەرێمی کوردستان و دەستوری هەمیشەیی عێراقدا، ئاماژەی بۆ بکرێت.**

**٣- ڕەزامەندی دامەزراندنی دادوەرەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بە هاوبەشی نێوان هەردوو ئەنجومەنی هەرێم و ئەنجوومەنی نوێنەران بێت، دوای پێشنیاز کردنی لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری.**

**٤- دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق دیاری بکرێت.**

**٥- دادگای دەستوری هەرێم تایبەتکاریی تاوانکاریی، بۆ لێپرسینەوە لەسەرجەم لێپرسراوانی هەرێم هەبێت.**

**٦- لەدەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئاماژە بەوە بکرێت، کە سەرۆکی هەرێم بەهۆی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پیادەی دەسەلات و تایبەتکارییەکانی دەکات.**

**٧- لەدەستوردا ئاماژە بە لانەدانی دادوەرەکان بکرێت و لەکاتی پێویست بۆ لادانی دادوەر، ئەو لایەنەی دەسەڵاتی لادانی هەیەو لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی بەهۆیەوە لادەدرێت باس بکرێت.**

**٨- هەموارکردنی ڕەهاکانی تایبەت بەڕێکخستنی بەدەسەڵاتی دادوەریی و دوبارە داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی ورد دور خستنەوەی کاریگەری دەسەڵاتی یاسادانان لەسەری.**

**٩- بۆ دور کەوتنەوە لەگەڕانەوەی دەوڵەتی ساکار هەوڵ بدرێت، ڕۆشەنبیری یاسایی و سیاسی لەسەرانسەری دەوڵەتی عێراقدا لەپێناو تێگەیشتن لە فیدراڵیەت و پێویستی ئەم جۆرە سیستەمە بۆ دەوڵەتی عێراق بڵاوبکرێتەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: پەرتوکەکان بە زمانی عەرەبی:**

**دكتۆر ابراهيم درويش:**

١. القانون الدستورى النظرية العامة والرقابة الدستورية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤.

**دكتۆر ابراهيم عبدالعزيز شيحا :**

٢. النظم السياسة، الدول والحكومات، منشاة المعارف بالاسكندرية، ٢٠٠٦.

٣. القانون الدستوري، الدار الجامعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٣.

٤. المبادىء الدستورية العامة، توزيع منشاة المعارف الاسكندرية، ٢٠٠٦.

**دكتۆر ابراهيم نجيب سعد:**

٥. القانون القضائى الخاص، ج١، منشاة المعارف بالاسكندرية، بدون سنة.

**ابوزيد على المتين:**

٦. النظم السياسية والحريات العامة، ط٣، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، ١٩٨٢.

**احسان عبدالهادى سلمان:**

٧. الفيدرالية، دراسة في الاطار المفاهيميها والنظرى قراءة في النمزج الالمانى، منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستانى، ٢٠٠٥.

**دكتۆر احسان حميد المفرجى و د. كطران زنجير نعمة و د. رعد ناجى الجدة:**

٨. النظرية العامة في القانون الدستورى والنظام الدستورى في العراق، كلية القانون، جامعة بغداد، ١٩٩٠.

**دكتۆر احمد فتحى سرور:**

٩. الحماية الدستورية للحقوق والحركات، ط٢، دار الشروق، بدون مكان، ٢٠٠٠.

**دكتۆر احمد كمال ابو المجد:**

١٠. التاريخ الدستورى للولايات المتحدة الامريكية، بدون سنة ومكان طبع.

**دكتۆر اسماعيل ابراهيم البدوي:**

١١. نظام القضاء الاسلامي، ط١، جامعة الكويت، ١٩٨٩.

**دكتۆر اسماعيل الغزال:**

هەوالنامەی کتێب

١٢. القانون الدستورى والنظم السياسية، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت– لبنان، ١٩٨٢.

**دكتۆر اسماعيل مرزة:**

١٣. القانون الدستوري، دراسة مقارنة للدستور الليبي ودساتير دول العربية الاخرى، منشورات الجامعة الليبية، ليبيا، بدون سنة.

**اوستن رنى:**

١٤. سياسه الحكم، ت/ د.حسين على الدنون، ج٢، المكتبة الاهلية، بغداد، ١٩٦٦.

**ثروت البدوى:**

١٥. النظم السياسة، ط١، دار النهضة العربية، ١٩٦٤.

**دكتۆر جابر ابراهيم الراوى:**

١٦. شرح احكام قانون الجنسية، وفقا لآخر التعديلات (دراسة المقارنة)، ط١، دار وائل للنشر، عمان– اردن، ٢٠٠٠.

**جابر بيل اية، الموند جى. بنجهام باويل الاين:**

١٧. السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، نظرية العالمية، ت/ هشام عبدالله، دار الاهلية للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ١٩٩٨.

**جان جاك روسو:**

١٨. العقد الاجتماعي، ترجمة، عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٥٤.

**دكتۆر جواد كاظم الهنداوي:**

١٩. مراجعة تصحيحية لنصوص الدستور الاتحادي العراقى، ط١، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت– لبنان، ٢٠٠٦.

**دكتۆر حافظ علوان حمادى الدليمى:**

٢٠. النظم السياسة في اوروبا الغربية والولايات المتحدة الامريكية، دار وائل للطباعة والنشر، الاردن، ٢٠٠١.

**دكتۆر حسين عثمان محمد عثمان:**

٢١. النظم السياسة، ط١، منشورات الحلبى الحقوقية، حلب، ٢٠٠٦.

**دكتۆر حسين عثمان محمد عثمان:**

٢٢. النظم السياسة، والقانون الدستورى، ج٢، المكتبة القانونية، دار الجامعة، بيروت، ١٩٨٨.

عەولڵامەدی کتێب

**دکتۆر حكمت شبر:**

٢٣. القانون الدولى العام، دراسة مقارنة في الفقهين الاشتراكى والرأسمالى، ج١، مطبعة دار السلام، بغداد، ١٩٧٥.

**دکتۆر خالد سمارة الزعبي:**

٢٤. مبادىء القانون الدستورى والنظم السياسية، ط١، عمان–اردن، ١٩٩٦.

**دکتۆر خالد قبانى:**

٢٥. اللامركزية ومسألة تطبيقها في لبنان، ط١، منشورات بحر الوسط ومنشورات تحويدات، بيروت، ١٩٨١.

**داود الباز:**

٢٦. اللامركزية السياسية الدستورية في دولة الامارات العربية المتحدة، دار النهضة العربية– القاهرة، بدون سنة.

**أ. د. داوود مرا حسين:**

٢٧. سلطات الرئيس الامريكي بين النص الدستور والواقع العملي، ط١، مركز الكتاب الاكاديمى، عمان، ٢٠٠٦.

**دکتۆر رمزى طه الشاعر:**

٢٨. النظرية العامة للقانون الدستورى، جامعة الكويت، بدون سنة ومكان الطبع.

**ريموندكار فيلد كيتيل:**

٢٩. العلوم السياسية، ت/ د. فاضل زكى محمد، ج١، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٦٠.

**زهير شكر:**

٣٠. الوسيط في القانون الدستوري، الجزء الاول، ط٣، القانون والمؤسسات الاساسية (النظرية العامة والدول الكبرى)، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٤.

**دکتۆر سامى جمال الدين:**

٣١. القانون الدستورى والشرعية الدستورية على ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا، ط٢، منشاة المعارف بالاسكندرية، ٢٠٠٥.

**دکتۆر سعد عصفور:**

٣٢. القانون الدستورى، مقدمة القانون الدستورى، ج١، ط١، دار المعارف، الاسكندرية، ١٩٥٤.

هەواڵنامەی کتێب

**دكتۆر سعيد السيد علي:**

٣٣. حقيقة الفصل بين السلطات في النظام السياسى والدستورى للولايات المتحدة الامركيية، بدون سنة والمكان الطبع.

**سيد صبرى:**

٣٤. مبادىء القانون الدستورى، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩.

**دكتۆر الشافعى محمد بشير:**

٣٥. نظرية الاتحادين الدول وتطبيقاتها بين الدول العربية، ط١، دار المعارف بالاسكندرية، القاهرة، ١٩٦٣.

**دكتۆر صالح جواد الكاظم و دكتۆر على غالب العانى:**

٣٦. الانظمة السياسية، مطبعة دار الحكمة، بغداد، ١٩٩١.

**دكتۆر طعيمه الجرف:**

٣٧. نظرية الدولة والاسس العامة للتنظيم السياسي، مكتب القاهرة الحديثة، القاهرة، ١٩٧٣.

**دكتۆر عادل الطبطائى:**

٣٨. النظام الاتحاديى في الامارات العربية (دراسة مقارنة)، مطبعة القاهرة الجديدة، القاهرة، ١٩٧٨.

٣٩. الحدود الدستورية بين السلطتين التشريعية والقضائية، (دراسة مقارنة)، مجلس النشر العلمى، جامعة الكويت، ٢٠٠٠.

**دكتۆر عبدالحميد ميتولى:**

٤٠. القانون الدستورى والانظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، الاسكندرية، القاهرة، ١٩٦٦.

**دكتۆر عبدالرؤوف هاشم محمد سيونى:**

٤١. اتهام رئيس الجمهورية و محاكمتة فى النظام الامريكى (المحاكمة البرلمانية، الناشر دار النهضة العربية)، القاهرة، ٢٠٠٢.

**دكتۆر عبدالرحمن البزاز:**

٤٢. الدولة الموحدة والدولة الاتحادية، مطبعة العانى، ط١، بغداد، ١٩٥٨.

**دكتۆر عبدالغنى بسيونى عبدالله:**

هەوالنامەی کێتێر

٤٣. النظم السياسة والقانون الدستورى، بدون سنة ومكان الطبع، ١٩٩٧.
٤٤. مبـدأ المـساواة امـام القـضاء وكفالـة حـق القاضـي، ط٢، منـشورات الحلبـى الحقوقية، جامعة بيروت العربية، بدون سنة.
دكتۆر عبدالله اسماعيل البستانى:
٤٥. مذكرات أولية في القانون الدستورى، مطبعة الرابطة، ط٤، بغداد، ١٩٥٠– ١٩٥١.
دكتۆر عبدالكريم علوان:
٤٦. النظم السياسية والقانون الدستورى، دار الثقافة والتوزيع، عمان، ٢٠٠١.
دكتۆر عصام العطية:
٤٧. القانون الدولى العام، ط٦، وزارة التعليم العالى والبحث العلمي، بدون سنة ومكان طبع.
دكتۆر عصام سليمان:
٤٨. الفدرالية والمجتمعات التعددية ولبنان، دار العلم الملايين، ط١، بيروت، ١٩٩١.
دكتۆر عصمت عبدالله الشيخ:
٤٩. مدى استقلال القضاء الدستوري في شأن الرقابة على دستورية التشريعات، دار النهضة العربية، ٢٠٠٣.
دكتۆر على غالب خضرالعانى و دكتۆر نورى لطيف:
٥٠. القانون الدستوري، بدون سنة ومكان الطبع.
فاروق كيلانى:
٥١. استقلال القضاء، ط٢، دار المؤلف، بيروت– لبنان، ١٩٩٩،
دكتۆر فيصل كلثوم:
٥٢. دراسات في القانون الدستوري والنظم السياسية، منشورات جامعة دمشق، كلية الحقوق، مطبعة روضة، دمشق، ٢٠٠٤– ٢٠٠٥.
القاضى مدحت المحمود:
٥٣. القضاء في العراق، (دراسة استعراضية للتشريعات التي نظمت شؤون القضاء في العراق)، ط١، مكتبة العدل، وزارة العدل، ٢٠٠٥.
القاضى نبيل عبدالرحمن حياوى:

هەولێرنامە کتێب

٥٤. الدول الاتحادية الفدرالية، السلطة التشريعية (٥)، ط١، المكتبة القانونية، بغداد.
٥٥. الدولة الاتحادية الفدرالية، تعديل الدستور، (٤)، ط١، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤.
٥٦. السلطة القضائية فى الدول الاتحادية الفيدرالية، ط١، السلطة القضائية (٧)، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤.
٥٧. اللامركزيه والفدراليه، المكتبة القانونية، ط١، بغداد، ٢٠٠٤.
٥٨. ضمانات الدستور، ط١، نشر وتوزيع المكتبه القانونيه، بغداد، ٢٠٠٤.
٥٩. الدول الاتحادية الفيدرالية (٦) السلطة التنفيزية، ط١، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٤.

**قحطان احمد سليمان (الدكتور):**

٦٠. الاساس في العلوم السياسة، بدون سنة والمكان الطبع.

**كارول مورلاند:**

٦١. النظام في الولايات المتحدة، ت/ د. محمد لبيب شنب، دار النهضة العربية، القاهرة، بدون سنة.

**دكتۆر كمال الغالى:**

٦٢. مبادىء القانون الدستورى والنظم السياسة، ط٨، مطبعة دار الكتاب- دمشق، ١٩٩٦- ١٩٩٧.

**دكتۆر كميل حبيب و أحمد عودى:**

٦٣. قاموس المفردات الدبلوماسية والعلاقات الدولية، (انكليزى، انكليزى- عربى)، المؤسسة الحديثة- للكتاب، طرابلس- لبنان.

**ماجد راغب الحلو:**

٦٤. القانون الدستورى، دار الجامعة الجديدة للنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٣.

**دكتۆر محسن خليل:**

٦٥. القانون الدستورى والنظم السياسة، بدون مكان طبع، ١٩٨٧.

**مجموعة باحثين:**

٦٦. مأزق الدستور (نقد وتحليل)، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بغداد- بيروت.

**مجموعة مؤلف العرب:**

ههولێرمهی كیتێب

٦٧.دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقى الجديد، الدولة الموحدة والدولة الفيدرالية، ط١، المعهد الدولى القانون حقوق الانسان كلية الحقوق بجامعة دي بول شيكاغو، ٢٠٠٥.

**دكتۆر محمد جزوب:**

٦٨.القانون الدستورى والنظام السياسى فى لبنان، ط٤، منشورات الحلب الحقوقية، بيروت– لبنان، ٢٠٠٢.

**دكتۆر محمد رفعت عبدالوهاب:**

٦٩.الانظمة السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت– لبنان، ٢٠٠٥.

**دكتۆر محمد ظهرى محمود:**

٧٠.المعالم البارزة للمحاكم المدنية الامريكية، المكتب الجامعي الحديث، مصر، ٢٠٠٦.

**دكتۆر محمد عبدالحميد ابوزيد:**

٧١. توازن السلطات ورقابتها (دراسة مقارنة) النشر الذهبي، بدون مكان، ٢٠٠٣.

**دكتۆر محمد عبدالخالق عمر:**

٧٢.النظام القضائي المدنى، ج١، ط١، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٦.

**محمد عزيز شكرى:**

٧٣.المدخل الى قانون الدولى العام وقت السلم، ط٢، دار الفكر، سوريا، ١٩٧٣.

**دكتۆر محمد فاروق النبهان:**

٧٤.نظام الحكم في الاسلام، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٨٧.

**محمد كاظم المشهدانى:**

٧٥.النظم السياسية، دار الحكمة، بغداد، ١٩٩١.

**دكتۆر محمد كامل ليلة:**

٧٦.النظم السياسة، مطبعة نهضة– مصر، القاهرة، ١٩٦٠– ١٩٦١.

**محمد هماوەندي:**

٧٧.الفدرالية والحكم الذاتى واللامركزية الادراية الاقليمية، مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١.

هەواڵنامەی کێبڵ

٧٨.الفيدرالية والديموقراطية للعراق، دار ئاراس، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٢.

**دكتۆر محمود خيرى عيسى و بطرس بطرس غالى:**

٧٩.المدخل في علم السياسة، ط١٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩١.

**المستشار عزالدين الدناصورى و د. عبدالحميد الشوالى:**

٨٠.الدعوى الدستورية، منشأة المعارف بالاسكندرية، القاهرة، بدون سنة.

**دكتۆر مصطفى ابو زيد فهمى:**

٨١. مبادىء الانظمة السياسة، دار الجامعة الجديدة الاسكندرية، ٢٠٠٣.

**دكتۆر منذر الشاوي:**

٨٢. الدولة الديموقراطية فى الفلسفة السياسية والقانونية (الفكرة الديموقراطية)، ط١، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت– لبنان، ٢٠٠٠.

**دكتۆر منير محمود الوترى:**

٨٣.في القانون العام، المركزية واللامركزية، ط١، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٦.

**موريس دوفرجية:**

٨٤. المؤسسات السياسية والقانون الدستورى والانظمة السياسية الكبرى، ت/ د. جورج سعد، ط١، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٢.

**دكتۆر نجيب احمد عبدالله الجبلي:**

٨٥. ضمانات استقلال القضاء (دراسة ماقارنة بالفقة الاسلامىء الانظمة الوضعية)، المكتب الحامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٧.

**نعمان احمد الخطيب:**

٨٦.الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ٢٠٠٤.

٨٧.مبادىء القانون الدستورى، ط١، منشورات مؤتة عمادة البحث العلمى ء الدراسات العليا، المطبعة الوطنية، أيلول، ١٩٩٣.

**نورمان دبالمر:**

٨٨.النظام السياسى في الهند، ت/ محمد فتح الله الخطيب، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، بدون السنة.

**دكتۆر نورى لطيف:**

ئەحمەد ئاشا کتێب

٨٩. القانون الدستوری، والنظام الدستوری في العراق، ط٢، مطبعة علاء، وزيرية، ١٩٧٩.

٩٠. النظام الفدرالی، دار المسيرة، بدون سنة ومكان طبع.

**هاملتن ومالسن وجای:**

٩١. الدولة الاتحادية، اسسها ودستورها، ت/ جمال محمد احمد، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٥٩.

**هاملتون، ماديسون، جای:**

٩٢. الاوراق الفيدرالية، ت/ عمران ابو حجلة، ط١، دار الفارس للنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ١٩٩٦.

**دكتۆر هشام خالد:**

٩٣. المركز القانوني لمتعدد الجنسية، ط١، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠١.

**هيلين تورار:**

٩٤. تدويل الدساتير الوطنية، ت. باسيل يوسف، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤.

**دكتۆر يحيى الجمل:**

٩٥. الانظمة السياسة المعاصرة، دار النهضة العربية، القاهرة، بدون سنة طبع.

**دكتۆر يحيى جميل:**

٩٦. النظام الدستوری في الكويت، مطبوعات جامعة الكويت، ١٩٧٠-١٩٧١.

**دكتۆريس عمر يوسف:**

٩٧. استقلال السلطة القضائية في النظامين والوضعي والاسلامي، ط١، دار مكتبة الهلال، بيروت- لبنان، ١٩٩٥.

**دووەم: کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

:Geoffrey Roberts F Alistair Edwards

٩٨. فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری- ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، و/ محمد چیا، ب. س، ب. ش.

**ئەسەدوڵڵا ئەلەم:**

٩٩. بنچینەکانی فیدرالیزم، و/ ڕێباز مستەفا، چاپخانەی کارۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ب. س.

**بێ ناوی نووسەر:**

١٠٠. فیدرالیزمو ئەزموونە جیاوازەکانی، ئامادەکردنو وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: ئیسماعیل حەمە ئەمین، مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**بەهادین ئەحمەد محەمەد:**

١٠١. تیۆری دەوڵەتو سیستەمە ڕامیارییەکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**حوسێن محەمەد عەزیز:**

١٠٢. فیدرالیزمو دەوڵەتی فیدراڵ، چ٣، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٤.

**سەیوان کاکە ڕەش:**

١٠٣. بەراورد لەنێوان ڕژێمە فیدراڵەکاندا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٢.

**عەلی شممەری:**

١٠٤. فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتی فیدراڵی، و/ حەسەن یاسین، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**کۆمەڵێك نووسەری بیانی:**

١٠٥. ڕۆتگار لینداڵ/ سەرپەرشتیکار: دابەشکردنی دەسەڵات، ، و. فایەق سەعید، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

**مۆنتیسکیۆ:**

١٠٦. ڕۆحی یاساکان، و/ ئیدریس شێخ شەرەف، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٣.

**دکتۆر محەمەد عومەر مەولوود:**

١٠٧. فیدراڵیەتو دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراقدا، و/ محەمەد عومەر مەولودو د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

**دکتۆر نوری تاڵەبانی:**

١٠٨. دەربارەی سیستەمی فیدراڵی، و/ کەریم سۆفی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

**سێیەم: پەرتووکەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

109. ANDERSON: AMERICA LEGAL SYSTEMS: ARESOURCE AND REFERNCE GUIDE.
110. GEOFFREY MARSHALL: CONSTITUTIONAL THEORY, OXFORD, 1971.
111. MARSHALL, GEOFFREY: CONSTITUTIONAL THEORY, OXFORD AT TGE CLARENDON PRESS.
112. Select constitutions (U.A., U.S.A., FRANCE, CANADA, SWITZER LAND, U. S. R., CHINA, JAPAN & INDIA).
113. ZINES, LESLIE (1997) THE HIGH COURT AND THE CONSTITUTION FOURTH. EDITION.

**چوارەم: ماستەرنامەکان:**

**سردار ياسين حمدامين:**

١١٤. استقلال السلطة القظائية بين النظرية والتطبيق، دراسة مقارنة، رسالة ماجستير غير منشور، كلية القانون والسياسة- قسم قانون في جامعة صلاحالدين، ٢٠٠١.

**سولاف محمد أمين:**

١١٥. تحديد الصلاحيات في الدولة الفدرالية، دراسة تحليلية مقارنة في طبيعة الدستور الفدرالى، رسالة ماجستير غير منشور، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦.

**لطيف مصطفى امين:**

١١٦. مبدا الفصل بين السلطات وحدتها وتطبيقها فى الدساتير العراقية (دراسة تحليلية مقارنة)، رسالة ماجستير، غير منشور، كلية القانون بجامعة- السليمانية، ٢٠٠٣.

**پێنجەم: دەستووری هەرێمی کوردستان:**

١١٧. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٦/٨/٢٢.

**شەشەم: دەستوورەکانی عێراق:**

١١٨. یاسای بنەڕەتی ١٩٢٥.
١١٩. دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٤.
١٢٠. دەستووری کاتی ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٨.
١٢١. دەستووری کاتی کۆماری عێراق، ١٩٧٠/٧/١٦

هەواڵنامەی کتێب

١٢٢. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤/٣/٨.

١٢٣. دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥.

حەوتەم دەستوورە بیانییەکان:

١٢٤. دەستووری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

١٢٥. دەستووری هیند، ساڵی ١٩٤٩.

١٢٦. یاسای بنەڕەتی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی ساڵی ١٩٤٩.

١٢٧. دەستووری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١.

١٢٨. سیستەمی ناوخۆیی و پێکهاتەی دادگای باڵای فیدراڵی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٣.

١٢٩. دەستووری سویسرای یەکگرتوو ساڵی ٢٠٠٠.

هەشتەم: یاساو بڕیارەکان:

١٣٠. یاسای ژمارە (١٢) دەسەڵاتی کاتی هاوبەندی جێ بەجێ کردنی سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری.

١٣١. فەرمانی ژمارە (٣٥)، (دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی دادوەری) دەرچووە لەلایەن دەسەڵاتی هاوبەندی (الاتلافی کاتی).

١٣٢. یاسای دەسەڵاتی دادوەری، یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢

١٣٣. یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، سیستەمی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدڕاڵی

١٣٤. یاسای ڕێکخستنی دادوەری ژمارە (١٦٠) بۆ ساڵی ١٩٧٩و هەموارکردنەکانی.

نۆیەم: سایتەکانی ئینتەرنێت:

بێ ناوی نوسەر:

١٣٥. ملفات، اما ان الاوان لتطهر الاجهزة القضائية فی العراق؟ www.al-bayyna.com,p.1، ٢٠٠٦/٧/١٤.

الفيدرالية:

136. :www.alrafdain.com, p.5 .٢٠٠٥/٤/٨ ،


هەواڵنامەی دیێر

**تحديد ماهو القانون:**

١٣٧. **عمل المحكمه العليا بصفتها الحكم فى دستوريه القوانين،**

www.usinfo.state.gor, P.2. .٢٠٠٦/٦/٧

**جون بول جونز:**

١٣٨. **المحكمة العليا، مؤسسة فريدة،**

www.usinfo.state.gor,p.3 .٢٠٠٦/٧/٢٥

**روبرت س. باركر:**

١٣٩. **أقسم يمينا مغلظة،**

www.usinfo.state.gor,p..٢٠٠٦/٧/٢٥ ،

**ستيفن جي- براير:**

١٤٠. **استقلال القضاء في الولايات المتحدة،**

www.democrcy.goor/ddar, P.1 25 .٢٠٠٦/٧/

**ضرغام الشلاه:**

١٤١. **الثقافة الدستورية – السلطة القضائية،**

www.bahzani.org,p.1 .٢٠٠٦/٧/١٣

**طالب الوحيلي:**

١٤٢. **اختصاص المحكمة الاتحادية العليا في الدستور الدائم،**

www.annabaa.org, .٢٠٠٦/٧/١٣،

**دكتۆر عاصم خليل:**

١٤٣. **الفدراليه كحل للصراعات العرقيه فى الشرق الاوسط، ٢ى نيسانى ٢٠٠٤،**

www.amin.org, .٢٠٠٦/١٠/٧ ،

**دكتۆر غازى فيصل مهدي:**

١٤٤. **الدستور العراقى الدائم أفكار وطموحات،**

www.mcsr.net,p.6 .٢٠٠٦/٥/٧ ،

**دكتۆر فلاح حاجم:**

١٤٥. **بعض خصائص النظام القضائي في الدولة الفيدرالية،**

هەولێر النامەی کتێب

www.elaph.com,p.1 .٢٠٠٦/٦/٢٧ ،

**وائل عبداللطيف الفضل:**

١٤٦. **دستور جمهورية العراق بين الافاق والتحديات،**
www.salamcenter-iraq.com,p.1, .٢٠٠٦/٨/١٧ ،

**مەریوان ووریا قانیع:**

١٤٧. **چەند سەرنجێك لەسەر فیدرالیزم،**
www.rahand.com,p.2

**ياسر خالد علی برکات:**

١٤٨. **الفدرالية في العراق، لأسلوب لضمان الوحدة الوطنية،**
www.mcsr.net,p.3, .٢٠٠٦/٥/٧

**دەیەم: گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی:**

Dr. Franz Fallend

١٤٩. **فرە جۆری فیدرالیزم بەراورد کاری لەنێوان چەند سیستەمێکی فیدراڵی، و/ کەمال رەشید، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (١)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك)، ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٤.**

**ئەحمەد عەزیزی:**

١٥٠. **فیدرالیزمو سیستەمی فدیراڵی، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، ئایاری ٢٠٠٤.**

**ئەکرەمی مهرداد:**

١٥١. **فیدرالیزم شێوەو بنەماکانی، ڕێبازی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٣٢)، گۆڤارێکی فیکری سیاسی ڕووناکبیرییە، ئاداری ٢٠٠٤ .**

**ئیسماعیل حەمە ئەمین (وەرگێڕان):**

١٥٢. **فیدرالیزم چی یە؟ پرسیارێكو هەزارەها وەڵام، نۆڤین (گۆڤار)، ژمارە (٤)، ئایاری ٢٠٠٥.**

**حشمەت خوسرەوی:**

١٥٣. **خوێندنەوەیەك بۆ مۆدیلەکانی فیدرالیزم، قەڵەم (گۆڤار)، ژمارە (٥)، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ئەنجوومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران- تاراوگە دەری دەکات، جولای ٢٠٠٥.**

**دێڤید بودنهایمەر:**

١٥٤. فیـدرالیزمو دیموکراسـی، و/ کامـل محەمـەد قـەرەداغی، ڕێبـازی نـوێ (گۆڤار)، ژمارە (٣١)، کانوونی یەکەمی، ٢٠٠٣.

**ڕۆجەر داڤیدسۆن:**

١٥٥. فیـدڕیالیزم... و/ عومـەر کـەریم عـەزیز، ڕێبـازی نـوێ (گۆڤـار)، ژمـارە (٣٢)، گۆڤارێکی فیکری سیاسی ڕووناکبیرییە، ئاداری، ٢٠٠٤.

**زانا ڕەئوف مە نمی (مافناس):**

١٥٦. ئەگەر دەستووری هەرێم بەم جۆرە بێت ناتوانین زەمانەتی ئەوە بکەین کـە بـەرەو دیکتـاتۆری نـاڕۆین، چـاوپێکەوتن، ئـالای ئـازادی (ڕۆژنامـە)، ژمـارە (٦٨٨)، دوو شەممە، ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

**سەعدی عوسمان:**

١٥٧. مەسـەلەی فیـدراڵی لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا، سـەنتەری برایەتی (گۆڤار)، ژمارە (٩)، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٨.

**شێخ لطیف مستەفا (حاکم):**

١٥٨. سـەرنجێك لەسـەر سـەرۆکایەتی هـەرێم لـەپرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردستان، ئاوێنە (ڕۆژنامە)، ژمارە (٤٠)، سێ شەممە ٢٠٠٦/١٠/١٠.

**سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵڵا:**

١٥٩. پــرۆژەی دەســتووری هــەرێمی کوردســتان لــەنێوان دیموکراســی ڕاستەقینەو نزمترین ئاستیدا، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، پاشکۆی دەستوور، ژمارە (٢)، چوار شەممە، ١/١١/ ٢٠٠٦.

**سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم:**

١٦٠. نەخێر بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هـاوڵاتی (ڕۆژنامـە)، ژمارە (٣٠١)، چوارشەممە ٢٠٠٦/١١/٢٢.

**دکتۆر شێرزاد ئەحمەد النجار:**

١٦١. گوتـاری فیـدرالیزم، لەخـەباتی سیاسـی ئـەمڕۆی گـەلی کوردسـتان و عێراقی داهاتوودا، یاسا (گۆڤار)، ژمارە (٦)، چاپخانەی ڕەنج، بەهاری ٢٠٠٢.

**دکتۆر یاسین سەردەشتی:**

١٦٢. دەســـەڵاتی ســـەرۆکی هـــەرێم لەڕەشنوســـی دەســـتووری هـــەرێمی کوردســـتاندا، چـاوپێکەوتن، لڤـین (گۆڤـار)، ژمـارە (٤٥)، چـاپخانەی ڕەنـج، کوردستان- سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥.

طارق محمد سعيد جامباز:

١٦٣. بـەراوردێك و راوبۆچـوونەكانم لـەبارەی یەکـەمین پـڕۆژەی دەسـتوری هـەرێمی کوردســتان- عێـراق، یاسـا پـارێزی (گۆڤـار)، ژمـارە (١١)، سـاڵی پازدەهەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

پانزەیەم: گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:

دكتۆر عبدالرحمن رحيم عبدالله:

١٦٤. اللامركزيـة الاداريـة واللامركزيـة الفدراليـة و اوجـه المقـارن بينهمـا، القانون والسياسة (مجلة)، العدد (١)، السنة الاولى، حزيران ١٩٩٤.

١٦٥. الوقائع العراقيه، العدد ٣٩٩٦)، ٢٠٠٥/٣/١٧.

دوانزەهەم: چاوپێکەوتن:

١٦٦. چـاوپێکەوتن لەگـەڵ دادوەر (محەمـەد صـائب)، ئەنـدام لـە دادگـای فیدراڵی باڵا، ٢٠٠٦/٩/٢٠.

هەواڵنامەی کتێب